منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئاستانە



داوەری نێوان نەفس و عەقڵ

نووسینی: عەبدولعەزیز تەریفی
وەرگێڕانی: ئەحمەد نووری

ASTANA

عەبدولعەزیز تەریفی

عەبدولعەزیز مەرزوق تەریفی لە ساڵی ١٣٩٦ کۆچی بەرانبەر ١٩٧٦ زایینی لە وڵاتی کوێت لە دایک بووە، دواتر چووەتە وڵاتی سعوودییە و، هەر لەوێش قۆناغەکانی خوێندن و، زانکۆی تەواوکردووە.

شێخ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە و چەندین وڵات گەڕاوە بۆ بەدەستهێنانی زانستە شەرعییەکان، لەوانە: مەغریب، تووندس، میسر، هیندستان و عێراق و، لەلای زۆرێک لە موفتی و زانایانی جیهانی ئیسلامی زانستە شەرعییەکانی خوێندووە و ئیجازەی عیلمی و مۆڵەتی زانستی پێدراوە، شێخ یەکێک بووە لەو زانایانەی بە هەڵوێستی مەردانە و چاونەترس و حەقبێژی ناسراوە، لەسەر هەڵوێستی مەردانەی لە ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعوودیەوە زیندانی کراوە و تاوەکوو ئێستا لە زیندانداید بەبێ هیچ تاوانێک!

دیارترین نووسراو و بەرهەمەکانی:

- التحجيل في تخريج مالم يخرج من الأحاديث والآثار في إرواء الغليل .
- زوائد سنن أبي داود على الصحيحين .
- الحجاب في الشرع والفطرة بين الدليل والقول الدخيل.
- الاختلاط: تحرير وتقرير وتعقيب.
- التفسير والبيان لأحكام القرآن.
- العقلية الليبرالية في رصف العقل ووصف النقل.
- الحرية بين الفكر والكفر.
- المغربية في شرح العقيدة القيروانية.
- الخرسانية في شرح عقيدة الرازيين.
- فصول في العقيدة: الرسالة الشامية.
- توحيد الكلمة على كلمة التوحيد.
- الفصل بين النفس والعقل.
- المعتزلة في القديم والحديث.
- الغناء في الميزان.
- العلماء والميثاق.

داوەریی نێوان
نەفس و عەقڵ

نـــاوی نـــووســـەر : د، عەبولعەزیز تەریفی
نـــاوی وەرگێڕ : ئەحمەد نووری
دیزاینی ناوەوە و بەرگ : ڕێکخراوی ئاستانە
نـــۆبـــەتی چـــاپ : یەکەم ٢٠٢٣
تـیـــــــــــراژ : ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٣٢٤) ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

داوەریی نێوان نەفس و عەقڵ

نووسینی

د، عەبولعەزیز تەڕیفی

وەرگێڕانی

ئەحمەد نووری

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

الحمد لله مستحق الحمد كله، والصلاة والسلام على النبي المصطفى، أما بعد ...

عەقڵی مرۆڤە تەندروستەکان لە ڕووی دروستکردنیانەوە لەلایەن خوداوە وەک یەکن، بەڵام لە ڕووی نەفس و مەیل و حەزەکانیانەوە جیاوازی خستووەتە نێوانیانەوە، عەقڵیش بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە ئارەزوو بکات، بەڵکوو بۆ پیشاندان و ڕێنماییکردن و بیرکردنەوە و دیاریکردنی ڕێگەی دروست بۆ خاوەنەکەی، نەفسیش بۆ ئارەزووکردن و حەزپێکردن و مەیللێبوون دروست کراوە، هەروا خۆشویستن و ڕقلێبوون، شادبوون و خەفەتخواردن، ڕازیبوون و پێقەڵسبوونیش، عەقڵیش ڕاستی لەناو هەڵەکاندا بۆ دەردێنێت و چاکەی لە خراپە بۆ جیا دەکاتەوە و سوودیش لە زیان لەناو سەرجەم سروشت و حەز و حاڵەتەکانیدا، ئەوەش بەپێی ئەم زانست و ناسینەی کە لە عەقڵدا هەبێت و ئەزموون و تاقیکارییەکی ناو ئەم ژیانە.

کاتێکیش نەفس حەز بە شتێک بکات، عەقڵ دەخاتە کار و سەرقاڵی دەکات تاکوو بیگەیەنێت پێی، جا گوتاربێژان لە پێش هەزاران مرۆڤدا دەم دەکەنەوە و پێنووسەکان دێن و دەڕۆن بە نووسین، کە ڕووبەری بیسەران لەناو دەروونیاندا ڕووبەرە ڕاستەقینەکە نییە، هەندێک لە نەفسەکان وەختێک دەڵێن و دەنووسن تەنیا یەک کەسیان لە پێش چاو دایە، هەندێکیشیان دوو کەس، هەندێکیان سێ کەس، هەندێکیان حیزب یاخود کۆمەڵێک، هەندێکیان تیرە و هۆزێک، هەندێکیشیان بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی و بەدیهێنانی تەمایەکی تایبەت دەهێنێتە پێش چاو، لەوەولاش گشت بیسەران و خوێنەران و نەوەکانی دواتریش کە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی بخوێننەوە یان گوێی بۆ بگرن؛

سەرجەمیان دەئاخنێتە گۆشەیەکی تەسک، یان بەرژەوەندی یاخود حەزێکی تایبەت، بەم شێوەیە نەفسەکان عەقڵەکان کۆت دەکەن و دەیاندەنە بەر و ئاڕاستەیان دەکەن، کاتێکیش کە نەفس زاڵ و بەهێز دەبێت فراوانییەکەی تەنگ دەکاتەوە، تا ئەوەی کە عەقڵێکی گەورە و فراوانیش کۆ دەکاتەوە و لە کونی دەرزییەکی دەنێت، چونکە نەفس خۆی لە کونی ئەو دەرزییەوە هەوای بۆ دێت.

کاتێکیش مرۆڤ حەزی نەفس و زانینی عەقڵی خۆی پێ نەزانێت و حەقیقەتیان لێک جوێ نەکاتەوە، هەروەها ئەندازەی هەر یەکێکیشیان بەرانبەر بەوی دیکە، ئەو کات بۆچوونەکانی لەگەڵ ئارەزووەکاندا لێ تێکەڵ دەبێت و ئیدی وای لێ دێت لەم ژیانەدا تەنیا لەپێناو بوونی پاڵنەرێکی ناوەکی لە نەفسیدا دێت و دەچێت، ئەگەر نەشیزانیبێت ئەو پاڵنەرە چییە. نەفسیش مافێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، غەریزەیەکیشی هەیە کە پێویستی بە بەجێگەیاندنییەتی، بەڵام ئەوە عەقڵە کە ئەندازەکانی و جۆرەکانی و بەرژەوەندی و زیانەکانی پێ دەزانێت، عەقڵیش پێویستی بە زانین و ناسین و ئەزموون هەیە، تاکوو بزانێت مافەکانی نەفس لەسەری چین بۆ ئەوەی بەباشی جڵەوی بگرێت و ئاڕاستەی بکات و بەڕێوەی بەرێت، نەفسیش سوار عەقڵی نەزان و کەم ئەزموون دەبێت، بەڵام عەقڵێک کە زانا و ئەزموندار بێت، ئەو شۆفێری نەفس دەکات و دەیخاتە پشت خۆیەوە.

نەفسەکانیش دەکرێت حەز و چڵێسییان زۆر و بەهێز بێت، دەکرێت لاوازیش بێت، عەقڵەکانیش دەکرێت خاوەن زانستی زۆر و ئەزموونی دوورودرێژ بن، دەشکرێت کەمزانست و ئەزموونکورت بن، نەفسی لاویش وەک نەفسی پیرێکی تەمەن گەورە نییە، هەربۆیە زۆرجار مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا خاوەن نەفسێکی بەهێز و چڵێس و زانستی کەم و ئەزموونی کورتە، پیری گەورەساڵیش بە پێچەوانەی ئەوەوە، جا بەتەمەنەکان کاریگەریی نەفسیان لەسەر عەقڵیان کەمترە بەراورد بە خەڵکی دیکە، مەگەر ئەوە کە نەفسەکان لەسەر هەڵەکانی

خۆیان چەسپاندبی و چەقی بن هەتا ئەوەی کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا لە وێنەی ڕاستی و چاکەدا نیشانیان بدات، ئەوجا لەسەری دەمێننەوە، بەڵام نە لەبەر ئەوەی کە هەڵەیە و ئارەزووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە چاکە و ڕاستە (پێیان وایە)، یاخود حەزەکە قووڵ و دەستەوەستانکەر بێت وەک حەزی پێگە و پایە، بەڵام گەنجەکان، نەفسیان کاریگەری لەسەر عەقڵیان زۆرتر بەراورد بەوانەی کە تەمەنیان سەرووترە، هەر بەم شێوەیە کاریگەریی نەفس لەسەر زانایەک کەمترە لە کاریگەرییەکەی لەسەر نەزانێک، لەسەر شارەزا و بەئەزموونێک کەمترە هەتا نەشارەزا و بێ ئەزموونێک، چونکە حەقیقەتی هێزی عەقڵ تەنیا لە تێپەڕبوونی کاتدا نییە، بەڵکوو بەپێی ئەو زانست و ئەزموونانەیە کە دێنە ڕێگەی و بەسەریدا دێن.

لە بنەڕەتیشدا زانست باشترە لە ئەزموون، بەڵام زانستی کەم لەگەڵ ئەزموونی زۆردا سوودی بۆ مرۆڤ زیاترە لە زانستی زۆر بەبێ ئەزموون، چونکە زانست وەختێک لە شوێنی خۆیدا دانەنرێت زیانی هەیە، لەوانەیە لە نەزانینیش بەزیانتر بێت، چونکە زانست دەرمانە، نەخۆشیش بەبێ دەرمان لێی بگەڕێیت باشترە لەوەی دەرمانێکی بدەیتێ کە بۆ نەخۆشییەکەی ئەو نەبێت، چونکە دەکرێت نەخۆش بە دەرمانێکیش تیابچێت لە کاتێکدا کە دەرمانیش بێت، نەزانیش بە زانست تیابچێت لەکاتێکدا کە زانستیش بێت. سەرجەم ئەو کارتێکەرانەشی کە وا لە عەقڵ دەکەن هەڵە بکات لە درکپێکراوە پێشهاتەکاندا- لەلایەن نەفسەوە بۆی دێن، کە نەفس دەلاقەی هەموو کاریگەرییەکە بۆ سەر عەقڵ، بەڵام کارتێکەرەکان فرە جۆر و توخم زۆرن، لە پەڕتووکێکی ئاوهادا ناژمێردرێن، بەڵام بۆ هەر کۆمەڵێکیان وەسفێکی کۆکەرەوە هەیە. کارتێکەرەکانیش بینایی عەقڵ دادەپۆشن کە ئیدی نە دەتوانێت ڕێڕەوەکان وەک خۆیان ببینێت، نە لێکیان جیا بکاتەوە، وەک چۆن بەستەری سەر چاو بینین دەگرێتەوە کە ئیتر شتەکان نابینێت و لێکیان جیا ناکاتەوە.

* پێقایمبوونی عەقڵ و نەفس

لە مرۆڤدا نەفس پێقایمترە بەراورد بە عەقڵ، چونکە دەکرێت مرۆڤ تەنیا بە نەفس بژیی بەبێ عەقڵ هەروەک ئاژەڵان، بەڵام ناکرێت تەنیا بە عەقڵ بژیی بەبێ نەفس، بەڵام هێندەی لە عەقڵدا درککردن و بەڕێوەبردن و هەڵگرتنی زانست هەیە لە نەفسدا هێندە فێڵ و دەورخواردن و پیلانگێڕی و هەڵگرتنی بەرهەڵستی و کودەتا نییە، هەر لەبەر ئەمەشە کە خاوەن عەقڵەکان هەموویان موکەللەفن ڕاسپێردراون با سروشتی نەفسەکانیشیان هەر چۆنێک بێت، تواند یان نەرم، هەڵەیە یان لەسەرخۆ، بەهێز یاخود لاواز، با حەزەکانی نەفسیان و پەلاماردان و چڵێسیشیان بۆی هەرچۆنێک بێت، عەقڵەکانیان لە تەکلیفدا یەکە، بەڵام لە ئاستی سەرزەنشتکردنیاندا جیاوازی هەیە بەپێی ئەوەی کە لە نەفسەکانیان دایە.

* عەقڵی موکەللەف-ڕاسپێردراو

ئەو بەشە عەقڵەشی کە پێویست بێت بۆ زانینی تەکلیفاتەکان و کارپێکردنیان، ئەندازەیەکە کە سەرجەم خاوەن عەقڵەکان تێیدا هاوبەشن (هەیانە)، چونکە ئەرک و ڕاسپاردە خوداییەکان لەسەر مرۆڤ پێویستی بە زیاد لەوە نییە کە سەرجەم خاوەن عەقڵەکان هەیانە، ئیدی زیرەکی زۆر و وردی و تیژبینیی، ئەوە بەشێکی زیاد لە ڕاسپاردنە، هەر لەبەر ئەمەشە کە تەکلیفی شەرع لەسەر پێگەیشتوویەک کە دەگاتە تەمەنی پازدە ساڵ دەست پێ دەکات وەک چۆن لەسەر شەست ساڵێکە، بەڵام هەتاکوو تەمەنی پێشتر بچێت، جەختکەرەوە و دڵنیاییدەری و پەندی زیاتر وەردەگرێت و لەگەڵ هەر بستێک لە زانست و هەر هەنگاوێک لە ئەزموون بێ بەهانەتر دەبێت، سەبارەت بەمەیە کە لە ئەسەردا هاتووە؛ واتا: «بەڕاستی بەندەکان بەپێی عەقڵیان پاداش و ئەژماریان

لەگەڵدا دەکرێت.»[1]، لە زیاد لە یەکێک لە پێشینیشەوە گێڕدراوەتەوە، لە وێنەی حەسەنی بەصری و جگە لەویش.

* عەقڵە زیرەکەکان و نەفسە بەهێزەکان

زیرەکیش هێزێکی عەقڵییە و وەک تۆکمەیی کە هێزێکی جەستەییە، هەردووکیشیان بە ڕاهێنان و بەردەوامبوون زیاد دەکەن، هەموو هێزێکیش لە مرۆڤدا هۆکاری خۆی هەیە بۆ زیادبوون، لە کەسانێکدا زۆرە و لە کەسانێکیشدا کەمە، ئەو ئەندازەیەشی کە مەبەستە و ویستراوە بۆ تەکلیف -ڕاسپاردن-ی عەقڵی مرۆڤ وەک بەڕێداچوونی ئاساییی لەشی وایە بۆ پەیداکردنی ڕۆزی، ئیدی لەسەروو ئەوەوە هەرچی دیکە هەبێت وەک خێراچوون و ڕاکردن، ئەوانە تەنیا بەهرەن و بڕێکی زیادەن، بە هەمان شێوەش لە عەقڵەکاندا ئەوەی لەسەروو ئاستی تەکلیف -ڕاسپاردنەوە- تێیاندا بێت بەهرە و زیادەیە.

نەفسی بەهێزیش ئارەزوو و حەزی خۆی بۆ عەقڵی لاواز دیاری دەکات و پێی پیشان دەدات وەک چۆن ڕاوچی نێچیرەکەی دیاری دەکات، ئەوجا فەرمانی پێ دەکات کە پلانی گەیشتن پێی بۆ دابنێت و بۆی بەرێت بەڕێوە و ڕێگەکەی بۆ ئاسان و ڕام بکات، بەپێی ئەندازەی ئەزموونی عەقڵ و زانینیشی، بەڵگەکانی و بەکارهێنانی بۆ بەڵگەکان بەهێزتر دەبێت، تاکوو بتوانێت مەرامی نەفس بەدی بهێنێت بەبێ ئازاری ویژدان و بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لۆمە و سەرزەنشتی و بەرهەڵستی ئەوانی دیکەدا، بەپێی ڕووبەڕووبوونەوەکەش ئەرکی عەقڵ قورستر دەبێت، جا ئەگەر ئەو بەربەستانەی کە لەنێوان نەفس و ئارەزوو و حەزەکانیدا هەن بەربەستی ئایینی بن، ئەو کات پێویستی بە بەکارهێنانی بەڵگەی ئایینی هەیە، ئەگەریش هزری یاخود سیاسی بن، پێویستی بە بەڵگەگەلێکی هزر و ئەزموونگەلێکی سیاسەت هەیە کە بیپارێزن، جا نەفس عەقڵ لە سووچ دەنێت

---

(١) شعب الإيمان (٤٦٤٠)، وحلية الأولياء (٣/٢٢٢)، ومسند الحارث (٢/٨٠٤).

و ناچاری دەکات کە بەڵگە و سەلمێنەری گونجاو و شیاو بۆ حاڵەتەکە بەکار بهێنێت، وەک چۆن جەنگاوەر چەک بەپێی هێزی دوژمنەکەی و جۆری چەکی ئەو بەکار دەهێنێت.

ئەم بەکارهێنانەش بۆ پاراستنە لە دوو شت:

یەکەم: پاراستنی نەفس لە ئازاری ویژدان، ئەمەش هەتا مرۆڤەکە خاوەن نەفسێکی سەرزەنشتکاری زیندووتر بێت زیاتر پێویستی پێی دەبێت، هەروا بە ئەندازەی هەبوونی زانست و ئەزموون لە عەقڵیداو، باوەڕ لە دڵیدا، لەوانەشە نەفس پێویستی بە شتێک نەبێت کە لە لۆمەی ویژدانی بیپارێزێت، ئەوەش کاتێک کە ویژدانی مردبێت و خودلۆمەکردن لە نەفسیدا ئەسڵەن بوونی نەمابێت، باوەڕیش لە دڵیدا لاواز بووبێت یاخود ئەسڵەن نەبێت.

دووەم: بۆ پاراستنی نەفس لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەفس و عەقڵەکانی دیکە، نەفسیش دەیەوێت لەسەر ئارەزووی خۆی و بەدیهێنانی حەزەکانی بڕوات، بەبێ لێتێکدان، چونکە لێی تاڵ دەکەن و چێژی تەواوی خۆی وەرناگرێت، ترس و خەفەت و خەم و دڵەڕاوکێ و جگە لەوانەش لە حاڵەتە دەروونییەکان ڕێگەی چێژبەری و ڕابواردن لە نەفس دەگرنەوە، ئەگەریش نەفس زۆر بەتوندی حەزی بە شتێک بێت، ئەو کات ئەو بەڵگە و سەلمێنەرانەی کە بەکاریان دەهێنێت تەنیا قەڵغانن بۆ خۆپاراستن لە بەرهەڵستکارانی، با خۆشی وا بنوێنێت کە ئەوانە بەڵگەگەلێکن بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و عەقڵیان قایل کردووە بۆیە نەفسیش کەوتووەتە شوێن عەقڵ و ڕام بووە، هێشتا حەقیقەتەکەی وا نییە و بە پێچەوانەوەیە، بەڵکوو نەفس مەیلی لێ بووە و خۆسەپێنی کردووە و عەقڵی ڕاسپاردووە بە پاراستنی بەو قەڵغان و سووپەرانە کە لە شێوەی بەڵگە و سەلمێنەر و چرا و فانۆس دان!

لەوانەشە هەندێک لە نەفسەکان پێویستییان بە ڕاسپاردنی عەقڵ نەبێت

بۆ پاراستنیان لە لێتاڵکردنەکانی بەرهەڵستکارانیان، ئەمەش لەو نەفسانەدا کە فەرامۆشکارن و زۆر بەتەنگ ئەو شتانەوە نین، بەڵکوو خەمیان تەنیا بەدیهێنانی مەرامەکانیانە و بایەخ بە جگە لەوە نادەن، ئەمەش لە نەفسە کەودەن و دەبەنگەکان و هەروەها نەفسە توند و زبرەکاندا هەیە، لێرەشدا عەقڵ لە بەکارهێنان وەستێنراوە چ لە چاک چ لە خراپدا، پێشەواشی تەنیا نەفسە و نەفس، تەنانەت ئەگەر نەفس لێرەدا عەقڵیش بەکار بهێنێت، ئەوا تەنیا بۆ بینینەوەی ڕێگەی گەیشتن بە چێژبردنی تەواو لە ئارەزوو و حەزەکان بەکاری دەهێنێت، جا ڕێگە و شێواز و کات و شوێنەکەی بۆ هەڵدەبژێرێت، ئیدی ئەو کات لە وێنە و سیفەتێکدا دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئاژەڵدا جیاوازییەکیان هەر بمێنێت، چونکە ئاژەڵ و مرۆڤ لێرەدا تەنیا بە نەفس و بەبێ عەقڵ دەگەنە چێژەکانیان، مرۆڤیش لە ڕاستیدا عەقڵی لەپاش ئەوەوە بەکار هێنا کە گەیشت بە چێژ و حەزەکەی، کەواتە پێگەیشتنەکە شتێکە نەفس بڕیاری لێ داوە و لێ بووەتەوە، عەقڵیش تەنیا لە شێواز و ڕێگەی چێژبردنەکەدا دەکەوێتە کار، مرۆڤ لەم حاڵەدا تەنیا ئا بەوە جیابووەتەوە (لە ئاژەڵ).

ئەم پەڕاوانەش ڕوونکردنەوەیەکە بۆ سنوورەکانی هەڵبژاردنی عەقڵ و کارتێکەرەکانی نەفس لەسەری و جۆرەکانیان، هەروەها باسکردن لە بەهێزترین و مەترسیدارترینیان لەسەر عەقڵ و ڕێگەکانی پاراستنی لەو کارتێکەرانە و هۆکارەکانی بەهێزکردنی عەقڵ و بەدەرخستنی دەلاقەکانی دزەکردنی نەفس بۆی و جوان بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی نەفس لەلایەن عەقڵەوە لەبەرانبەر ئەوەدا. مەبەستیش لێرەدا قسەکردن نییە لەسەر نەفس وەک خودی نەفس، یان لەسەر عەقڵ وەک خودی عەقڵ، بەڵکوو دووانێکە لەسەر ئەوەی لەنێوانیاندا دەگوزەرێت لە گونجان و یەکترکێشان و جەنگان و ناکۆکی و ململانێ و دیاریکردنی سنووری هەر یەکێکیان و ماف چی بۆ هەیە و ئەرک چی لەسەرە.

عەبدولەزیز تەریفی

حەقیقەتی نەفس و عەقڵ

هاوەڵانی زانست لەسەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ وەک چۆن لە ئەندامی بەرهەست و بینراو پێک هاتووە، ئاوەهاش لە واتای نەبینراو پێک هاتووە، تەنیا بریتیش نییە لە یەک واتا، کە هەر بە فەرمان و ڕێگری ئەو ببزوێت و بوەستێت، بەڵکوو پاڵنەرەکانی بۆ ویستنی شتێک دەرەنجامی چەند شتێکی جیاوازن تێیدا، کە لەوانەیە لە شتێکدا یەک بگرن و لە شتێکی دیکەشدا جودا و ناکۆک ببنەوە، دەشکرێت سەبارەت بە هەمان شت هەم کۆک و هەم ناکۆک بن، ئیدی ئەندازەی مەیللێبوونیشی بۆی جیاواز بێت، ئەو کات لە مرۆڤدا هەم خۆشویستن و هەم ڕقلێبوونەوە و هەم ڕەزامەندی و هەم پێقەڵسبوون، هەم ترس و هەم ئارامی و هەم دڵپێتەنگبوون هەم دڵپێکرانەوە، کۆ ببنەوە، بەپێی ئەو مەیل و حەقیقەتانەی لەناو ئەو پاڵنەرانەدا هەن، ئەوەی کە دەشێت هەندێک لە فەیلەسووفەکان ناوی لێ بنێن: خودی پەرتبوو. ویستی مرۆڤیش لە نەفس و عەقڵێک پێک هاتووە، هەر یەکێکیشیان دەفر و قاپی واتاگەلێکی دیاریکراون، جیابوونەوەشیان لە گلدانەوە و لەخۆگرتندا بە واتای جیاوازیی ناوەڕۆکەکەیان نایە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەوانەشە ناوەڕۆکێک لە نەفس و لە عەقڵیشدا هەمان ناوەڕۆک بێت، بەڵام پاڵنەرەکان بۆی جیاواز بن، چونکە دەستکەوتەکان جیاوازن، ئیتر پاڵنەرەکانیش یەک نابن.

نەفسیش دەفرێکە بۆ حەز و ئارەزوو و مەیلەکان و لەخۆگرتنی حاڵەتەکان، عەقڵیش دەفرێکە بۆ زانست و زانراو و ئەزموونەکان، هەر یەکێکیشیان پاڵنەری خۆی و ئەوجا ئامانجی خۆشی هەیە، هەندێک لە فەیلەسووفەکانیش ئەوە بە «دژیەکبوونەوەی هەڵبژاردن» ناو دەنێن، کاتێکیش کە مرۆڤ هەڵبژاردنی خۆی یەکلا دەکاتەوە بە زاڵکردنی ڕایەک بەسەر ڕایەکی دیکەدا، هێشتاش

هەندێک بەرهەڵستی و ڕاڕایی لە دەروونیدا دەمێنێتەوە، ئەوەش لە شوێنەوار و پاشماوەی باوەڕە لاوازەکەیەوە، کاریگەریش دەخاتە سەر ڕاڕاییەکەی و بە ئەندازەی بەهێزییەکەی شێوەکەی دەستکاری دەکات، هەندێکیشیان (فەیلەسووفەکان) ئەو بەرهەڵستییانەی ناو نەفس بە تارماییەکانی ناو عەقڵ ناو لێ دەنێن، هەندێکیشیان نەفس دەکاتە چەند بەشێکەوە، ئەوانەشی کە بەشبەشیان کردووە ناکۆکن لە حەقیقەتی بەشبەشکردنەکەیدا کە ئایا دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێک یاخود چەند هێزێک و بەس، بە جۆرێک کە تەنیا یەک بەشە، بەڵام چەند هێزێکی جیای تێدایە یان چۆن؟ هەندێکیشیان نەفس و عەقڵیش بە یەک بەش و پارچە دادەنێن، بەڵام هەر یەکێکیان لەناو ئەو بەشەدا چەند هێزێکی جیاوازیان هەیە، وەک ئیبن ڕوشد ئەوەی لە (النفس)دا هێناوە.[1] هەندێکیشیان دەستەوەستان بوون لە ئاست پێناسەکردنی عەقڵ لە خودی خۆیدا، تەنیا بە کردارەکانی و بەو شتانەی کە لێی دەوەشێتەوە پێناسەی دەکەن، وەک حاریثی موحاسیبی لە (مائیة العقل)دا.[2]

قسەکردنی فەیلەسووفە دێرینەکانیش (وەک: هیرەقلیطۆس، میلیسۆس، ئەنکساگۆراس، ئەنبادۆقلیس، دیمۆقریطۆس، ئەفلاطۆن، دیۆجانیس، ئەرِسطۆ و لەوانەی ئیسلامیش: فارابی، مەسکەوەیهی، ئیبن سینا، غەزالی، ئیبن باجە و ئیبن ڕوشد. لە گاورەکانیش: ئیسحاقی کوڕی حونەین. لەوانەی ئەم دواییانەش: دیکارت، فرۆید، گاستۆن باشلار و جگە لەوانیش کە قسەیان لە نەفس و عەقڵدا کردووە.) قسەکردنێکی دوورودرێژ و زۆر و جیاواز و لێکچووە، زۆرێکیشی لە دەربڕیندا جیاوازە و لە واتادا یەکە، چونکە هەر یەکێکیان بە ئەزموونێکی خۆی کە پێی گەیشتووە قسە دەکات، نەفس و عەقڵ لە لایەنێکەوە لێک دەداتەوە و

---

(١) ينظر: «تلخيص كتاب النفس» لأبي الوليد بن رشد، تحقيق: ألفرد. ل. عبري، مراجعة: د. محسن مهدي، تصدير: أ.د. إبراهيم مدكور، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٤م، (ص٤).

(٢) ص٩)

شرۆڤە دەکات کە ڕووی لە خۆیەتی و خۆی دەیبینێت، لەوانەیە هەندێکیشیان عەقڵ بە نەفس لێک بدەنەوە و هەندێکی دیکەشیان نەفس بە عەقڵ لێ کبدەنەوە و ناکۆکیشن لە بزوێنەری فەرمانپێدەری مرۆڤ و ئاڕاستەکاری بۆچوونەکانیدا.

* کۆبوونەوەی دوو ویست لە مرۆڤدا

لەگەڵ ئەو هەموو ڕاجیاییەشدا سەبارەت بە دیاریکردنی نەفس و عەقڵ و شوێنیان و ئەندازەی هاوبەشییەتی و جیاوازی لەنێوانیاندا، بەڵام ناکۆکی لەوەدا نییە کە مرۆڤ لە هەموو شتێکدا یەک ویستی تێدا کۆ نابێتەوە، هەروەها هەمان تاک هێزێکی مرۆڤ لە هەموو بەشێکدا سەبارەت بە هەمان تاک شت لە هەمان کات و شوێندا و لە هەمان ئاڕاستەوە دژیەکەکانی تێدا کۆ نابێتەوە[1]، چونکە ئەوە بە واتای کەموکوڕی دێت لە بوونیدا، مەحاڵیشە پەروەردگار بنەڕەتی پێکهاتەی دروستکراوەکان بەو جۆرە بگێڕێت، هەروەها کاریگەری لەسەر تەکلیفیش - ڕاسپاردن- هەیە، مەحاڵیشە پەروەردگار حوکمەکانی لەسەر شتێکی لەو شێوەیە دابەزێنێت، لە کاتێکدا پەروەردگار لەبارەی پەیوەندی و پێکبەستراوی و گونجانی نێوان دروستکردن و تەکلیفدا -ڕاسپاردن- دەفەرموێت: ﴿الرَّحمنُ ۝١ عَلَّمَ القُرآنَ ۝٢ خَلَقَ الإنسانَ﴾، [الرحمن: ١ - ٣] واتا: «خودای میهرەبان (١) قورئانی فێری (مرۆڤ) کرد (٢) مرۆڤی دروست کرد.» جا زانستی قورئان دابەزێنراوەتە سەر (گونجاوە لەگەڵ) بونیاد و پێکهاتەی مرۆڤ.

دژیەکی ڕەتکراوەش: لە هەمان تاک هێزدا، وەک (بڵێین بە نموونە) لە چاودا ناکرێت هەمان تاک شتێک، لە هەمان کات و شوێندا و لە هەمان ئاڕاستەوە - بە دوو وێنەی دژبەیەک ببینرێت، مەگەر یەکێک لە چاوەکانی شێوەیەک ببینێت و چاوەکەی دیکەشی شێوەیەکی دیکەی دژ بە ئەو، ئەوەش لەبەر

---

(١) ئەم بیرۆکەیە لە برگەی خوارەوەیدا ڕوونترەدەبێتەوە.

نەنگییەک لە یەکێکیاندا، جا بینینێکی پێچەوانە و دژ لە چاوێکیاندا دروست دەبێت کە لە هەمان کات و هەمان شوێندا و لە هەمان ئاڕاستەوە لەگەڵ چاوەکەی دیکەدا دەڕوانێت، جا بە هەردووکیان دەگوترێت چاو، بەڵام دوو بەشن، هەر یەکێکیشیان هێزێکی جیاوازی هەیە، کە بینینە، بەم شێوەیەش دەبێت لە نەفس و عەقڵدا پێکەوە، تەنانەت ئەگەر بڵێین: هەردووکیان یەک بەشن، بەڵام هەر یەکێکیان هێزێکی جیاوازی هەیە.

***

تایبەتمەندییەکانی نەفس و عەقڵ

خودا بۆ هەر یەکێک لە نەفس و عەقڵ تایبەتمەندیگەلێکی داناوە کە هەر یەکێکیان لەوی دیکە پێی جیا ببێتەوە، ئەندازەیەکی هاوبەشیش لە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، جارێک یەکدەگرن و جارێکیش پێکدا دەدەن، هەر یەکێکیشیان سنوور و مافی خۆی هەیە، خاڵی لاواز و بەهێزی خۆشی، بە ئەندازەی ئەوەشە کە یەکێکیان زاڵ دەبێت بەسەر ئەوی تریاندا.

جا ناسینی نەفس و زانینی ئەوی لە ماف هەیەتی و لە ئەرک لەسەریەتی، هەروەها ناسینی عەقڵ و زانینی ئەوەی هەیەتی و ئەوەی لەسەریەتی - واجبە، بۆ ئەوەی هیچ کامێکیان ستەم لەوی دیکەیان نەکات، چونکە هەر یەکێکیان مافی ڕەوای خۆی هەیە، لێشێوانیش کە هات وا لە مرۆڤ دەکات وەسوەسە و بیرکردنەوەی دروستی لە یەک بۆ جیا نەکرێتەوە، زانستی لە حەز و ئارەزوو بۆ جیا نەکرێتەوە، نەفسیش حەزگەلێکی هەن کە بێگومان بۆیە دروست کراون تاکوو بەشیان بدرێت، عەقڵیش زانینێکی هەیە کە بێشک بۆیە دانراوە کە جڵەوی بدرێتە دەست، ململانێی نێوان ئەو دووانەش لەسەر ئەوەی کە هەر یەکێکیان دەیەوێت ویستی خۆی بهێنێتە کایەوە - بە زانینی سنوورەکان دەگاتە ئاکام، بۆ ئەوەی نەفس مرۆڤ نەبات بەرەو ئارەزووەکانی خۆی بە ناوی عەقڵەوە و عەقڵیش وا لە مرۆڤ نەکات کە نەفس بەتەواوی بێبەش بکات بە ناوی دانایی و بەهێزی و پێداگرییەوە.

نەفسی مرۆڤەکانیش جیاوازییان هەیە لە جۆر و ئەندازە و سنووری ئەو شتانەی کە حەزیان پێ دەکەن، سەرجەم نەفسەکانیش لە چڵێسی و چاوبرسێتی و ویستنی زیاتر و حەزنەکردن بە وەستان لە هیچ سنوورێکدا - هاوبەش و کۆکن، هەربۆیە عەقڵەکان دروست کراون و شەریعەتەکان دابەزێنراون تاکوو

جڵەوگیری ئەو (نەفس) بکەن، جا شەریعەتەکان پێوەرێکی گشتییان تێدایە کە هەمووان تێیدا یەکسانن، ئەم نەفس جیاوازی لەگەڵ ئەویتردا نییە لەوێدا، بەڵام عەقڵەکان، پێوەری تایبەت و بەڕێوەبەریی تایبەتیان تێدایە، ئەوەش لەبەر جیاوازی نەفسی مرۆڤێک لەگەڵ نەفسی مرۆڤێکی دیکەدا لە ئەندازەی ئەوەی سوودی پێ دەگەیەنێت و ئەوەی زیانی پێ دەگەیەنێتو، ئەوەی چاکیدەکات و ئەوەی خراپیدەکات هەر لەناو حەڵاڵەکان خۆیاندا، چونکە خۆ هەر موباحێک بۆ ئەوە ناشێت کە نەفس تێیدا بەرەڵڵا ببێت، بۆی نییە کە هەرچی حەزی لێیە بیخوات و بیخواتەوە، هەرچی حەزدەکات بیپۆشێت و دایبکەنێت، هەرچۆن پێی خۆشە قسەبکات یان لاڵ و بێدەنگ بێت، حەڵاڵێتیی هەر یەکێک لەوانە واتای مەعقوولبوونیان نییە، وەگەرنا ئەسڵەن عەقڵەکان نەدەهێنرانە بوون.

نەفسی هەمان تاکە مرۆڤێکیش جیاوازی هەیە لە حەز و مەیلەکانیدا، سا لەوانەیە ئەمڕۆ حەز بەوە بکات کە دوێنێ بێزی لێی دەهاتەوە، ڕۆژێک کە ڕقی لە شتێک بووەتەوە ڕۆژێکی دیکە زۆر تامەزرۆیانە پڕی بداتێ، بە هەمان شێوەش ئەندازەی دەستبۆبردن و دەستلێگێڕاندنەوەی جیاوازی هەبێت لە حەزێکەوە بۆ حەزێکی دیکە، لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە، لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکە. عەقڵیش هەرچی کە ئەو بیەوێت و هەر چۆنێک بیەوێت و هەر وەختێک بیەوێت خۆ هەروا پێی نادات، چونکە نەفس تەنیا مەیل دەکات و مل دەنێت، کات و شوێن و بارودۆخ لێک ناداتەوە، دەکرێت ئەوە پێش بخات کە زیانی بۆی هەیە و ئەوە دوابخات کە سوودی بۆی هەیە، دەکرێت بانگەشەی میانڕەوی بکات لە کاتێکدا کە لایداوە، چونکە حەزێکی لەو بانگەشەکردنەدا بۆ دەچێتە سەر و دێتە جێ، عەقڵیش دەپێوێت و دەکێشێت و سنوور دادەنێت، جڵەو توند یان شل دەکاتەوە، ڕادەکێشێت و پاڵ دەنێت و بە گژدا دەچێتەوە، جا نەفس بۆ ئەمە دروست کراوە و عەقڵیش بۆ ئەوە دروست کراوە.

***

یەکسانییەتیی عەقڵەکان و جیاوازییەتیی نەفسەکان

لە بنەڕەتدا وەهایە کە عەقڵی مرۆڤە تەندروستەکان یەکسان یاخود لێک نزیکن، بەڵام نەفسەکان جیاواز و لێکجودان لە سروشت و مەیل و هاتنی حاڵەتەکان بەسەریانداا، هەر لەبەر ئەمەشە کە نەفس کاریگەرییەتی کردووەتە سەر عەقڵ لە تێڕامان و بیرکردنەوەیدا، جا ئەنجامەکەشی جیاواز دەردەچێت، ئەو جیاوازییەش دەدرێتە پاڵ عەقڵ، ئەم دانەپاڵەش دروستە، چونکە ئەوە عەقڵ بوو کە بەرەنگاری لە سروشت و ئارەزوو و حاڵەتەکانی نەفس نەکرد تاکوو ئەنجامێکی ڕاست و دروستی بۆ دەربچێت، جا ئەو عەقڵەی کە بڕیار لە شتێک دەدات لەکاتێکدا کە نەفس تووڕە، یان شڵەژاو، یان غەمبار، یاخود بەپەلەیە - لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بووە، هەروەها لەو لایەنەشەوە کەمتەرخەم بووە کە باوەڕی بەهێز نەکردووە بە شێوەیەک کە توانای بەرەنگاری لە حەزە یاساغەکانی نەفس و ئارەزووە شڵەژاوەکانی بکات.

***

کەموکوڕیی زانیاری و کاریگەریی ئەوە لەسەر عەقڵ

ئەوجا زانیارییەک کە دەخرێتە ڕوو بۆ عەقڵ، یان تەواوە یان ناتەواو و کەموکورت:

* جا ئەگەر زانیارییەکە تەواو بوو ئەوا لە بنەڕەتدا عەقڵ توانای هەیە کە بەو تەواوییەتییەی لەبەر دەستیدایە وەریبگرێت و هەڵیبگرێت، ئەگەریش بەو تەواوییە تێی نەگات، ئەو کات ئەو کەموکوڕییەی لەوەودوا دێتە ڕێی، ئەوەیان تەنیا بریتییە لە ئەندازەی کاریگەریکردنی نەفس لەسەر عەقڵ.

* خۆ ئەگەر زانیارییەکە ناتەواوبوو، ئەو کات توانای لەخۆگرتنی عەقڵیش، هەم بە ئەندازەی ناتەواوییەتیی ئەو ناتەواو دەبێت و لێی دادەشکێت و هەم بە ئەندازەی کاریگەریکردنی نەفسیش لەسەری، لەوانەشە نازیرەک لە زانستێکی دیاریکراودا تێگەیشتووتر بێت لە زیرەکێک لە هەمان زانستدا، بەهۆی تەواوییەتیی ئامڕازەکانی لەخۆگرتن و تێگەیشتن لە یەکەمدا (نازیرەکەکە) و ناتەواوییەتی لە دووەمدا (زیرەک).

نەفسەکانیش جیاوازن لە سروشتیاندا، بەڵام بەزۆری عەقڵەکان یەکێکن، خەڵکیش لەبارەی جیاوازییەتیی نەفسەکانەوە بە دەربڕینی دیکە دەدوێن، وەک دەڵێن جیاوازیی میزاج و سەلیقە و حەز و مەیلەکان، ئیدی سەرجەم ئەم جیاوازییانە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردن و پێوانەکردنەکانی عەقڵ هەیە، جا ئەگەر عەقڵ بەتەواوی و یەکلایی لە مەیلی نەفس جیا نەبێتەوە و دەربازی نەبێت، بێگومان هەڵبژاردنەکانی بە ئەندازەی سەنگ و قورسیی مەیلی نەفسی مرۆڤەکە کاریگەر دەبن لە تەرازووی کێشاندا.

ستایشکردنی عەقڵ و سەرزەنشتکردنی نەفس

بەڵگەش لەسەر یەکسانییەتیی عەقڵەکان و ئەوەی کە تەنیا نەفس کاریگەرییان دەکاتە سەر - ئەوەیە کە خودا هەرگیز عەقڵی لە خودی خۆیدا زەم و سەرزەنشت نەکردووە، بەڵام نەفسی لە خودی خۆیدا سەرزەنشت کردووە، جا وەختێک باس لە عەقڵ دەکات، زەمی بەکارنەهێنانی دەکات و ئەوەی کە تەواوی مافی خۆی پێ نەدرێت لە ڕامان و بیرکردنەوە، وەک دەفەرموێت: ﴿لَهُم قُلوبٌ لا يَفقَهونَ بِها﴾، [الأعراف: ١٧٩]، واتا: «دڵانێکیان هەیە کە پێی تێ ناگەن.» هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَفَلا تَعقِلونَ﴾، [البقرة: ٤٤]، واتا: «ئەرێ ژیر نابن»، ﴿لَعَلَّكُم تَعقِلونَ﴾، [البقرة: ٧٣]، واتا: «سا بەهۆیەوە ژیر بن.» ﴿لَعَلَّهُم يَفقَهونَ﴾، [الأنعام: ٦٥]، واتا: «سا بەهۆیەوە تێ بگەن.» ﴿أَفَلا تَتَفَكَّرونَ﴾، [الأنعام: ٥٠]، واتا: «ئەرێ بیر ناکەنەوە» ﴿لَعَلَّهُم يَعلَمونَ﴾، [يوسف: ٤٦]، واتا: «سا هۆکارێک بێت کە بزانن.» جا عەقڵ هەرگیز فەرمان بە خراپە و هەڵە ناکات.

بەڵام نەفس، لۆمەکاری ڕاستەوخۆ ڕووی لێ دەکات، چونکە ئەوە کە کار لە عەقڵ دەکات، ئەوە کە فەرمانی هەڵە و خراپەی پێ دەکات، ﴿إِنَّ النَّفسَ لَأَمّارَةٌ بِالسّوءِ إِلّا ما رَحِمَ رَبّي﴾، [يوسف: ٥٣]، واتا: «بەڕاستی کە نەفس زۆر فەرماندەرە بە خراپە مەگەر ئەوەی پەروەردگارم میهری پێ کردبێت.»، جا بە جیاکارییەک هەندێکی دەرکرد، چونکە بنەڕەتەکەی ئەوەیە کە وا بێت (زۆر فەرماندەر بێت بە خراپە)، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئاگادارکردنەوە لە (مەترسیی) نەفس زۆر هاتووە، بەڵام تەنانەت بۆ یەک جاریش ئاگاداری لە عەقڵ نەهاتووە.

پێشمان نەگەیشتووە کە پێغەمبەرێک پەنای گرتبێت بە خوا لە عەقڵی خۆی، بەڵام پەناگرتن هەمیشە لە خراپە و زەرەری نەفس بووە، چونکە نەفس

دەکرێت چاکەشی بۆ نمایش بکرێت کەچی ڕەتی بکاتەوە، چونکە جەزی پێی نییە یاخود پێچەوانەی سروشتی ئەوە، بەڵام عەقڵ، تەرازوویەکە کە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی مرۆڤ پێی دەدات، ئەنجام دەدات بەدەستەوە، جا ئەگەر نەفس ئەنجامێکی دیاریکراوی بوێت، ئەوەی ڕقی لێیەتی لێی دەشکێنێت و ئەوەشی حەزی پێیە هێز و بڕەوی پێ دەدات، ئەوجا ئەو هاوکێشەیە بەو شێوەیە دەدات بە عەقڵ و داوای ئەنجامی لێ دەکات، ئەوجا فەرمانیشی پێ دەکات کاری لەسەر بکات و بەڵگە بۆ ڕاستی و دروستییەتی ئەوە بهێنێتەوە، بەڵام عەقڵ -بەزۆری- ئاگای لەم دەستێوەردان و تەرازووبازییەی نەفس هەیە، هەربۆیە مرۆڤ لەسەر کردەوەکانی لێپرسینەوەی لێ دەکرێت، لەبەر کەمتەرخەمیکردنی عەقڵی بەوەی کە چەواشەکارییەکەی نەفس قبوڵ دەکات و بەسەریدا تێپەڕ دەبێت.

خۆ ئەگەر مرۆڤ جیاوازی لەنێوان نەفس و عەقڵیدا نەکات و ئەمیان لەویان جیا نەکاتەوە و سروشت و حەز و مەیل و حاڵەتەکانی نەفسی نەناسێت و داری داوەری نەگرێتە دەست بۆ جڵەوگیرکردنی، عەقڵی بەدروستی بەکارنەهێناوە. کاتێکیش کە نەفس چاری حەقیقەتەکان ناکات و توانای چەواشەکاری لە ڕووی عەقڵدا نییە و زیاد و کەمی پێ ناکرێت بە جۆرێک کە ئەنجامەکان دەستکاری بکات، ئەو کات ئەگەر نەفسەکە بەهێز و خۆسەپێن و ملهوڕ بن بەسەر عەقڵدا، هەرچی بیانەوێت و پێیان خۆش بێت فەرمانی پێ دەکەن ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی عەقڵ و هەستی نەفس خۆشی بێت، چونکە نەفسە خاوەن سروشتە بەهێز و مەیل و حەزە تونەکان ئەگەر توانای گۆڕینی پێوەرەکانیان نەبێت - بەزۆر و زۆرکاری و خۆسەپاندن ئەنجامەکان دەگۆڕن، پەروەردگاریش باسی لەم جۆرە نەفسە کردووە: ﴿أَفَتَطمَعونَ أَن يُؤمِنوا لَكُم وَقَد كانَ فَريقٌ مِنهُم يَسمَعونَ كَلامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفونَهُ مِن بَعدِ ما عَقَلوهُ وَهُم يَعلَمونَ﴾، [البقرة: ٧٥]، واتا: «ئەرێ چاوتان لەوەیە (ئەی باوەڕداران) کە ئەوان (ئەو جوولەکانە) باوەڕتان پێ بهێنن (بە ئیسلامی ئێوە) لە کاتێکدا کە گرۆیەک لەوان لە پاش ئەوەشی کە وتەی

خودایان دەبیست دەیانگۆڕی و دەستکارییان دەکرد لە پاش ئەوەشی کە تێی گەیشتبوون و خۆشیان دەیانزانی (کە ڕاستەکە کامەیە).» هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ۝١٨ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ﴾، [المدثر: ١٨ - ١٩]، واتا: «ئەو بیری کردەوە و ئەندازەی گرت (١٨) سا بەکوشتچێ چۆن ئەندازەگیرییەکی کرد.»

هەر بەم شێوەیەش بوو لەنێوان قابیل و هابیلدا، سەرەنجامەکانی کوشتنی قابیل بۆ هابیل خۆ لە عەقڵدا پەسەند نەبوو، نەفس حەزی بەوە دەکرد، جا خۆسەپێنانە ئەوەی بەرانبەر بە عەقڵ کرد و هەوەسەکەی خۆی بردە سەر، لەمەشدا بوو کە پەروەردگار فەرمووی: ﴿فَطَوَّعَت لَهُۥ نَفسُهُۥ قَتلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصبَحَ مِنَ الخَٰسِرِينَ﴾، [المائدە: ٣٠]، واتا: «جا نەفسی کوشتنی براکەی بۆ ڕازاندەوە و نزیک و ئاسان و سادەی کردەوە بۆی، سا کوشتی و ئیدی لە ڕەنجەڕۆیان بوو.» (طَوَّعَتْ) لەسەر کێشی: (فَعَّلَتْ)ە، (تطویع)یش بە واتای زۆرهاندان و ڕازاندنەوە و پەمپدان دێت، تاکوو عەقڵ پێوەر و توانای هاوسەنگکەرەوەی خۆی لێ ون ببێت.

نەفسیش ئەوەی خۆی پێی خۆشە و حەزی لێیەتی نزیک و ئاسان و ڕازاوەی دەکات بۆ عەقڵ، ئەوەش بەوەی کە تەنیا جوانییەکانی ئەو شتە (حەزپێکراوە) بهێنێتە پێش چاو بەبێ ناشرینی و زەرەرەکانی و گەورەکردنەوەی و لەوانەشە پەلەی لێ بکات کە زوو ئەنجامی بدات بەدەستەوە، نەوەکا عەقڵ بە تێپەڕینی کات و مانەوەی مۆڵەت هەست بە دەستێوەردان و پەردەپۆشکردن و گەورەکردنەوەکانی نەفس بکات، ئەو نەفسانەشی کە ئەمە کار و خوویانە، لەلایەن عەقڵە هاوسەنگەکانی (کەسانی) جگە لە خۆیانەوە ئەوەیان لێ دەبینرێت، بەڵام خۆیان نایبینن، سەبارەت بەم نزیککردنەوە و ساناکردنەوەیەی (نەفس بۆ هەوەسەکانی خۆی) یەعقووب بە کوڕەکانی فەرموو: ﴿قَالَ بَل سَوَّلَت لَكُم أَنفُسُكُم أَمرًا فَصَبرٌ جَمِيلٌ﴾، [یوسف: ١٨]، واتا: «بەڵکوو نەفستان شتێکی بۆ سانا کردوونەتەوە و سازاندوون، سا ئارامگرییەکی جوان (بڕیارمە).» سامریش لەبارەی کەتنەکەی خۆیەوە گوتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَت لِى نَفسِى﴾، [طه: ٩٦]، واتا:

«ئاوها نەفسم بۆمی لواند و سازاند.» وەختێکیش نەفسی موشریکەکان گیرۆدەی هەوەس بووبوو، نکۆڵییان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد لەبەر ئەوەی کە مرۆڤە، کەچی هەر هاوکاتی ئەم چەلەحانێ و نکۆڵیکارییەیان هۆشیان بەلای ئەوەوە نەبوو کە خۆیان خوای بەردین دەپەرستن، سا چۆنە کە خوایەتی بەردیان پێ قبووڵە و پێغەمبەرایەتیی مرۆڤیان پێ قبووڵ نییە؟! ئەوەشی کە لە بنەڕەتدا عەقڵە تەندروستەکان لە پێکهاتەدا یەکسانن - واتای ئەوە نییە کە هیچ جیاوازی و پلەبەندییەک لەوەدا نییە لە نێوانیاندا کە دەکرێت یەکێکیان (لە یەکێک لە هەست و تواناکانیدا) تیژی و هێزێکی هەبێت کە تایبەتمەند بێت پێی، وەک ئەوەی بیستن و بینینی تیژ بێت، بەڵام ئەمەش کەمە و بنەڕەتی نییە.

هەروەها دیسان لە ڕەنگدانەوەکانی کاریگەری نەفسەکان لەسەر عەقڵەکان: ئەوەی کە (دەبینیت) عەقڵی هەمان مرۆڤێک بۆ هەندێک لە زانست و بابەتەکان زۆر بەهێز و تێگەیشتوو و لەخۆگرە، تاکوو ئەوەی کە لە زیرەکانیش دەژمێردرێت تێیدا، کەچی لەمەڕ زانستگەلێکی دیکە خاوی و لاوازی و تەنگی دەنوێنێت کە قورسی و ئاڵۆزی و ئاستەنگییان کەمتریشە لە زانستەکەی دیکە کە ئەم توانادار بوو تێیدا، بەڵکوو دەکرێت لە هەمان زانستیشدا کە مرۆڤ پسپۆڕ و شارەزایە تێیدا، هەندێک کات لە هەندێک لە ئاسانترین بابەتەکانیشیدا (هەر لەو زانستەدا) داخراو و دەستەوەستان دەبێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە یان سروشتی نەفس، یاخود حەزی، یاخود حاڵەتگەلێکی تایبەتی کە هاتوون بەسەریدا، پێچەوانەی ئەو هەوڵدانەی عەقڵن بۆ تێگەیشتن لەو زانستە یان ئەو بابەتەی ناوی، ئیدی لە زانستێکی دیاریکراو یاخود کاتێکی دیاریکراودا، هەندێکیش لەوانەی کە بە ساویلکە یاخود کەودەن دادەنرێن، دەبینیت کە لە هەندێک بابەت وەها تێ دەگەن، یاخود لێکدانەوە بۆ کەیسێک پێشکەش دەکەن بە جۆرێک کە لەوانەیە زۆر ورد و ڕێک و پێکتر لەوەشی کە بە زیرەک دانراوەکان پێشکەشی دەکەن، چونکە لەو کەتەدا عەقڵییان پاڵپشتی ویست و

حەزی نەفسیشی بۆ هاتووە و مەیلێکی توند و بەهێزی بۆ تێگەیشتن هەبووە، هەربۆیە دەبینیت شکستخواردووترینی خەڵک ئەوانەن کە لە حاڵێکدا کە نەفسەکانیان ناناسن، عەقڵەکانیان بەکار دەهێنن.

پەروەردگار ستایشی ئەو کەسانەی کردووە کە عەقڵیان زاڵ بووە بەسەر نەفسیاندا و بەرێوەی دەبات و بژار و پاکی دەکاتەوە و دەیخاتە شوێن خۆی و ملکەچی پەروەردگاری دەکات، دەفەرموێت: ﴿قَد أَفلَحَ مَن زَكَّاهَا﴾، [الشمس: ٩]، واتا: «سەرفراز و براوە بووە ئەوەی کە بژار و پاکی کردەوە.» کاتێکیش نەفس پارێزرا لە خراپە و زەرەرە شاراوەکانی ناو خۆی، ئەو کات مرۆڤ لە کاریگەرییەکانی (نەفس) لەسەر عەقڵی پارێزراو دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿فَأَلهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقوَاهَا﴾، [الشمس: ٨]، واتا: «سا (دوای ئەوەی کە پەروەردگار نەفسی دروست کرد و سازاندی) خراپە و زەرەر و چاکە (تەقوا و پارێزکاری) و بەرژەوەندی خۆی، پێ ئیلهام کرد و پیشان دا.» ئەوجا دەیفەرموو: (اللهم آت نفسي تقواها، وزكها أنت خير من زكاها)[1] پەروەردگارم تەقوای خۆی بە نەفسم بدە و پاکیکەرەوە کە تۆ باشترینێکی کە پاک و بژاری بکەیتەوە، تقواها واتا: هەرچییەک کە لە خراپەی خۆی و خراپەی نەفسەکانی ئەوانی دیکەش دەپارێزێت.

***

(١) السُّنَّة، لابن أبي عاصم (٣١٩)، وتفسير ابن أبي حاتم (١٠/٣٤٣٦) عن أبي هريرة، والمعجم الكبير، للطبراني (١١١٩١) عن ابن عباس.
وهو في صحيح مسلم (٢٧٢٢) عن زيد بن أرقم، دون ذكر القراءة.

کارتێکەرەکانی سەر عەقڵ و جۆرەکانیان

عەقڵ بە شتانێک لە دەرەوەی خودی مرۆڤدا کاریگەر دەبێت، هەروەها شتانێکیش لە ناوەوەیدا، کارتێکەرەکانی ناو خۆشی گەلێک زۆر و جۆراوجۆرن، توندترینیشن لەسەر مرۆڤ و مەترسیدارترینیشن لەسەر عەقڵ، جیاوازیشن لە دەرکەوتن و شاراوەیی و بەهێزی و لاوازییاندا.

عەقڵیش دەفری هەڵگری زانستە، چەندێکیش زانست و زانیاری و ئەزموونی زیاد بکات، کاریگەری دەبێت لەسەری، ئەگەریش لەگەڵ زۆری زانستدا، زۆر بیرکردنەوەش هەبوو، کاریگەری ئەوە لەسەری بەهێزتر دەبێت، خۆ ئەگەر ئیمان و زیرەکیشی هاتە پاڵ ئیدی ئەستەمە ببەزێنرێت، چ لەلایەن نەفسی فەرماندەرەوە بە خراپە، چ لەلایەن نەفسێکی دیکەی جگە لە خۆشیەوە و چ لەلایەن شەیتان و وەسوەسە و خوتخوتەکانەوە. کاریگەرییەکانیش لەلایەن نەفسی مرۆڤەوە بۆ سەر عەقڵی، سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: سروشتەکانی نەفس

جۆری دووەم: حەزەکانی نەفس

جۆری سێیەم: حاڵەتەکانی نەفس

ئەم سێ کارتێکەرانەش لەسەر عەقڵ - مەرج نییە کە کاریگەرییان لەسەری ڕاستەوخۆ بێت، چونکە هەندێکیان کار لەسەر هەندێکیان دەکەن تاک تاک لەنێوان خۆیاندا، هەروەها تاک تاک و پێکەوە و بەهەماهەنگیش کار لەسەر عەقڵ دەکەن لە هەڵبژاردنەکانیدا، جا حەز و غەریزە پەروەردگار لە مرۆڤدا بەدیهێناوە تاکوو بە ئەندازەی شەرعی خۆی پڕ بکرێتەوە، ئەگەریش پڕ نەکرێتەوە

ئەو کات حاڵەتێک لە دەروواندا دەهێنێتە کایەوە، ئازار یان ترس یان خەفەت، جا ئەگەر ئەو حاڵەتە خێرا بوو، کاریگەرییەکەشی لەسەر عەقڵ خێرا دەبێت بە ئەندازەی مانەوەی، بەڵام مەترسیدارترین حاڵەتەکان ئەوانەن کە بەهێزن و کار دەکەنە سەر سروشتی نەفس و دەیگۆڕن، تەبیعەتی نەفسیش دووردرێژ و بەردەوامە، ئەمەش کاریگەری لەسەر عەقڵ بە ئەندازەی مانەوەیەتی، سا ئەگەر حاڵەتەکە بەهێز بوو کاریگەرییەکەشی لەسەر سروشت بە ئەندازەی هێزەکەی دەبێت، ئەوجا سروشتیش کار دەکاتە سەر عەقڵ و زاڵبوونیشیان بەپێی هێزیان دەبێت، وەک ڕووانینی حەرام: حاڵەتێک لە نەفسدا دەهێنێتە کایەوە، یان بەناو سروشتدا تێ دەپەڕێت (بەسەلامەتی)، یاخود دەیشکێنێت، جا کە سروشتی شکاند، ئیدی نەفس هەڵدەگیرسێت بۆ بردنەسەری حەزەکە بە حەرامی، ئەوجا عەقڵیش بە شوێن ئەم ڕەوشەدا کاریگەر دەبێت.

هەربۆیە پەروەردگار بۆ هەموو حەرامێک سزایەکی دونیایی دانەناوە، چونکە هەر سزایەک شوێنەوارێک لە نەفسدا بەجێ دەهێڵێت کە دەشێت تەواوی سروشتی بگۆڕێت و ئیدی لابدات و هەڵبدێرێت، ئەوجا عەقڵەکانیش بۆ ئەو لادانەی خۆی و بەڵگەهێنانەوە بۆی دەستەمۆ دەکات، لە کاتێکدا کە پێشتر وا نەبوو، دەستپێکی ئەوەش تەنیا حەزێک بوو، پاشان حاڵەتێک، پاشان سروشت، ئەوجا گەیشتە ڕاوبۆچوون و پەسەندیپێدان لەلایەن عەقڵەوە.

ئەم کارتێکەرانەی نەفسیش زۆر وابەستەن، کاریگەرییان جیا نابێتەوە یاخود تاک بکەوێتەوە لە عەقڵدا، هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایەش حوکم و ڕاسپاردە خوداییەکان هاتوون بە جڵەوگیری نەفس و هاوسەنگکردنەوەی، تاکوو پارێزراو بێت و بگیرسێتەوە، ئیدی عەقڵیش هاوسەنگ دەبێت و دەگیرسێتەوە، لە دواییدا ئەنجامەکان دروست دەبن، خۆ ئەگەر خەڵک چاک و ورد بیانڕووانیایە لە ڕاسپاردە خوداییەکان دەیانبینی کە چۆن ڕێکوپێک گونجاوە لەگەڵ نەفسی مرۆڤدا، سا کەس لە بەدیهێنەر زاناتر نییە سەبارەت بە بەدیهێنراو.

✺ جۆری یەکەم: کە سروشتەکانی (نەفس)ـن[1]

ئەویش جیاوازە لە خەڵکیدا، نزیکە کە هیچ بە یەک نەچن تێیدا، کە نەفس دەگونجێت ئازا بێت یان ترسنۆک، بەهێز بێت یان لاواز، لەسەرخۆ یان هەڵەشە، تووڕە یان هێمن، تیژ و توند یاخود نەرم و نیان، وریا یاخود بێئاگا، چڵێس (چاوبرسی) یاخود قایل و بەقەناعەت، تەمبەڵ یان گورج و چالاک. ئەم سرووشتانەش نەفس تێیاندا جیاوازە، هەروەها لە ئەندازەکانیشی تێیاندا جیاوازە، بە ئەندازەی بەهێزکردن یاخود لاوازکردنی (ئەو سروشتانە) بەهۆی شێوازی پێگەیشتن و هەڵدانی مرۆڤەکەوە لە ژیاندا، جا ئەندازەی ئازایەتی و هێز جیاوازی هەیە و لە یەک ئاستدا نییە، بۆیە یەکبوون و گونجانی تەواو و لێکچوونی نەفسەکان لە هەموو جۆر و بڕێکدا دەگمەنە، بەڵکوو یەکسان نەبوون و جیاوازییان لە ڕێسا گەردوونییەکانی خودایە، بۆ ئەوەی بەردەوام جۆرە هاوسەنگبوونەوە و کێبڕکێکارییەک لەناو مرۆڤایەتیدا هەبێت، ئیدی ژیانیش ڕاست ببێتەوە و بچێت بە ڕێوە، ئەوجا خەڵک لەناو خۆیاندا بگەن بە تەواوکاری، خۆ ئەگەر سەرجەم سروشتەکانیان یەک و هاوشێوە بن، ئەو کات لە هەڵبژاردن و حەزەکاندا یەکڕا دەبوون و ئەو کات پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بزوان و کارکردن نەدەبوو، چونکە بزوێنەری ئەوە کێبڕکێیە، سا پاڵنەری کێبڕکێش بوونی نییە، بەڵام سروشتەکان جیاواز بوون بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان ویست و حەزی خۆی لەویتر بسەنێت، ئەویش حەز و ویستی خۆی لە یەکێکی دیکە بسەنێت، ئیدی بەیەکەوە بەرژەوەندییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەنەوە و زیانەکان پاڵ دەنێن.

---

(١) جۆری دووهەم دەکەوێتە (لا ٤).

* جیاوازییەتیی سرووشتەکانی نەفس

کاریگەربوونی سروشتەکانی نەفس بە شێوازی ژیان و هەڵدان و پێگەیشتن، واتای ئەوە نییە کە (هەر لە لەدایکبوونییەوە) لەسەری بار نەهێندرابێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە هەندێک لە فەیلەسووفانی نەفس دەیڵێن کە شتێک بە ناوی سروشتەوە بوونی نییە، بەڵکوو خود تەنیا بە پەیداکردن پەیدا دەکرێت، نەفسیش عەمباری شێوازە هەڵسوکەوتەکانە، هەتا ئەوەی کە هەندێکیان نەفس بەو لەوحە سپییە دەچوێنن کە هەر شتێکی تێدا دەنووسرێت، ئەم بیروبۆچوونەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە نەفس لە دەوروبەرەوە سروشتەکان پەیدا دەکات، هەروەها هەر هەڵسوکەوت و کاردانەوەیەکی نەرێنی بەهۆی بیرکردنەوەیەکی نەرێنی پێشوەختەوەیە، خۆ ئەمە بە عەقڵیش زانراوە، تەواوی شەریعەتەکانیش جێگیریان کردووە و هیچیان ڕەتیان نەکردووەتەوە، بەڵام خۆ ئەوەش بوونی بنەڕەتی ئەو سروشتانە ڕەت ناکانەوە کە لەگەڵ دەستپێکی بەدیهاتندا هەن، هێشتا ئەوانەشی کە سروشتەکانی نەفس دان پێدا نانێن، دان بە کاریگەرییەکانیاندا دەنێن لەسەر مرۆڤ، بەڵام بوونی شەریعەتێکی خودایی هەمەجۆر ڕەت دەکەنەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ هەمەجۆری سروشتەکانی نەفسدا وەک جیاوازیی نێوان سروشتی نێر و مێ، وای دەبینن کە فەرمان و ڕێگرییەکان بەیەکسانی دابەزیوەتە سەر خەڵکان، ئەوجا دەڵێن کەواتە پەسەندە بۆ نەفس کە هەرچی گونجاوە تەنیا لەگەڵ سروشتە پەیداکراوەکەی خۆیدا هەڵبژێرێت، نەک سروشتە خۆڕسکییەکەی، بەڵام ڕاست و تەواو ئەوەیە کە فەرمان و ڕاسپاردە جیاوازەکان لە پاش سروشتەکانەوە هاتوون بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بگونجێن، چونکە گۆڕینی سروشتەکانی نەفس زۆر زۆر قورسە، بگرە هەندێکی هەر مەحاڵە، چەندێکیش مرۆڤ سەرکێشی بۆ بکات.

یەک لە پزیشکە تیژبینە زاناکان باسی لەوە کردووە کە کەمجار دەبینیت زانایانی دەروونناسی نکۆڵی لە بوونی سروشتی خۆڕسکی بکەن لە مرۆڤدا، ئەوانەشیان کە نکۆڵی لێ دەکەن هێشتا دەڵێن کە لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە

پەیدا دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانایانی ئاژەڵناسی جەخت دەکەنەوە لە بوونی سروشتێکی خۆڕسکی تایبەت بە ئاژەڵەوە بەر لە پەیداکردنیش، جا زانایانی ئاژەڵناس بۆ ئاژەڵیان چەسپاندووە و ئەم کەمینە زانایە لە مرۆڤدا نکۆڵی لێ دەکەن، ئەم نکۆڵیکارانە وەڵامی ئەم جیاکارییەش (کە لە ئاژەڵدا هەبێت و لە مرۆڤدا نەبێت) بەوە دەدەنەوە کە ئاژەڵ عەقڵێکی بەسی نییە (بەکەڵکی بێت) جا بۆیە پێویستی بە سروشت دەبێت، بە پێچەوانەی مرۆڤەوە کە عەقڵێکی بەس و بەکەڵکی هەیە کە بە سروشتی پەیدا کردوو بێپێویستی بکات لە سروشتی خۆڕسک، ئەمەش لێکدانەوەیەکی ماددی پەتییە کە تەنیا لە سنووری هۆهێنانەوە بۆ کردارەکاندا دەوەستێت، دوور لە هۆهێنانەوە بۆ هێنانەدیی بکەرەکان و کردارەکانیشیان لەلایەن پەروەردگارەوە.

ئەگەریش چواندنی مرۆڤ بە لەوحی سپی بەتاڵ چواندنێکی دروست بێت، خۆ سروشتی (تەبیعەتی) لەوحەکانیش جیاوازی هەیە، یەک توخم و جۆر نین، جیاوازییەکەشی دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو شتەی کە لەسەری دەنووسرێت، لە چەسپانی یان کاڵبوونەوە و کوژانەوەی، خۆ هەر لەوحێکیش هەر قەڵەمێکی بۆ ناگونجێت.

هەندێک لە سروشتە نەفسییەکان هەن کە مرۆڤی لەسەر بەدی دەهێنرێت و پێی ڕەنگ دەکرێت و پەیوەندی بەو ئایینەشەوە نییە کە مرۆڤەکەی لەسەرە، جا دەکرێت بە نەفسێکی هاوسەنگ بارهێنرابێت بەڵام مولحید بێت، دەشکرێت بە نەفسێکی زبر و توند و تووڕە و هەڵەشە بارهێنرابێت کەچی موسڵمانیش بێت، هەربۆیە لە سەرجەم ئایین و ڕێبازێکدا سەرجەم سروشتە نەفسییەکان دەبینرێنەوە، ئەو سروشتانەش لە وەختی هەنگاونانی مرۆڤەکەدا لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی دیکە دیسان لەگەڵیدا هەنگاو دەنێن و دەگوێزرێنەوە، ئەو سروشتانەی کە مرۆڤی لەسەر دروست کراوە چوێنراون بە کانزاکانی زەوییەوە کە لەسەری دروست کراون، لە فەرموودەدا هاتووە: (الناس معادن کمعادن

الفضة والذهب، خيارهم في الجاهلية خيارهم في الإسلام إذا فقهوا)[1] واتا: «خەڵکی کانزان وەک کانزای زیو و زێڕ، باشترینیان لە نەفامیدا باشترینیانە لە ئیسلامدا ئەگەر تێ بگەن (ئایین باش وەربگرن و لێی حاڵی ببن).»

جا پیاوەتی مرۆڤ و بەخشندەییەکەی و ڕەوشتجوانی و بەغیرەتییەکەی و نەرمونیانی و لەسەرخۆییەکەی لەگەڵیدا دەچنە ناو هەر ئایینێکەوە کە ئەو دەچێتە ناوییەوە.

⁂ سروشتی بنەڕەتی مرۆڤ هەرگیز خراپ نییە

هەروەها ناکرێت سروشتی مرۆڤی موکەللەف -ڕاسپێردراو- لەسەر شتێک بار بهێندرێت کە لە پاشدا بە ئاڕاستەوانی سروشتی پەتی و بەبێ کارتێکەرێکی پێشهات، بەرەو هەڵە و گومڕایی و لادان و پەتبڕینی بەرێت، سەرجەم ئەو زانایانەی زانستی ئەزموونیش کە پێچەوانەی ئەمە دەڵێن، ڕووانیویانەتە ئەو سروشتەی کە هەڵەکەی لە دواییدا پەیدا کردووە (نەک خۆی لە سەرەتاوە تێیدا بووبێت) ئەوجا هاتوون و بەهانەی سروشتییان بۆ هێناوەتەوە، وەگەرنا سروشت بە پێگەیشتنێکی دروست پێ دەگات، بەڵام لە دواییدا بە کارتێکەرەکان کاریگەر دەبێت و پاشان لادەدات، ئەوجا سروشتی دەچێتە سەر ئەو لادانە و وەریدەگرێت، ئەوەش چونکە مرۆڤ غەریزە و حەزی هەیە، سروشتیشی تەنیا بە ئاڕاستە خۆڕسکییە دروستەکە تێری دەکات، بەڵام دەکرێت حاڵێکی بەسەردا بێت کە لایبدات لە حەزکردن بە ڕێگە دروستەکە و بیگۆڕێت، وەک ئافرەت و پیاو کاتێک حاڵێکی دەروونی وەک ترس یان ڕقلێبوونەوە دووچاری یەکێکیان دەبێتەوە بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرانبەر کە دەبێت غەریزە خۆڕسکییەکەی خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە پڕ بکاتەوە، ئەو کات ڕێگرییەک لە نەفسیدا دێتە کایەوە، لەنێو دەروونیشیدا دوو هێز هەن: هێزێکی پاڵنەر و هێزێکی ڕێگر، پاڵنەرەکە

---

(١) البخاري (٣٤٩٣)، ومسلم (٢٦٣٨).

غەریزەکەیە، ڕێگرەکەش ئەو بەربەستەیە کە حاڵە دەروونییەکە دروستی کردووە، جا ئەگەر هێزە ڕێگرەکە بەهێزتر بوو لە هێزە پاڵنەرەکە، ئیدی ناتوانێت غەریزەکەی خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە پڕ بکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەو کات سروشتێک، یاخود زانستێک، یاخود ئایینێک ڕێگەی لێ نەگرن، لادەدات و هەر یەکێکیان ئیدی غەریزەکەی لە ڕەگەزی خۆیدا خەرج دەکات، هەتا دەکرێت ببێتە سروشتیش تێیاندا!

بە هەمان شێوەش لە غەریزەی پارە و ساماندا، مرۆڤ سروشتی لەسەر پەیداکردنی بە حەڵاڵ بارهێنراوە، بەڵام کاتێک کارتێکەرێک دێت و حاڵێکی بەهێز دەهێنێتە کایەوە، وەک ئەوەی توانای کارکردنی نەبێت یاخود بێبەشبکرێت لێی، مرۆڤەکەش دوو هێزی تێدایە: پاڵنەر و ڕێگر، جا ئەگەر ڕێگرەکە لە پاڵنەرەکە بەهێزتر بوو، ناتوانێت غەریزەکەی خۆی بە ئەو پڕ بکاتەوە، هەروەها پاڵنەرەکە شتێک لە سروشت، یاخود زانست، یاخود ئایین نەبوو کە ڕێی پێ بگرێت، دزی دەکات و داگیر دەکات و بەرتیل دەخوات و دەبات و نکۆڵی دەکات، ئەوجا دەبێتە سروشتیش تێیدا، ئەمەش نابێتە بەهانە بۆ مرۆڤی موکەللەف-ڕاسپێردراو، چونکە عەقڵێکی هەیە کە پێی بجەنگێت لەگەڵ سروشت و حاڵە کارتێکەرەکانیدا.

خۆ ئەگەر سروشتەکان بپارێزرانایە لەو حاڵەتانەی کە لایاندەدەن و دەیانگۆڕن، ئەوە دەبووە هۆی پارێزرانی عەقڵیش لە کاریگەرییەکەی، چونکە دەشێت حاڵەتەکان کار بکەنە سەر سروشتەکان و ئەوجا سروشتەکانیش کار بکەنە سەر عەقڵەکان، وەک ڕوونکردنەوەی زیاتری لەبارەوە دێت إن شاء اللّٰه.

سروشتە نەفسییەکانیش سەرەڕای جیاوازییان کار دەکەنە سەر عەقڵ لە هەڵبژاردنەکانیدا، کە هەر نەفسێک ئەوەی پێ خۆشە لە بۆچوون و بیرۆکە و کار کە لەگەڵ سروشتیدا دێتەوە و بۆی گونجاوە، جا ئەگەر ئەو سروشتە توند و بەهێز بوو تێیدا، ئەو کات دەشێت نەفس خۆسەپێنانە ئەوەی دەیەوێت

بەسەر عەقڵدا تێی پەڕێنێت و هەروەها چالاکیش دەبێتەوە لە هەوڵداندا بۆ شوێندۆزیکردن بەدووی بەڵگە و سەلمێنەرەکانەوە بۆ چەسپاندنی ڕاست و دروستییەتی ئەوەی کە سروشتی پاڵپشتی لێ دەکات لە بیرۆکە و بۆچوون و کار.

سروشتە نەفسییەکانیش وەک چۆن کاردەکەن کاریگەریش دەبن، کە دەکرێت شتانێکی دەرەکی کار لەسەر سروشتی مرۆڤ بکەن، لە ژینگە و لە تێکەڵیکردن و جۆرێک لە زانست و زانین، هەروەها ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵیدا کراوە لە ژیانیدا لە دادپەروەری یاخود ستەم، ئەمانە کاریگەری دەکەنە سەر سروشت، بەڵام لە نەفسدا ڕیشەکێشی ناکەن، هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و دەشێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆی وەختێک شتێک دەیبزوێنێتەوە و دەبووژێتەوە، ئیدی دێتەوە سەر بنجەکەی خۆی، وەک چۆن دەکرێت ئاژەڵە درندەکان مااڵی بکرێن و لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە لەسەر هۆگری و بێزیانی ڕابهێنرێن، بەڵام سروشتەکەیان (درندەیەتی) هەر تێدا دەمێنێتەوە، زیندوو بکرێتەوە زیندوو دەبێتەوە.

❊ جیاوازیی ئەژمارکردنی کات لەلای نەفسەکان

ئەژمار و پێوەری خەڵکی بۆ هەڵسەنگاندنی شتەکان کاریگەر دەبێت بە کارتێکردنی نەفسەکان لەسەریان، چونکە نەفس پێوانە و لەبەرچاوگیری تایبەتی خۆی هەیە، دەکرێت لەگەڵ واقیعدا یەک بێت، دەکرێتیش جیاواز بێت، عەقڵیش ئەو کات لە کێشمەکێشی نێوان ئەو و واقیعدا دەمێنێتەوە، تەنانەت لە ژماردنی کاتیشدا، ئەژمارکردنی نەفس دەکرێت جیاواز بێت لە واقیع، کە نەفس کاتژمێرێکی تایبەت بە خۆی هەیە، دەکرێت لەگەڵ کاتژمێری خۆردا یەک بێت، دەکرێتیش لێی بترازێت و جیا ببێتەوە بە زیاد یان کەم بەپێی سروشتی نەفس و حاڵەتەکانی، جا نەفسی سروشت پەلەکار و تیژ وەختێک چاوەڕێی شتێک بکات، یەک کاتژمێر لەلای وەک یەک ڕۆژی تەواوە لەلای

نەفسە هاوسەنگەکان، نەفسی (سروشت) ساردوسڕ و کەودەنیش کە چاوەڕێی شتێک بکات، ڕۆژ لەلای وەک تەنیا یەک کاتژمێرە لەلای نەفسە هاوسەنگەکان، جا دەبینیت نەفسەکان چاوەڕێی هەمان شت دەکەن کەچی لە ئەژمارکردنی کاتدا لێک جیاوازن.

ئەژمارکردنی نەفسەکانیش بۆ کات، دەکرێت بەهۆی شتێک لە دەرەوەی خۆیەوە جیاواز بێت، وەک چڕی و زۆری ڕووداوەکان و هاتنیان بێ پسان بە شوێن یەکدا بە جۆرێک کە یەکێکیان وەختێک دێت ئەوەی بەر لە خۆی لەبیر دەباتەوە، ئەوەش هەر بەردەوام و بە زنجیرە ڕوو بدات، تا وای لێ دێت نازانیت ڕووداوەکانی کەی دەستیان پێ کردووە و کەی دواییان هاتووە، ئەوەش بەهۆی ئاڵۆزی و لێکئاڵۆسکانیان لەناو خۆیاندا، مەبەستیش ئەمەیە لەو فەرموودەیەدا: (لا تقوم الساعة حتى يتقارب الزمان، فتكون السنة كالشهر، والشهر كالجمعة، وتكون الجمعة كاليوم، ويكون اليوم كالساعة، وتكون الساعة كالضرمة بالنار.)[1]

واتا: «قیامەت هەڵناستێت هەتاکوو کات لێک نزیک نەبێتەوە، جا ساڵ وەکوو مانگ و مانگ وەکوو هەفتە و هەفتە وەک ڕۆژێکی لێ دێت، ڕۆژیش وەک ساتەوەختێک و ئەویش وەک بزوانی ئاگرکردنەوەیەکی لێ دێت.»[2]

ئەمەش بۆیە کراوە بە نیشانەی کۆتا زەمان -لەگەڵ ئەوەدا کە دەکرێت بۆ هەر نەفسێک بێتە پێش و لە هەر سەردەمێکدا- چونکە لە کۆتا زەماندا وەک حاڵەتێکی گشتی لێ دێت بۆ نەفسەکان، بەڵام بەر لەوە، نەفسێک وایە و یەکێکی دیکە نا، لە حاڵێکدا وایە و لە حاڵێکی دیکەدا نا، جا ئەژماری عەقڵەکان دەگۆڕێت بەهۆی توند گۆڕانی نەفسەکانەوە، چونکە کاتی نەفس و کاتی خۆر یەک نین.

---

(١) الترمذي (٢٣٣٢).

(٢) خودی دەستەواژەکە بەواتای جووڵەی ئامرازێکی تایبەتی دیاریکراوی ئاگرکردنەوە دێت لەو سەردەمەدا، وەکچۆن ئێستە بڵێین هێندی شقارتەیەک دابگیرسێنیت.

نەفسیش وەختێک لە ژماردنی کاتدا بەسەر عەقڵدا زاڵ بوو، درێژ بوو کورتی کردەوە، یاخود کورت بوو درێژی کردەوە، ئەوە کار دەکاتە سەر کار و هەڵبژاردنەکانی، جا کە وای هەست کرد کە کات کەمە، پەلە دەکات و کارەکەی بەجوانی ناکات، دەست دەباتە شتێک و تەواویشی ناکات، دەست دەبات بۆ شتێکی دیکە لە ترسی ئەوەی ئەوی لەدەست بچێت، وەختێکیش وای هەست کرد کە کات درێژ و بەردەستە، پاڵی لێ دەداتەوە و کار دوا دەخات و خێر لە کیسی خۆی دەدات، لە سەرجەم ئەو حاڵەتانەشدا لە پیت و فەڕ بێبەش دەبێت، ئەمەش هەمووی پێویستی بە تێکۆشان و بەگەڕخستنی هەوڵە لەلایەن عەقڵەوە لە هەموو شتێکدا، تەنانەت لە ئەژمارکردنی کاتەکان و سوودلێوەرگرتنیشیاندا.

* کاریگەربوونی سروشتی نەفس بە هەلومەرجی پێگەیشتن

سروشتەکانی مرۆڤ بەو هەلومەرجەشی کە لەسەری پێ دەگەن و باردێن، کاریگەر دەبن، وەک ژینگەکان، جا ژینگەی دەشتەکی و بیابان و ژینگەیەک کە تێیدا ستەمی زۆردار لە لاواز زۆرە، کار دەکاتە سەر سروشتی مرۆڤەکانی بە ڕەق و زبری و توندی و لەدەستهاتوویی، چونکە لەسەر ململانێ و زۆر و زۆرکاری پێگەیشتوون، جا سروشتەکەیان زیاتر بەلای ئەوەدا دەچێت کە گونجاویەتی، هەربۆیە زۆرترین دەرکەوتنی خەواریج لەو سروشتانەدا دەبێت کە کاریگەر بوون بەو سروشتە پێگەیشتنە، هەروەها توندوتیژ بوون لە فەرمان و ڕێگری و سزا و غیرەکردندا دیسان تێیاندا هەیە، لە بەرانبەر ئەمەشدا ژینگەی خۆشگوزەرانی نوقمی ناز و نیعمەت و چێژبارانی و ئارەزوو بەردەست هەیە، کە ئیرجاء[1] و لاوازی لە فەرمان و ڕێگری و غیرەدا زۆرە تێیدا، نەضری کوڕی شومەیل-یش وتوویەتی کە ئیرجاء ئایینێکە زۆر بە خۆشگوزەرانان دەخوات و لەگەڵیان دێتەوە،

---

(١) تاریخ دمشق (٣٣/ ٢٨١ و ٣٠١).

بەهۆیەوە دونیایان بۆ فەراهەم دێت و لە ئایینیان پێی دادەشکێت، مەئموون-یش لەوەدا پاڵپشتی کردووە[1] کە ئەویش زاناترە بە ئەو سروشتە حاڵە.

هەرکەسێکیش سروشتی خۆی نەناسێت، ئەوە کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنەکانی عەقڵی و وەهمی ئەوەش دەکات کە حەق بە خۆیەتی، لەوانەیە نکۆڵی و ملهوڕیش بکات، چونکە گونجان دەبینێت لەنێوان سروشتی خۆی و ئەو بەڵگانەدا کە هەڵیبژاردوون و زەقی کردوونەتەوە لەناو (بەڵگە) دژەکانیاندا، وەک نەفسی سروشت بەخشندە کە پاڵ بە عەقڵەوە دەنێت تاکوو دەست بگرێت بەو بەڵگەیانەی قورئان و فەرموودە و ئەسەرەکانەوە کە پلەوپێگەی بەخشندەیی باس لێ دەکەن، هەروەها شیعری گەلان و پەند و چیرۆک و ئەفسانەکانیان سەبارەت بەوە، بۆ ئەوەی تێر و پۆشتە و پڕچەک بێت بەو شتانەی کە پاڵپشتیی مەیلی سروشتی خۆی دەکەن، ئیدی بەدڵێکی ئاسوودە و عەقڵێکی پشتگیرەوە ببەخشێت، پێچەوانەکەشی نەفسی سروشت ڕەزیل و چرووک، عەقڵ پاڵ دەنێت بۆ هاوردەکردن و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی دەستگرتنەوە و کەمخەرجییەتی و عەمبارکردن و مشوورخواردن و ئیدارەدان!

نەفسە سروشت توند و ڕەقەکانیش عەقڵەکان هاندەدەن بۆ زانینی بەڵگەکانی پێشڕەویکردن و پێداگری و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگان و هەمیشە تەنیا مەیلکردن بەلای تووندترین بژاردەدا و وازهێنان لەوانی دیکە لە وەختی هەڵبژاردندا، چونکە سروشتەکەی حەزێکی بەهێز و چێژبردنێکی تێدایە کە تەنیا بەو قسە و کردارانە دادەمرکێتەوە کە لەگەڵیدا دێنەوە و گونجاوینی.

دەکرێت سروشتی توند و زبر لە شارنشینییەکان و بگرە کەناراوەکانیشدا بدیترێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی تاک، نەک زۆرینە و زاڵ، ئەوەش بەهۆی پاڵنەری دیکەی سروشتەکانەوە، چونکە دەکرێت سروشتێکی نەفسی یەکێکی دیکەش

---

(١) ئیرجاء لە زماندا بەواتای دواخستن دێت، بە دەستەواژەش واتە دواخستنی کار لە باوەڕ [عەمەل لە ئیمان]،ناوی یەک لە ڕەوتە گومڕا هەم مێژوویی و هەم هاوچەرخەکانیشە،بە کورتی و بەگشتی بریتییە لە: جەمسەری داشکاندن و شلۆپەویکردن لە ئایینداا. وەرگێڕ

لەگەڵ خۆی بهێنێت، جا یەکەمیان سروشتی بنەڕەتییە و دووهەمیان سروشتی پەیداکراوە، دەکرێتیش سروشتە نەفسییەکان بەزنجیرە بە شوێن یەکدا بێن و هەر یەک ئەوی دیکە ڕابکێشێت لەگەڵ خۆیدا و بیهێنێت، سا نەفسێک کە سروشتێکی زۆر بەتاسە و شەیدای بۆ پەیداکردنی پێگە و دەمسپییەتی و کوێخایەتی هەیە، هەوڵ دەدات هەر سروشتێک کە پلیکانەیەک بەرەو هێنانەدی ئەو سەرداریکردن و پێگەدارییەی دەبات لەخۆیدا بهێنێتە بوون، تەنیا بۆئەوەی ئەو غەریزە سروشتییەی خۆی (دەستکەوتی پێگە و کوێخایەتی) دامرکێنێتەوە و بهێنێتە دی، جا دەکرێت وەرگرتنی سروشتی بەهێزی و تیژوتوندی و زبری ئەوە بێت کە بیگەیەنێت (بە ئاکامی سروشتە بنەڕەتییە پاڵنەرەکەی خۆی) و سەرداری بکات بە بەشی، دەکرێتیش کەسێک نەفسی تەنیا پێی خۆش بێت باسی بکەن ئیتر بایەخی پێ نادات بە چاک باس بکرێت یان بە خراپ، تەنیا هێندەی زمانەکان هەر بە ناوی ئەو هەڵگەڕێن و نشینگەکان پڕ بن لە باسی و هیچی تر.

هەندێکیش لە نەفسە سروشت نەرمونیان و لاوازەکان مەیلیان بەلای نەبزوان و ئۆقرەگرتن و چێژبەرییەوە، جا عەقڵ دەخەنە کارەوە کە بەڵگەکانی ئاشتەوایی و ئاسایش و باسکردن لە بەخشش و نیعمەتی سەلامەتبوون و زیان پێنەکەوتن و دڵنەوایی و بووران لە هەڵەی خەڵکی و ئارامگرتن لە ئاست ئازاردانەکانیان بدۆزێتەوە و خۆی بێئاگا بکات لە هەرچی جگە لەوەیە هەرچەند ستەمی لێ بکرێت و سنووری بشکێنرێت، هەرگیز ماف وەرنەگرێتەوە و بەرپەرچ نەداتەوە، ئەم سروشتە دیسان لەو نەفسانەشدا هەیە کە هێندە نوقمی ناز و نیعمەت بوون کە ئیتر زاڵ بووە بەسەریاندا و ناتوانن لێی جیا ببنەوە، جا بە هەر بەڵگە و بەهانەیەک بێت بیهێڵنەوە و لە دەستیان نەڕوات.

لەوانەیە هەندێکیش لە سروشتە نەفسییەکان مرۆڤ وەک عەقڵ لاواز بەدەرخەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوەی تێدا نەبوایە خۆی بۆ خۆی یەکێک بوو لە بلیمەتان، چونکە ئەو سروشتانە وا لە عەقڵ دەکەن جۆرە هەڵسوکەوتێک

بنوێنێت که گوشاری سروشتی لەسەر نەفسی کەم بکاتەوە، وەک بڵاوکردنەوەی نهێنییەکان و زۆرقسەکردن لە هەر چییەکدا کە پەیوەندی پێوە هەبێت یان نەبێت، ئەمەش لە هەندێک لە نەفسە تەنگە شەرمنەکاندا هەیە، هەروەها لە نەفسە ساویلکە و شێواو و نائارامەکانیشدا.

هەندێکی دیکەش لە نەفسەکان جۆرە سروشتگەلێکیان تێدایە کە لە زۆر لایەنەوە پێشیان دەخات بەسەر جگە لە خۆیاندا، با لە کۆی سروشتەکانیشدا لەدوای ئەوانەوە بێت، بگرە لە لایەنی زانست و باوەڕیشەوە. جا دەبینیت حوذەیفەی کوڕی یەمان بووەتە ئەمینداری نهێنیی پێغەمبەر (ﷺ) بەهۆی سروشتێکی دیاریکراوەوە کە لە نەفسیدا هەبووە، ئیتر بووەتە شایەنی ئەم پێگەیە، لە کاتێکدا کە هاوەڵانی دیکەش هەن کە لەو مەزنتر و تەواوترن.

بوونی هەندێکیش لەو سروشتە نەفسییانە کە هەندێک لە خەڵک پێی تایبەتمەند دەبن لەناو ئەوانی دیکەدا؛ واتای پێگەداریان نییە بەسەر ئەوانی دیکەوە، بەڵام ئەو تەبیعەتانە بەهرەگەلێکن کە مرۆڤ پێی دەبەخشرێت وەک چۆن بەهێزی جەستە و جوانی شێوەی پێ دەبەخشرێت، ئەمانە شتانێکن کە مرۆڤ لەسەریان دروستکراوە، ستایش و پێگەداریش لەناو خەڵکیدا بە شتە پەیداکراو و ئارەزوومەندانە و هەوڵبۆدراوەکان دەبێت، وەک ئەدەب و زانست و زانین، جا ئەوانە شتانێکی پەیداکراون کە خەڵکی بە هەوڵدان پێی دەگەن، هەر ئەوەش بنەمای پلەبەندی و ئاست دیاریکردنیانە و شایەنترینی سیفەتەکانە بە ڕێز و ستایشکردن.

بەڵام (سروشتە) ناپەیداکراوەکان (بەهرەییەکان)، سوودی لێ دەبینرێت، وەک چۆن سوود لە بەهێزی جەستەیی مرۆڤ و تۆکمەیی بنیادی و بەرزییەکەی وەردەگیرێت لە کارگەلێکدا کە بۆ ئەو جێگەی خۆیەتی، نە بۆ جگە لە ئەو، زۆرجاریش وەختێک خودا لە سروشتێکدا تەواوی بە مرۆڤ بدات سروشتەکەی دیکەی تەواو و بێخەوش نابێت بەو شێوەیە، بە جۆرێک کە لە کەموکورتییەکانی

سروشتیدا پێویستی بە یەکێکی جگە لە خۆی دەبێت کە لەو سروشتەدا تەواو بێت، ئەوی دیکەش لە ناتەواوییەکانی سروشتیدا پێویستی بە ئەم دەبێت لە تەواوییەکانی ئەو سروشتەیدا، ئەم جیاوازییەش عەقڵەکان درکی پێ دەکەن و بەرژەوەندییەکانیانی لەسەر هەڵدەسووڕێنن، هەر لەبەر ئەمەشە کە خەڵک سروشتیان لەسەر هۆگری و تێکەڵبوون بە یەکتری بارهاتووە، ئاگاداری کەلێنەکانی خۆیەتی لە شتانێکدا، جا لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویستی بە جگە لە خۆی ببێت بۆ پڕکردنەوەی، جا پەیوەندی لەگەڵیدا ڕادەگرێت و ئاواش ڕێسای هاوسەنگبوونەوە لە سروشتەکاندا دەمێنێتەوە.

***

بنچینەی سروشتەکانی نەفس

بنچینەکانی پێگەیشتنی سروشتەکانی نەفس جیاوازییان هەیە، قوولّ ڕەگداکوتینیشیان لە نەفسدا و سەختی گۆڕینیان، بەپێی سروشتی پێگەیشتنیانە، هەروەها توند کاریگەربوونیان لەسەر مرۆڤ و عەقڵی، جا هەندێک لە سروشتەکان هەن کە بنچینەی بوونیان لە مرۆڤدا ئەسڵەن لە پێکهاتە و بونیادیدایە، وەک چۆن بیستن و بینینی دروست کراوە ئەوەشی ئاوا تێدا دروست کراوە، هەشیانە کە لە لەدایکبوونەوە لەگەڵی نییە بەڵام بەپێی ژینگە و دەروروبەر و هەلومەرجی پێگەیشتنییەوە لەسەری باردێت، تاوەکوو دەبێتە سروشتێکی چەسپاو و جێگیر تێیدا، جا جۆری یەکەم[1] لە سروشتەکان، کە خۆڕسکییەکانن: ئەو سروشتانەن کە مرۆڤ لەسەریان دروست دەکرێت وەک چۆن هەستەوەرەکانی دروست کراون، وەک تووندی و لەسەرخۆیی، هەڵەشەیی و هێمنی و نەرمونیانی و جگە لەوانەش لە سروشتەکان، خەڵکیش جیاوازییان هەیە لە ئەندازەی بەشیان لەو سروشتانەدا، هەیانە زۆر تووند و ڕەقە و هەیانە کەم، زۆر هەڵەشەیە یاخود کەم، تووڕەبوونی زۆر زوو هەڵدەگیرسێت یاخود هەندێک هێواشتر.

هەر لەمەشە سروشتی بونیادی ئافرەت لەسەر: نەرمونیانی، زۆر شەرمکردن، حەزکردن بە خۆڕازاندنەوە، دوورکەوتنەوە لە چەلەحانێ و ڕووبەڕووبوونەوە و دوژمنکاری، جا ئەم سروشتانە بنچینەیین تێیدا، ئەوە ئەگەر لە پیاویشدا بدیترێتەوە بەڵام بوونی لە پیاودا ناگات بە ئەندازەی بوونی لە ئافرەتدا، تەنانەت ئەو پیاوانەی ئەو سروشتەیان تێدا بێت بە ئافرەت دەچوێندرێن، چونکە ئەوە سروشتێکی بنچینەیی نییە لە پیاودا، جا هەیانە کە لە ئەگەری بوونیدا لە پیاودا

---

(١) جۆری دووەم دەکەوێتە (لا ؟).

ستایشکراوە، وەک شەرمکردن، کە تاریفی پێغەمبەر (ﷺ) بەوە کراوە کە «كانَ أشدَّ حياءً منَ العذراءِ في خدرِها» واتا: «لە کچە عازەب (شوونەکردوو)ی ناو گۆشەی مالّ بەشەرمتر بوو.»[1]

⁂ سروشتی نەرمی لە ئافرەتدا

بنچینەی نەرمونیانی ئەندازەکەی تەنانەت لەناو ئافرەتان خۆشیاندا جیاوازی هەیە لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر، بە هەمان شێوەش جیاوازی هەیە لەنێوان پیاو و ئافرەتدا، دەکرێتیش لە هەندێک ئافرەتدا ڕەقی و زبرییەک هەبێت کە لە هەندێک لە پیاواندا نەبێت، یاخود لە هەندێک پیاودا نەرمونیانییەک هەبێت کە لە هەندێک ئافرەتیشدا نەبێت، بەڵام ئەم جیاوازییە بنچینەیی نییە لە دوو ڕەگەزەکەدا، چونکە هەرکامێکیان لە هەر سروشتێک بەشێکی هەیە کە ئەندازەکەی لەوی تر جیاوازە، ئەوەشی کە سروشتێک لە یەکێک لە ڕەگەزەکاندا زاڵە واتای نەبوونی تەواوەتی (ئەو سروشتە) نییە لەوی تردا، جا بنچینەی نەرمونیانی لە پیاودا هەر بوونی هەیە بەڵام وەک ئافرەت نا، توندی و بەهێزی پیاویش خۆ وەک توندی و بەهێزی ئاژەڵە درەندەکان نییە، هەر بەدیهێنراوێک سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەگەڵ تەکلیف-ڕاسپاردنی لە ژیاندا بگونجێت و بێتەوە، تاکوو ڕێسای هاوسەنگی و تەواوکاری لەناو بوونەوەراندا بەجێی خۆی بگات.

دیسان هاوشێوەی ئەم سروشتەش، حەزکردن بە خۆڕازاندنەوە، کە لە پیاو و لە ئافرەتیشدا هەیە، بەڵام بنچینەیەکی توند و قووڵە لە ئافرەتدا و لە پیاودا وا نییە، هەربۆیە لەپێناو هاوسەنگکردنەوە هاندان بۆ پیاو هاتووە زیاتر کە خۆی بڕازێنێتەوە وەک بۆ ئافرەت، چونکە ئافرەت سروشتەکەی خۆی بەسە و تەنیا ئەوەندەی پارێزگاری لەوە بکات کاری دەچێت بەڕێوە، بەڵام ئەم سروشتە

---

(١) البخاري (٣٥٦٢)، ومسلم(٢٣٢٠).

لە پیاودا، لاوازترە هەتا ئافرەت، جا پێویستە یادی بهێنرێتەوە و هان بدرێت تاکوو بەخۆی ڕابگات، سەرەنجام سروشت بەهێز و زاڵە، خۆ ئەگەر فرمانە خوداییەکان بە خۆڕازاندنەوە زیاتر بۆ ئافرەت بهاتنایە؛ لە سنووری پەسەندی خۆی دەردەچوو، ئەوسا هەم سروشت و هەم فەرمانەکەش لە یەکلا کۆ دەبوونەوە و زیاد لە پێویستیان دەهێنایە کایەوە.

جا وەختێکیش کە لە ئافرەتدا سروشتگەلێکی وەک: زۆر شەرمکردن، حەزکردن بە خۆڕازاندنەوە و نەرموناسکی کۆبوونەتەوە، ئیدی خۆ ناکرێت لە هێزی بەرەنگاربوونەوە و پێداگری و سەرسەختی لە دوژمنکاری و ململانێدا وەک پیاو بێت، لەبارەی ئافرەتیشەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أَوَمَن يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ﴾ [الزخرف: ١٨] واتا: «ئەڕێ ئەوەی کە لەناو ڕازاندنەوە و دامودەزگای ئارایشدا پێ دەگات و لە بەرەنگاربوونەوە و لێکگیرانیشدا زمانی تەواو و ڕێک و ڕوون ناگەڕێت.» تەنانەت ئەگەر ئافرەت بەڵگەی ئامادە و بیرکردنەوەی بەهێزیشی هەبێت، هێشتا وەک پیاو نییە لە بوێربوون بۆ خستنەڕووی بەڵگەکانی لە وەختی بەرەنگاربوونەوە و مشتومڕدا، جا دەبینیت پەروەردگار نافەرموێت کە ئافرەت بەڵگەی لەلا نییە، یاخود ناتوانێت بیر بکاتەوە و بیرکردنەوەی لاوازە، بەڵام باس لە لاواز دەربڕینی دەکات، بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ﴾ [الزخرف: ١٨] واتا: «لە لێکگیران و بەرەنگاربوونەوەشدا زمانی ڕێک و تەواو و ڕوون ناگەڕێت.» واتا بەهێز و ڕوون قسەی خۆی ناکات و دەرنابڕێت، ئەوەش لەبەر ئەو سروشتی نەرمی و حەزکردن بە ئارایشەدا کە لەسەری بارهاتووە، ئەم سروشتە نەفسییەش کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی عەقڵ دادەنێت، ئەمەش لەخۆیدا نابێتە کەمی تێیدا (لە عەقڵدا)، بەڵام لەبەرانبەر نەفسدا لاوازی دەکات و دەستی دەبەستێت لەوەی کە دەیەوێت، ئیدی ئەنجامەکە کەموکورت دەردەچێت، ئەو کاتە کە بە کەموکوڕی وەسف دەکرێت، حەقیقەتی کەموکوڕییەکەش تێیدا لەبەر خۆی نییە، بەڵکوو لەبەر دەرەنجامەکانە.

فیرعەونیش بە مووسای (علیه السلام) گوت: ﴿أَم أَنا خَيرٌ مِن هذَا الَّذى هُوَ مَهينٌ وَلا يَكادُ يُبينُ﴾ [الزخرف: ٥٢] واتا: «بەڵکوو من لەم کابرایە باشترم کە نزم و بێپێگەیە (مووسا کە لە چینی خانەدان نییە و لە بەنی ئیسرائیل کە خزمەتکاری ئێمەن) و زمانیشی خەریکە تەواو و ڕوون گۆ نەکات.» مووسای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە زمانی توانای هەڵگرتن و خستنەڕووی بەڵگەکانی خۆی نییە، چونکە زمانی مووسا گرێیەکی تێدا بوو، کە داوای لە پەروەردگاری کرد ئەو گرێیەی بکاتەوە: ﴿وَاحلُل عُقدَةً مِن لِسانى ﴿٢٧﴾ يَفقَهوا قَولى﴾ [طه: ٢٧ - ٢٨] واتا: «گرێیەک کە لە زمانمدایە بیکەرەوە (٢٧) تاکوو لە قسەم حاڵی بن و تێ بگەن.» پەروەردگاریش وەڵامی ئەو داوایەی دایەوە کە بێگومان بە ئەندازەیەک زمانی کردووەتەوە کە خەڵک لێی تێ بگەن، بەڵام فیرعەون بەوە دەیشکاند کە هێشتا لەسەر زمانی هەر مابوو، یاخود بەوەی کە لە ڕابردوودا وا بووە.

***

گونجانی تەکلیفەکان-ڕاسپاردنەکان لەگەڵ سروشتەکاندا

دەبێت تەکلیفەکانیش لەگەڵ سروشتەکاندا بێنەوە و تەواویان بکەن، وەختێک کە کچی سەڵت سروشتی نەفسی شەرمکردنێکی بەهێزە و شەرم دەکات لەوەی کە داوای هاوسەرگیری بکات یاخود ڕازیبوون دەربببڕێت، لە دانایی پەروەردگار ئەوە بوو کە تەنانەت بێدەنگبوونیشی لە جێی قسەکردن و دەربڕینی ڕازیبوون دانا کاتێک داخوازی دەکرێت، جا لە فەرموودەدا هاتووە: «البِكرُ تُستأذنُ في نفسِها، وإذنُها صُماتُها»[1] واتا: «کچ (سەڵتی پێشتر شوونەکردوو) مۆڵەتی لێ وەردەگیرێت سەبارەت بە (هاوسەرگیری) خۆی، مۆڵەتدانیشی بریتییە لە بێدەنگبوونی.» چونکە لە ڕەتکردنەوەدا ئازا و ڕاشکاوە، بەڵام لە ڕازیبوون و هاوڕابووندا لاواز و خۆداشاراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە درکپێکردنی عەقڵی لە ئافرەتدا بەدیهاتووە، بەڵام سروشتە نەفسییەکەی ڕێگەی دەربڕین لە عەقڵی دەگرێت، جا تەکلیف (حوکمە شەرعییەکە) درێژ دەبێتەوە، چونکە سروشتە نەفسییەکە چووەتەوە یەک، ئەم دەبێت پڕی بکاتەوە و بێت بەسەریدا، ئەمەش لەو پەڕی تۆکمەکاریی شەرعەوەیە.

لێرەشەوە دەزانرێت کە گونجاو نییە ئافرەت بخرێتە ناوەند و حاڵەتەکانی توندی و هێز و ململانێ و گیروگرفتەکانەوە، ئەوەش نە لەبەر لاوازی عەقڵی، بەڵکوو لەبەر ئەو سروشتە نەفسییەی کە ڕێگری لە عەقڵ دەکات هەرچی ڕاستییەک کە درکی پێ کرد بتوانێت وەڵامدانەوە و کارپێکردنی بۆی هەبێت، چونکە لە دواییدا نەفس هەر زاڵە، جا چاوەڕوان ناکرێت کە جێبەجێکردنی

---

(١) مسلم (١٤٢١).

سزادانە شەرعییەکان (الحدود) لەلایەن ئافرەتەوە ڕابپەڕێنرێت، یا بە عەقڵیشی درک و تێگەیشتنی بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان هەبێت، ئەگەر لە هێزی جەستەشدا وەک پیاو بێت یاخود بەهێزتریش، چونکە لەبەرچاوگیراو لێرەدا هێزی جەستە، یاخود بوونی عەقڵ نییە بەتەنیا، بەڵکوو ئەو سروشتە نەفسییەشە کە ڕێگری لە جەستە و عەقڵ دەکات توانای خۆیان بنوێنن، خۆ ئەگەر بەرپاکردن و ڕاپەڕاندنی سزادانە شەرعییەکان بدرایەتە دەست ئافرەتانەوە، بێگومان کە ئەو جومگەیە لە دەوڵەتاندا پەکی دەکەوت، هۆی ئەوەش نەگونجانی ئەو جۆرە تەکلیف-ڕاسپاردەیەیە لەگەڵ سروشتەکانی ئەودا.

بە هەمان شێوە کاتێکیش کاربەدەست بەمەرجگیراوە لە مارەبڕینی ئافرەتدا، لەبەر کەمیی عەقڵی نییە لە تێگەیشتن لە نەخشەی دیاری پایەکانی گرێبەستەکە کە بریتین خستنەڕوو و ڕازیبوون (الإیجاب والقبول)، بەڵکوو چونکە لە نەفسیدا کۆمەڵێک سروشتی ناوەکی هەن کە کار دەکەنە سەر هەڵسوکەوتی دەرەوەی، کە شەرم و نەرمییە لە کاتی دوان و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرێکدا کە هاتوونەتە پێش لە یەکتری و لەگفتوگۆدان، جا بەهۆی ئەو سروشتانەوە نەفسی لاواز دەبێت، هەربۆیە دەبینیت کاربەدەست (وەلی) بەمەرج نەگیراوە لە ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا کە بەدڵی نییە، بەڵکوو لە وەختی ڕازیبوون و بەئاکامگەیاندنی خستنەڕوو و ڕازیبوون و مەرجەکاندا، بەمەرجگیراوە، ئەم بەمەرجگرتنەشی بە گشتی (کاربەدەست-وەلی) لەبەر کەموکوڕییەک نییە لە بنچینەی درککردنی عەقڵیدا، خۆ ئەو عەقڵەی کە ڕەت دەکاتەوە هەر ئەو عەقڵەشە کە ڕازی دەبێت، بەڵام ئەو نەفسە (هی کاتی ڕەتکردنەوە) ئەم نەفسە نییە (هی کاتی ڕازیبوون)، چونکە نەفس لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەدا هاوسەنگە، بەڵام لە حاڵەتی ڕازیبووندا لاوازییەکی بۆ پێش دێت بەهۆی شەرمکردن و مەیلی سۆزدارییەوە، هەربۆیە دەبینیت کە دروستە ئافرەت لە مالّ و سامانیدا مامەڵە بکات، هەرچی و هەرچەند بیەوێت بکرێت و بفرۆشێت و (ببەخشێت) ئەگەر بە ئەندازەی سامانی قارووندیش دەبوو، چونکە نەفسییەتی لە وەختی

کڕین و فرۆشتندا هاوسەنگە و کاریگەرییەک لەسەر عەقڵ دانانێت، هەروەها لە بابەتی سامان و ماڵیشدا دەکرێت ڕەزیل بێت و قوربانی سۆزداریانە نەدات تێیدا، یاخود شوێنەوارێکی مەعنەوی دووچار نایەت لە کڕین و فرۆشتندا وەک لە هاوسەرگیریدا دووچاری دێت، چونکە لە ڕاستیدا هاوسەرگیری گرێبەستێکی سۆزدارییە نەک دارایی، هەلقۆستنەوە و بەکارهێنانیش تێیدا دەکرێت گەلێک گەورە و مەترسیدار بێت، جا دەبێت بپارێزرێت، نەک بە هەوانتە بچێت و سادە و ئاسان ببرێت بەڕێوە.

ئەو سروشتی لاوازییەش کە لەم هەڵوێستەیەدا بۆ ئافرەت دێتە پێش؛ بە هەمان شێوە و ئەندازە یاخود نزیک لەوە بۆ پیاویش دێتە پێش، هەربۆیە دانیشتنی پیاوێک بەرانبەر پیاوێک لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیریدا ئەو لاوازییە نەفسییەی هەردوولا چارە دەکات، لە لایەنی ئافرەت و لایەنی پیاویشەوە، با هەندێکیش ئەندازەکەی لەنێوانیاندا جیاوازی هەبێت، دەربارە بەمەیە کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُم وَخُلِقَ الإِنسانُ ضَعيفًا﴾ [النساء: ٢٨] واتا: «ئیدی خۆ مرۆڤیش لاواز دروست کراوە.» طاووس دەفەرموێت: "واتا لەمەڕ بابەتی ئافرەتاندا، پیاو هیچ وەختێک هێندە لاواز نییە هێندەی لەمەڕ ئافرەتانەوە لاوازە." وەکیع دەفەرموێت: "کە ئافرەت ئامادە بوو ئیدی عەقڵی ڕۆیشتووە."[1]

بەمەرجگرتنی کاربەدەستیش بۆ ئافرەت لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیریدا بۆ لادانی ئەو سروشتی لاوازییەیە کە لە نەفسی هەردوو ڕەگەزدا چێنراوە لە وەختی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، ئەمەش هاوشێوەی ئەوەیە کە لاوازی نەفس لە حاڵەتی بەتەنیابوونی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا، بەوە دەشکێندرێت، (بە چی؟) بە هێنانە ناوەوەی مەحرەمێک لەگەڵیاندا کە هەندێک لەو لاوازییە بشکێنێت و ئارامی بکاتەوە و بێژنگێک بدات لە دەرهاویشتەکانی یاخود کەمیان بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو عەقڵەی کە پیاو و ئافرەت هەیانە لە حاڵی خەڵوەت؛ بەتەنیابوونیان

(١) تفسير الطبري (٦/٦٢٥)، وتفسير ابن أبي حاتم (٣/٩٢٦).

لەگەڵ یەکتریدا، هەر هەمان عەقڵە کە لە حاڵی هاتنە ناوەوەی مەحرەم یاخود کاربەدەست هەیانە، بەڵام لاوازی نەفس و مەیلکردنی توندی لە توانای عەقڵ دەشکێنێت و دۆخەکەی لەدەست دەردێنێت، ئەو کات ئیدی نەفس لەباتی عەقڵ و بە ناوی ئەوەوە هەڵسوکەوت دەکات، زۆرینەی ئەو بڕیار و هەڵبژاردنانەش کە عەقڵ دەیانووێنێت لە حاڵی هاوسەنگ نەبوونی نەفس و شڵەژانیدا؛ پەشیمانی و سەرکۆنەبوونی بەشوێنەوەیە.

کاریگەری دانانی نەفسیش لەسەر عەقڵی دوو ڕەگەزەکە لە کاتی خەڵوەتیاندا؛ تەنیا بەهۆی جیاوازی ڕەگەزیانەوە نییە، تەنیا ئەوەی کە ئەم نێرە و ئەو مێیە نا، بەڵکوو کاریگەرییەکە لە وەختی پێکگەیشتنە لەگەڵ بێگانەیەکدا[1] لە ڕەگەزی بەرانبەر، خۆ کۆبوونەوەی پیاو لەگەڵ ئافرەتێک لە مەحرەمەکانی وەک دایک و خوشکی، یاخود کۆبوونەوەی ئافرەت لەگەڵ پیاوێک لە مەحرەمەکانی وەک باوک و برای؛ ئەوەی تێدا بەمەرج نەگیراوە کە لە بێگانەکاندا بەمەرج گیراوە، چونکە نەفس لێرەدا کاریگەر (و شڵەژاو) نییە، تاکوو کاریگەری لەسەر عەقڵ دابنێت و ئیدی دەرەنجامەکانیش تێک بچن و ئەوجا کردارەکانیش.

---

(١) مەبەست لە بێگانە لێرەدا: نامەحرەمە، نەک نەناسیاو.

واتای عەقڵ ناتەواوەکان (ناقصات عقل)

ئەو فەرموودەیەش کە ئافرەتان بە «عەقڵ ناتەواو»[1] وەسف دەکات، مەبەست بەوە ناتەواوییەکی هەستی نییە لە بونیاد و پێکهاتەی عەقڵیدا تەنیا لە وەرگرتنی بیستراو و بینراوەکاندا، بەڵام وەختێک کە نەفسی ئافرەت نەرم و تەنک و شەرمنە، ڕێگە بە عەقڵ نادات کە ئەوەی دەیەوێت و دەیزانێت دەریببڕێت و کاری پێ بکات، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و دژبەرییەکانیشدا شتی لەبیر دەباتەوە، کە هەر لە هەمان فەرموودەشدا وەسفی ئافرەت بە «ئایین ناتەواوی» دەکرێت، لێکدانەوەی ناتەواویشی لە ئایینداً بەوە دەکات کە لە کاتی زەیستانیدا نوێژ ناکات و ڕۆژوو ناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕووی جەستەییەوە توانای ئەوەی هەیە، بەڵام ڕێگری ئەوە لە جەستەی دەکرێت بە شتێک لە دەرەوەی خودی خۆیدا. هەروەها ناتەواوی عەقڵیشی، بەهۆی گرفتێکەوە نییە لە عەقڵیدا، بەڵکوو لەبەر شتێک کە لە دەرەوەیدایە و کاریگەری لەسەری هەیە، کە ئەوەش نەرمی نەفسی و لاوازی سروشتییەتی کە لە هەڵوێست و پێگەکانی دژبەریکردندا کاریگەر دەبێت، چونکە ئافرەت خاوەن جۆرە نەفسێک نییە کە لەسەر جەربەزەیی و پێشڕەوی و پێداگری لە ڕووبەڕوونەوە و ململانێکاندا بارهێنرابێت وەکوو پیاو، کە هەر لەبەر ئەوەیە لەو جێگەیانەدا داوای شایەتیدانەکان دەکرێت، کە شایەتیدان لە بنەڕەتدا تەنیا لە پێناو چەسپاندنی مافەکاندا داوا دەکرێت لە ناکۆکییەکاندا، جا شایەتیدان پەرستشێکی پەتی نییە بە نووسینەوەی مافەکان، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناکۆکییەیە کە لەسەریەی هەیە، پەروەردگاریش شایەتی دوو ئافرەتی کە هێناوەتە ئاستی شایەتی یەک پیاو، لەبەر توانانەشکانی ئافرەت نییە

---

(١) البخاري (٣٠٤)، ومسلم (٧٩، ٨٠).

بەسەر هەڵگرتنی زانیارییەکان و لێگەیشتنیان لە وەختی وەرگرتنیاندا، بەڵکوو مەبەست بەوە ئەوەیە کە لە بەجێگەیاندنیدا لەو حاڵەتەدا توانای تەواوی نییە، جا زانیارییەکە بوونی هەیە، بەڵام لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و پێویستبوون بە ئەداکردنی ئیدی لەبیرچوونەوەی بۆ پێش دێت، ئەوەش بەهۆی حاڵەتی ترسی ڕووبەڕووبوونەوە، هەروەک هەندێک لە پیاوانیش لەبیرچوونەوە بەسەر زەینیاندا دێت لە زەبروزەنگی تۆقانی هەندێک سات و هەڵوێستەدا، هەر لەبەر ئەمەیە کە پەروەردگار مۆڵەتی بە ئافرەت داوە وەکوو پیاو ئەرکی شایەتیدان هەڵبگرێت، بەڵام لە وەختی ئەداکردندا لە ئەوی توند کردووەتەوە بە پێچەوانەی پیاوەوە، چونکە لە بنەمادا نەفسی پیاو بەهێزە و نەفسی ئافرەت لاوازە و زانیارییە لەبەرکراوەکانیش بە کاریگەربوونی نەفس لە هەڵوێستەکانی ڕووبەڕوونەوەدا، کاریگەر دەبن، پەروەردگار لەبارەی ئافرەتەوە لە وەختی ڕووبەڕووبوونەوەدا فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ فِي الخِصامِ غَيرُ مُبينٍ﴾ [الزخرف: ١٨] واتا: «لە ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێشدا زمانی بەڕێکی و تەواوی و ڕوونی ناگەڕێت.» واتا لە هاتنەپێشی هەڵوێستەدا، ئەوەی کە پێیەتی تەواو و ڕێک نایخاتە ڕوو و دەرینابڕێت، ئەمە لە شایەتیدانەکانیشدا هەر وایە، دەفەرموێت: ﴿أَن تَضِلَّ إِحداهُما فَتُذَكِّرَ إِحداهُمَا الأُخرى﴾ [البقرة: ٢٨٢] واتا: «نەوەکا یەکێکیان لێی تێک بچێت و لەبیری بچێتەوە، ئەوسا ئەوی دیکەیان بیری بخاتەوە.» سا لە هۆکارەکانی لەبیرچوونەوەی زانیاری ترسان و سام لێنیشتنی نەفسە لەو پێگە و جێگەیەدا، با زانیارییەکی چاک لەبەرکراو و داچەسپاویش بێت، دەکرێت ئەوە بەسەر پیاوانی تەواویشدا بێت، هەروەک هەندێک لە هاوەڵان لە قورئانخوێندنەوەی ناو نوێژ و لە گوتاردانیشدا بۆ خەڵکی، تووشی لەبیرچوونەوە و لێتێکەڵبوون هاتوون، بەڵام ئەمە لە پیاودا کەم و هەڵکەوتەیە و لە ئافرەتدا و لە وەختی کێشمەکێشم و ناکۆکییەکاندا زۆر یاخود زۆرینە و زاڵیشە، جا ئافرەت لەم هەڵوێستە و هاوشێوەکانیدا بە عەقڵ ناتەواوی وەسف کراوە وەک چۆن بە ئایین ناتەواوی وەسف کراوە، نە لەبەر کەمی لە خودی عەقڵدا، نە لەبەر کەمیش لە خودی جەستەدا، بەڵام عەقڵ دەیەوێت ڕوونکردنەوە بدات و کاری

خۆی بکات و نەفس کۆتی دەکات، جەستەش دەیەوێت کردەوە بکات و دەق ڕێگری لێ دەکات، هەردووکیشیان کەم و ناتەواوییان بە شتێکە لە دەرەوەی خۆیاندا.

بەڵگە لەسەر ئەمەش، ئەوەی کە گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن ئافرەتانەوە بە سەنەد تەواوە و دروستە و هیچ کێشەی نییە، مەرج نییە ئافرەتێکی دیکە بێت و بە گێڕانەوەکەی پاڵپشتی ئەمی تر بکات، بەڵکوو تەنیا یەک ئافرەتیش بەسە مادەم جێمتمانە بێت، لە کاتێکدا کە پاراستنی وەحی گەورەترە لە پاراستنی مافە داراییەکان و پارێزکردن و تۆکمەکاری لە ئەودا زۆر پێویستترە لە پارێزکردن لە ڕێڕەوی دیکەدا، بەڵام ئەوەی جیاوازییە لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بریتییە لە تەواوییەتیی نەفس و کاریگەری دانانی لەسەر عەقڵ، چونکە گێڕانەوەی فەرموودە بەربەرەکانێ و ناکۆکی و دژبەرایەتیکردنی تێدا نییە لەسەر مافگەلێک، سا زانیاری گێڕانەوە جیاوازە لە زانیاری شایەتیدان، لەبەر گریمانەی جیاوازیی حاڵ لە وەختی ئەداکردنیدا، شایەتیدانەکان لە بنەمادا تەنیا بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەک داوا دەکرێن، بەڵام خۆ لە وەختی گونجان و ڕازیبوون و ڕێککەوتنی لایەنەکاندا لەسەر بڕیارەکە، شایەتی داوا ناکرێت، ئیدی شایەتەکە پیاو بێت یاخود ئافرەت، گێڕانەوەی فەرموودەش لە تەنیا یەک ئافرەتی جێمتمانەوە بەسە و بەجێیە، تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەکە سەبارەت بەو مافە داراییانەش بێت کە هەتا کۆتاییی زەمان لە خوێن و ماڵەکاندا داوەری پێ دەکرێت لەنێوان خەڵکیدا، جا گێڕانەوەی ئافرەت لە گەیاندنی سزاکاندا دروستە، وەک قیصاص- کوشتنەوە و بڕین و هەروەها لە بابەتە سامانییەکانی وەک کرین و فرۆشتن و موزارەعە و سەرجەمی مامەڵەکانیشدا، کە مافی گەلانێکی زۆری لەسەر بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە شایەتیدانەکانی ناو کەیسە کەسییەکاندا شایەتی دوو ئافرەت بە شایەتی پیاوێکە، چونکە دۆزەکە پەیوەندی بە حاڵی وەختی ئەداکردنەوە هەیە، سا لەپێناو پارێزکردن و قایمکاری لە پاراستنی مافی خەڵک و داراییەکانیاندا لەهەمبەر ئەو حاڵەتە (نەفسییە)

کارتێکەرانەدا ئاوا حوکمی لێ دراوە، چونکە لە بەجێهێنانی شایەتیدا ناکرێت ڕێگە بدرێت بە گومان و دژیەکی و هەروەها دوودڵی و ڕاڕایی لەنێوان دوو ئەگەردا، ئاخر دەکرێت بە شتێک لەوە مافگەلێکی زۆر بفەوتێن.

لە کاتی بەجێهێنانی شایەتیش لە ناوەندەکانی ناکۆکیدا، نەفسی لاواز و ناسک حاڵەتانێکی بەسەردا دێت کە کار لە بەبیرهاتنەوە دەکەن، کە پەروەردگاریش لەبارەی هۆکاری بەرانبەربوونی شایەتی دوو ئافرەت بە شایەتی پیاوێک دەفەرموێت: ﴿أَن تَضِلَّ إِحداهُما فَتُذَكِّرَ إِحداهُمَا الأُخرى﴾ [البقرة: ٢٨٢] واتا: «نەوەکا یەکێکیان لێی تێک بچێت و لەبیری بچێتەوە، ئەوسا ئەوی دیکەیان بیری بخاتەوە.» هۆکاری کاریگەربوونی یادگەی ئافرەتیش بۆ شایەتیدان لە مافەکاندا چەند شتێکە، کە گرنگترینیان دووانن:

یەکەم: کاریگەریی ناکۆکی و دژایەتی و ململانێکانی ناو مافەکان لەسەر نەفس، نەفسیش هەرچەند کاریگەر بێت و ببزوێت، شوێنەواری لەسەر عەقڵ و ئەوەی بە عەقڵەوە پەیوەستە زیاتر دەبێت، بەو پێیەی کە باس کرا.

دووەم: نەبوونی پاڵنەرەکانی بیرکەوتنەوە و قایمکردنی زانیارییەکانی ئەو بابەتانەی مافەکان لە ماوەی نێوان وەرگرتنی زانیارییەکە و ئەداکردن و گەیاندنیدا، دەکرێتیش ئەو ماوە کاتییە ڕۆژێک، یاخود مانگێک، یاخود ساڵێک و بگرە ساڵانێکیش بێت، هۆکارەکانی ئەو لاوازییەی پاڵنەرەکانی بیرکەوتنەوەی مافەکان لەنێوان ئافرەت و پیاودا ئەو نەفسییەتەیە کە کاریگەرییەکەی لەدواییدا دێتەوە سەر عەقڵیش، درێژەی ئەمەش:

ئافرەت بە خۆڕسک وەها نەفسی بارهێنراوە کە گرنگی بە کۆمەڵێک وردەکاری و دیمەنی تایبەت بدات کە لەگەڵ مەیلی سروشت و حەزی نەفسی خۆیدا دەگونجێت، پاڵنەر و تەمایەکی نییە بۆ زانینی وردەکاریی مافەکان کە لە بنەڕەتدا لەناو پیاواندا دەگوزەرێت، چونکە ئاسایی ئەوان زیاتر گرنگی بەوە دەدەن هەتا ئافرەتان، نەفسیش مەیلی بەلای داچەسپاندنی ئەوەدا هەیە کە خۆی گرنگی پێ دەدات، لە نرخی شمەکە جێگیر و گواستراوەکان، جا هەر

ڕەگەزە و مەیلی بەلای شتێکدا هەیە بە سروشت و حەزی خۆی،هەرچیش نەفسی بۆی بڕوات، بە زەینیش شوێن هەواڵ و شێوە و حاڵەتەکانیدا دەچێت و پرسیار دەربارەی وردەکارییەکانی دەکات ئەگەر توانای کڕینیشی نەبێت، چ جای فڕۆشتنی، جا بازاڕەکانی و جێگەکانی فڕۆشتنی و دەستاودەستپێکردنی و هەرزانی و گرانییەکەی پێ دەزانێت، ئەگەریش یەکێک لە دوو ڕەگەزەکە بە سروشتی خۆی حەز بەوە نەکات، دەبینێت کە نەفسی وڕە و تەمای زانینی هیچێکی لەبارەیەوە نییە، نە حەزێکی خۆڕسکی نە دەروونی بۆ ئامادەبوون لە بازاڕەکانیدا، ئەگەریش شتێکی لێ بزانێت ئەوە بە زۆر لە خۆکردنێکی تایبەت بووە، زۆرلەخۆکاری تایبەتیش هیچ لە حوکمە گشتییەکان و بنەماکانی تەشریع ناگۆڕێت، چونکە حوکمەکان ئەگەر بە جیاکارییەکی نابەردەوام و ناچەسپاو دەستکاری بکرێن و هەڵبوەشێنرێنەوە، تێک دەچن، چونکە بەهای بنەمایەتیی خۆیانی پێ لەدەست دەدەن.

لە مافەکانیشدا بنەما و نەریت وەهایە کە پیاوان لەدەستی بگرن، چونکە ئەوان ڕاسپێردراون بە کارکردن و گەشتکردن لەپێناو ڕۆزی و بژێوی و خەرجیدا، بە شوێن ئەمەشدا بەستنی گرێبەست و پەیمانەکان دێتە ڕێی ئەوان، سروشتە نەفسییەکانیشیان هەر مەیلی بەلای ئەمەدا هەیە، کاتێکیش نەفس مەیلی بۆ شتێک هەبوو؛عەقڵیش مەیلی بۆی دەبێت.

ئەگەریش نەفسی ئافرەت مەیلی بەلای ئەوەدا بوو کە نەفسی پیاو مەیلی بەلادا هەیە، ئەو کات عەقڵیشی مەیلی بەلای ئەوەدا دەبێت کە نەفسی مەیلی بۆی هەیە و دەچێتە ژێرباری ئەوەوە کە ئەو چووەتە ژێرباری، بەڵام ئەمە لە سروشتدا بنچینە و داب نییە و لەگەڵ هەڕەمییەتی سروشتەکاندا نایەتەوە کە شەریعەتەکان بەپێی ئەوە دابەزیون. زۆرجار هەندێک لە خەڵک زانین و زیرەکی ئافرەت لە زانستگەلێکدا دێننەوە و لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لەو فەرموودەیەی دادەنێن کە سەبارەت بە شایەتی دوو ئافرەت بە پیاوێک هاتووە، بەم شێوەیە وەک چۆن هەندێکیش ڕەخنە دەگرن لە ڕێگریکردن لە ئافرەت

کە نوێژ بکات و بەڕۆژوو بێت لە وەختی زەیستانیدا؛ بە بەڵگەهێنانەوە بەوەی کە ئەو توانای نوێژکردن و ڕۆژووگرتنی هەیە، سا بۆچی بەپێچەوانەی پیاوەوە ڕێگری ئەوەی لێ بکرێت لە کاتێکدا کە ئەو توانای نوێژ و ڕۆژووی هەیە؟ ئەمەش بریتییە لە خوێندنەوەی ڕووکارەکان و بەرچاو ڕەشبوون لە ئاست ڕامان لە حەقیقەتەکان، چونکە نە ڕێگریکردنی لەوەی کە نوێژ بکات بەهۆی لاوازی و نەتوانینی جەستەییەوەیە، نە قایمکار نەبوونی لە شایەتیدا بەهۆی ناتەواوییەتیی عەقڵییەوەیەتی لە هەمبەر زانست و زانیارییەکاندا، بەڵکوو جەستە و عەقڵیش لە ناوەندێکی تایبەتدا سنووردار کراون بەهۆی شتێکی دەرەکییەوە کە کاریگەری لەسەریان هەبووە، کە هاوەڵان جیاوازیی نێوان ئەو حاڵەتانەیان دەزانی، هەربۆیە بە خەیاڵی یەکێکیش لە پیاوان یاخود ئافرەتانیاندا نەهاتووە کە بۆچی گێڕانەوەی یەک ئافرەت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەردەگیرێت، کەچی شایەتیدانی لە مافەکاندا بەتەنیا وەرناگیرێت؟

خۆ درکیش بەوە دەکەن کە ئافرەت ئەگەر سروشتی لابدات و مەیلی بەلای ئەوەدا هەبێت کە سروشتی پیاوان مەیلی بۆ لا هەیە، ئەو کات ئەو جۆرە گرنگییێدانانەی کە عەقڵی هەڵیگرتوون وەک پیاوان، دەیدرکاندن و ئەدای دەکردن وەک پیاوان، بەڵام ئەوە بە کارتێکەر نابینن لەسەر حوکمەکە، چونکە ئەوە بە واتای گۆڕینی سروشتگەلێکی گونجاو و چەسپاو دێت لە حوکمەکاندا، شەریعەتیش نایەوێت سروشتی خۆڕسک بگۆڕێت، کە گۆڕینی حوکمەکان، بە شوێن خۆیدا زۆرلەخۆکاری دەهێنێت بۆ گۆڕینی سروشت و مەیلەکانیش.

بنچینەش لە مەیلی نەفسی و خۆڕسکی ئافرەتدا وایە کە هەردەم بەلای وردەکاری و بابەتی بەشی و وردی دیکەدا بچێت، جگە لەوانەی کە نەفسی پیاو بۆی دەچێت، وەک سەرجەم ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە جوانی و ڕازاندنەوە و شێوە و مۆد و ڕێکخستنەکانەوە هەیە و زۆرێک لە کاروباری پزیشکی و پەرەستاری و تیمارکاری، مەیلیشی بۆ ئەمە واتای ئەوە نییە کە درک بە هەرچی جگە لەمە بێت نایکات ئەگەر بیەوێتیش و خۆشی بۆ ماندوو

بکات، کە بە نموونە ئافرەت ناسین و زانینێکی لەسەر ڕەنگەکان و ناوەکانیان هەیە، دەیانژمێرێت کە پیاو نایانزانێت و وەها بۆی ناژمێردرێت، ئەمەش بەهۆی فێربوونییەوە نییە، بەڵکوو بەهۆی مەیلی نەفسییەوەیەتی، چونکە گرنگیپیدانی نەفس یارمەتیدەری عەقڵە بۆ وەیادهاتنەوەی ئەو زانیارییانەی کە هەڵیگرتوون، کە یەک لە بنەماکانی چەسپاندن و وەیادهاتنەوە: دووپاتکردنەوەیە، کە ئەویش لە کەیسەکانی ماف و ناکۆکییەکاندا و لەلای پاڵنەرە نەفسییەکانی پیاودا زیاتر هەیە وەک لە ئافرەت، لێرەشەوە هەندێک لە فەقیهان ڕێگەیان داوە کە شایەتی ئافرەت وەک شایەتی پیاو وەربگێرێت لەو بابەتانەدا کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە، چونکە ئاساییی نەفسی ئەو زیاتر گرنگی بەوە دەدات، نەفسیش هەسانێکی بەهێزە بۆ عەقڵ لە هەڵگرتنی شتەکان یاخود کەمتەرخەمیکردن تێیاندا، تەنانەت ئەگەر عەقڵەکە لە خۆیدا کەم بوو وەک عەقڵی منداڵ، هێشتا بەو عەقڵەی ئەوە وەردەگرێت و هەڵدەگرێت کە نەفسی گرنگی پێ دەدات، لە شتی بەشی و وردەکاری وەهادا، کە لەوانەیە هەتا پاش پیربوونیشی هەر لەیادی بمێنێت، کەچی شتی گرنگتر لەوەی وەیاد نایەتەوە کە نەفسی گەورەکان گرنگی پێ دەدەن، چونکە لەو کات و تەمەنەدا نەفسی ئەو گرنگی پێ نادات، سا بۆیە عەقڵیشی گلیناداتەوە، ئەمەش لە کاریگەرییەکانی نەفسە لەسەر عەقڵ.

هەرکەسیش لەنێوان گرنگیپێدانی نەفس و عەقڵدا گونجان ڕەچاو نەکات؛ بەرهەڵستی خۆڕسکی ڕێکوپێکی بونیاد و پێکهاتەی مرۆڤی کردووە، هەندێک لە خەڵکیش وەک ئامرازێک بۆ لەخۆگرتنی زانست لە عەقڵ دەڕوانن، کەچی ڕەچاوی گرنگیپێدانەکانی نەفس و مەیلی ناکەن وەک کارتێکەرێک لەسەر لەخۆگرتنی زانست، ئەو کات بارێک دەدەن بەسەر عەقڵ و نەفسدا کە سەختە یاخود ئەسڵەن ئەستەمە، چونکە لەگەڵ سروشتی خۆڕسکیدا نایەتەوە.

ئەوانەشی کە زانستگەلێک دەدەن بە کۆڵی نەفسەکاندا کە مەیلیان بۆی نییە بە سروشتیان، تەنانەت ئەگەر ئەو زانستەش وەربگرێت و قایمیشی بکات و داشیچەسپێنێت، هێشتا کاریگەرییەکەی (کاریگەریی مەیلنەبوونی بۆی)

ئەگەر لە زانینیدا دەرنەکەوێت، لە کارپێکردنیدا دەردەکەوێت، هەربۆیە زۆرێک لەو ئافرەتانەی کە خۆیان فێری زانستگەلێک کردووە و سروشتیان مەیلی بۆی نەبووە؛ کاری پێ ناکەن هێندەی کار بە زانستێک دەکەن کە لە مەیلی نەفس و حەزی ئەوەوە بۆی فێری بوون، ئەمەش وەک چۆن لە ئافرەتاندا وایە، لە پیاوانیشدا بە هەمان شێوە، چونکە ڕێسا و داب لە بابەتەکەدا یەک شتە.

مەیلکردنی نەفس لە شتێک، کاریگەری لەسەر گلدانەوە و داچەسپاندنی عەقڵ هەیە بۆی:

نەفس کاتێکیش حەزی بە زانستێکە، دایدەچەسپێنێت و داهێنانی تێدا دەکات، جا پێگەی خۆشویستنی زانستێک بەر لە پێگەی فێربوونییەتی، جێگەی خۆشویستنیش نەفسە نەوەک عەقڵ، خۆشەویستکردنی ئەو شتەی کە دەتەوێت بە عەقڵ هەڵیبگریت بەلای نەفسەوە و ڕاهێنانی لەسەری؛ کاریگەری لەسەر وەرگرتنی تەواوی عەقڵ بۆی و داچەقینی تێیدا دەبێت، هەروەها لەسەر ئەداکردن و بەجێهێنانی و سوودگەیاندن بە خەڵک پێی، سا نەفس کارتێکەر و خۆسەپێنە بەسەر عەقڵدا، ئەگەر شتێک بدرێت بە عەقڵ کە ئەو (نەفس) خۆشی ناوێت و نایەوێت، عەقڵ لادەدات لە گرنگیپێدانی و ئەداکردنی و سوودوەرگرتن لێی و سوودگەیاندن پێی، هەربۆیە لەناو خەڵکدا زانا و کۆڵەرانێکی زۆر و زەبەندە هەبوون کە بەو زانستانەی شارەزای بوون، بە قەبارەی زانستەکەیان سوودیان نە بە خەڵک و نە بە خۆیان نەگەیاندووە، کەچی خەڵکانێکیش کە زانستیان لەوان کەمتر بووە بەو زانستەیان سوودیان زیاتر گەیاندووە، بگرە ئەگەر نەفس بە تەواوی هێزی خەم و خووپێدانییەوە پشت لەوە بکات کە عەقڵ هەڵیگرتووە، تەواوی سوود و کەڵکی دەچێت و هیچ بەرێک نادات بەدەستەوە، هەروەک کەڵەزانایانێک لە ئایین و پزیشکی و بیرکاری و گەردوونناسیدا هەبوون کە نەفسیان ڕووی پێ کردوونەتە بازرگانی، یان گەشتوگەڕان، یاخود ڕاو و شکار، یان لەوانەیە پەروەردەکردنی ئاژەڵانی وەک پەلەوەر و وشتر و مەڕومااڵت.

* کاریگەریی لووتبەرزی نەفس و توندوتیژبوونی لەسەر عەقڵ

سروشتە نەفسییەکان کاریگەرییان لەسەر عەقڵ و هەڵبژاردنی مرۆڤ هەیە، دەکرێت ئەو کاریگەرییەشیان گەلێک توند بێت، جا نەفسی تووڕەی تیژ کات بە عەقڵ نادات بۆ ڕامان و بیرکردنەوە، بەڵکوو بەر لە بڕیاردانی خۆی بەکاری دەهێنێت، بگرە دەکرێت کار بە جێگەیەک بگات کە نەفس خۆسەپێنی بەسەر عەقڵدا بکات و ئەویش ڕادەستی تەواوی ببێت، بەتایبەت ئەگەر بەهێز بێت و ئەم لاواز، ئەو کات عەقڵ شتێک دەکات کە خۆی بڕوای پێی نییە لە حەقیقەتەکان.

بەڵام نەفسی لەسەرخۆی هێمن، کاتی پێویست بۆ ڕوانین و بیرکردنەوە بە عەقڵ دەدات، لەوانەشە ئەگەر هێمنییەکەی زیاد بێت ببێتە مایەی زەرەریش بۆی و ئیدی بە کەودەنی و گەمژەیی وەسف بکرێت، بە جۆرێک کە بە ناوی ڕامان و وردبوونەوەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باشتر، خێر لە کیسی عەقڵ بدات، مەنگی و دەبەنگیشی زیاتر دەبێت وەختێک کە نەبوونی حەز و مەیلیش بێتە پاڵ ئەمە، ئەو کات پاڵنەرێک نابێت بۆ کارکردن.

هەندێک لە سروشتە نەفسییەکانیش هەن کە دەبنە بەربەست لەنێوان عەقڵ و فێربوونیدا، ئەگەریش فێر بێت هەر دەبنە بەربەست لە ڕێگەی سوودوەرگرتنیدا لەوەی کە فێری بووە، وەک سروشتی لووتبەرزی، کە هیچ یەکێک لە سروشتە نەفسییەکان هێندەی لووتبەرزی زەرەریان بۆ عەقڵ نییە، حەکیمی تورموذیش لە دژەکانی عەقڵ ئەژماری کردووە[1]، لەو سروشتانەشە کە وا دەکات نەزانین بۆ خاوەنەکەی باشتر بێت لە زانین، چونکە خۆبەگەورەزانین فشوفاشێک لە نەفسدا بەرپا دەکات کە بە ئەندازەی خۆی ڕێگری دەکات لە زانست، یاخود لە سوودبینین لە زانست، هەر هەستێکیش کە بەسەر نەفسدا بێت و وای لێ بکات خۆی لەسەروو حەقیقەتی خۆیەوە ببینێت،

---

(١) العقل والهوى (١٣).

ئەوە خۆبەگەورەزانینە، ئەگەریش نەفس خۆی ئاوا بینیی (لەسەروو پێگە و بەهای ڕاستەقینەی خۆیەوە)، ئەوسا بە ئەندازەی ئەو هەستەی، حەزیشی بۆ وەدەستخستنی زانست لاواز دەبێت، دەستیشی بخات بیرکردنەوەی پێی و بەکارهێنانی بۆی کەم دەبێت، ئەوجا سوودبینینشی لەوەی کە لەلایەتی دیسان لاواز دەبێت، چونکە وای نابینێت پێویستی پێی هەبێت، لەبەر ئەو وەهمەی کە تێیدا دەژی و تەما و وەرەی لێ سەندووەتەوە، لەبارەی ئەو نەفسانەشەوە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِن فِى صُدُورِهِم إِلَّا كِبرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ﴾ [غافر: ٥٦] واتا: «لە سینەیاندا تەنیا ئەو خۆبەگەورەبینینە هەیە، کە هەرگیزیش پێی ناگەن و (چاویان پێی ناکەوێت).»

مرۆڤی لووتبەرز بە سەرجەم ئەو شتانەی کە لە ڕێی هەستەوەرەکانییەوە درکی پێ دەکات، بە قەبارەی دروستی خۆیان سوودیان لێ نابینێت، ئەگەریش لووتبەرزییەکەی زیاد گەورە بوو، دەشێت تەرازووەکانی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەرەوژێر ببنەوە؛ ئیدی ڕێگەکانی فەوتان بە ڕزگاری دەبینێت و ڕێگەکانی ڕزگاریش بە فەوتان و تیاچوون، بگرە لەوانەیە لە دەرەوەی خودی خۆی هیچ شتێک بە مایەی سوود یاخود زیان نەبینێت، وەختێکیش خۆبەگەورەزانینی فیرعەون گەیشتبووە ئاستێکی ملهوڕانە و زیاد مەترسیدار، مووسای (علیه السلام) ڕاونا، کە پەروەردگاریش بە پەرجوویەکی مەزن دەریاکەی بۆ مووسا لەت کرد بە گۆچانەکەی و کردی بە دوو بەشی زەبەلاحەوە کە نێوانیان وشکانی بوو، بینینی گشت ئەمانە وای لە فیرعەون نەکرد سڵێک بکاتەوە لە کەوتنە شوێنی لەوێشدا، چونکە نە هێزێکی لە دەرەوەی خۆی دەبینی، نە هۆکارێک بۆ ڕزگاربوون لە دەستی ئەو، بگرە وای زانیی ڕێگەکە بۆ ئەو تەخت کراوە تاکوو بگاتەوە بە مووسادا، نەک بۆ مووسا لەت کرابێت تاکوو لە دەستی ئەم دەربازی ببێت، چۆن بڵێیت مووسا تەنیا ئەوە دەزانێت و دەکات کە زەرەری پێ بدات لە خۆی، چۆن بڵێیت خەڵک هەر لە فیرعەون هەڵدێن بۆلای فیرعەون، ئەم جۆرە درککردنە هەڵگەڕاوەیە بە هۆکارەکان؛ لەوانەدا هەیە کە دەگەنە

لووتکەی خۆبەزلزانین و چاوقایمی و سنوورشکێنی، سا لووتبەرزی نەفسییان هەر توانایەکی عەقڵیانی بۆ دەستخستنی هەر زانستێک پەک خستووە کە پێچەوانەی ئەوە بێت کە دەیانەوێت، یاخود نەوەکا بیرکردنەوەیان بە شتێکیان بگەیەنێت کە حەزیان پێی نییە و خۆشیان لێی نایە.

وەختێکیش نەفس لەسەر سروشتی خۆبەزلزانین بارهات، زەرەری زیاتر پێ دەگات وەک لە سروشتی تووندوتیژبوون، چونکە زەرەری تیژی لەسەر عەقڵ تەنیا کاتێک دێت کە تووڕەیی دێ بەسەردا، ئەمەش حاڵەت و تووشهاتە، بەڵام لووتبەرزی ئەگەر لە نەفسدا هەبوو، پێوەی دەنووسێ و لێی نابێتەوە و کاریگەریشی لەسەر عەقڵ بەردەوام و هەردەمی دەبێت وەک چۆن نووسانیشی بە نەفسەوە هەردەمی و هەمیشەییە.

کاتێکیش لە مرۆڤدا لووتبەرزی و توانایی و پێشڕەوی و بوێریش کۆبوونەوە، ئیدی ناوی لێ دەنرێت طاغية- ملهورٍ و زۆردار، زۆربەی سەرەنجامی ئەوانەش بە تیاچوونی سامناک و خراپ دەبێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی هۆکارەکانی ڕزگارییەوە نییە کە لە درێژایی ژیانیاندا دەرنەکەوتبێت، نا! بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر بێتە پێش چاویشیان نایبینن، سا خۆبەزلزانین عەقڵیانی لە ئاست سوودبینین دادەخات، پێشڕەویکردن و چاونەترسیشیان هاوڕێ لەگەڵ تواناییان، ناهێڵێت لە سنووڕێکدا بوەستن، هەتاکوو ئەوەی کە هەم جگە لە خۆشیان و هەم خۆشیان بە فەتارەدا دەبەن.

لووتبەرزییش وەک سروشتە نەفسییەکانی دیکە پلەی جیاوازی هەیە لە نەفسدا، سروشتگەلێکیشی هەن کە ئەگەر لەسەروو بوونی لووتبەرزییەکەشەوە هەبن، هێندەی تر نەفس گیرۆدە دەکەن و کاریگەریشی لەسەر عەقڵ بەهێزتر دەکەن، سروشتگەلێکی دیکەش هەن کە ئەگەر هاوڕێ لەگەڵ لووتبەرزیدا هەبن، زەرەری لەسەر عەقڵ کەم دەکەنەوە، جا بە ئەندازەی لاوازی، لووتبەرزی تێیدا دەتوانێت زانست وەربگرێت و سوودی لێ ببینێت.

نەفسەکانیش ئەگەر پڕ ببن لە وەهم نەک لووتبەرزیش، ئەو کات ئەوە کاریگەری دەکاتە سەر عەقڵەکان و لە پەیداکردنی زانست و کۆششکردن تێیدا و سوودبینین لێی، پەکیان دەخات، چەندێکیش نەفس بەتاڵ بێت کاریگەریشی لەسەر عەقڵ لاواز دەبێت.

هەندێک وەهم هەن کە نەفسەکان هەستی پێ ناکەن و باوەڕیشیان پێی نییە، کەچی بە شوێن ئەمەشدا هێشتا عەقڵ کاریگەر دەبێت پێی، لە وێنەی ئەو وەهمەی کە کوڕی زانایەک هەیەتی کە زانستی لەلایە و بێ پێویستە لێی، ئیدی هەوڵدانێکی لاوازی دەبێت بۆ زانست، هەربۆیە کەمجار لەناو کوڕانی کەڵەزانایانی تیژبیردا دەبینیتەوە کە وەکوو باوکیان دەڕچن، ئەم وەهمەش بوونی هەیە و شاراوەشە، تەنانەت دەکرێت ڕێگری پرسیارکردنی فێربوونیش لە هەندێک لەو نەفسانە بکات (لەبەر لووتبەرزی) و بەو جۆرەش دیسان ڕێگەی زانستیان لێ ببەستێت.

سروشتە نەفسییەکانیش لە هەموو شتێکدا لەبەرچاوگیراون، دەبێت لە فێرکردن و بڕیار و داوەری و سزادانی خراپەکارانیشدا ڕەچاو بکرێن، هەروەها لە پاداشتکردنی چاکەکارانیشدا، هەڵەیە کە لەگەڵ سەرجەم خەڵکیدا و لە سەرجەم شتەکاندا یەک جۆر مامەڵە بکەیت لە هەموو ڕوویەکەوە، هەرکەسیش سروشتەکانی نەفسی ئەو خەڵکە پێ نەزانێت، ناتوانێت لە گشت حاڵەتەکاندا بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، زانینی جۆری سروشتیش وابەستەی ئەو جۆری مامەڵەیەیە کە ویستی ئەوەت هەیە لەگەڵ کەسێکدا پەیڕەوی بکەیت، ئەوەش بەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە هەر سروشتێک و بەپێی هەر جۆرە مامەڵەیەک کە گونجاوییەتی بناسیت:

جا کاریگەریی سروشتەکان لەسەر فێرخواز

کاتێک ئەوە چەسپێنرا کە نەفسەکان کار دەکەنە سەر عەقڵەکان، خۆ فێرخواز بۆ ئەوە فێری زانست دەبێت کە لە خۆیدا بەکاری بخات و هەروەها بە

جگە لە خۆشی بگەیەنێت تاکوو ئەوانیش کاری پێ بکەن، سا دەبێت فێرکار نەفسی فێرخوازەکانی بناسێت و جیاوازییان لەنێواندا بکات، خۆ هەر نەفسێک هەر زانستێکی بۆ ناشێت، زۆرجاریش نەفسەکان ئەو زانستەیان بۆ دەگونجێت کە بۆ خۆیان پێویستیان پێیەتی و بەکارهێنانی ناگات بە جگە لە خۆیان، چونکە نەفسگەلێک هەن کە تووڕە و تیژن و هەندێکی دیکەش هێمن و ئارام، نەفسگەلێک بەپەلە و هەڵپە و هەڵەشە و هەندێکی دیش هێدی و لەسەرخۆ، نەفسگەلێک شێواو و شڵەژاو و هی دیش مەنگ و بەئۆقرە، هەندێک چاوتێبڕ و بەتەماع و هێندێکیش قایل و قەناعەت، توند و بەهێز و سووکەڵە و نەرمونیان و سروشتی دیکەش جگە لەمانە.

هەریەکێکیش لەم سروشتە نەفسییانە کارتێکەرن لەسەر عەقڵی خاوەنەکەیان، جا ئەگەر ئەو زانستەی دەدرێت بەم نەفسانە لە جۆر و لە بڕدا یەکێک بێت، ئەم نەفسانە هێشتا جیاوازییان زۆر دەبێت لە ئەندازەی سوودبینیناندا لێی و شێوازی بەکارهێنانی عەقڵ بۆی و بژاردەکردنی بەڵگە و سەلمێنەرەکانی و بەکاربردنی ئەوە و کارپێکردنی لە پێشهاتە تایبەت و گشتییەکاندا.

هەربۆیە هەندێک لە سروشتە نەفسییەکان کاریگەرییان لەسەر باوەڕ هەیە، بەهۆی ئاسان دەستبردن بۆی و پەیداکردنی و قایلبوون پێی و کارپێکردنی و توند دامەزران لەسەری، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «الإيمانُ يمانٍ، والحكمةُ يمانيَّة»[1] واتا: «هەم باوەڕ یەمانییە[2] و هەم داناییش سەر بە یەمەنە.» مەبەستیش ئەوە نییە کە باوەڕ بە وەحی دابەزیوەتە سەریان، یاخود بەتەنیا ئەوان پەیدایان کردبێت و دەستیان پێی گەیشتبێت، بەڵام چونکە سروشتە نەفسییەکان بە هەردوو جۆریەوە تێیاندا کۆ بووەتەوە: سروشتگەلێکی بنەڕەتی

---

(١) البخاري (٣٤٩٩)، ومسلم (٥٢).

(٢) کاتێک کەسێک یان شتێک دەدرێتە پاڵ یەمەن ناوترێت: یەمەنییە، بەڵکو دەڵێن: یەمانییە، ئەوی یەکەم ئێستا مانای شتێکی دیکە دەدات.

کە لەسەری لەدایکبوون، سروشتگەلێکی پەیداکراو کە لەسەری پێگەیشتوون و هەڵیانداوە و هیچ یەکێک لە دوو جۆرەکەش بەرهەڵستکاری باوەڕیان تێدا نییە، بەڵکوو پاڵپشتی و پاڵنەریشیان تێدایە بەرەو باوەڕ، سا ئیدی نەفسیان چاولەدووی باوەڕە و تامەزرۆیەتی و پێداگرە لەسەر بەدەستهێنانی بەبێ زەبر و زۆرکاری و زۆرلەخۆکاریش، وەختێکیش باوەڕ دەهێنن باوەڕێکی باش و چەسپاو و دامەزراویان هەیە لەچاو خەڵکانی دیکە، هەربۆیە گریمانەی زاڵ وایە کە هەڵگەڕانەوە-ریددە لەناو خەڵکی یەمەندا زۆر کەمترە وەک لە خەڵکانی دی.

هەموو نەفسەکانیش سروشتگەلێکیان تێدایە کە لە ئەندازەی وەرگرتنیدا بۆ زانست و مەیلبوونی لێی جیاوازی هەیە، بەڵام هیچ سروشتێک لە نەفسەکاندا نییە کە لە باوەڕهێنان بە خودا هەڵبێت و هەڵاوێر بێت، چونکە سەرجەم نەفسەکان لەسەر ئەوە ڕسکێنراون و بارهاتوون، بەڵام لە ئەندازەی کرانەوە و دەرگافراوانی سروشتەکەدا بەرانبەر بە باوەڕ جیاوازییان هەیە، هیچ ناکۆکییەکیش لەوەدا نییە کە سەرجەم نەفسەکان لەسەر ئەندازەیەک لە کرانەوە دەڕسکێنرێن و باردەهێنرێن کە بەس بێت و بەشی ئەوەندە بکات کە باوەڕهێنان بە خودای لێوە بچێتە ژووڕێ، بەڵام هەندێکیان لە هەندێکی دی فراوانترن، دەکرێتیش ئەو سروشتی پەیداکراوەی کە بۆ هەندێک لە نەفسەکان ڕێک دەکەوێت یارمەتیدەر بێت بۆ زێدەتر قبووڵکردنی باوەڕ و جێبوونەوەی وەک ئەوەی لە خەڵکی یەمەندا هەیە، یاخود بە پێچەوانەوە سروشتی پەیداکراو ڕەتکردنەوەی باوەڕ بهێنێت و هێندە ڕێگەکەی تەنگ بکاتەوە کە بەشی تەواوی ئەوەش نەهێڵێت کە باوەڕ پێبیدا تێپەڕ بێت، ئەوەش وەک سروشتی پەیداکراو لە جوولەکەدا، کە پێچەقی[1] و دوژمنکاری و ڕکەبەرایەتییەکیان لە هەمبەر نەیارانیاندا خستووەتە کار، هەتا ئەوەی کە لە نەفسیاندا سروشتێک هاتە کایەوە کە ڕێگری باوەڕیان لێ بکات، نەک لەسەر ئەوە لەدایکبووبێتن، سەبارەت بەمەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: «لوْ آمنَ بي عشرةٌ منَ اليهودِ،

---

(١) پێچەقی: عینادی، ئینکاری.

لآمنَ بيَ اليهودُ»[١] لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا: «لوْ تابعَني عشرةٌ منَ اليهودِ، لمْ يبقَ على ظهرِها يهوديٌ إلّا أسلمَ»[٢] واتا: «ئەگەر تەنیا دە کەس لە جوولەکە باوەڕیان پێم بهێنایە (و شوێنم کەوتبان)، سەرجەم جوولەکە باوەڕیان پێم دەهێنا (جوولەکەیەک نەدەما لە سەر پشتی ئەو زەوییە کە باوەڕ نەهێنێت).»[٣]

جوولەکەش کۆمەڵێکی پێکوابەستە و داخراو و قوچراون، بە هۆشیاری و ترسیشەوە نەبێت پەیوەندی لەگەڵ جگە لە خۆیاندا نابەستن، هەر لەبەر ئەم سروشتە پەیداکراوە و جگە لەویشە کە زۆر لەوە سڵ دەکەنەوە لە ئایینی جوولەکایەتی دەربچن، لەبەر ترسانیان لە یەکدی و تۆڵەسەندنەوەیان لە کەسێکیان کە دەربچێت ئەگەر بە قسە و سەرزەنشتکاری و شکاندنێکی سەختیش بووبێت هەر دەیکەن، سا کۆت و بەندیان لەسەر دڵی یەکتر داناوە کە بیانبەستێتەوە لە هەنگاو هەڵێنان بەرەو دەرەوەی ئەو ئایینە، ئەمەش تەنیا لە جوولەکەدا نییە، بەڵکوو لە زۆرێک لە گرۆ و تاقم و ئایینهەڵگرانی دیکەی هاوشێوەی وانیشدا هەیە.

هەرکەسیش لەسەر ئەم جۆرە سروشتە و هاوشێوەکانی بارهاتبێت و ئەوە لە خۆیدا بزانێت، ئەوا عەقڵی پێویستی بە کۆششێکی گەورە هەیە کە لەگەڵ نەفسدا بیکات، بۆ ئەوەی بەڵگەکانی لێ بزر نەکات و لە بەرچاوی ڕەشیان بکات و ڕێگری شوێنکەوتنی حەقی لێ بکات لەپاش ئەوەشی کە بۆی ڕوون دەبێتەوە و دەیناسێت.

دەکرێتیش لە سروشتی هەندێک لە نەفسەکانیشدا جۆرگەلێک هەبن کە ئەگەر ڕوو لە باوەڕ بکەن و دەستی بۆ بەرن دەستیان بکەوێت، چونکە وڕە و وزەیەکی بەهێز و بەرزیان تێدایە بۆ هەر شتێک کە ویستیان لێی هەبێت و

---

(١) البخاري (٣٩٤١).

(٢) مسلم (٢٧٩٣).

(٣) ئەوەی ناو ئەو کەوانانە [] لێرەدا بۆ گێڕانەوەی دووهەمە.

تەمای بگرن، وەختێکیش بەدەستی دەهێنن و پێی قایل و باوەڕدار دەبن؛ گەلێک قایم و پێچەسپاو دەبن لەسەری، هەروەک لەو فەرموودەیەی پەسنی فارسەکاندا هاتووە: «لوْ كانَ الإيمانُ عندَ الثريا لنالَهُ رجالٌ منْ هؤلاءِ»[1] واتا: «ئەگەر باوەڕ لەلای ئەستێرەکانی پێرۆ (سورەییا)شەوە بووایە، پیاوانێک لەوانە (گەلەکەی سەلمان-فارسەکان) دەستیان دەیگەیشتێ.» فەرموشی پیاوانێک لەوان، نەک وەسفەکە بە گشتی بە هەموویان بدات وەک چۆن بۆ خەڵکی یەمەن گشتگیری کرد، پیشاندەری ئەوەیە کە بابەتەکە پەیوەندی بە سروشتی ویست بەهێزییەوە هەیە وەختێک کە ویستیان لە شتێک هەیە، هەروەها بە توند دەستپێوەگرتنەوە وەختێک دەیگەنێ و دەستی پێوە دەگرن، ئەمە هەتا ئەمڕۆکەش لە سروشتی فارسدا بەدی دەکرێت.

کاتێکیش ئیسلام گەیشتە فارس، هێندەی لەناو ئەوان خەڵکانێک هەڵکەوتن کە دەستگرتوو بوون بە سوننەتەوە و خزمەتیان کرد و تۆماریان کرد و پاراستییان؛ کە لە تاک تاکی هۆزە عەرەبییەکان و وڵاتانیشیاندا هی وا بەدی نەکرابوو. هەندێکیش لە نەفسەکان سروشتی پێچەقی و مکوڕییان هەیە لەسەر ئەو شتەی کە دەستی پێوە دەگرن ئەگەر هەڵەش بێت، چونکە حەزیان بە بتەوییە و گۆڕانیان لەلا ناحەزە، ئیدی لە ڕا و بۆچوونەکاندا بێت، یان لە ڕەفتار و دابونەریتەکاندا، یان لە بەرگ و پۆشاکدا، جا چەسپانیان لەسەری تەنانەت بەلای خۆشیانەوە مانای ڕاستییەتی ئەو باوەڕ و دیدە نادات، بەڵام دەبینیت کە تەنیا قایلییەتی و دڵنیایی لەسەر پیشان دەدەن، خۆ ئەگەر سروشتێکی دیکەشی لە وێنەی لووتبەرزی و چاوبڕینە پێگەوپایە تێکەڵ ببێت، ئیدی ئەوانە تۆکمەترینی نەفسەکانن لە پێچەسپان و نەگۆڕاندا لەسەر هەر شتێک کە دەستی پێوە دەگرن، شمشێریش بخرێتە سەر ئەو سەرانە ناگەڕێنەوە، ئەمە لەناو نەیارانی پێغەمبەرانیشدا هەبووە -چجای جگە لەوانیش- سەرەڕای هەرچی بەڵگە و نیشانەش کە پێیان بووە و خستوویانەتە ڕوو بۆیان.

---

(١) البخاري (٤٨٩٧)، ومسلم (٢٥٤٦).

لەگەڵ جیاوازیی سروشتی نەفسەکانیشدا، پێویستە کە فێرکار ڕەچاوی بکات لە فێرخوازدا، فێرخوازیش دیسان دەبێت لە خۆیدا لەبەرچاوی بگرێت، لە وەختی فێربوون و لە وەختی بەکاربردنی ئەوەشدا کە فێریبووە:

* سا ڕەچاوکردنی فێرکار بۆ فێرخواز

بنەمای سەرجەم زانستەکان، زانینی مرۆڤە بە نەزانی خۆی، چەندێکیش بەوە زاناتر بێت، پێداگرتر دەبێت لەسەر لادانی و دەربازبوون لێی، لاواز چەند بە لاوازی خۆی بزانێت، هێندە سروشتی پاڵی دەنێت بۆ هێزپەیداکردن، هەربۆیە سووری و چەسپانی مرۆڤ لەسەر فێربوونی زانست کەوتووەتەوە سەر درککردنی بە جیاوازییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا، چونکە ئەوان خۆی پێ پیشان دەدەن، جا دەیەوێت لەگەڵیاندا بەرز ببێتەوە و پێ بگات. دەبینیت منداڵ فێربوونێکی زۆر گورج و خێرای هەیە، چونکە سەرجەم ئەوانەی دەوروبەری لە ئەو زاناتر و بەهێزترن، ئەویش پاڵنەرێکی نەفسی بەهێزی دەبێت بۆ هەستانەوە و دەستوبرد دەکات لە وەچنگخستنی ئەو هۆکارانەی کە پێویستی پێیانە، سا پێشترچوون و پێگەیشتن بە ئەندازەی دەرکەوتنی پێویستییەکان و پێزانینیان دەبێت، ئەگەریش مرۆڤ لەناو وەهمی زانیندا بژی، دەبینیت لاوازترین ویست و هەوڵدانی بۆ زانست دەبێت، چونکە ناچێت بەدووی شتێکدا کە خاوەنیەتی (وەهمی ئەوەی هەیە کە خاوەنیەتی)!

کاتێکیش ئەوە پیشانی فێرخواز دەدرێت کە لەچاو ئەوانەی جگە لە خۆی کورتهێنانی هەیە و لە دواوەیە، نابێت بە شێوازێک بێت کە بیگەیەنێتە نائومێدی، بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ ئاگادارکردنی لە نەزانین و دواکەوتنەکەی، ئەوەشی پیشان دەدرێت کە دەزگای فێربوونی هێشتا تەواو و چالاک و سەرپێیە، جا زانینی بە کورتهێنانەکەی یارمەتی دەدات کە سنوور و پێگەی خۆی بزانێت و ئاگاداربوونیشی لە هەبوون و تەواوییەتی دەزگای زانستوەرگرتنی پاڵنەری دەبێت کە نەوەستێت و فێر بێت.

هەندێک لە زانستەکان دەبێت هەردەم ئیمان هاوڕێیان بێت، بەتایبەت زانستەکانی ئایین، جا کەسێک کە باوەڕی لاواز بێت، ئەوەی پێ دەدرێت و ئەوەندەی پێ دەدرێت کە لەسەری واجبە و بۆ خۆی پێویستییەتی و هۆکاری بەهێزبوونی باوەڕیەتی، بەڵام پتر لەوە لە زانستەکانی ئایین نادرێت بە کەسی ئیمانلاواز، کە پاڵی دەنێت بچێت پێوەی بخوات و لە جگە جێگەی خۆیدا دایبنێت، لە چەلەحانێ و خۆپێوەهەڵکێشان و لەدووی بۆچوونی نەشاز و ناقۆڵاگەڕان، ئیدی دەرهەق بە زانست و بە هاوەڵانی زانستیش خراپەی لێ دەبێتەوە.

* لێکجیاوازیی نەفسەکان واتا لێکجیاوازیی عەقڵەکانیش لە وەرگرتنی زانستەکاندا

نابێت فێرکار هەرچی زانستێک کە لەلایەتی بیبەخشێتە هەر فێرخوازێک، بەبێ جیاوازیکردن لە جۆر و ئەندازەیدا و هەتا ئەوەشی بۆ بەدیار نەکەوێت کە نەفسی فێرخواز شایان و گونجاوە بۆ وەرگرتنی زانست و بەکارهێنانی بە شێوەی دروست، با عەقڵیش تەندروست و تەواو و خاوێن بێت، ئەوە نەفسەکانن کە هەموویان گونجاو نین بۆ سەرجەم جۆرەکانی زانست، بەڵکوو بە دەگمەن ئەوە هەیە، لەناو خەڵکیشدا زاناگەلێک هاتنە گۆڕێ کە خراپ زانستیان بەکار هێنا، هەندێکیان بەپێی سروشتی خۆی دەیبات و دەیهێنێت، هەندێکیشیان حەز و ئارەزووی خۆی پێ تێر دەکات، زانستیان بۆ هێنانە دی مەرامەکانی نەفسی خۆیان قۆستووەتەوە، هەموو ئەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە زانست دراوە بە نەفسگەلێک کە نە ئەو بەوان دەخوات و نە ئەوانیش بە ئەو.

جا ئەگەر فێرکار زانیی کە نەفسی فێرخواز چاوبرسی و تامەزرۆی پاداشت و پشکی نەفسی خۆیەتی، ئەو کات نابێت پتر لە ڕادەی پێویستی تایبەتی خۆی پێ بدات، چونکە هەر بڕە زانستێکی زیاد لەوە، نەفس دەیخاتە خزمەت

بەدیهێنانی مەرامە تایبەتییەکانی خۆی و تێرکردنی تەما و چاوتێبڕییەکانی، هەروەها لەناو زانستدا بەڵگەکان بژار دەکات (ئەوانەی پێویستی پێیانە)، لەوانەشە چەواشەکاری بکات و تەپوتۆز بەرپا بکات تاکوو لەو ڕێگەیەوە بچێتە سەرێ ئەگەر بە زیانی دادگەری و ڕاستییش بووبێت، چونکە زانست لەلای ئەو تەنیا ئامڕاز و پەیژەیەکە کە بەسەریدا سەردەکەوێت، نەک ئامانجێک کە پێی بگات، هەر ئەمەشە کە کەسانێکی لەناو خەڵکدا کردووەتە دەمسپی و پێشەوا و سەرکردە لە زانست و کرداردا کە ناپاکی لەگەڵ ڕاسپاردەدا دەکەن و مافەکان بەزایە دەدەن، دەرهەق بەو زانست و کارەی پێیان سپێردراوە زۆر خراپ دەست دەوەشێنن.

هەندێک لە نەفسەکانیش فێربوون و دەستخستنیان بۆ زانست لاواز و سەختە کە دەشێت ئەوە میهرێکی خوایی بێت بە خۆیان و بە خەڵکیش، چونکە (ئەگەر دەستیان بیگاتێ) لە غەیری جێگەی خۆیدا بەکاری دەهێنن و بۆ هەوا و هەوەسی خۆیانی دەقۆزنەوە، لێرەوەیە کە ئیبن موبارەک دەفەرموێت: "پەروەردگار میهر و مننەتی بەسەر موسڵمانانداا کردووە کە یادگە و لەبەرکردنی ئیسماعیلی کوڕی خەلیفە ئاوا لاواز و وێرانە."[1] هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ئەگەر لەبەرکردنی باش بووایە، زانستە عەمبارکراوەکەی لە غەیری حەقدا بەکار دەبرد و خۆشی و خەڵکیشی بە فیتنە و فەتارەدا دەبرد.

زانست چەکێکە کە نابێت بدرێتە دەست غەیری دەستپاکان، ئەمەش سپاردەیەکە لە گەردنی فێرکاردا، لە مافەکانی نەفسەکانیش بەسەرییەوە ئەوەیە کە ڕەچاویان بکات و بیانناسێتەوە، سەرجەم پێغەمبەرانیش بەم شێوەیە جیاوازییان لەنێوان مافی پرسیارکەرێکدا دەکرد کە بە ئەندازەیەک وەڵامیان دەداوە ئەو نەزانینە خودییەی خۆی لابەرێت و لەنێوان کەسێکی دیکەدا کە زانستی بۆ فێربوون و هەڵگرتنی زانست پێ بدەن، سا خەڵکانێکی دیاریکراویان تایبەت دەکرد بە زانستێک و بە جگە لەوانیان نەدەدا بەو شێوەیە، جیاوازییان

(١) الجرح والتعديل، لابن أبي حاتم (٢/١٦٧).

لەنێوان گوتاردان بۆ خەڵکی عەوام و ڕەشۆک و گوتاری خەڵکی تایبەتدا دەکرد، سا ئەوەیان دەبەخشی و لەدەست دەبوویەوە کە گونجاوی نەفس و عەقڵەکان بێت، ئیبن مەسعوودیش فەرموویەتی: "هیچ قسەیەک بۆ خەڵکێک ناکەیت کە عەقڵیان پێی نەشکێت، ئیللا بۆ هەندێکیان دەبێتە فیتنە و گێرە و پەشێوی."(١) عورەوەی کوڕی زوبەیریش دەفەرموێت: "هیچ شتێک لە زانست بۆ کەسێک نادرکێنیت کە عەقڵی پێی ناشکێت، ئیللا لێی دەبێتە گومڕایی و سەرگەردانی."(٢)

دەشێت بەکارهێنانی زانست بە نیازی باشیشەوە بێت بەڵام لە کات و شوێنێکی هەڵەدا بێت، بە جۆرێک کە خەڵک دەیخەنە جگە جێگەی خۆیەوە، وەک دەقەکانی دوورەپەرێزی و جەنگبەرپاکردن لە دەورانی لاوازیدا و دەقەکانی ئاشتەوایی و ئاگربەست لە دەورانی بەهێزیدا، هێنانەپێشی دەقەکانی جەنگان لەگەڵ دەسەڵاتداری بێباوەڕدا لە ڕووی دەسەڵاتدارێکی موسڵماندا و دەقەکانی گوێڕایەڵبوون و بەیعەتدان لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەکی ناموسڵماندا.

ئەوەش لە داناییە کە زانا لە وەختی بەخشینی زانستێک و فێرکردنیدا تەنیا لەو گۆشەیەوە نەڕوانێت کە زانستەکە دروست و تەواوە، بەڵکوو لەوێشەوە کە ڕاست وەربگیرێت و ڕاست کاری پێ بکرێت، شافیعی دەفەرموێت: "موحەممەدی کوڕی حەسەن ئەگەر بە ئاستی عەقڵی خۆی لە گەڵماندا بدوایە، هیچی لێ تێ نەدەگەشتین، بەڵام بە ئاستی عەقڵی خۆمان لەگەڵمان دەدوا، سا لێی تێ دەگەیشتین."(٣)

هەروەها پێویستە کە زانا سەرقاڵ بێت بە ناسینی ئاستی تێگەیشتنی کەسانێک کە بۆیان دەدوێت، بەتایبەت وەختی هاوێشتنی قسەکانی، هەروەها ناسینی سروشت و حەز و ئارەزوو مەیلەکانیان، خەریکبوونی بەوە، دەبێت

---

(١) ذكره مسلم في مقدمة صحيحه (١/١١).

(٢) جامع بيان العلم وفضله (١/٥٣٩).

(٣) الآداب الشرعية، لابن مفلح (٢/١٥١).

نزیکەی هەمان ئەندازەی خەریکبوونی بێت بە ڕاستییەتی ئەو زانستەوە کە دەیبەخشێت، یاخود ڕێک وەک ئەوە بێت. خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەڕاهیدی لەبارەی بابەتێکەوە پرسیاری لێ کرا، ئەویش هەندێک وەڵامدانەوەکەی دواخست و لێی وەستا، نەضری کوڕی شومەیلیش پێی گوت: "بابەتێکی لەم جۆرە ئەم هەمووە بیرکردنەوەیەی ناوێت؟!" ئەویش فەرمووی: "لە بابەتەکەش و لە وەڵامەکەشی بوومەتەوە، بەڵام دەمەوێت بە جۆرێک وەڵامت بدەمەوە کە خێراتر تێ بگەیت."[1]

تێفکرانیش لە سروشتی کەسی وەرگر و درککردنی و حەز و مەیل و هەوای؛ بە واتای ئەوە نایەت کە هەر دەبێت وەڵام بدرێتەوە، کە دەکرێت وازلێهێنان و بێدەنگبوون لێی -لە وەختێکدا کە وەڵامدانەوە گونجاو نەبێت- باشتر بێت بۆی.

* کاریگەریی سروشت و حەزی نەفس لەسەر وەرگرتنی زانست

هەروەها نەفس کە حەز و هەوا و چاوتێبڕی بۆ شتێک هەیە، بە شوێن ئەو زانستەدا دەچێت کە حەز و ئارەزووەکەی خۆی بۆ دەهێنێتە دی، سا دەبێت بە پێچەوانەی تەماکەیەوە لەگەڵیدا مامەڵە بکرێت و لەو وەختەدا لەلایەن عەقڵەوە بێبەش بکرێت، جا ئەو نەفسانەی کە مەیلیان بەلای تیژی و تووندییەوەیە لەو بەڵگەیانەیان پێ نادرێت کە ئەوەیان بۆ زیاد بکات، پێچەوانەکەشی ئەو نەفسانەی مەیلیان بەلای چێژبەری و گەپوگاڵتەوەیە، لەو زانستانەیان بۆ ناخرێتە ڕوو کە ئەوەیان بۆ زیاد بکات، چونکە نەفسێک کە سەرقاڵ بێت بەوانەوە، شتێکی لە زانست بەدڵەوە دەنووسێت و عەمبار دەکات کە خۆی حەزی پێی بێت، کاتێک نەفسی براکانی یوسف سەرگەرمی دوورخستنەوەی ئەو بوو، سەرگەردان بووبوون بەدووی بەهانەیەکدا کە بۆ باوکیانی بهێننەوە، کاتێکیش یەعقوبی باوکیان پێی فەرموون: ﴿وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ

---

(١) الآداب الشرعية (٢/١٥١).

غَافِلُونَ﴾ [یوسف: ١٣] واتا: «ئەمن دەترسێم گورگ بیخوات وەختێکی ئێوە لێی بێ ئاگا و خەبەرن.» ڕاست ئەم بەڵگەیە نووسا بە دەروونیانەوە، جا کاتی خەوتنان بە گریانەوە هاتنەوە لای بابیان و گوتیان: ﴿إِنَّا ذَهَبنا نَستَبِقُ وَتَرَكنا يوسُفَ عِندَ مَتاعِنا فَأَكَلَهُ الذِّئبُ﴾ [یوسف: ١٧] واتا: «ئێمە چووبووین یاری و کێبڕکێ بکەین و یوسفمان لەلای کەلوپەلمان بەجێ هێشتبوو ئیدی گورگ خواردی.» جا بە بەهانەی دیارنەمانییەوە هێند سەرقاڵبووبوون کە خەیاڵی بەڵگەهێنانەوەیان نەمابوو، چووبوون خوێنێکی درۆینەیان هێنابوو کە بەسەر بەرگێکی نەدراوەوە بوو، خۆ گورگ وەختی پیاوێک دەخوات دەبێت بەرگی بەری بدڕێنێت!

ئەو نەفسەشی کە کاریگەرە بە کارتێکەرێکی توند و بەهێزی وەک ئیرەیی، عەقڵ لاواز دەکات، بە جۆرێک کە بەڵگەهێنانەوەشی بۆ ئەو شتانەی کە پێی خۆشە لاواز دەبێت، وەک منداڵانی لێ دێت و هەستیشی پێ ناکات، منداڵیش نابێت ئەزموونێکی هەڵە و مەترسیداری کەسێکی بۆ بگێڕییەوە، چونکە دەشێت لاسایی بکاتەوە و چاوی لە سەرەنجام نەبێت.

نەفسیش وەختێک کە سەرقاڵی شتێکە و گرنگی پێ دەدات ئیدی هەرچۆنێک بە لایدا تێپەڕ بێت دەیگرێت، کە قسەش دەکات هەر ئەو بابەتەی لە دەم دەردەچێت، هەتا ئەوەی کە شتێکی گرنگییێدراوی دێتە سەر زاری و ئاوەڵای دەکات بەبێ هەستپێکردن، کە نەفسی دایکی مووسا لە خەیاڵی ویدا بوو، هەروەها هەردەم زەینی سەرگەرمی ئەوە بوو، بە جۆرێک کە بیر و عەقڵی تەنیا ئەوەی تێدا مابوو خاڵی لە هەر شتێکی دیکە، خەریک بوو ڕاستیی باسەکەی لە دەم دەربچێت بەبێ ئەوەشی کە هەست بکات ئەوە زەرەری بۆ کوڕەکەی دەبێت، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَصبَحَ فُؤادُ أُمِّ موسى فارِغًا إِن كادَت لَتُبدى بِهِ لَولا أَن رَبَطنا عَلى قَلبِها لِتَكونَ مِنَ المُؤمِنينَ﴾ [القصص: ١٠] واتا: «دڵی دایکی مووسا ئیدی خاڵی و چۆڵ و هۆڵ بووبوویەوە، نزیک بوو زمانی بە باسەکە بگەڕێت و ئاشکرای بکات ئەگەر ئەوە نەبوایە کە ئێمە دڵیمان قایم و چەسپاو کرد تاکوو لە باوەڕداران بێت.» عەقڵیش لەلایەن نەفسەوە کۆتوبەند دەکرێت

وەختێک کە نەفس سەرقاڵ و گیرۆدەی شتێکە هەتاکوو ئەوەی (عەقڵ) لە بەردەستیدا وەک دیلی لێ دێت، بە ئاستی وەها دەگات کە تەکلیف-ڕاسپاردنی شەرعیشی لەسەر هەڵبگیرێت لەبەر کۆڵەواری دەستەوەستان بوونی، ئەمەش لە هەڵوێستەی دەگمەن دەگمەندا دێتە پێش، باوەڕیش بەهێزترین شتێکە کە پەتبڕین و لەدەستدەرچوونی سروشتەکانی نەفس جڵەوگیر بکات، هەر ئەوەش بوو کە پەروەردگار دڵی دایکی مووسای پێ ڕاگیر کرد.

هەروەها لە سروشتە کارتێکەرەکانی سەر عەقڵ کە دەبێت فێرکار ڕەچاوی بکات: ئەو نەفسە شڵەژاوانەی کە زانست بە وەرگرتنێکی تەندروست و ڕێکوپێک وەرناگرن، لە پاشانیش بەکارهێنانێکی تەندروستیشیان بۆی نابێت، چونکە زانستەکەیان ناپێگەیشتوو و ناتەواوە، بەڵکوو بەشبەشکراو و لێکدابڕاوە، جا چۆن وەریانگرتبێت ئاواش دەیدەنەوە و ئەدای دەکەن. دەشێت ئەم نەفسانە پاک و ڕاستاڵیش بن لە پەیداکردنی زانستدا، بەڵام گیرۆدەی شڵەقان و کارپەشێوی بوونەتەوە، ئەمانە زانست بە ماندووبوونێکی زۆرەوە وەچنگ دەخەن، لەوانەشە ئەوەی کە نەفسێکی ڕێک و تەندروست بە مانگێک وەریدەگرێت ئەمان بە ساڵێکیش بۆیان وەرنەگیرێت و هەرسنەکرێت، سا لە سۆز و بەزەییهاتنەوەیە بەم نەفسانە کە تەنیا هێندەیان لە زانست بدرێتێ بەشی خۆیان بکات و ئیدی لەوەودوا ئامۆژگاری بکرێن بەوەی کە ڕوو لە کار و بەرژەوەندیگەلێکی دیکە بکەن کە بۆیان گونجاوە، بۆ ئەوەی ئاوا زانست بە ناتەواوی وەرنەگرن و بە ناتەواویش بیبەخشنەوە کە دەرهەق بە زانست خراپە و کەمتەرخەمی دەکەن و واش دەزانن چاکەیان پێ کردووە و تێیدا کردووە، بەتایبەت ئەگەر هاوڕێ لەگەڵ شێواوی و شپرزەیی ئەو سروشتەیاندا سروشتێکی دیکەشیان هەبێت، کە ئەویش بوێری و دەستپێشخەری و پەلەکارییە، فەرِراء لە نموونەی ئەم نەفسانەدا فەرموویەتی: "هێندە بەزەییم بە کەسێکدا دێتەوە کە بەدووی زانستدا دەگەڕێت لە حاڵێکدا کە تێگەیشتنی نییە، کە بەزەییم بە کەسدا

وەها نایەتەوە."[١] هەر وێنەی ئەوەش لە ئیبن عویەینەوە گێڕدراوەتەوە.[٢] ئیبن عویەینەش شارەزا و لێزانی ڕێگە و دەزگا و پێداویستییەکانی زانستە، هەروەک شافیعی دەفەرموێت: "کەسم نەدیوە هێندی سوفیانی کوڕی عویەینە دەزگا و شمەکی زانستی هەڵگرتبێت."[٣]

عەقڵیش دەفری زانستە، دەفریش هێندە خۆی هەڵدەگرێت، هەرچی زیادی تێ بکەیت دەڕژێت و بەفیڕۆ دەچێت، لەوانەشە زیان بە خاوەنەکەی و خەڵکیش بگەیەنێت، شەعبیش دەیفەرموو: "خێر لە زانستێکدا نییە کە عەقڵ و ژیری لەگەڵدا نەبێت."[٤] حەسەنیش فەرموویەتی: "ئەوەی عەقڵێکی نەبێت کاری بۆ بەڕێوەبەرێت، زۆری گێڕانەوەی پیاوان (لەبەر بوونی ریوایات و فەرموودە و ئەسەر) سوودی پێ ناگەیەنێت."[٥]

لە سەردەمەکانی پەشێوی و ئاژەشێوان و زۆری ڕووداو و پێشهاتە نوێکان و ئاشووبە خێراکانیشدا، نەفسەکان دەشڵەقێن و تەزووی ئەو پێشهاتانە دەیانگرێت، هەتا ئەوەی کە زانست و کارپێکردنی و لێگەشتن و درککردن بە ئەرکە لەپێشینەییەکان و گرنگایەتییەکان لەسەر عەقڵ گەلێک سەخت دەبێت، ئەو کات دەبێت عەقڵ تێکۆشان و هەوڵێکی گەورە و توند و بەتەوژم لەگەڵ نەفسدا بخاتە گەڕ تاکوو بەرەو زانست و کردەوە پاڵی بنێت و لەسەری ڕایبگرێت، کە زۆرجار (نەفس) کەمتەرخەمە، لە نموونەی ئەمەدا فەرموودەکە هاتووە کە پەرستشەکان لە وێنەی ئەم سەردەمانەدا پاداشتی زۆرتر و گەورەترە، فەرموویەتی (ﷺ): «العبادةُ في الهرْجِ كهجرةٍ إليَّ»[٦] واتا: «پەرستش لە دەورانی

---

(١) جامع بيان العلم وفضائله (١/٤٢٩).

(٢) الاعتصام للشاطبي (١/١٦٥).

(٣) سير أعلام النبلاء (٨/٤٥٨).

(٤) تاريخ دمشق (٢٥/٣٨٢).

(٥) العقل وفضله، لابن أبي الدنيا (ص٥٦).

(٦) مسلم (٢٩٤٨).

کوشتاردا وەک کۆچکردن وایە بۆ لای من.» هەرجیش بە واتای زۆربوونی ئەو ئاشووبانەی کە شەڕ و جەنگان و خوێنیان لێ دەبێتەوە، ئەو وەختیش نەفسەکان هەست و هۆشیاری لە عەقڵەکان دادەڕنن، هەروەک لە فەرموودەکەی دیکەدا هاتووە: «إِنَّهُ لَتنزعُ عُقولُ أهلِ ذلكَ الزمانِ»[1] واتا: «بەڕاستی کە عەقڵ و ژیری و ئاوەز لە خەڵکی ئەو ڕۆژگارە دەسەندرێتەوە.» هەر کاتێکیش کە نەفس تێیدا کەمەندکێشی شتێک بێت کە شپرزەی بکات، پێویستی بە عەقڵ دەبێت کە چنگی لێ گیر بکات و بیهێنێتەوە جێ، بە ئەندازەی ئەوەش عەقڵەکان پێگە و پایەی خۆیان وەردەگرن لە زانست و کردەوە و پاداشتیاندا.

هەتاکوو نەفسیش ڕێکوپێک و هاوسەنگتر بێت، کارتێکەریشی لەسەر عەقڵ لاواز دەبێت و دەستی لەکۆڵ دەکاتەوە؟ کە بەبێ زەحمەت و بەرەنگارییەک زانست لەخۆبگرێت و کاریشی پێ بکات، چ جای ئەوەی ترسی ئەوە هەبێت کە خۆسەپێنی بەسەردا بکات، لە ڕۆژگاری زۆربوونی پێشهات و ئاشووبەکانیشدا زانستپەیداکردن و بەدووداچوونی کەم دەبێتەوە، چونکە نەفسەکان شڵەژاون سا عەقڵەکانیش سەرقاڵ و گیرۆدە و پەلکێشی ئەوان دەبن.

نەفسی تووڕە و تیژ و شڕەت و ڕووقایمیش، گونجاو نییە کە زانستانێکی فێر بکرێت و پێ دابدرێت کە سەرەنجام و ناوەندی دوایی ئەو زانستانە کار و فرمانێگەلێک بن کە لەگەڵ سروشتی ئەودا نەیەنەوە، ئەوەش لە نموونەی داوەری و بڕیاردان لەنێوان نەیار و لایەنە دژبەرەکاندا، ئەو کات بەو زانستە (کە کارپێکردنی بۆ ئەم گونجاو نییە، بەڵام تازە چووە خۆی فێر کردووە) نزیکتر دەبێتەوە لەو کارە و لێی دەچێتە پێشەوە و ساز و ئامادە دەبێت بۆی (لە ڕووی زانستییەوە) ئیدی خۆی فریو بخوات و جگە لە خۆشی فریو بدات بە گومانی ئەوەی کە باشزانین یەکسانە بە باشکارپێکردن و توانین، خۆ داوەر ڕێگری داوەری لێ دەکرێت ئەگەر بێت و تووڕەییەکی حاڵەتی و کاتی بۆ پێش بێت، ئیدی چۆن بە نەفسێکەوە داوەری بکات کە ئەسڵەن هەر لەسەر تیژی و

(١) أحمد (٤/٣٩١) (١٩٤٩٢).

تووڕەیی و هەڵچوونی بەردەوام ڕسکێنراوە، مەگەر ئەو زانستە لەپێناو فێرکاری و وتنەوەدا وەربگیرێت نەوەک بۆ کارپێکردن؟!

وێنەی ئەوەش ئەو نەفسانەی کە تامەزرۆیی و چاوتێبڕی و بەدوواچوونی خاتر و پێگەیان زیاد لێ دەبینرێت، هەمیشە ڕێگەکانی بەدەستهێنانی دەگرنەبەر و خۆی لێ لانادەن ئەگەر بە پەڵپ و پاساوهێنانەوەش بێت، دەشێت بەرتیل وەربگرن و لە کەسانێک خۆ نزیک بکەنەوە ئەگەر بە وتنی ناهەقی و کارپێکردنیشی بووبێت. هەندێکیش لە نەفسەکان نەرم و لاوازن، بۆ ئەوە ناشێن زانستێک بزانن کە لەسەریان قورسە و جێبەجێکردن یاخود کارپێکردنی سەختە بۆیان، وەک ئەوەی هەندێک لەم نەفسانە فێری زانستگەلێک بکرێن کە لەگەڵ سروشتیاندا ناگونجێت، لە وێنەی هەندێک لە زانستەکانی پزیشکی وەک تۆیکاری و چاندنی ئەندامەکان، یاخود بخرێنە ناوەند و بەرەکانی تەمبێکردنی تاوانکاران و ناکۆکی و جەنگەکانەوە، ئەگەریش ئازار و ئاستەنگێکیان لە ڕێگەی ئەو کارەیانەوە تووش بێت، دەشکێن و دەروونیان لێی دەڕووخێت، دەبینیتیش زیانیان لەپاش داڕووخان و کشانەوەیانەوە گەورەتر بێت لە سوودیان وەختێک سەرەتا بەڕێوەیان دەبرد و هێشتا کار لە کار نەترازابوو.

لە وەحیشدا ڕەچاوکردنی سروشتە نەفسییەکان هاتووە لە وەختی دابەزاندنی تەکلیف-ڕاسپاردن لە زانست و کارپێکردندا، تەنانەت ئەگەر عەقڵەکانیش لە خۆیاندا یەکسان بن، بەڵام چونکە نەفسەکان کاریان تێ دەکەن، ئەنجامەکان جیاواز دەبن، لێرەوەیە کە ڕاسپاردە و ئەرکەکانی ئافرەت لەوانەی پیاو جیاوازن، لە جۆری ئەو زانست و کارانەی کە بۆیان گونجاون و گرینگییێدانیان داگیر دەکەن، هەندێک وا دەزانن کە زیرەکی و بلیمەتی ئافرەت لە زانستگەلێکدا بە واتای یەکسانبوونی دێت لە هەموو شتێکدا، بەبێ ڕوانین لە کاریگەریی نەفس و سروشتەکانی لەسەر عەقڵ و ئەوەی کە چی لێ دەکات (نەفس لە عەقڵ)، ئەمەش وەک ئەوەی کە چاو لە توانایی و کار وردی ئافرەت بکرێت لە فرمانێکدا و وا بزانرێت لە هەموو فرمانێکدا ئاوهایە، ئەمەش هەرگیز لواو و ڕاست نییە،

نە لە پیاو، نە لە ئافرەتیشدا، بەڵکوو هەر زانستێک -ئیدی وەرگرەکەی پیاو بێت یان ئافرەت- ئەگەر عەقڵ تێیدا لەلایەن نەفسەوە پشتگیری لێ نەکرێت بە مەیل و سروشت، نایبینیت عەقڵ زانستەکە بە شێوەی دروست و تەواوی خۆی وەربگرێت، کەم جاریش رێک دەکەوێت ناوازەیی بنوێنێت تێیدا، با عەقڵ لە زانستگەلی دیکەشدا زیرەک بێت کە نەفس مەیلی لێیان بێت و ناهەمواری سروشتی نەبن.

* ڕەچاوکردنی فێرخوازیش بۆ خۆی و بۆ ئەوەی کە فێری دەبێت

مرۆڤ وەختێک سروشتی نەفسی خۆی دەناسێت، پێویستی بەوە دەبێت کە عەقڵی کۆشش لەگەڵ نەفسیدا بکات و بەڕێوەی بەرێت کاتێک کە زانستەکەی بەپێی سروشتی بەکار دەهێنێت، بۆئەوەی نەفسی نەیقۆزێتەوە لەوەدا کە خۆی پێی خۆشە و واش بزانێت هەقی پێکاوە، بەڵام لە ڕاستیدا نیشانەی بۆ هەوا و مەیلی خۆی گرتووەتەوە و ئەوی پێکاوە.

نەفسیش دەشێت عەقڵ ئاڕاستە بکات تەنانەت لە زانستیشدا، کە لەوانەیە وای لێ بکات حەز بکات و دەستبەرێت یان بسڵەمێتەوە و دەست بگرێتەوە، دەکرێت وای لێ بکات کەم بەرێت یاخود زۆر، وای لێ بکات زانستێک بخاتە پێش زانستێکی دیکەوە، چونکە زانستی بژاردە و دڵخواز بەلای ئەوەوە، ئەوەیە کە ئارەزوو و مەرام و تەماگەلێکی تایبەتی خۆی بۆ دەهێنێتە دی، ئاوا حەزی پێ کردووە، نەک بەوە ویستی سوودگەیاندن بێت بە جگە لە خۆی لەو زانستەیدا یاخود بییەوێت خزمەت و نوێکارییەکی تێدا ئەنجام بدات، کاتێکیش لە هەڵبژاردندا عەقڵ ئامادە نەبێت، نەفس دەیکاتە ژێردەستەی خۆی و چێوەداری دەکات تەنانەت لەو زانستەشدا کە دەچێتە ناوییەوە (ناو عەقڵەوە).

ئەگەریش سروشتی نەفس مەیلی بەلای پشوو و ڕابواردن و گاڵتەوگەپەوە بوو، ئارامگرتنی لەسەر زانست کەم دەبێتەوە، چونکە زانست قورسە و پێویستی بە تێکۆشان و بێبەشکردنی نەفس هەیە لە زۆرێک لە حەز و ئارەزووەکانی،

هەربۆیە کەمجار و بەدەگمەن دەبینرێت نەفسێک کە بە سروشتی مەیلی لەسەر پشوودان و سستی و تەمبەڵی و حەزکردن بە یاری و گەپ بێت، دەستی بگات بە زانست و باڵادەست بێت تێیدا، مەگەر بە تێکۆشان و هەوڵدان لەگەڵ ئەم سروشتە و بەزاندنیدا.

دەشێت هەندێک لەو نەفسانەی کە لەسەر تووندی و ڕەقی بارهاتوون، مەیلیان لەسەر ئەو زانستە بێت کە بەو نەفسە دەخوات و هاوئاوازییەتی و لەگەڵ تیژی و تووندییەکەیدا دێتەوە، وەک چۆن هەندێکیش هەر لەو جۆرە نەفسانە حەز بەو زانستە دەکەن کە ڕێگەیان دەدات ئەو سروشتەیان بەدەربخەن و بیخەنە کارەوە و بە ئەرخەیانی (و بەبێ ئازاری ویژدان) پەیڕەوی لێ بکەن، ئیدی تامەزرۆی ئەو بەڵگانەن کە باس دەکات لە تۆڵەکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی هەق بە هەق و سزادانی هەڵەکار و ڕەتاندن و شکاندنی و تەنیا بەڵگەی ئەمە وەردەگرن و حەزیان بە بەرانبەر و دژەکانی نییە، بە هەمان شێوە هەندێک لەو نەفسانەی کە لەسەر حەسانەوە و خۆشگوزەرانی و نەرم و ناسکی و لاوازی بارهاتوون، تامەزرۆ و چاولەدووی بەڵگەکانی ئاشتەوایی و بێزیانی و لێبوردەیی و بەخشین و چاوپۆشین، حەزیان بە بەڵگە دژەکانی نییە، سەرجەم ئەم نەفسانەش پێویستییان بە تێکۆشان و هەوڵ هەیە تاکوو میانڕەو و هاوسەنگ ببنەوە.

هەروەک سروشتەکان کار دەکەنە سەر زانست و جۆر و ئەندازەی، حەزەکانیش بە هەمان شێوە، ئەوانیش کاریگەرییان بەهێزترە، تەنانەت هەندێک لە نەفسەکان زانست و ئەوەی کە لە زانستی دەردێنن و بژاری دەکەن، دەیکەنە ئامڕاز بۆ گەیشتن بە بەدیهاتنی حەزەکانیان، لە بەڵگەکانی ناو زانست تەنیا ئەوە دەخەنە ڕوو، بەوە هەرچییەک کە حەزیان لێی بێت هەڵیدەبژێرن و دەیپاڵێون، وەک چۆن کەسێک کە خواردن دەخوات بە چیلکە یان چەتاڵێک ئەوەی دەیەوێت هەڵیدەگرێت، ئاوا ئەمیش زانست دەکاتە ئامڕاز وەک ئامڕازێکی خواردنی سەر سفرە، هەربۆیە ئەم جۆرە لە نەفسەکان تووشی

دژیەکی و شێواوی دێنەوە، ئەمڕۆ شتێک دەڵێن کە بەیانی نایڵێن، خەڵکیش کە ئەوە دەبینن بە دژیەکی وەسف دەکەن، بەڵام لە ڕاستی و ناوەڕۆکدا دژیەک نین، چونکە ئامانجیان لە هەموو حاڵێکدا هەر یەکە، زانستیش لەلایان بریتییە لە ئامرازێک بۆ دەستپێگەیشتن و گرتنی ئەو ئامانجە، نەک ئامانج بێت وەک خەڵک وا گومانی باشیان پێ بردوون.

* کاریگەریی سروشتە نەفسییەکانیش لەسەر سزا و پاداشتی هەڵەکار

پاداشت و سزا بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانج هاتوون:

ئامانجی یەکەم[1]: پارێزگاریکردن لەو باشییەی کە لە نەفسەکاندا هەیە و زیادکردنی، هەروەها لادانی خراپەیەک کە تێیدایە یاخود کەمکردنەوەی، با عەقڵەکانیش لە ڕووی درک و فامەوە یەکسان بن و خەڵکیش لە ڕووی موکەللەفی-ڕاسپێردراوییەتییەوە یەکسان بن، هێشتا پاداشتدانەوە لەسەر چاکەکانی ڕووالّەتیان و سزادان لەسەر خراپەکانی ڕووالّەتیان؛ پێویستە تێیدا ڕەچاوی پاڵنەرەکانی ناو نەفسەکان بکرێت لەو کارە چاک و خراپانەدا، هەروەها ئەندازەی کارتێکردنی ئەو پاڵنەرانەش لەسەر عەقڵ و هەڵبژاردن و ویستیان، جا ئەگەر نەفسەکان کاریگەری تونديان لەسەر عەقڵ هەبوو، بە سروشت و حەز و مەیل و حاڵەکانیان، ئەو کات سزای سەر هەڵەکار سووکتر دەبێت، ئەوەش چونکە عەقڵ هەڵبژاردنی تەواوی نەبووە، ئەگەریش نەفسەکان جێگیر و هێدی بوون، یاخود کاریگەرییان لەسەر عەقڵ لاواز بوو، ئەو کات سزا سەختتر دەبێت، چونکە (عەقڵ) بەبێ کارتێکەر بڕیاری داوە، هەڵبژاردنی بۆ خراپە بەڵگەیە لەسەر لاوازی حەزکردنی بە چاکە و لاوازی ئیمانی، ئەگەری گەڕانەوەشی بۆ خراپە لەچاو کەسانی دیکەدا زۆر گەورە و زیاترە، لەبەر بوونی پاڵنەری نەفسی بەهێز تێیدا.

ئەمەش وەک ئەوەی وەختێک مرۆڤێکی دەوڵەمەند پارەیەکی کەم و بێنرخ دەدزێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر زۆر سووک و چرووکی و لاوازی نەفسی و

---

(١) ئامانجی دووهەم دەکەوێتە بابەتی دوای ئەمەوە (لا؟).

ئەوەشی کە قایلییەتی و مەزەندەی عەقڵی گرفتی تێدایە لە هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە، نموونەی ئەم کەسە شایەنی سزایەکی تەعزیری١ زۆر توندترە لەچاو جگە لە خۆی لە کەسانی هەژار و خاوەن پێویستی، بەڵام دزیکردنی هەژارێک، خۆ هەژاربیەکەی سزای دزیکردنەکەی لەسەر هەڵناگرێت، بەڵام ئەگەر تەعزیری بوو لەسەری سووک دەکرێت، لەوانەشە هەژاربیەکەی زۆر و ناهەموار بێت، وەک برسییەکی بەلاداکەوتوو کە خواردن بدزێت، پاڵنەری ئەم بۆ کردنی خراپەکە زۆرجار بەهۆی پێویستی و دژواربیەوەیە و هەڵبژاردنی عەقڵی لێ بزر دەبێت، تەنانەت دەشێت تەواوی سزاکەی لەسەر لابدرێت.

هەژاری پلەنزمی نەزانیش وەختێک لووتبەرزی دەکات، لە نەفسیدا هیچ یەکێک لە پاڵنەرەکانی لووتبەرزی نین، لە سامان و پێگە و زانست، جا پاڵنەرە نەفسییەکانی بۆ لووتبەرزی لاوازن یاخود ئەسڵەن بوونیان نییە، بەڵام باوەڕ و قایلییەتیی عەقڵی بە بابەتەکە زۆر لاواز و شێواوە، سا شایەنی تۆراندنێکە لەسەر ئەو لووتبەرزییە زیاتر لە کەسانێک کە پاڵنەری نەفسییان بۆ لووتبەرزی هەیە لە خاوەن زانست، یان پارە، یاخود پێگەکان.

پیری گەورەسااڵیش ئەگەر تووشی زینا هات، جیاوازی هەیە لە تووشبوونی گەنجێک پێی، چونکە پاڵنەرەکانی حەزی نەفس لە گەنجدا بەهێز و تیژترن لەو پاڵنەرانە لە پیردا، ئەو پیرەمێردە نەکەوتووەتە زیناوە مەگەر لەبەر زۆر لاوازی باوەڕ و زۆر لاوازی قایلبوونی بە قێزەونی کارەکەی، سا شایەنی تەمبێکاری و تۆراندنێکە توندنتر لە خەڵکانی دی.

دەسەڵاتداریش وەختێک پێی هێزی لە دەوڵەتەکەیدا چەسپا، پێویستی نابێت بە درۆکردن لەگەڵ خەڵکدا بۆ ئەوەی کەمەندکێشی ئەو ببن و لە شەڕیان پارێزراو بێت، چونکە لە بنەڕەتدا دەبێت لێیان نەترسێت، کاتێک کە بەڵێنیان پێ دەدات و درۆ دەکات، یاخود هەواڵی درۆ و بێبنەما دەدات بە گوێیاندا، خۆ پاڵنەرەکانی درۆکردن -بۆ کەسێک کە درۆ دەکات- فرە چەشنن،

گرنگترینیان دەستخستنی بەرژەوەندی و لادانی زیانە، ئەم پاڵنەرانەش لە نەفسی ئەم دەسەڵاتدارەدا لاوازن، لەبەرانبەریشدا کاریگەرییان لەسەر خەڵک گەورە و بەرفراوانە، هەربۆیە دروکردنی ئەو تاوانی زۆر گەورەترە لە کەسانی دی، سەرکۆنە و لۆمەیەک کە ئەم شایەنییەتی زۆر زیاترە لەوەی دروکارێکی دیکە شایانییەتی کە ئەو بەرژەوەندییەکی دەوێت یاخود لە زیانێک دەترسێت.

سەبارەت بەم سیانەش فەرموودەکە هاتووە: " ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلَا يُزَكِّيهِمْ - قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ: وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ - وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: شَيْخٌ زَانٍ، وَمَلِكٌ كَذَّابٌ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ ".[1] واتا: «سیان هەن کە پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا نە لەگەڵیان دەدوێت، نە پاکیان دەکاتەوە، نە لێیان دەڕوانێت، سزایەکی بەئێشیشیان بۆ هەیە: پیرێکی زیناکار، پادشایەکی درۆزن و لاتێکی[2] لووتبەرز.»

* پاڵنەرەکانی نەفس و کاریگەرییان لەسەر پاداشت و سزا

پێویستە لە کاتی سزادانیشدا لەسەر هەڵەیەکی دیار کە شایەنی سزایە؛ تەماشای پاڵنەرەکانی نەفس و کاریگەرییان لەسەر عەقڵی کەسی هەڵەکار بکرێت، جا ئەگەر بەهێز بوو، سزای سووکتر دەبێت، ئەگەریش پاڵنەرەکانی نەفس و کارتێکەرییان لەسەر عەقڵ لاواز بوو، سزاکەی بەهێزتر دەبێت، سەرجەم هەڵەکاران لە سزادا یەکسان نین با هەڵەکانیشیان لە ڕووالەتدا یەکسان بێت، سەرجەم چاکەکارانیش لە پاداشتدا یەکسان نین با پێکان و چاکەشیان لە ڕووالەتدا لێکچوو بێت، ئەمەش ناهەمواری لەگەڵ ئەوەدا نییە کە خەڵک یەکسانن، چونکە ڕووانین لە خەڵک بەپێی ئەم ڕەچاوکارییانە وا دەکات کە بەڕاستی یەکسان بکرێنەوە لە شوێنەواری سزا و پاداشتدا لەسەریان، با لە جۆر و ئەندازەی پاداشت و سزاکەشدا وەک یەک نەبن، کە پاداشت و سزا وەک لەبەرکردنی پۆشاک وان، خەڵک تێیدا جیاوازن لە درێژی و پانییان و جۆری پێویستییەکەیان لە گەرما، یان سەرما، یاخود داپۆشینی عەورەت،

---

(١) مسلم (١٠٧).

(٢) لات: هەژار

مافیان لە یەکسانبووندا بەوەیە کە پێویستی هەر یەکێکیان ڕەچاو بکرێت و پڕ بکرێتەوە، ئەگەر کاری هەمووان بەڕێ کرا ئەوا یەکسانبوون هاتووەتە جێ، بەڵام ئەگەر باڵابەرزێکیان هێندەی پەنجەیەک بەرگەکەی کورت بێت، بەڵام کورتێکیان تەواو و بێکەموکوڕی بێت، ئەوا یەکسانی نەهاتووەتە دی، بەڵکوو باڵابەرزەکە ستەملێکراو و مافخوراوە با ئەو جلەشی کە لەبەری دایە درێژتر بێت لەوەی کە لەبەر ئەوانی دیکەدایە، چونکە ئەوەی کە لەبەرچاو دەگیرێت قەبارەی ئەو بەشە نییە کە بردوویەتێ، بەڵکوو پڕبوونەوەی پێویستییەکەیەتی، یەکسانی لێرەدا لە هاتنەجێی پێویستییەکان دایە نەک لە ئەندازەدا، دەشێت لە ئەندازەدا یەکسان بن و لە پێویستیدا ستەملێکراو بن، نەهاتنەدی یەکسانیی ڕەها لە پاداشت و سزای ڕووداڵەتی پێشچاودا، لە ڕاستیدا یەکسانییەکی ڕێژەییە کە بریتییە لە دادپەروەری، چونکە لەبەرچاوگرتنی شتێکی تێدایە لە پاڵنەرە نەفسییەکان کە لە ناوەڕۆکدا تێیدا جیاوازن، سا کە پاڵنەرەکانیان جیاواز بوو، مافەکانیشیان جیاواز دەبێت. خۆ ئەگەر پاڵنەرە نەفسییەکانیان نەزانراو بوو، ئەو کات سەرجەمیان دەگەڕێنەوە سەر بنچینەکە، کە یەکسانبوونیانە لە پاداشت و سزادا.

لەبەرچاوگرتن و خوێندنەوەی پاڵنەرە ناوەڕۆکییەکان حوکمێکی خوداییە لە پاداشت و سزادا، چونکە لە خودایەتی خوداشە کە زانستی بە شاراوەی ناو دڵان هەیە، ئەژمار و کاری ئەو لەسەر ئەوەیە، بەڵام مرۆڤەکان نەزانن بە ناو دڵان بەڵام پاڵپشتییە دەرەکی و دیارەکان لەبەرچاو دەگرن، وەک سزای پیری زیناکار لەسەر تاوانەکەی، با ئەگەری ئەوەش هەبێت کە هەندێک لە بەتەمەنان ئارەزوویان لە هی لاوان بەهێزتر بێت، ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، سا حاڵەتی ئاسایی و زۆرینە وەردەگیرێت با گریمانەی ئەوەش هەبێت کە دادوەر تووشی هەڵە بێت تێیدا، بەڵام ئیدی ئەوە هەڵەیەکی بووراوە.

ئامانجی دووەم: پاراستنی نەفسەکان و هێشتنەوەیان، بە سزادانیان زیانێکیان تووش نەیەت کە گەورەتر بێت لەو خراپەیەی کە لادراوە لێیان،

پاداشتیشیان هۆکار نەبێت بۆ نەمانی چاکەیەک زیاتر لەوەی کە پاداشت دراونەتەوە لەسەری. هەموو هەڵەیەکیش سزای لەسەر نادرێت و هەموو پێکانێکیش پاداشتی لەسەر نادرێت، ئەوەش بەم شێوەیە:

وەکوو هەڵەکە: چونکە هەر حەرامکراوێک هەتا ئاستی سزادان نابردرێت، پەروەردگار لە نەفسەکاندا ڕووبەرێکی داناوە بۆ کارکردن بەبێ هیچ سزایەکی دونیایی، چونکە دابەزاندنی سزا بۆ سەر هەر هەڵە و حەرامکراوێک لە وتە و کردار؛ نەفسە سزادراوەکان بەرانبەر بە کەسی سزادەر تێک دەدات و لێکیان دەکات، هەروەها بەرانبەر بەو تەشریعەشی کە بووەتە بنچینە و هۆکاری سزادانی، ئەمەش لەگەڵ بنچینەی ناتەواوییەتیی مرۆڤدا ناهەمواری هەیە، نەفس ئەگەر لەسەر هەر هەڵەیەک سزا بدرێت، خراپکردنی لە چاککردنی زیاتر دەبێت هەرچەندی سزادەر واش بزانێت چاکسازی کردووە، ئەو هەڵە و حەرامکراوانەشی کە لە شەریعەتدا سزایان لەسەر نەهاتووە زیاترن لەو هەڵە و حەرامکراوانەی کە سزایان لەسەر هاتووە، بەڵکوو چەند قاتیش لەوان زیاترن.

زۆرینەی ئەو هەڵانەشی کە سزایان لەسەر هاتووە، حەرامکراوە تێپەڕەکانن، کە پەیوەندی بە هەڵەکردن و حەرامئەنجامدانێکی مرۆڤەوە هەیە لە مافی ئەوانی دیکەدا، زۆربەی ئەوانەشی سزایان لەسەر نەهاتووە، لە هەڵە و حەرامکراوە تێنەپەڕەکانن کە لە خودی مرۆڤدان و ناچنە سنووری ئەوانی دیکەوە، هەشیانە کە پەیوەستبوونی بە مافی کەسانی دیکەوە لاوازە، جا سزایەکی دونیایی لەسەر دانانرێت، وەک غەیبەت و ڕووانینی حەرام بەبێ سیخوڕیکردن و لووتبەرزی و ئەوەشی کە تایبەتە بە خودی مرۆڤەوە ئەندازەیەکی زۆر گەورەیە لە کرداری حەرامکراوە تێنەپەڕەکان کە بەسەر سنووری ئەوانی دیکەدا ناچن.

* هەڵەیەتیی سزادان لەسەر هەر خراپە و هەڵەیەک و پاداشتدان لەسەر هەر چاکە و پێکانێک

لە ژیان و گوفتار و ڕەفتاری دونیاییی خەڵکدا، دەکرێت هەندێک لە نەفسە

تونده‌کان یاخود ته‌نگ و لووتبه‌رزه‌کان حەز بکەن که لەسەر هەر حەرامکراوێک سزا دابنێن، به به‌ڵگه‌ی ئەوەی که توخنکەوتنی هەر حەرامکراوێک شایەنی ته‌مبێله‌سەرکردن و تۆراندنە، ئەو کات هەر حەرامێک لەبەرانبەریدا سزایەک هەیە، هەروەها (دەیانەوێت) هەر هەڵەیەک سزای لەسەر هەبێت، ئەمەش لە نەفسی هەندێک لە دادوەران و زۆردارانداە دەبینرێت و وەهمیشیان وایە کە ئەوە پاراستن و ڕاگیرکردنە بۆ تەکووزی[1] و دەوڵەتان، خۆ هێندەی کە پەروەردگار ئایینی خۆی ڕێکوپێک و ڕاگیرکردووە، ئەوان دەوڵەتەکانی خۆیانیان وا بۆ ڕاگیر ناکرێت، بەڵکوو ئەندازەی ئەو باشییەی کە لە نەفسی هەڵەکاراندا دەریدێنن و دەیفەوتێنن و ئەو خراپەیەی تێیدا دەیچێنن؛ زیاترە لە ئەندازەی ئەوەی کە وا دەزانن لایانداوە لە خراپە و چاندوویانە لە چاکە.

بێ شک -لە وەختی سزادانیشدا لەسەر حەرامکراو و هەڵەکان- دەبێت تەماشای نەفسی کەسی هەڵەکار و ئەندازەی شوێنەواری پاداشت و سزا لەسەری بکرێت، خۆ هەر پێکان و چاکەیەک پاداشتی لەسەر نییە، ئەوەش بۆ ئەوەی کە پاڵنەری فیترەت و خۆڕسکییەتی بۆ چاکە بمێنێتەوە و فێری ئەوە نەبێت کە ئەگەر کاری چاکە خەڵاتی لەسەر بوو بیکات وەگەرنا نا. هەر هەڵەیەکیش سزای لەسەر نادرێت ئەگەر سزاکەش بەڕاستی لایدەدا، چونکە لاچوونی ڕووالەت (ی خراپەکە) بەس نییە لە کاتێکدا کە دەروونەکە ئازاری خواردبێت و شکابێت بە جۆرێک کە لەگەڵ لاچوونی ڕووالەتەکە ڕێک نابێتەوە، ڕووانینی عەقڵ و پشکنینی بۆ حاڵەتەکانی نەفس بەر لە ئەژمارکردن و بڕیاردان لەسەری، زۆر پێویستە، هەندێک لە نەفسەکان هەن کە بێئاگایی نواندن لێیان، لێزانی و ژیرییە، یەک لە دانایان گوتوویەتی: "بۆ ژیر ناشێت کە شمشێری دەستی لە هەر شتێک بووەشێنێت."[2]

عەقڵە سەنگینەکان ئەوانەن کە هەڵەکان درک پێ دەکەن و دەیناسنەوە و

---

(١) تەکووزی: سیستەم.

(٢) العقل وفضله (ص٤٦).

پاشانیش ئەوەی کە چاوپۆشی بۆ گونجاوە جیای دەکەنەوە و خۆی لێ لادەدەن، کە هەندێک لە گرفتەکان چارەسەریان چاوپۆشین و خۆلێبواردنە، بۆ ئەوەی ئازاری نەفسەکان نەدرێت و ئەوانیش لە لووتبەرزی و مکووڕییەوە دووبارەی بکەنەوە، یەک لە دانایان عاقڵی بەوە پێناسە دەکرد کە ژیری بێئاگانوێنە[1].[2]

ئەو نەفسەشی کە سزا بدرێت لەسەر شتێک کە شایەنی سزادان نییە، ئەوە لادانێک لە سروشتیدا دەچێنێت، ئەوجا لەبری ئەوەی هێدی و نەرم بێتەوە، تیژ و توند دەبێتەوە و پریشکی کینە و دوژمنکاری دەهاوێت، خراپەیەکی لێ دەوەشێتەوە لە تۆڵەکردنەوەدا زیاد لەو خراپەیەی کە پێشتر تێیدا بوو، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە حاڵەتێکی بەسەردا هاتووە لە ترس یان خەفەتێکی گەورە، بەهۆی زەبر و قورساییشییەوە نەکراوە وەک حاڵەتێکی سەرپێیی و سەلامەت تێپەڕ بێت، بەڵکوو هەر ماوەتەوە و سەری ناوەتە سەر سروشتەکە هەتا ئەوەی کە لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە، سروشتی نەفسیش قورسە، بە حاڵەتگەلێکی سەخت نەبێت ناگۆڕێت، خۆ خودی سزاکە نییە کە حاڵەتێکی ئاوا بەردەوام و بەهێز لە نەفسدا بەرپا دەکات، بەڵام وەختێک کە لەسەر شتێک سزا دەدرێت کە ئەو پێی وایە شایەنی سزادان نییە ئەو کات ئەمە دەقۆمێت، نەفس کاتێک هەڵەیەکی زلە و زەبەلاح دەکات و ئەوجا سزا دەدرێت لەسەری، نایبینیت حاڵەتێکی ئاوا قورسی بەسەردا بێت کە سروشتی تێک بدات، بەڵام ئەگەر شتێک بکات کە خۆی پێی وایە هیچ و بێئەرزشە و پاشان سزا بدرێت لەسەری، ئەو حاڵەتە سەختانەی تووش دێت کە دەیشێوێنن، لەوانەشە بەسەر سروشتیدا زاڵ ببن و بیگۆڕن، سا تەنیا سزاکە نییە کە نەفسی گۆڕیوە، بەڵکوو لادانەکە لە دوو لەبەرچاوگیرییەوە سەرچاوەی گرتووە:

یەکەمیان: بە ئەندازەی شکۆ و سەرکەشییەک کە لە نەفسدا هەیە

---

(١) بێئاگانوێن: ئەو کەسەی کە وا لەوانی دیکە دەگەیەنێت کە بێئاگا و خەبەرە سەبارەت بە شتێکی تایبەت.

(٢) العقل وفضله (ص٤٣)، وأدب الدنيا والدين (ص١٨٠)، والآداب الشرعية(١/٣١٠).

سزاکە شوێنەواری لەسەر دادەنێت، تەنانەت لەوانەیە لە سزاگەلێکیشدا کە شایەنیشی بێت، لێرەوەیە کە ڕەچاوی ئەوە کراوە هەڵەی خاوەن شکۆ و پێگەکان ببەخشرێت، لەبەر ئەو سەرکەشی و خودبینییەی کە لە نەفسییاندایە، شوێنەواری سزاکان لەسەریان زۆر زیاترە لەچاو کەسانی دیکە، وەک ئەو حاڵەتانەی کە دێن بەشوێنیدا و سروشتەکانی نەفسیان دەگۆڕێت.

دووهەمیان: ئەندازەی سزاکە و ڕێکهاتنی لەگەڵ ئەو هەڵەیەی کە مرۆڤەکە کردوویەتی، چونکە نەفس ئەگەر کەوتە هەڵەیەکەوە کە بەلای خۆشیەوە گەورەیە و شایەنی سزادانە، ئەو کات زۆرجار حاڵەتە دواهاتەکانی[1] سزاکە کاریگەرییان لەسەر سروشتی نابێت، چونکە نەفس خۆشی قایلە بە گەورەیەتی هەڵەکەی، ئەوەش توندی حاڵەتەکەی لەسەر لادەدات و ناهێڵێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەجێ بهێڵێت.

دیاریکردنی ئەندازەکانی حەرامکراو و هەڵەکان و بەگەورە گرتنی گەورەکان و بەسووکگرتنی بچووک و سووکەکانی؛ پاڵنەرە بۆ گیرساندنەوە و ڕامرکدنی نەفس لەسەر سڵکردنەوە لە تاوانە گەورە و لەناوبەرەکان و ترسان لە مەترسییان، بە جۆرێک کە ئەگەر هاتوو تووشیان هات خۆشی بڕوای بەوە هەبێت کە شایەنی سزادانە لەسەری، کە ئەوەش شوێنەواری حاڵەتەکانی لەسەر سووک دەکات.

* پلە و ئاستی حەرامکراوەکان و چارەسەرکردنیان لە نەفسەکاندا

پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ هەر حەرامکراوێک سزایەکی دیاری نەدەکرد، بگرە تەنانەت سەرزەنشتیشی بەدیاریکراوی ئاڕاستەی هەموو بکەری حەرامێک لەسەر حەرامەکە نەدەکرد، بەڵام بەپێی جۆری هەڵەکە و دۆخی بکەرەکەی و کات و شوێن و کەشی پەیوەندیدار بە کارەکەوە جیاوازی هەبوو، حەرامکراوەکانیشی لەوەدا کردووەتە چەند ئاستێک:

---

(١) دواهات: دەرهاویشتە.

ئاستی یەکەم: حەرامکراو و هەڵەگەلێک کە شایەنی ئەوەن بدرێنە بەر چاکسازیی گشتی لە گوتار و نووسراو و دانیشتنە گشتییەکاندا، بەبێ ئاڕاستەکردنی گوتارێکی تایبەت بۆ تاک بە تاکی بکەرانی، چ جای ئەوەی سزایەکی دونیاییشی لەسەر بێت، ئەوەش یان لەبەر زۆرییەتی و بەربڵاوبوونی لەناو خەڵکیدا، کە ئیدی بەدوواچوونی هەر تاکێک کە دەیکات و یەخەگرتنی لەسەر نەفسی کەسەکە سەختە، بگرە دەشێت دووریشی بخاتەوە، یاخود چونکە لە کرداڕە تێنەپەڕەکانە کە لە سنووری مرۆڤ خۆیدایە و زیان بەوانی دیکە ناگات، بە جۆرێک کە ئاڕاستەکردنی تەمبێ و سەرزەنشتی بۆی ئازاری نەفسی دەدات و زیاتر دەیڕەتێنێت وەک لەوەی نزیک ببێتەوە و وەریبگرێت، سا دەست لە گوتاری تایبەت هەڵدەگیرێت بەرەو گوتاری گشتی.

ئاستی دووەم: حەرامکراوانێک کە شایەنی ئەوەن بکەرەکانیان بە دیاریکراوی نکۆڵییان لێ بکرێت وەختێک توخنی دەکەون، بەبێ سزادانێکی دونیایی، زۆربەی ئەمەش لە گوفتار و ڕەفتارە تێپەڕەکاندایە و تێپەڕینەکەشیان کەمە، دەشێت لە کۆمەڵێک هەڵە و تاوانیشدا بێت کە هەندێک لە نەفسەکان بە نیازی باشەوە دەیکەن و بە ڕاستی دادەنێن، نموونەی ئەو حاڵەتەش کابرا خۆی حەز دەکات بزانێت ڕاستەکە کامەیە ئەگەر هەڵە و نەپێکانەکەشی زۆر بچووک و کەم بێت، جا لێدواندان لەسەر ئەمە و ڕاستکردنەوەی، لەجێی خۆیەتی با هەڵەکەش سنوورشکاندنی ئەوانی دیکەشی تێدا نەبووبێت.

ئاستی سێیەم: حەرامکراوانێک کە شایەنیەتی تاک تاکی بکەرەکانی بە سزایەکی دونیایی سزا بدرێن، ئەمەش لە حەددەکاندا و هەروەها لە هەر پێشێلکارییەک لە ئایین و ماف و خوێنەکاندا، وەک دزی و داگیرکاری و داوێنپیسی و جگە لەوانەش.

هەر یەکێکیش لەم ئاستانە لەناو خودی خۆیدا چەند ئاست و پلەی دیکە هەن، یەک ئاست نین لە ئەندازەی تووندبوون لە ئاڕاستەکردنی تەمبێ و

ڕاستکردنەوەدا بۆ خاوەنەکانیان، جا وەک چۆن حەرامکراوە سزاییەکانیش لە ئاستی سزادا یەک نین، ئەوانەشی کە سزایان بۆ دیارینەکراوە دیسان جیاوازن لە پلەی ئاڕاستەکردنی سەرزەنشتیدا.

دەگونجێتیش وەرگرتنی گوتاری تایبەت لە کەسێکدا هەبێت و لە یەکێکی دیکەدا نا، بەپێی نەفسەکان، هەندێک لە نەفسەکان قسە و ئاڕاستەکاری لە خەڵکانی سەروو خۆیانەوە وەردەگرن وەک پادشایان و وەزیر و کاربەدەستانیان، بەڵام لە کەسانی هاوتای خۆیانی وەرناگرن.

دەگونجێت ئەو حەرامکراوانە بەپێی کات و شار و وڵاتان و کەسەکانیش دیسان جیاواز بن، ڕۆژگارێک کە تاوانە گەورەکان تێیدا بەربڵاو و ئاشکران، دەبێت سەرزەنشتی توند لە گوناهە بچووکەکان لابدرێت یاخود ئەسڵەن بێدەنگییان لێ بکرێت هەتا وادەیەک، بەبێ شەرعاندن و حەڵاڵکردنیان، ئەوەش چونکە نەفسی خەڵکانی ئەو ڕۆژگارە یان ئەو شارە گوتارێک کە قسە لەسەر گوناهە بچووکەکان بکات تێکیان دەدات و دەیانڕەتێنێت، چونکە ئەوان فێری لەوە خراپتریش بوون و پێداگریشن لەسەری، ئەمە لە ناو نەفسەکانیشدا هەیە، نەفسی کەسێک کە نوقمی تاوانە گەورەکان بووبێت وەک نەفسی یەکێکی دیکە نییە کە لە گچکەکانیش دەسڵەمێتەوە.

نەمانی سزا و تایبەتکردنی گوتار لەو دۆخانەدا؛ مانای ئەوە نییە کە دروستە ڕوونکردنەوەی گشتی ناو گوتارە گشتییەکانیش هەڵبگرێت، وەگەرنا هەق و ڕاستییان لێ بزر دەبێت، چونکە خەڵک ئەگەر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وازیان لێ بهێنرێت بەبێ ئەو ڕوونکردنەوە و ئاڕاستەکردنە (گشتییەکان)، لەو ڕەفتارانەیاندا نغرۆ و نیشتەجێ دەبن و دواتریش لێیان دەبێتە کاری ڕاست و باش.

هەروەها جگە لە نەفسی خودی هەڵەکار، بێ شک کە دەبێت ڕەچاوی شوێنەواری سزا و پاداشت لەسەر نەفسەکانی دیکەشدا بکرێت، وەک خانەوادە

و خزمانی و نەفسە پەیوەندیدارەکانی دیکەش بە کەسی هەڵەکارەوە، جا ئەگەر ئەندازەی کاریگەربوونی بە سزاکە زیانەکەی گەورەتر بوو لە مانەوەی نەفس لەسەر هەڵەکە، ئەو کات سزادانی ستایشکراو نابێت. مەڕڕووذی پرسیاری لە پێشەوا ئەحمەد کرد سەبارەت بە کۆمەڵێک لە هاوەڵانی بیدعە کە خەڵکیان ئازاردەدا و لە ئایین دەیانکردنە دەرەوە، ئەویش (ئەحمەد) فەرمووی: "ئێوە ئازاری ئەوان مەدەن و مەچنە ڕێگەیان." مەڕڕووذیش گوتی: "چ کێشەیەک لەوەدا دەبینیت کە بخرێنە زیندانەوە؟!" فەرمووی: "دایک و خوشکیان بەسەرەوەیە!"[1]

نەفسێکیش کە لەسەر توندی ڕسکابێت، یان تەنگی و تیژی، یاخود لووتبەرزی؛ ناڕوانێتە بازنەی شوێنەوارداناتی سزاکە، بەڵکوو لە سزادانی هەڵەکار تەنیا ئەوەی دەوێت کە دڵی خۆی ئاو بخواتەوە، چاوی لەسەر جگە لەوە نییە، سینەکانیشی پڕ کردبێت لە هەزار کینە و ڕق و دوژمنایەتیشی ڕووانبێت گوێی پێ نادات، خۆ ئەگەر پێغەمبەران سزای هەر هەڵەکارێکیان لە هەموو حاڵەتێکدا بدایە، دوژمنیان زۆر دەبوو، هەروەها خەڵک لێیان دەڕەتا و دەڕەنجا، کە بەڕاستی لە گەورەترین هۆکارەکانی هێنانەکایەی دووڕوویی بریتییە لە سزادان لەسەر هەموو هەڵەیەک و پاداشتدان لەسەر هەموو پێکانێک.

پاداشتدان و خەڵاتکردن لەسەر هەموو چاکەیەک ئەو نەفسانە پێیان خۆشە کە لەسەر بەخشندەیی و ساویلکەیەتی بارهاتوون، چونکە دەشێت پاداشتدانەوەی کەسێک کە پێکاویەتی تووشی کاریگەری بەخۆسەرسامبوونی بکات و ئەو سروشتەشی کە هەیەتی و بەبێ بەرانبەر و چاوەڕوانی پاداشت مەیلی لە چاکە بووە، لەوەودوا نەیمێنێت و تێک بچێت، یاخود پاداشتدانەوەی کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە دابنێت بە ئیرەیی و ڕکەبەرایەتی و لێکدابڕان، سەرجەم ئەم ڕەچاوکارییانە کارتێکەرن کە دەکرێت وا بکەن پاداشتێک نەدرێت یا لە خودی خۆشیدا ڕاست و تەواو بێت.

---

(١) الآداب الشرعية (١/٢٧٥).

عومەری کوڕی خەطّابیش بیری لەوە کردەوە کە سزای دوورخستنەوە و نامۆکردن[١] لەکار بخات -کە لە خودی خۆیدا سزایەکی شەرعییە- کاتێک کە بینیی دەبێتە هۆکار بۆ پاڵنانی مرۆڤ بۆ خراپەیەکی گەورەتر لەو خراپەیەی کە لەسەری سزا دراوە، کە عومەری کوڕی خەطّاب پیاوێکی لەسەر خواردنەوەی مەی دوورخستەوە، کابراش چوو خۆی گەیاندە ناو خاکی گاورەکان و بوو بە گاور، عومەریش فەرمووی: "ئیتر لە پاش ئەو هیچ موسڵمانێک دوور ناخەمەوە."[٢]

زۆربەی ئەوانەشی کە خەڵک خراپ دەکەن و تێکیان دەدەن ئەوانەن کە وەختێک هەڵەکار سزا دەدەن تەنیا لە هەڵەکردنەکەی دەڕوانن و بەس، کاتێکیش پاداشتی دروستکارێک دەدەنەوە تەنیا لەوە دەڕوانن کە پێکاویەتی و بەس، بەم ڕوانینە کورتهێنەرەش نە نەفسەکان بەڕێوە دەبرێن و نە بارودۆخی خەڵکیشی دەکەوێتە سەرپێ.

* شوێنەواری سروشتە نەفسییەکان لەسەر کردەوە

سروشتە نەفسییەکانی مرۆڤیش کار دەکەنە سەر کردەوەی، ئەوەش چونکە کردەوە بەرهەمی درککردنی عەقڵە، عەقڵیش کاریگەرە بە سروشتی نەفس و مەیل و حاڵەتەکانی، هەر شتێکیش کە عەقڵ دەیزانێت مەرج نییە کە بتوانێت فەرمان بە ئەندامەکان بکات پێی هەستن، وەک نەفسە لاوازەکان کە ئەگەر باوەڕیان وا بێت و بزانیش کە کەسێک دوژمنایەتییان دەکات، هێشتا بێتوانان لە ئاست تۆڵەکردنەوە لێی، با ئامرازە هەستییەکانی توانایشیان هەبێت، دەشێت ئەو بێتوانایەشیان بەرەو داڕووخانیان بەرێت، جا نە ئەوەیە بتوانێت داخی ئەو ستەمەی کە لێی کراوە لە دڵی دەربچێت، نە ئەوەشە بتوانێت تۆڵەکەی وەربگرێتەوە، لەبەرانبەریشیدا نەفسە توند و تیژ و ڕەقەکان هەن، کە ڕێگەی

---

(١) نامۆکردن"التغريب": هەر ناوی ئەم سزایەیە، وەختی یەکێک دووردەخەنەوە ئیدی لەو جێگا نوێیەدا کەسێکی نامۆیە.وەرگێڕ

(٢) النسائي (٥٦٧٦).

ئەوە لە عەقڵ دەگرن بڕوانێتە سەرەنجام و دواهاتەکان و درک بە بەرژەوەندی و زیانە دوورمەوداکان بکات، وەک چۆن لە خەواریجدا، کە سروشتیان پەردەی بەسەر بیناییاندا داوە لە ئاست بینینی بەرژەوەندییەکان، هەتا ئەوەی کە ئەمە بووەتە وەسفی هەمیشە و هەردەمیان لەلای زانایان، ئیدی چاکەگەلێکی نزیک دەکەن، کە زیانگەلێکی دوور بەدوویدا دێت و وێرانی دەکات، مانەوەی زیانەکانیش درێژماوەترە لە مانەوەی بەرژەوەندییەکان.

نەفسی پەلەکاریش: هەر خێرا و زوو لە زۆر ڕوانین و بیرکردنەوە لە کارەکان وەڕەز دەبێت، بە هەمان شێوە خێراش لە هاودەمێتیکردن و ژیان لەگەڵ حاڵەتێکدا بێزار دەبێت، ئەمیش زۆرجار کات بۆ تێفکران و لێڕامان بە عەقڵ نادات، جا پەلەی لێ دەکات بۆ بڕیاردان و کارکردن، ئیدی نەفس کارتێکەرە لە تەواو درکنەکردن و پەیێنەبردنی عەقڵ بە کارەکان، جا بڕیاری ناتەواو دەدات و کاریشی پێ دەکات، سەختی سەرەنجامەکەش دەکەوێتەوە سەر ئەو ئەگەرەی کە ئەو نەفسانە پێشەوایەتییەک بکەن و شوێنکەوتەیان هەبێت، ئەمانە ئیتر خۆشیان و جگە لە خۆشیان بە ئەندازەی کەمتەرخەمی و سەرکێشیکردنیان لە کارە مەزنەکاندا تێدا دەبەن، دانایی ئەوەیە کە عەقڵەکان ئەو نەفسانە بەڕێوە بەرن و فێری هێوری و لێوەستان و خۆپارێزییان بکەن، ئەمەش پێویستی بە تێکۆشان و ئارامگری هەیە، چونکە لەو ئاشووب و تاقیکردنەوانە ئەژمار دەکرێت کە کەسی دووچاربوو پێی، لەسەری پاداشت دەدرێتەوە، بە ئەندازەی کەمتەرخەمیکردن و زانینیشی بەوەی کە کەمتەرخەمی هەیە لە هەوڵداندا، سزا دەدرێت، چونکە ئەوەی کە لەپێناو تێر تێفکران و وردبوونەوە و کارقایمیدا دێتە ڕێی، ئەو نەفسانە لە ئارامگری و ململانێ (ی دەروونی)؛ هێشتا لەسەری سووکترە لەو کارەساتانەی کە دواتر یەخەی خۆی و ئەوانی دیکەش دەگرن لە ئەنجامی هەڵەشەیەتی و پەلەپەلکردنی لە بڕیاردان و کارپێکردندا، عەقڵەکانیش چەندی زیاتر شوێنکەوتوویان لەناو خەڵکدا هەبێت، پێویستیان بە پرس و ڕاوێژ زیاترە بەراورد بەوانی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو نەفسانە هەر بە عەقڵی خاوەنەکانیان

(لە ڕێگەی ڕاوێژپێکردنیانەوە) ببرێن بەڕێوە و ئیدی هاوسەنگی وەربگرن و داوەری بکەن و ئەوجا لەسەرخۆیانەش کار بکەن.

* گونجانی سروشتی نەفس لەگەڵ کاری دروستدا

سروشتەکانی نەفس دەشێت لەگەڵ کارگەلێکی ڕاست و دروستدا بگونجێن، ئەو کات نەفس زۆر بەتوندی مەیلی لێی دەبێت، لەبەر کۆبوونەوەی سروشت و چاکی کارەکەش، ئەم گونجان و پێکخواردنەش بە دەستگیرۆیی و میهری خودایی دادەنرێت، بەڵام عەقڵ لەسەریەتی لەگەڵ نەفسدا تێ بکۆشێت بۆ ئەوەی ڕاستاڵ و نییەتپاک بێت لەو کردەوەیەدا با مەیل و حەزیشی لەسەری بێت، چونکە دەکرێت هەندێک لە نەفسەکان لەسەر سستی و تەمبەڵی بارهاتبن، جا گۆشەگیری هەڵدەبژێرن بەسەر ئەو نشینگە و دیدەنییانەدا کە پڕوپووچی و خراپەی تێدایە، ئەم نەفسانە خۆ هەوڵیان لەگەڵ خۆیاندا نەداوە بۆ هەڵبژاردنی دووڕەڕێزی و گۆشەگیری، چونکە هەر لە سروشتیاندا هەیە و هاوئاهەنگییەتی، وەک لە بەرانبەریشیدا هەندێک لەو نەفسانە هەن کە حەزیان بە کۆبوونەوە و دیدار و تێکەڵیکردنی خەڵکییە، خۆ تەنیا بەوە ناوترێت کە ئەوانە حەزیان لە خۆدەرخستنە، چونکە دەگونجێت ئەم سروشتەیان کردەوەگەلی وەهای بێتە سەر ڕێ کە دەرکەوتن و پێگەداربوونیان تێیدا ستایشکراو بێت، هەردوو سروشتەکەش پێویستی بە هەوڵدانی عەقڵ هەیە لەگەڵ نەفسدا بەو ئەندازەیەی کە سروشتەکە لە ئارەزووی نەفس جوێ بکاتەوە، جا بڕە زیادییەکەی لێ لادەبات، بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بێتەوە سەر ڕێکوپێکی و هاوسەنگی، نەک ئەوە بکاتە هۆکار بۆ وازهێنان لە کردەوەکە (کە گونجاوی سروشتی نەفسییەتی)، لە فەرموودەشدا هاتووە: "إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ شِرَّةً ، وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةً، فَإِنْ كَانَ صَاحِبُهَا سَدَّدَ وَقَارَبَ، فَأَرْجُوهُ، وَإِنْ أُشِيرَ إِلَيْهِ بِالْأَصَابِعِ فَلَا تَعُدُّوهُ"[1] واتا: «بەڕاستی کە هەر شتێک توندی و تەوژمێکی هەیە، هەموو توندی و

---

(١) الترمذي(٢٤٥٣).

تەوژمێکیش پچڕان و بڕسکانی خۆی لەدوویە، سا ئەگەر خاوەنەکەی میانڕەوانە لەسەر ڕێگە مایەوە و نزیک بوویەوە، ئەوە ئومێدم پێی هەیە، ئەگەریش وای لێ هات بە دەست ئاماژەی بۆ بکەن (هێندە زێدەڕەوی و زۆرلەخۆکاری کرد و بەدەرکەوت)، ئەوا ئەسڵەن ئەژماریشی مەکەن (ئومێدتان پێی نەبێت).»

نەفسیش دەشێت لەسەر سروشتێک بڕسکێت کە سەخت بێت لەسەری کارێک ئەنجام بدات کە دژی (سروشتەکە) بێت، ئەگەر جارێکیش عەقڵ بەسەر سروشتی نەفسدا سەرکەوت و زاڵ بوو، خۆ هەموو جارێک عەقڵ باڵی سروشتی نەفسی بۆ بانادرێت، ئەو وەخت تەنیا ئەوە گونجاوە بۆ نەفسەکان کە خۆیان لەو کارە دیاریکراوانە لابدەن کە دژی سروشتیانە مەگەر بەوپەڕی ئاگایی و وریاییەوە، مادەم ئەو کارانە لە واجباتەکان نەبن، ئەوەیان (کە واجبە و هەر دەبێت بەجێیان بگەیەنێت) بەشێنەیی و پلە پلە دەستی بۆ دەبات، نەفسیش دەگونجێت حەزی بە چاکەیەک نەبێت چونکە فێری نەبووە و پێی ڕانەهاتووە، دەگونجێتیش لەبەر ئەوەی دووڕە و دەستی پێی ناگات حەزی پێی نەبێت و سڵی لێ بکاتەوە، وەک چۆن نیشتەجێی تاریکییەکان لە ڕۆشنایی سڵ دەکاتەوە، خۆ بۆی نییە هەر ئاوا لە تاریکیدا بمێنێتەوە، چونکە نەفسی حەزی بە ڕۆشنایی نییە، بەڵام لەسەریەتی وردە وردە بیبات هەتاکوو پێی دەگات.

عاقڵانەش نییە کە ئەو نەفسانەی لەسەر نەرمی و لاوازی بارهاتوون بخرێنە ئەو بەرپرسیارییەتییانەوە کە توندی و ڕووبەڕووبوونەوەیان تێدایە، چونکە بە ئەندازەی لاوازییەکەی بەشی لەو کارانە کەم دەبێت (ئەدای لاواز دەبێت)، جا وەختێک کە بنەڕەت لە نەفسی ئافرەتاندا لاوازی و نەرمییە، فیترەتی-خواڕسکی مرۆڤی مەیلی لەوەیە کە کارانێک نەخاتە سەرشانیان (ئافرەتان) کە توندی و زبری تێدایە، وەک بەرپرسیارییەتییە گەورەکان و بەرێوەبەریی جەنگ و بەجێگەیاندنی سزاکان، ئەمەش لە هەموو سروشتێکی لاوازدا، ئیدی لە ئافرەتاندا بێت یاخود لە پیاواندا، بەڵام لە ئافرەتاندا بنەڕەتە و لە پیاواندا هەڵاوێری١ و حاڵەتە، وەختی کە ئەبوو ذەڕڕ پیاوێکی لاواز بوو، پێغەمبەر (ﷺ)

ڕێگری ئەوەی لێ کرد کە ببێتە کاربەدەستی هەر کارێک کە بە سروشتی نەفسی توانای بەسەریدا ناشکێت، کە گوتی: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئەرێ کارێک نادەیتە دەستم؟" گوتی: بە دەستی کوتایە سەر شانم و" ئەوجا فەرمووی: «يَا أَبَا ذَرٍّ، إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةٌ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا، وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا».[1] واتا: «ئەی ئەبوو ذەرر، تۆ لاوازیت، ئەوەش ڕاسپاردەیە، بۆ ڕۆژی دواییش سەرشۆڕی و پەشیمانییە، مەگەر کەسێک بە هەقی خۆی وەریبگرێت و بە هەقی خۆشی بیبات بەڕێوە.» لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا پێی دەفەرموێت: "يَا أَبَا ذَرٍّ إِنِّي أَرَاكَ ضَعِيفًا، وَإِنِّي أُحِبُّ لَكَ مَا أُحِبُّ لِنَفْسِي، لَا تَأَمَّرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ، وَلَا تَوَلَّيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ".[2] واتا: «ئەی ئەبو ذەرر، من لاواز دەتبینم، منیش ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشبێت بۆ تۆش پێم خۆشە، کاری دوو کەس مەبە بەڕێوە و ماڵی تاقە هەتیوێکیش مەگرەرە دەست.»

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ تاوانبار دەبێت وەختێک خۆی دەخاتە جێگە و پێگەیەکەوە کە لێی نازانێت و نایتوانێت، چونکە بە ئارەزوو و بڕاردەی خۆی گرتوویەتییە دەست، جا لەسەر ئەو وەرگرتن و دەستبۆبردنەی سەرەتای، سەرزەنشت دەکرێت و لەبەر دەستی خودادا دەوەستێنرێت، هەروا لەسەر هەرچی بەش و لقیش کە بەشوێنیدا هاتووە، مرۆڤ بۆی نییە بەهانە بە لاوازی خۆی بهێنێتەوە لە هەڵوێست یاخود پێشهاتێکدا کە سەرەتا خۆی گرتوویەتیە دەست، وەختێک کە بە ئەو لاوازییەی خۆشی زانیوە، دەبینیت پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبوو ذەرری نەفەرموو کە تۆ لەبەر ئەو لاوازییەت عوزرت هەیە و بووراویت ئەگەر کارت گرتە دەست، بەڵکوو پێی فەرموو کە مادەم لاوازیت کار مەگرە دەست، ئەگەریش ئەوەت کرد سەرەنجامت پەشیمانی دەبێت.

هەرکەسێکیش کە زانستێکی پێ بوو مانای وانییە کە گونجاو و سوڵحاوە

---

(١) مسلم (١٨٢٥).

(٢) مسلم (١٨٢٦).

بۆ کارپێکردنیشی، دەشێت نەفس لەگەڵ کارکردن بەم زانستەدا نەگونجێت، یان لاواز بێت لە ئاستیدا ئەگەر کارەکە سەخت بوو، یاخود توند و ڕەق بێت لە ئاستیدا ئەگەر کارەکە نەرمونیانی دەویست، لە بەرانبەریشیدا ئەو نەفسانە هەن کە بۆ کار گونجاون بەڵام بۆ زانست نا، چونکە زانست سیفەتگەلێکی دەوێت کە لە هەڵگرەکەیدا هەبێت، هەموو زانایەکیش زانست لە شوێنی خۆی دانانێت، بەڵام (هەر ئەو نەفسانە) ئەگەر لە کاردا بن و فەرمانی دانانی کارێکیان لە جێگەی خۆیدا پێ بکرێت، بە جوانترین شێوە دەیگەیەنن جێ.

* گونجانی تەکلیف-ڕاسپاردن و عەقڵەکان لەگەڵ سروشتەکانی نەفسدا

ڕاسپاردنە خودایییەکانیش هاوسەنگ هاتوون کە گونجانی سروشتی نەفسە لەگەڵ کارکردندا، هەر ئەوەشە کە فیترەت-خواڕسکی مرۆڤ لەسەری دەڕوات ئەگەر هاتوو بەبێ هیچ کارتێکەرێک چوو بەڕێوە، تەنانەت بەلای ئەوانەشەوە کە بانگەشەی یەکسانی تەواو لەنێوان پیاو و ئافرەتدا دەکەن لە هەموو شتێکدا، بە قسە و تیۆر باوەڕیان بە یەکسانییەکە هەیە، بەڵام لە کار و جێبەجێکردندا هەر فیترەتیان زاڵە، هێشتا لە کاربەدەستییە مەزن و بەرپرسایەتییە گرنگ و سەختەکاندا پیاو دادەنێن، سا یەکسانی تیۆری و بەدەم، جیاوازە لە ملکەچبوونی تەواوی کرداری، بە شێوەیەک کە خۆشیان هەستی پێ ناکەن هەر ڕوو لە فیترەت دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە زۆربەی گەلاندا ئافرەت لە پیاو زۆرترە، بەڵام زۆرجار لە ژیاندا هەر یەکە و ڕوو لەوە دەکاتەوە کە لەسەری ڕسکاوە، مەگەر یەکێک کە زۆرلەخۆکارانە پێچەوانە بڕوات.

ناکرێتیش مرۆڤ عەقڵی بەتەواوی بەکار بهێنێت مەگەر سروشتی نەفسی خۆی بناسێت، جا کە ئەمە لە تەنیا یەک مرۆڤێکدا ئاوا بێت لەنێوان خودی نەفس و عەقڵی خۆیدا، ئیتر لە مامەڵەی خەڵکی لەگەڵیدا چۆن بێت؟ سا مامەڵەکردنی مرۆڤێک لەگەڵ کۆمەڵە عەقڵێکدا تەندروست نابێت هەتا ئەو نەفسانە نەناسێت کە کاریان تێ دەکەن (لە عەقڵەکان) کە دەشێت هەندێک لە

نەفسە هاوسەنگەکان عەقڵی خاوەنەکانیان بەرز بکەنەوە هەرچەند نەزان و بێ زانستیش بن، هەر لە لادان و هەرزەیی دەیانپارێزن، وەکوو لوقمان گوتوویەتی: "هەرکەس عەقڵی چاک و لەجێی هەبێت، نەنگییەکانی بۆ دەپۆشێت و خراپییەکانیشی بۆ چاک دەکاتەوە."(١)

هەروەکو دەشێت هەندێک لە نەفسە شێواوەکانیش عەقڵی خاوەنەکانیان داشکێنن و بهێننە خوارەوە و هەرزەییان پێ بنوێنن هەرچەند خاوەن زانست و زیرەکیش بن، سا زانست لە عەقڵدایە و هاوسەنگی لە نەفسدایە، دەفر لە دەستی لەرزیودا هیچ سوودی لێ نابینرێت.

❊ پێکهاتنی نەفسەکان مەرجە بۆ پێکهاتنی عەقڵەکان

عەقڵەکان پێک دێن و لەگەڵ یەک دەگونجێن با لە ئەندازەی زانستیشدا جیاواز بن، ئەگەر هات و نەفسەکان پێک هاتن، دەشێت زانا هاوڵییەتی نەزانێک بکات، بەڵام دەگمەنە نەفسەکان پێک بێن ئەگەر لێکجودا بن. نەفسەکان وەک دانەکانی بەرداشێک وان هەریەکە و یەکێکی وەک خۆی دەجوولێنێتەوە، یەک لا بکشێت لایەکی دیکە دەچێتەوە یەک، ئەوی دیکەش بکشێت ئەم دێتەوە یەک تاکوو ئاوا پێکەوە بچن بەڕێوە، هەربۆیە نزیکە بڵێین کە هیچ دوو نەفسێکی تیژ و زبر و سەرشێت لەگەڵ یەکدا هەڵنەکەن، هەروەها هیچ دوو نەفسێکی دەبەنگ و کەودەنیش، با عەقڵەکانیشیان لە زانست و ئەزموواندا یەک بن، نەفسە تامەزرۆ و چاوبرسییەکان لەسەر هیچێک ڕێکیان نایەت مەگەر لەسەر سەرکەوتن بەسەر شانی ئەوانی دیکەدا، ئەگەر هات و لە دواییدا تەنیا خۆیان مانەوە، ئەو کات لەناو خۆشیاندا دەیکەنە تێکپرژان و ململانێ و جەنگ تاکوو بەهێزترینیان بمێنێتەوە ئەگەر بە مردنی ئەوانی دیکەشیان بووبێت.

ناسینی نەفسەکانیش بنەڕەتە بۆ گونجانی خەڵکی لەناو خۆیاندا، ئیدی

---

(١) العقل وفضله (ص٤١).

گونجانیان لە هاوەڵییەتی و هاودەمییەتیدا، یاخود لە هاوسەرگیری نێوان نێر و مێدا، سا تەنیا ناسینی عەقڵەکان و ڕووانین لەو زانست و ئەزموونانەی هەڵیانگرتووە؛ بەس نییە بۆ پێوانەکردن و پێشبینیکردنی گونجان و پێکهاتن لەناو خەڵکێکدا، بەڵکوو ئەویش لقێکە لە نەفس و حاڵەتەکانی.

نەفسی هاوسەنگی سروشت ڕێکوپێک و لەبار لە هەموو حاڵەکاندا، ئەوەیە کە زۆرجار لەگەڵ جگە لە خۆیدا هەڵدەکات و دەگونجێت، ئەوەش چونکە لەسەر کارسازی و بەڕێوەبردنی نەفس بارهاتووە، لە وەختی شلوشێواوبوونی سروشتیدا گورجی دەکاتەوە و لە توندبوون و هەڵچوونیشیدا جڵەوی دەگرێت و دەیوەستێنێت، ئەوەش وەک نەفسی پێغەمبەران و مشتێکی کەم لە خەڵکی جگە لەوانیش.

نەفسانێکی دیکەش هەن لەوپەڕی تەواویدا، کە لەگەڵ زۆرینەی نەفسەکاندا دەگونجێن، بەڵام لەگەڵ جۆرێک و دووان و سیاندا ناگونجێن، هەیانە لەگەڵ نیوە یان چارەگی نەفسەکاندا دەگونجێن، هەشیانە لەگەڵ تاقە نەفسێکیشدا ناگونجێت، هەر نەفسێک لێی نزیک ببێتەوە لەگەڵیدا دەکەوێتە شەڕوشۆڕ، هەتا ئەوەی نە ئەم خوو بە کەسەوە دەگرێت و نە کەسیش خوو بە ئەمەوە دەگرێت.

لە وەختی ویستنی کۆبوونەوە و پێکهێنانی دوو نەفسدا، دەبێت بەر لە ڕووانین لە عەقڵیان و ئەو زانست و ئەزموونەی هەڵیگرتووە، تەماشای سروشتیان بکرێت، چونکە خەڵک بەپێی عەقڵیان پێک نایەن، بەڵکوو بەپێی سروشتەکانی نەفسیان، ئەمە لە کۆبوونەوەی دوو هاوسەردا و دوو هاوەڵدا و دوو هاوبەشی بازرگانی و شوێنی مانەوەشدا هەر ئاوایە، چەندێکیش دوو کەسەکە لێک نزیکتر بن، پێویستترە کە نەفسەکانیان گونجاو و تەبا بێت.

* بەڕێوەبەریی مرۆڤ بۆ نەفسی لە پەیوەندیدا بە خەڵکەوە

مرۆڤ دەبێت لە ڕێگەی عەقڵییەوە پەیوەندیی نەفسی بە خەڵکەوە ئیدارە

بدات، ئەوەش چونکە خۆی شارەزاترینە بە سروشت و مەیلی نەفسی، جا نە بە کەسانی دیکە ئازاری ئەم بدات و نە بە ئەمیش ئازاری کەسانی دیکە بدات، ئەوەش بەوە دەبێت کە نەفسی ئەوانە بناسێت کە تێکەڵییان دەکات یان هاوەڵییەتی یاخود هاوبەشییەتی، هەروەها ئەندازەی پێکخواردنی نەفسی پێیان و ئەندازەی دوورکەوتنەوە و نەگونجانی لەگەڵیان بزانێت، ئەوجا لە پاش ئەوە ئەندازەی پێوەندیگرتنی نەفسی بەو نەفسانەوە بزانێت، سا هەیانە کە دەکرێت زۆر تێکەڵی و هاوەڵییەتییان بکات، هەشیانە کە بۆ ئەم تەنیا بە کەڵکی تێکەڵیکردنێکی سەرپێیی و کاتی و پێشهات دێت، هەروەها ئەگەر نەفسی سروشت تیژ و تووڕە بوو ئەوا دەبێت لە زۆر هاوەڵییەتیکردنی ئەوانەی دوور بخاتەوە کە نەفسیان وەک نەفسی ئەم وایە، یاخود ئەوانەی کە نەفسێکی گەمژە و دەبەنگیان هەیە و هەرچی بکەن و بڵێن گوێی پێ نادەن.

هەروەها کەسێک کە کەودەنی و لاوازی و کۆڵەواری لە خۆیدا هەست پێ دەکات لە ئاست ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەیارانیدا، نابێت خۆی دووچاری وەها تووشهاتێک بکاتەوە، بۆ ئەوەی شتێکی (ناخۆشی) پێ نەوترێت کە بەرگەی نەگرێت و بێدەنگبوونیشی لێی زیانی پێ بگەیەنێت.

ئەمەش خۆ لەوە نییە کە نەنگییەک لە نەفسی خۆی یان لە نەفسی کەسانی دیکەی جگە لە خۆیدا هەبێت، بەڵکوو ئەوە داناییەکە کە بە ژیرەکان دەبەخشرێت کە نەفسەکان لە جێگەی خۆیاندا دادەنێن، چونکە ئەویش بوونەوەرێکە کە دۆخی تەبا و ناتەبای خۆی هەیە، بنەڕەتی تێکچوون و شێوانەکانی نەفسیش ئەوەیە کە نەخرێتە جێگەی خۆیەوە.

ئەگەریش مرۆڤ خاوەن عەقڵێکی زانا و سەنگین و نەفسێکی میانڕەو هەبوو، پەیوەندی بە خەڵکەوە ساز و هەموار دەبێت و توانای تێکەڵیکردنیانی دەبێت بەو ئەندازەیەی کە دانایان لە دۆخی ئاساییدا هەیانە و بۆیان دەبرێت بەڕێوە. هەر نەفسێکیش لە نەفسەکان سنوورێکی کۆتایی بۆ توانای هەیە کە ئیدی لەوێدا دەوەستێت، نەفسێک کە کەمترین توانای تێکەڵیکردن و گونجانی

لەگەڵ خەڵکدا هەبێت نەفسێکی تیژە و تونده هاوڕێ لەگەڵ عەقڵێکی نەفامیشدا، چونکه نەفس زانست له عەقڵەوه وەردەگرێت و هەڵدەگۆزێت، دەشێت ماندوو بێت له هەڵگۆزین و بوەستێت هەرچەندی هێشتا عەقڵ زانستیشی تێدا مابێت، ئیدی تێکەڵی دەکات و بەبێ زانستیش شت دەهێنێت و دەیڵێت، دەگونجێتیش مرۆڤ خاوەن زانستێکی کەم و نەفسێکی توند و تیژ بێت، جا هەرچی که هەیەتی له کاتێکی کەمدا خەرجی دەکات، یاخود لەوانەیە ئارامگرییه کەمەکەی لەگەڵ زانسته کەمەکەیدا بکەونه کێبڕکێوه، کامیان زوو دوایی هات بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ دەبێت، له هەردوو حاڵیشدا نەفامی و کەمعەقڵی سەردەردێنن، هەربۆیه هەندێک له زانایان له سەرەتای دانیشتنەکاندا بەشداریان دەکرد و بەر لەوەی درێژە بکێشێت هەڵدەستان و وازیان دەهێنا، چونکه نەفسەکان له سەرەتای دانیشتنەکاندا باشترینی ئەوەی له عەقڵەکانیاندایه دەیخەنه ڕوو، زوهری فەرموویەتی: "کۆڕ که درێژەی کێشا، بەشی شەیتانیشی تێ دەکەوێت."[1]

ئەوەش چونکه نەفسەکان به ئامرازی زمان له عەقڵیان شت دەردەهێنن و دەیڵێن، زۆرجاریش وایه که نەفسەکان وەڕەز دەبن له هەوڵدانی بەردەوام بۆ بژارکردنی باشترینێک که له عەقڵدایه بۆ ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان، بەتایبەت که نەفس وەک ئەو کەسه وایه که ئاو هەڵدەگۆزێت، ئەویش ئەگەر به پەلەپەل بێت و زوو کۆڵ بدات له کار، بێ شک هێنده نابات دەست هەڵدەگرێت له هەڵگۆزین ئەگەر عەقڵیش هێشتا پڕی بێت له زانست، پەت شل دەکات و هەرچی به دەمیدا هات دەیهاوێت، چونکه ئەو کردەی هەڵگۆزینه له عەقڵ گەلێک سەختە، بۆ هەر جۆرە کۆڕێکیش بژارکردنێکی تایبەتی دەوێت که ئەوەش قورسه، بەڵام نەفس، ئەو ئامادەیه بەر لەوەشی خاوەنەکەی مۆڵەتی بدات بابەتی خۆی فڕێ دەداته ناوەوه و کێبڕکێیەتی که هەر زوو هەرچی حەزی نەفس و مەیلی وی لەسەر بێت دەیخاته ڕوو.

---

(١) حلية الأولياء، لأبي نعيم (٣/٣٦٦)، والجامع لأخلاق الراوي، للخطيب البغدادي (٢/١٢٨).

بەڕێوەبەریی عەقڵ بۆ نەفس لە سەروەختی دانیشتن و کۆبوونەوە و تێکەڵییەکاندا، جیاوازی دەبێت بەپێی ئەوەی کە تێیدایە، چونکە نەفس پێویستی بە پارێزگاری و بەڕێوەبەریی عەقڵ هەیە بۆی، نەک تەنیا پاراستنی لە زیانی جگە لە خۆی، بەڵکوو لە زیانی خۆشی لەسەر عەقڵی خاوەنەکەی، هەروەها لەسەر نەفس و عەقڵەکانی دیکەش، جا وەک چۆن عەقڵ نەفس لە خراپەی نەفسەکانی دیکە دەپارێزێت؛ دەشێت وەختێک کە دانیشتن و تێکەڵی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کەم دەکاتەوە لەوەدا ئەوان لە نەفسی خۆی بپارێزێت، ئەگەر هاتوو سروشتی زۆردووان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی خۆی هەبوو، ناتوانێتیش بیشارێتەوە لەبەر سینە تەنگی و بەرگەنەگرتنی لە ئاست قایمکردنی نهێنییەکان، جا ئەم جۆرە نەفسانە بەو کارەیان کەیف و کرانەوەیەکیان بۆ دێت، چونکە چێژی لێ دەبەن و وەڕەزی نەفسی بێ لادەدەن و چاویان لە شادکردن و کەیفپێدانی ئەوانی دیکەیە وەک لەوەی چاویان لە سەرەنجامەکان بێت.

چەند نەفسی ناتەواو هەیە کە عەقڵی سەنگین تەواو و پاراوی کردووە بە بەڕێوەبەریی دانایانەی بۆی و دانانی لەو جێگەیانەدا کە گونجاو و تەبایەتی و لادان و بواردنی لە جگە لەوە!

✺ جۆری دووەمیش لە سروشتەکانی نەفس، کە سروشتە پەیداکراوەکانن[1]

ئەو سروشتانەن کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک نابن، بەڵکوو دواتر لێیان ڕادێت و وەریاندەگرێت، وەک سروشتی خۆبەزلزانین و خۆبەکەمزانین و توندی و نەرمی و بەخشندەیی و چرووکی، وەک چۆن دانیشتووانی دەشت و ساراکان لەسەر زبری و هێز و ڕەقی و وشکی باردێن و دانیشتووانی شار و کەناراوەکانیش بەپێچەوانەوە، کە سروشتی ئەوان نەرمە، هەروەها وەک چۆن ئەوەی کە تێکەڵی کەسانی بەخشندە دەکات ئەویش لەسەر بەخشندەیی دەڕسکێت و

---

(١) جۆری یەکەم تێپەڕی لە(لا ٣٥) دا.

ئەوەشی کە تێکەڵی چرووکان بکات لەسەر چرووکی، ئەو پیاوەشی کە تێکەڵیی ئافرەتان دەکات لەسەر ناز و نەرمی و خۆشگوزەرانی و ئەو ژنەشی تێکەڵیی پیاوان دەکات لەسەر زبری و توندی باردێت، دیسان هەستەوەر و ئەندامەکانی مرۆڤیش کە لێیان پێک هاتووە، دەکرێت لەسەر شتێک ڕابێن و ئیدی لێی جوێ نەبنەوە، ئەوەی کە لەسەر خەوی ناو هۆسە و هەرای بازاڕ و ناوەڕاستی قسە و قاڵی خەڵکی ڕاهاتبێت، تەنیا لەو حاڵەدا خەوی لێ دەکەوێت، ئەگەر دەنگەکان کپ ببنەوە ناتوانێت بخەوێت، بەڵکوو لە وەختی خەودا ئەوە بە کەش و باری خۆش و ساز دەزانێت، بە پێچەوانەی ئەویشەوە ئەوەی کە فێری خەوی ناو هێمنی و بێدەنگی بووبێت، خەوی خۆشی بە چاودا نایەت مەگەر لەوپەڕی هێمنی و کشوماتیدا، گیزەی مێشوولەش بێت لێی تێک دەشێوێت.

هەروەها ئەوەشی کە مرۆڤ لێی ڕادێت دەشێت ببێتە سروشت بۆی، هەتا ئەوەی کە توانای جیابوونەوە لێی نابێت و وەک ئەو سروشتەی لێ دێت کە لەسەری لەدایک بووە، لەوانەشە لە بیروباوەڕ و هەڵبژاردنەکانیشیدا کاریگەری لەسەری هەبێت و بیبات و بیهێنێت و هەر بەخۆشی نەزانێت، هەمیشە ڕای بەلای ئەوەدا دەچێت، وەهمی ئەوەش دەکات کە گوایە بیری لێ کردووەتەوە و هەڵیبژاردووە، دەشێت ئەسڵەن بەبێ وەستان و تێفکرانیش هەڵیبژێرێت، وەک چۆن مرۆڤ فێر بووە کە لە ڕێگەیەکی دیاریکراوەوە بۆ شوێنێک بچێت، ئەگەر زەینیشی لەلای خۆی نەبێت هەر ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر لە هەموو چوونێکیدا بۆی، هەر هەمان ڕێگە دەگرێت ئەگەر ویستی ئەو ئاڕاستەیەشی نەبێت، چونکە ئەو وەخت عەقڵ ئامادە نییە لە بڕیاراندا، ئەمە لە ئایینزا و مەزهەب و بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیشدا دەکەوێتەوە، لەگەڵ هەبوونی خووپێگرتن و بارهاتنیشدا عەقڵ زیاتر و زیاتر پێویستی بە ئامادەگی و بیرکردنەوە دەبێت، زۆرێکیش لەوانەی کە بیروباوەڕ و بیدعە و هەڵەیان تێدا چەسپاوە، بەهۆی ژینگەی پێگەیشتنی و هەروەها ڕسکانیان بووە لەسەری، ئەوجا لەپاش ئەوە ڕۆڵی عەقڵ تەنیا بەڵگەدۆزینەوە بووە بۆی، نەک بڕیاردانی بنیادی و سەرەکی

تێیدا.

دەکرێت ناوەندی لەدایکبوون و پێگەیشتنی مرۆڤ دەستگیرۆیی و نیعمەت بێت بۆی ئەگەر هات و لە ناوەندێکی هەق و چاکەدا هاتە دونیا و پێگەیشت، دەکرێتیش لەدایکبوون و پێگەیشتنی تاقیکردنەوە بێت بۆی ئەگەر لە ناوەندێکی ناهەقی و خراپەدا هاتە دونیا و پێگەیشت. کاتێکیش مرۆڤ لەسەر شتێک بارهات و بوو بە سروشت بۆی، ئەوا تەنیا خودی ناوەندی پێگەیشتنەکە وای لێ ناکات گومان لەوە بکات کە لەسەریەتی، دیسان تەنیا خودی ناوەندی پێگەیشتنەکەش وای لێ ناکات کە ئەوە بە بەڵگەی بەس و تەواو بزانێت بۆ ڕاستییەتی ئەوەی کە لە سەریەتی.[1]

* گۆڕانی سروشتەکان

ئەوەشی کە هەندێک لە سروشتە نەفسییەکان لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبن، مانای ئەوە نییە کە ناتوانێت بیانگۆڕێت لە خۆیدا بە زیادکردن یان کەمکردن، دەکرێت هەندێک لە سروشتە نەفسییەکان چارەسەریان هەبێت بە شلکردنەوە یان توندکردنەوەیان، بەهێزکردن و لاوازکردنیان، وەک چۆن مرۆڤ هەندێک لە هەستەوەرەکانی و ئەو حاڵەتەی کە لەسەری دروست بوون چارەسەر دەکات و بەهێز یاخود لاوازیان دەکات بە ئەندازە و سنووورێک، لە فەرموودەشدا هاتووە کە: "إنما الحلم بالتحلم"[2] واتا: «بەڕاستی نەرمونیانبوون بە خۆنەرمونیانکردن و هەوڵدانە بۆی.» ئەو سروشتانەشی کە مرۆڤ لەسەری ڕسکێنراوە، یاخود (خۆی لەسەری) ڕسکاوە، جیاوازییان هەیە لە ئەگەری ڕێتێچوونی گۆڕینیان و

---

(١) گەلێک ئاڵۆزی تێدایە بەڵام بیرۆکەکە ئەمەیە کە: ژینگە و پێگەشتنی مرۆڤەکە نابێتە بەڵگە بۆی کە خۆی بەدووی هەقدا نەچێت و بەڵگە ڕاستەقینەکان لەبەرچاونەگرێت، ژینگە و پێگەشتن؛ لە تەرازووی عەقڵدا نە بەڵگەی تەواون بۆ ڕاستێتی بیروباوەڕی بەربڵاوی ئەو شوێنە، نە پاڵنەریشن بۆ گومانکردن لێی، دەبێت لە دەرەوەی ئەوەدا بەدواداچوون بکات و لێبکۆڵێتەوە.

(٢) الطبراني في المعجم الأوسط (٢٦٦٣)، والبيهقي في شعب الإيمان (١٣/٢٣٧).

ئەندازەی گۆڕینەکەشدا، ئەوەش بەپێی چەسپان و قووڵداکوترانی ئەو سروشتە لە مرۆڤەکەدا، ئەگەر قایم و تۆکمە چەسپابوو کارتێکردنی کەم و درێژماوە دەبێت، ئاسانترین سروشتیش بۆ گۆڕین ئەو سروشتەیە کە مرۆڤ ماوەیەکی زۆر نەبێت کە کەوتبێتە سەری و تێیدا بارهاتبێت.

دەشێت سنوورەکانی کاریگەربوونی مرۆڤ بە خەڵکی چواردەوری فراوانتریش ببێتەوە بەرەو کاریگەربوون، تەنانەت بەو ئاژەڵانەشی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و تێکەڵیان دەبێت، مرۆڤ هەم کاریگەری دەخاتە سەر وان (ئاژەڵان) و هەم کاریگەریش دەبێت پێیان. زانراوە کە خاوەن وشتران سروشت زبری و تونديیەکیان تێدایە کە لەوەوە پەیدایان کردووە، خاوەن پەز و مەڕانیش ئۆقرە و هێورییەکیان تێدایە کە لەوەوە پەیدایان کردووە، ئەو فەرموودەیەش هەر لەمەڕ ئەم باسە هاتووە: "الفخر والخيلاء في أهل الخيل والإبل، والفدادين أهل الوبر، والسكينة في أهل الغنم"[1] واتا: «شانازی و کەشوفشکردن و لووتبەرزی لە خاوەن ئەسپ و وشترانداية، هەروا لە شوانی وشترانی نیشتەجێی ڕەشماڵی کوڵکیندا (کوڵکی وشتر کە ڕەشماڵی لێ دروست دەکەن)، هێدی و هێوریيەتیش لە خاوەن مەڕان دایە.»

ئەم سروشتە نەفسییانەش جیاوازییان هەیە لە داچەسپان و چوونە بێخی نەفسی مرۆڤەوە و لە ئەندازەی زاڵبوونیان بەسەر نەفس و کەمەندکێشکردنیدا و بە ئەندازەی ئەوەش کاریگەرییان لەسەر عەقڵی مرۆڤ و ئەوجا لە هەڵبژاردنەکانیشیدا دەبێت.

جۆری دووەمیش لە کارتێکەرەکانی سەر نەفس: ئارەزووەکانی نەفس[2]

جێگەی هەر ئارەزوویەک نەفسە، نەفس جێگەی ئارەزووە جوان و ناشیرینەکانیشە، چ بنەڕەتییەکان و چ پێشهات و کاتییەکانیان و چ

---

(١) البخاري (٣٣٠١).

(٢) جۆری یەکەم لە (٤)دا تێپەڕی.

دزەکردووەکانیان، نەفسیش مافی لەسەر عەقڵ هەیە بەوەی کە ئارەزووی دروست و بەجێی خۆی بە ڕێگەی دروست و بەجێ پێ بدات و لەمە بەولاوە بیبەستێتەوە و جڵەوی بگرێت.

خودا وەها نەفسی ڕسکاندووە کە وەختێک ئارەزوویەکی بزوا ئیدی داوای تێرکردن و بەدیهاتنی بکات، ئەو کاتیش دەست دەکات بە خوتخوتەکردن و نزیکخستنەوە و سادەکردنەوە و جوانکردن و ڕازاندنەوەی لەلای عەقڵ و لەوانەیە هەر بەزۆریش بیسەپێنێت بەسەریدا، پەروەردگار لەبارەی ئەم بارەگاوە فەرموویەتی: ﴿وَنَعلَمُ ما تُوَسوِسُ بِهِ نَفسُهُۥ﴾ [ق: ١٦] واتا: «ئەوەش دەزانین کە نەفسی خوتخوتەی پێ دەکات.» سا نەفس مانّی خوتخوتە و وەسوەسەکردنە لەپێناو تێربوونی ئارەزوو و حەزەکاندا.

لەنێوان سروشت و حەزەکاندا بڕێکی هاوبەش هەیە، کە بنچینەی ئارەزووەکان سروشتن لە مرۆڤدا وەک خواردن و خواردنەوە و مەیلکردنی نێرینەی پێگەیشتوو لە مێینەی پێگەیشتوو، ئەم ئارەزووانە مرۆڤ لەسەریان باردێت، بەڵام لە سنووری سروشت زیاتر دەچن و تێی دەپەڕێنن و ئیدی لەوێدا کار دەکەنە سەر عەقڵ، بەڵام ئەگەر لە سنووری ئاساییی سروشتی خۆیاندا بن، ئەوە ئەندازەیەکە کە زۆرجار کار ناکاتە سەر عەقڵ، گرنگترین قۆناغەکانی ئارەزووەکانی نەفسیش، ئەوانەن کە کار دەکەنە سەر عەقڵ، مەبەستیش لێرەدا ئەمەیە.

ئارەزووە نەفسییەکانیش توندترین کارتێکەرەکانن لەسەر عەقڵ، زەبر و هێز و هەژموونی خۆیان هەیە بەسەر عەقڵەوە بە جۆرێک کە سروشتە نەفسییەکانیش نییانە، چونکە نەفس وەختێک کە ئارەزووی دەجمێت عەقڵ دیل دەکات و دەیداتە بەر بۆ بەدیهێنانی حەزەکانی، ئەو نەفسەی کە دیلی ئارەزووەکان بووە بە نەفسی هەژار ناودەنرێت، کە پێغەمبەر (ﷺ) پەنای گرتووە

لە هەژاری[١]، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش ئەوەی بە هەژاریی نەفس لێک داوەتەوە[٢].

ئارەزووەکانی نەفس بۆیە ناونراون بە هەژاری، چونکە نەفس ئەگەر قایل نەبوو بە بەشی خۆی، وەکوو دیل لە بەردەستی ئەوانی دیکەدا خۆی سووک و چرووک دەکات بۆ بەدەستهێنانی حەز و مەرامێک، سا هەژاری هەژاریی نەفسە، ئەگەر نەفس هەژار (نزم) بوو دەوڵەمەندیش بێت سوودی بۆی نییە، ئەگەریش نەفس دەوڵەمەند (بەرز) بوو هەژاری زیانی پێ ناگەیەنێت، چونکە دەوڵەمەندی نەفس بەوە دەبێت کە بە بەشی خۆی قایل بێت و وەختێکیش پێویستی کەوتە لای ئەوانی دیکە، عەقڵ دەستی پێوەی بێت، نەوەکا سەرشۆڕی بۆ خۆی بهێنێت و بکەوێتە بەرپێی خەڵکی.

ئەو عەقڵەشی کە نەزانێت سنووری مافی نەفس لە ئارەزووەکانیدا چەندە و چۆنە؛ دەستی لێ بەردەدات و دەینێرێت بەرەو ئەو شتانەی کە مافی خۆشی نین، یاخود ئەگەر بەهێز بێت (عەقڵ) لە مافەکەی خۆشی بێبەشی دەکات، هەردوو حاڵیش نەخۆشکەوتنی نەفسەکانیان بەدوودا دێت.

❊ مافی نەفس لە چێژپێدانیدا و سنوورەکانی ئەوەش

مرۆڤ لەسەر تێرکردنی حەز و ئارەزوو و چێژەکانی نەفس ڕسکاوە، نەفس مافێکی فیترەتی-خوارسکییانەی چێژوەرگرتنی هەیە، جا بنەڕەتی ئارەزووەکانی نەفس شەیتانی نین، سەرجەمیشیان دوژمنی مرۆڤ نین، قەدەغەکردنی مافی ڕەوای چێژ و حەزەکان لە نەفس، ئازار و زیانی بۆی هەیە، لەوانەشە ئەوە پاڵی پێوە بنێت بۆ هەڵگەڕانەوە بەسەر عەقڵدا و دەرچوون لە سنوورەکانی، ئیبن مەسعوودیش فەرموویەتی: "هەناسە لە نەفست مەبڕە و زۆری لێ مەکە،

---

(١) أحمد (٢/٣٠٥) (٨٠٥٣)، وابن ماجه (٣٨٤٢)، وأبو داود (١٥٤٤)، والنسائي (٥٤٦٠).

(٢) مجموع رسائل ابن رجب (١/٣٠٩).

چونکە دڵ وەختی زۆرت لێ کرد بۆ شتێک ئیدی کوێرایی بەسەردا دێت."[1]

هەڵە ئەوەیە کە مرۆڤ لە پشت نەفسییەوە بڕوات و ئەو عەقڵ ڕام بکات و بیداتە بەر بەرەو هەرچی حەز و چێژ هەیە و بە هەر جۆر و بڕێک کە پێی خۆشە و دەیەوێت و هەر کات و شوێن و حاڵەتێک کە مەیلی بۆی جووڵا. عەقڵ وەختێک کە ڕێگری شتێک لە نەفس دەکات خۆ دوژمنی نییە، بەڵام نەفس دوژمنی عەقڵە چەندێکیش عەقڵ نازی هەڵبگرێت و دەستی بۆ شل بکات، بگرە دوژمنی خۆشیەتی با چێژیش لە کارەکانی خۆی وەربگرێت.

هەر حەز و چێژ و ئارەزووکردنێکی نەفسیش لە بنەڕەتی خۆیدا دروست و بێگرفتە و بەدیهێنانیشی بە ئەندازەی دادپەروەرانەی خۆی دروستە، حەزەکانیشی زۆر و فرە چەشن و لێکئاڵاو و لێکجوداشن، لەوانە:

ئارەزووی خواردن

ئارەزووی خواردنەوە

ئارەزووی پۆشاک

ئارەزووی ڕووانین

ئارەزووی بیستن

ئارەزووی قسەکردن

ئارەزووی سەرجێییکردن

ئارەزووی دەستلێدان

ئارەزووی خاتر و پێگە و باسکران بە باشە

بەجێگەیاندنی ئارەزووەکان شتێکی خواڕسکییە، قەدەغەکردنیشی پێچەوانەی ئەم خواڕسکییەتییەیە، بەڵام نابێت نەفس مافی هەڵبژاردنی (ڕەها)

---

(١) العقل وفضله (ص٦٤).

ی هەرجۆرێکی ناو هەر ئارەزوویەکی بدرێتێ و ئیدی هەڵپەی خۆی هەرچۆنێک بووبێت تێر بکات، هەروەها مافی مەزەندەکردنیشی ئەندازەی گونجاوی چێژ و ئارەزووەکانیشی نییە، چونکە نەفس هەڵپە و مەیلێکی تیژی بۆ چێژوەرگرتن هەیە ئەگەر بە زێدەڕەویش بووبێت، ئەم حەزە بەهێزەشی زۆرجار عەقڵ دەبەزێنێت و کار دەکاتە سەری، عەقڵیش بۆی هەیە هەڵبژێرێت و نەفس ئاڕاستە بکات بۆ ئەوەی کە سوودی بۆی هەیە یان زیان بەپێی ئەو ئەزموون و شارەزایی و زانستە لەپێشینەیەی کە هەیەتی.

ڕاستیش نییە هەرشتێک کە نەفس حەزی پێی هەیە و بەو شێوەیەشی کە خۆی مەیلی لێیەتی و بەو ئەندازەیەی دەیەوێت پێی بدرێت، چونکە نەفس حەزی بە تێرکردنی غەریزە و ئارەزوو و چێژەکانیەتی هەرچۆنێک و هەرچەندێک بووە، هەتا ماندوو دەبێت و ئیدی پێی نامێنێت، مەگەر عەقڵ جڵەوگیریی بکات لەمە، ئەوەی کە نەخۆشینێکی پێستی هەیە حەز دەکات خۆی بخورێنێت مادەم حەزی پێی بێت و هەندێک لە ئازاری کەم بکاتەوە، لەوانەشە ئەسڵەن چێژی لێ ببینێت، بەڵام عەقڵ بە ئەزموون و زانستی خۆی ڕێگەی ئەندازەی زیاد لەوەی لێ دەگرێت، با نەفسیش هەست بە بێبەشکردن و مافخوران بکات لە حەز و چێژەکەی، بەڵام خۆ عەقڵ وەختێک ڕێگری لێ دەکات لەبەر ئەوە نییە کە دوژمنیەتی، بەڵکوو چونکە چاوی لە سەرەنجامە زیانبارەکەی دوایی هەیە کە یەخەی نەفس دەگرێتەوە، کە پێویستە ئەم چێژە هەنووکەییەی ئێستای لەپێناودا بووەستێنرێت، هەربۆیە دەبینیت ئاژەڵێک کە تووشی گەڕی بووە هەر پێستی خۆی دەخورێنێت هەتا ئارەزووی ئەوەی دادەمرکێتەوە، ئەگەر خوێنیشی لە خۆی هێنابێت کۆڵ نادات، چونکە عەقڵێکی نییە کە بەری پێ بگرێت لە گەیشتنی بە مەرام و دواهاتنی حەز و ئالۆشەکەی، ئیدی ئەوە ئامانجییەتی، بەڵام مرۆڤ ئامانجی نییە کە حەزەکانی دواییان بێت، مەگەر ئیتر عەقڵی هیچ دەسەڵات و بڕیارێکی لەدەستدا نەمابێ.

* سنووورکێشانەکانی عەقڵ بۆ ئارەزووەکانی نەفس

دەبێت عەقڵ پێشەوای نەفس بێت لە ئارەزوو و حەزەکانیدا، نەک بریتی بێت لە دەرگەی بێبەشکردن و مافخواردنی، خۆ نەفسی تەندروست حەزێکی تێدا نییە کە پێویست بێت بە تەواوی و لە ڕەگەوە لێی بێبەش بکرێت، بەڵام ململانێی عەقڵ لەگەڵ نەفسدا لەمەڕ حەز و مەیلەکانی، لە بنەڕەتی حەزەکەدا نییە، بەڵکوو لە شەش شت دایە کە پەیوەستن بە حەزەکەوە:

یەکەم: هەڵبژاردنی جۆری گونجاو بۆی

ئەمەش لە سەرجەم حەزەکاندا، جا لە ئارەزووی خواردن و خواردنەوەدا دەشێت نەفس خواردنێکی تەنیا لەبەر تامەکەی پێ خۆش بێت و عەقڵیش لێی قەدەغە بکات بەهۆی زیانییەوە، با ئازاریش بکێشێت بە بێبەشکردنی لەوەی کە حەزی لێیەتی، بە هەمان شێوە لە ئارەزووی پۆشاکدا کاتێک نەفس (پۆشاکێکی) حەز پێیە بەڵام وازی لێ دەهێنێت چونکە نەخۆشییەکی بۆ پێش دەهێنێت، یاخود تووشی لووتبەرزی دەکات، یان چاوی گومانی دەخاتە سەر لە وڵاتی غەریبی و دووڕە لانەیی یان لە هەمبەر دوژمنانێکدا، جا لە ترسان وازی لێ دەهێنێت با حەزیشی پێی بێت لە خودی خۆیدا، بگرە لەوانەیە پۆشاکێک لەبەر بکات کە ڕقی لێیەتی، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەک یان لادانی زیانێک، چونکە بە تەنیا خودی حەز و ئارەزووی نەفس بۆ شتەکان، ڕێگەیەکی گونجاو نییە بۆ هەڵبژاردن، دەستبەردان لە ئارەزوو و بڕیار خستنە دەستی لە ڕەفتاری مرۆڤی عاقڵ نییە، بەڵکوو لە ڕەفتاری ئەو نەفسانەیە کە عەقڵ خاوەنیان نییە و ئەمەش تەنیا سیفەتی ئاژەڵە و بەس.

لە بنەڕەتیشدا نەفس لەسەر ئەوە بارهاتووە کە مەیلی بۆ جۆرێکی تەندروست لە حەزەکانی هەبێت، بەڵام توانای گۆڕینیشی هەر لە نەفسدا هەیە کە ڕێگەی پێ لار بکاتەوە بەرەو جۆرگەلێکی دیکە، ئەم گۆڕینەش زۆر دوور و سەختە لەسەر نەفس، بەڵام مەحاڵیش نییە، وەک گۆڕینی مەیلکردنی نێر لە مێ بۆ مەیلکردن لە نێر، بە پێچەوانەشەوە لە مێدا.

سروشتەکانی نەفسیش بەپێی چەقین و چەسپانیان لە نەفسدا دەگۆڕێن، هەیانە زۆر توند ئاوێتەی نەفس بووە و بە ساڵێک یاخود چەند ساڵێک نەبێت ناگۆڕێت، بگرە بە تێپەڕبوونی یەک نەوەی تەواویش، هەتا ئەوەی کە وردە وردە و لە میانەی چەند نەوەیەکدا بگۆڕێت، چونکە نەفس هەڵدێت لە سروشتی نوێ و نەناسراو کە پێچەوانەی سروشتی چەسپاوی پێشووی بێت، وەک ئەوەی لە گەلی لووطدا ڕوویدا، کە ئەو لادانەیان ئاوا نەکەوتەوە، بەر لەوەی چەندین هەنگاو هەڵبنێن لە پێشتردا، وا نەبوو کە ڕاستەوخۆ پیاو دەستبەرێت بۆ پیاو، بەڵکوو لەوێوە دەستی پێ کرد کە پیاوان لە پاشەوە دەچوونە لای خێزانەکانیان، ئەوجا پاش و پێشی ژنانی دیکە، ئەو کات هێشتڵ بچووکترین مەیلیش لە نەفسەکاندا نەبوو لە پیاوەوە بۆ پیاو، لە پاشان چوونە سەر ئەوەی کە پیاوانیش بە مایەی چێژ لێ بڕوانن، هەتاکوو ئەوەی کە وەک چۆن حەزیان لەسەر ئافرەتە ئاواش لەسەر پیاو بێت، سا بەربەستی چوونە لای هاوسەرانیان لە پاشەوە لە نەوەیەکدا تێ پەڕاند و بەربەستی سەرجێییکردن لەگەڵ ئافرەتانی دیکەشیان (زینا) لە نەوەیەکدا تێ پەڕاند و ئیدی نەوەی سێیەم و پاش ئەو هات کە کەوتە ناو لادانی تەواو لە سەرجەم ڕووەکانەوە.

سروشتگەلێکی دیکەش هەن کە خێراتر دەگۆڕێن و پێویستیان بە تەنیا یەک نەوەیە لە سەرەتایەوە هەتا کۆتاییەکەی و هەندێکیشیان پێویستیان بە نیو نەوە هەیە، ئەم جیاوازییەش بە ئەندازەی قوولّ چەسپانی سروشتەکەیە لە مرۆڤدا و هەروەها بە ئەندازەی هێزی گۆڕینەکەش. گۆڕینی سروشتە فیترەتی-خوارسکییەکان بە شێنەیی و پلەبەندییەکی وەها ورد و نەرم دەبێت کە نەفس بلاوێنێتەوە و هەڵینەفڕێنێت، چونکە (نەفس) زۆر توند هەڵدێت و زۆر سەرکەشە لە هەمبەر هەوڵدانی مرۆڤدا بۆ گۆڕینی، حەز ناکات لە سەر ئەو بار و شێوازەی جۆری سروشتی خۆی هیچ ببزوێت.

هەندێکیش لە ماددییەکان وەک کەلەپوورەکان مامەڵە لەگەڵ سروشتە مرۆییەکاندا دەکەن، سروشتی خوارسکی کە ئاوێتەی پێکهاتەی مرۆڤە، وەک

جلوبەرگ و دابونەریت مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە دەڵێن سروشتەکان دابونەریت و کەلەپوورێکی گشتگیر و بەرفراوانە، جیاوازی نێوان ئەو و کەلەپووەکان لەلایان تەنیا ئەمەیە کە کەلەپوور هی شار و هۆزێکە، بەڵام سروشتەکان کەلەپوورێکی خاوەن پانتاییی فراوانن.(١)

مەترسیدارترین شتێکیش لەسەر عەقڵەکان ئەوەیە کە بیرورایان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتە نەفسییەکاندا گۆڕانی بەسەردا بێت، کاتێک بەو دیدەوە ڕووانییان، توانای بەرگرتن بە نەفسیان نامێنێت لە هەرچی کە حەز و ئارەزووی لێ بێت، چونکە ئیدی وای دەبینن کە ئەوە مەیل و سەلیقەیە و ئاساییە، وەک چۆن حەزی مرۆڤەکان جیاوازە لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێوە و تام و ژینگەکاندا.

دووەم: واده و کات

ئەمیش چونکە نەفس حەزی بە تێرکردنی ئارەزووەکانییەتی هەر کات کە وروژان، بەبێ هیچ کۆت و پێوەندکردنێک لە ڕووی کاتەوە، کاتێکیش نەفس بۆ خۆی و بە تەنیا، بوو بە پێشەوا و چاوساغی مرۆڤ، هیچ ڕێکار و سانسۆرێک ناناسێت، نە لە ڕووی کات و نە لە هیچ ڕوویەکی دیکەشەوە، هەر ئەمەشە حاڵی ئەو ئاژەڵانەی کە بەبێ عەقڵ دەژین، جا حەزە سەرکەشەکانیان پێشڕەوییان بۆ دەکات و عەقڵەکان ڕام و دەستەمۆی تێرکردنی ئارەزووەکان دەکات بەبێ هیچ سنووورێک.

عەقڵە دروستەکان ئازادی هەڵبژاردنی تەواو لە کات و شوێن و ماوەی چێژبردنەکاندا نادەن بە نەفس، بەڵام بۆ عەقڵ نییە هەموو کاتێکیش دەلاقەی چێژەکانی لێ دابخات، بەڵکوو دەبێت دیاریکردنی بۆ کاتەکە گونجاوی حەز و

---

(١) ئەمە دەڵێن وەک ڕێخۆشکردن بۆ تێکدانی فیترەت و شایانێتی خوارسکی و سروشتە پاکەکانی مرۆڤ بۆ گۆڕین و دەستکاریکردن، وەک لە بابەتی هاوڕەگەزبازی و هاوشێوەکانیدا دەبینرێت.

مەیلی نەفسیش بێت، وەگەرنا دەشێوێت، ئەمەش لە سەرجەم حەزەکاندا، سا عەقڵ ڕێگری ئەوە لە نەفس دەکات کە حەزی خۆی تێر بکات و لە هەر جێیەک کە دەیەوێت بخوات، بخوات و بخواتەوە بەدەم ڕاکشانەوە یان لە وەختی قسەکردن لە بەردەم خەڵکیدا، یاخود لە سەرئاودا بخوات و بخواتەوە، ئەمە زۆرینەی نەفسە تەندروستەکانیش حەزیان پێی نییە.

ئەوەشی کە عەقڵ نەفس کۆت دەکات و سنووری لە وادەی حەزەکانیدا بۆ دادەنێت هەر لەپێناو نەفسدایە و بۆ تەواوکاری ئەوە و نیشانەی بەهێزی عەقڵ و سەنگینییەتی، ئەم (سنووردانان)ەش لە ئارەزووەکانی پۆشاک و سەرجێیی و بیستن و ڕووانین و جگە لەوانەشدا هەیە.

عەقڵ هەروەک کات بۆ ئارەزووە ماددییەکانی نەفس دیاری دەکات و جڵەوگیرییان دەکات، بە هەمان شێوە لە شتە مەعنەوییەکانیشدا جڵەوگیری دەکات، دەشێت نەفس حەز بکات لە جێیەکدا قسە بکات و عەقڵ کۆتی بکات لەو حەزەی ئەگەر هاتوو لە بەرژەوەندیی خۆی، یان بەرژەوەندیی ئەوانی دیکەدا نەبوو ئەو قسەکردنە، بە هەمان شێوە لە بێدەنگبوونیشدا، دەشێت نەفس حەز بکات بێدەنگ بێت و هیچ نەڵێت بەڵام عەقڵ ببینێت کە لەو قسەکردنەدا سوودی خۆی و جگە لە خۆشی دەستەبەر دەبێت، بەجێهێنانی حەزە ماددییەکانی نەفس زیانی کەمترە لە بەجێهێنانی حەزە مەعنەوییەکانی.

ئەو عەقڵەشی کە دەست لە نەفس بەربدات بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی هەرکات ویستی و لە هەر ساتێکدا؛ ئەوە نیشانەی زاڵبوونی نەفسە بەسەر ئەودا، ئەو بەزاندنەش یان بەهۆی بەهێزی نەفسەوەیە، یاخود ئەگەر نەفسەکە لە خودی خۆیدا بەهێز نەبوو بەهۆی لاوازیی عەقڵەوەیە، ئەمەش لە هەر حاڵێکدا ناوی لێ دەنرێت کەمعەقڵی و هاوەڵانیشی ناودەنرێن بە کەمعەقڵان.

دەشێت لە نەفسدا چەند چەشنە ئارەزوو و سروشتێک کۆ ببنەوە (و یەک بگرن) و پێکەوە عەقڵی لاواز ببەزێنن لەوەدا کە هەرچی نەفس دەیەوێت

بەبێ کۆت و پێوەند خۆی لێ تێر بکات، وەک نەفسێک کە لەسەر پەلەکاری و تووندوتیژی ڕسکابێت و ئەوەش لەگەڵ حەزێکدا یەک بگرێت، ئەو کات زۆر بە هەڵپەوە پەلاماری دەدات، ئەگەریش عەقڵ زانست و ئەزموونێکی بەهێزی نەبێت، لە جڵەوگرتنیدا یان لاواز دەبێت یاخود ئەسڵەن دەستەوەستان و هیچکارە، ئەم نەفسانەش پەشیمانی گەورە بۆ خۆیان دەهێنن لەم حاڵانەدا وەختێکی کە کار لە کار دەترازێت.

سێیەم: جێگە

عەقڵ شوێن و جێگەی چێژبەرییەکانی نەفس دیاری دەکات وەک چۆن کاتیشی دیاری و سنووردار دەکات، وەختێک عەقڵ توانای سنووردارکردنی کاتیی بەسەر نەفسدا هەبێت، توانای سنووردارکردنی جێگەی بەسەریدا زیاتر دەبێت، چونکە جڵەوگرتن لە کاتدا سەختترە لەسەر نەفس. لە تەواوییەتی مرۆڤ و تایبەتمەندی و جیابوونەوەیەتی لە ئاژەڵان، کە کۆت و پێوەندە کاتی و شوێنییەکانی لەسەر نەفس زۆر بن لە حەز و ئارەزووەکانیدا.

چوارەم: ئەندازەی ئەوەی کە بەسە بۆ نەفس لە حەزەکەی

ئەوەش چونکە نەفس حەزی دەجمێت و لەم مەیل بزوانەشیدا تەنیا ئامانجی خۆخاڵیکردنەوەی تەواو و تێرکردنی غەریزە فیترەتییەکەتی، لەوەشدا پەلە دەکات و جگە لە تێربوون سنووردارێکی دیکە ناناسێت، سەرجەم سنووردارەکانی دیکەش تەنیا لەلای عەقڵەوە دێن، مەگەر یەکێکیان نەبێت کە لە ناواخنی خۆیدا حەز و چێژێکی دیکەی نەفسی هەڵگرتبێت، ئەو کات ڕێز لەو سنووردارەش دەگرێت، بەڵام هەر لەبەر حەز و چێژێک، نەک وەک ئیدارەدان و جڵەوگیریی ئارەزووەکەی بە شێوەیەک کە چاوەڕێی چێژ و ئارەزوویەکی دیکەی هاوتا یان سەرتر نەبێت لە بەرانبەریدا.

عەقڵ و سەرەنجامی ئارەزووەکان

عەقڵ سەرەنجامەکان دەبینێت بەڵام نەفس نایانبینێت، بە ئەندازەی حەزی نەفسیش کوێرایی بەسەر عەقڵدا دێت لە بینینی سەرەنجامی غەریزەکانی، کاتێکیش کە عەقڵ بەهێز بوو بە زانست و ئەزموونێک، بەتواناترە بەسەر چێوەدارکردنی نەفس و جڵەوگرتنی سەرشێتییەکانیدا و سنووردارکردنی ئەو ئەندازەیەی کە بەس و گونجاوییەتی لە حەزەکانی.

نەفسیش چڵێس و چاوبرسییە، دەیەوێت هەر ببات بەبێ هیچ پرس و جۆ و ئەندازەیەک، ئیدی لە سامان یان لە پێگە و پایە یان لە حەزبازی و چێژبەریدا، پێی وا نییە کە دەبێت لە سنووردا بوەستێت، هەتا ئەوەی کە حەزەکەی دوایی بێت و بوەستێت، یاخود خودی چێژلێبراوەکە تەواو ببێت و دوایی بێت، دەبینیت نەفس حەزی لە پارە و کۆکردنەوە و زیادکردنییەتی، هەر پەیدای دەکات و تێربوونی نییە ئەگەر بواری بدرێت، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بزانێتیش کە ئەو پارەیەی پەیدای دەکات تەواوبوونی بۆ نییە ئەگەر تەواوی تەمەنی دونیاش بژی، لە فەرموودەشدا هاتووە: «لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لَابْتَغَى وَادِيًا ثَالِثًا»[1] واتا: «بنیادەم ئەگەر دوو شیو پارەشی هەبێت، سۆراغی شیوی سێیەمیش دەکات و بەتەمایەتی.» مەبەست لە باسکردنی سێیەم شیو ئەوە نییە کە لەوێدا بوەستێت، بەڵکوو چونکە ئێستا دووانی هەیە بەتەمای سێیەمە، وەگەرنا سیانی هەبا چاوی لە چوارەم دەبوو، یان چواری هەبا چاوی لە پێنجەم دەبوو، هەروەها لەمەشدا سنوور و پایانێکی نییە، سا فەرموودەکە هاتووە بۆ پیشاندانی چاوبرسییەتیی نەفس و نەوەستانی لە سنووردا، ئەوەشی تێدایە کە نەفس پلە بە پلە سەر دەچێت لە غەریزەکانیدا و کۆڵ نادات، ئەم شێنەیی چوون و هەنگاو بە هەنگاوکردنەشی بۆ ئەوەیە کە هێمنییەتیی عەقڵ بپارێزێت و تووڕەی نەکات لە خۆی جا ئەویش بیوەستێنێت.

---

(١) البخاري (٦٤٣٩)، ومسلم (١٠٤٨).

ئارەزووەکانی مرۆڤ لێک جیاوازن، هەیانە لە سنووورێکدا دەوەستێتەوە، وەک خواردن، کە لە سنووری تێربوونداە دەوەستێتەوە، وەک خواردنەوەش، کە لە سنووری تێراوبوونداە دەوەستێتەوە، هەشیانە قەت دوایی نایە، وەک سامان و پێگە و پایە و هی دیکەش. نەفسیش لەو ئارەزووانەدا کە سنووریان نییە زیاتر پێویستی بە عەقڵ هەیە وەک لەو ئارەزووانەی کە سنووریان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە لە جڵەوگیری سەرجەم ئارەزووەکاندا هەر پێویستی بە عەقڵ هەیە.

هەموو ئارەزوویەکیش لە ئارەزووەکانی نەفس زیانی هەیە بۆ مرۆڤ -وەختی تێپەڕینی لە سنووری خۆی-، بە ئەندازەی زیانیشی عەقڵ بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت تێیدا، نەفس ڕقی بەوە هەڵدەستێت کە سنووری بۆ دابنرێت لە خۆتێرکردن لە ئارەزووەکان، ئازاری دەبێت و بەرهەڵستی دەکات و کۆڵ نادات، بەپێی هێزی عەقڵ و هێزی ئەویش، ئەنجامی ململانێکە دیاری دەبێت. هێزی بەسوودی عەقڵیش لێرەدا بریتییە لە بەرچاوڕۆشنبوونی بە بینینی سەرەنجامەکان و زانینیان، چەندێکیش زیاتر عەقڵ بینا و شارەزا بێت بە سەرەنجامەکان، جڵەوگیرکردنی بۆ هەڵپەی نەفس، قایم و بەهێزتر دەبێت و نەفسیش لە بەرانبەریدا لاوازتر دەبێت.

عەقڵەکانیش جیاوازییان هەیە لە ئەندازەی بینینیان بۆ سەرەنجامەکان، بە دووری و بە نزیکی و بە بەهێزی و بە لاوازی، دەگونجێتیش زیانی تێرکردنی نەفس بۆ حەزەکانی نەفس بریتی نەبێت لەوەی کە زەرەرێک لە دواییدا یەخەی بگرێتەوە، بەڵکوو بە لەدەستدانی بەرژەوەندی و قازانجی گەورە و مەزن بێت، هەرکەسیش جڵەوی ئارەزووەکان بۆ نەفس شل بکات، ئیدی با حەڵاڵیش بن، ئەوە کەمی و لاوازییە لە زانستی مرۆڤ و کاریشیدا، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە دەرگەی ئارەزووەکان بۆ نەفسی بخاتە سەر پشت، بەڵکوو بۆ ئەوەی کە زانست وەربگرێت و کاری پێ بکات.

کۆتکردنی ئارەزوو لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا

لێرەوەیە کە لە ئیسلامدا ڕێکخستن و جڵەوگیرکردنی ئارەزووەکانی نەفس هاتووە، چونکە دەستلێبەردانی بەبێ سنووردارکردن، عەقڵەکان لەکار دەخات و بزریان دەکات، هەتا ئەوەی کە مرۆڤ لەوەدا وەک ئەو ئاژەڵەی لێ دێت کە ڕۆژ و شەوی تەنیا بە تێرکردنی غەریزە و حەزەکانی بەڕێ دەکات.

گەلێک فەرموودەی نەبەویش هاتوون لەبارەی جڵەوگیرکردنی ئارەزووەکانی خواردن و خواردنەوە و بەرگ و پۆشاک و سەرجێیی و ئارەزووی نەفس لە بەرەڵڵاکردنی بیستن و بینین و قسەکردندا، چونکە ڕووبەری زیاد لەوەدا بریتییە لە ئەندازەی جیاکەرەوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، چەندێک مرۆڤ بڕێکی زیاد بەرێت لەم ڕووبەرە قەدەغەکراوە، هێندە زیاتر لێکچوونی بە سروشتی ئاژەڵ دەبێت، هێندەی زیاتریش دەستی لێ هەڵبگرێت و خۆی لێ ببوێرێت، زیاتر بە سروشتی مرۆڤ دەچێت، چونکە لە حەقیقەتدا ئەو ڕووبەرە هی عەقڵە، چەندەی لێ بخوات نیشانەی دەستەوەستانبوونی عەقڵە لە هەمبەر کۆتوپێوەندکردنی نەفسدا، ئەمەش کەمی و کەمتەرخەمییە تێیدا.

ئەرکی عەقڵ ئەوەیە کە مافی دیاریکراوی خۆی لەم ئارەزووانە بە نەفس بدات، لەوانەشە هەندێک لە عەقڵە تیژ و تونەکان نەفس تا ئاستێک بێبەش بکەن کە ئارامی و هاوسەنگی پێ لەدەست بدەن، جا ئازار و شڵەژانی بەسەردا دێت، نموونەی ئەمەش لە عەقڵەکاندا کەمە، هەندێکیش لە عەقڵەکان هەن کە نەفس بە ڕەهایی لە هەندێک لە ئارەزووەکان بێبەش دەکەن و زیرەکی و پاکییەکیان پێیە دەتوانین لە ڕێگەی ئەوەوە نەفس تامەزرۆ و سەرگەرمی شتانێکی دیکە بکەن و چێژی ئارەزووەکەی دیکەی خۆی فەرامۆش بکات، جا بە بەرژەوەندیگەلێکی دیکەوە سەرقاڵ دەبێت، ئەو وەخت نەفس هیچێک لەو وروژانەی بەسەردا نایەت کە ئازاری بدات و سوێی بکاتەوە، چونکە عەقڵ سەرقاڵی جگە لەوەی کردووە، ئەمەش زۆر دەگمەنە و لە خەڵکێکی هەرە کامڵ و تەواودا دێتە دی.

پێنجەم: ئەو شێوە و سیفەتەی کە تێرکردنی ئارەزووەکان هەیەتی

ئەوەش چونکە نەفس ئامانجی تێرکردنی غەریزەکانی هەیە و ئیدی ڕووانینی بۆ جگە لەوە نییە لە شێواز و کات و شوێن، عەقڵەکانن کە وردەکاری و جڵەوگیری و سنوورکێشی دەکەن، ئەوانیش بە ئەندازەی تەواوییەتیی ئەو زانست و ئەزموونەی کە پێیانە.

ئەوەشی کە داوەری عەقڵ دەکات لە شێوە و سیفەتی دەستبردنی نەفسدا بۆ ئارەزووەکانی: یان ئایینە، یان دابونەریت و خوو، یاخود پزیشکی (تەندروستی) و ئەوەی کە سوودی بۆی هەیە لە هێنانی بەرژەوەندییەک یاخود لادانی زەرەرێک، ئەو نەفسانەشی کە جیاوازی ناکەن لەنێوان سیفەتەکانی دەستبردنیان بۆ ئارەزووەکان، نەفسی ئاژەڵانن، چونکە ئەو شتانەی کە کاریگەری و ڕێوشوێندانانیان لەسەر شێوازەکانی چێژبەری هەیە، بەبێ دەستێوەردانی عەقڵ نابن، (ئەویش وەک) ئایین و دابونەریت و پزیشکی (تەندروستی)، هەر بەمەشە مرۆڤ جیا بووەتەوە لە ئاژەڵ، کاتێکیش یەکێک لەم کارتێکەرانەی سەر شێوازەکان (ی چێژبەری) کەم ببنەوە و نەمێنن، ئیدی ئەو مرۆڤەش کورت دەهێنێت و لاواز دەبێت لە دەستکاریکردن و سنوورکێشاندا بۆ نەفسی و ئارەزووەکانی.

شەشەم: کاریگەریی ئارەزووەکانی نەفس لەسەر کەسانی دیکە

ئەگەر هات و ئامانجی نەفس لە غەریزەکانی تەنیا تێرکردن بوو هەروەها نەشیدەڕوانی لە سەرەنجامە خراپەکانی کە بەرۆکی خۆی دەگرێتەوە، ئەوە هیچ کە لەبەر کەسانی دیکەی جگە لە خۆشی هەر سڵ ناکاتەوە (بڵێت با زەرەر لە ئەوان نەدەم)، مەگەر ئەو ئارەزووەی نەفس لەوێدا کاریگەری لەسەر ئارەزوویەکی دیکەی بکات کە لەلای کەسێکی دیکەی جگە لە خۆی دەستی دەکەوێت، ئەو کات هەندێک دەست دەگرێتەوە ئەمیش تەنیا لەبەر

ڕەچاوکردنی ئەو ئارەزووەی دیکە کە دەترسێت لەدەستی بدات، وەک چۆن هەندێک لە نەفسەکان هەندێک لە حەزەکانیان واز لێ دەهێنن لە ترسی سزایەک کە بێت و لە حەزێکی دیکە بێبەشیان بکات، وەک حەزی پێگە و پایە و پارە، یان ئازادی، یاخود لەشساغی یان هی دیکە، هەر لەم پێناوەدایە کە تەشریعی سزا لەسەر نەفسەکان کراوە، بۆ ئەوەی چاوقایمانە شان نەکەن بە ئارەزووگەلێکدا کە زیان بە خۆیان یان بە جگە لە خۆشیان بگەیەنێت و خۆشیانی لێ غافڵگیر بکەن، ئەوەش چونکە سزاکان لە حەقیقەتیاندا بریتین لە بێبەشکردنی نەفس لە حەز و ئارەزووگەلێکی دیکە، جا کاتێک کە نەفس زانیی کە دەستبەردانی لە خۆی لە کۆمەڵێک ئارەزوویدا دەبێتە مایەی بێبەشکردنی لە ئارەزووی گەورەتر، کۆڵ دەدات و دەست هەڵدەگرێت.

هێزی عەقڵیش لەمەدا کاریگەری لە تەمبێکاری و جڵەوگیرکردنی نەفسدا هەیە، چەندێکیش عەقڵ توانای دانانی بەربەست و سزای بۆ نەفس هەبێت، هەم لەپێناو چاوترسێنیکردنی و هەمیش پاداشتکردنیدا[1]، هێندە زیاتر کاریگەری لەسەری بەهێز دەبێت، لەبەرانبەر ئەم کارتێکەری و کۆششکردنەشدا، هێزی پاڵنەری نەفس و هەڵپە و چڵێسییەکەی بەرەنگاری دەکەن و دەیدەنە بەر بۆ بەدیهێنانی حەزەکانی ئەگەر دواشینەیەت و تەواویش نەبێت، دەشێت زۆریشی لێ بکەن بەڵگە بۆ هەوەس و هەواکەی خۆشی بهێنێتەوە.

* یارمەتیدانی عەقڵ لەبەرانبەر نەفسدا لە ڕێگەی دانانی سزاوە

بێبەشکردنی نەفس لە ئارەزووگەلێکی دیکە -وەختێک سنووری خۆی تێ دەپەڕێنێت- لەو شتانەیە کە یارمەتیدەرن لە جڵەوگیریدا و عەقڵ لە بەڕێوەبردن و سیاسەتکردندا بەهێز دەکەن، ئەم بەراوردکارییەیە کە عاقڵمەند و ژیران

---

(١) واتە کاتێک کە لە سزایەک دەترسێت کە حەزێکی دیکەی پێ لەدەستدەدات؛ لە هەمان کاتیشدا ئەمە لەلایەن عەقڵەوە ڕاکێشانی نەفس و تەماعپێدانیەتی، چونکە ئاواش چاوی لەسەر ئەو حەزەی دیکەیە و نایەوێت لەدەستی بدات، پاداشتەکەی نەفەوتانی ئەو حەزە و هاتنە دییەتی.

سزاکانی پێ دیاری دەکەن بۆ بەرچاوڕۆشنکردنەوەی نەفس بە سەرەنجامی ئارەزووەکانی، چەندێکیش سەردەم و ڕۆژگارەکە حەز و خۆشی زیاتری لەخۆگرتبێتو، نەفسیش بە هەڵپە و ئارەزووتر بێت، زیاتر پێویستی بە شتانێک دەبێت کە هاریکاری عەقڵ بکەن لە جڵەوگیرکردن و سنووورکێشاندا بۆ نەفس لە ڕێگەی بوونی ئەو سزایانەوە کە لە ئارەزووی دیکە بێبەشیدەکەن، چونکە لە وەختی بوونی سزادا لەسەری، ئیدی زیاد پێشناچێت و دەستنابات، مەگەر ئیتر چڵێسی و ئارەزوویەکی وەها گڕگرتووی تێدا بێت کە بەرچاوی تاریک بکەن و ئەو سزایانەش نەخوێنێتەوە و بێبەشبوونی لە ئارەزووەکانی دیکەش فەرامۆش و پشتگوێبخات، ئەویش لەم حاڵەتەدا پێویستی بە جڵەوگیری و دەستێوەردانی عەقڵ هەیە بە یەک لەو دوو ڕێگایە:

یەکەم: لادانی ئەو هۆکارانەی کە وایان لە نەفس کردووە ئارەزووی زیادبکات، بە جۆرێک کە بە سزاکانیش کاریگەری نەبێت، وەک پاڵنەرەکانی نەفس بۆ ئارەزووی سامان و ئارەزووی سەرجێییو، هی دیکەش، جا وەرگرتنی مااڵی حەرام، وەک دزیکردن و بەرتیلخۆریو، داگیرکاری و گزیکردن - هەموو ئەمانە پاڵنەری غەریزییان هەیە لە مرۆڤداو، هەروەها پاڵنەری زیادی و دەرەکیشیان هەیە، وەک ئاسانبوونی ڕێگاکانی دزی و بەرتیلکاری و گزی، ئەمانە پاڵنەری زیادن کە کۆیرایی بەسەر نەفسەکاندا دێنن لە ئاست بینینی ئەو سزایانەی کە بێبەشیدەکەن لە ئارەزووگەلی دیکە.

بەهەمان شێوە ئارەزووی سەرجێییش پاڵنەری غەریزی بنەڕەتی هەیە لە نەفسدا تەنانەت لە زیناشدا، هەروەها پاڵنەری دەرەکی لە دەرەوەی خودی نەفسیشدا هەیە، وەک خۆڕازاندنەوەی ئافرەتان و ڕووتوقووتی و تێکەڵی و خەڵوەت و تەنیاکەوتن، کە نەفس لە بینینی سزاکانیش کوێردەکەن.

کاتێکیش ئەو هۆکارانە لادران کە مەیلی نەفس بۆ تێرکردنی غەریزەکان زیاددەکەن، ئیدی سزا دانراوەکان لە شەریعەتدا بە گشتی بەس دەبن بۆ

ڕەتاندن و بەدوورگرتنی [لە تاوانەکان]، بە ئەندازەی زیادبوونیشیان[هۆکارە دەرەکییەکان] سزاکان کاریگەری لەدەستدەدەن، ئەم هاوکێشەیەش لە پێش چاوی هەموو خاوەن چاوێکدا دروست و تەواوە.

دووەم: زیادکردنی سزاکان بە ئەندازەی ئەو هۆکارە زیادانەی نەفس کە پاڵنەرن بۆ غەریزە و ئارەزوو، تاکوو عەقڵ بتوانێت نەفس ڕابکێشێت و بیگەڕێنێتەوە لەوەی کە نایبینێت بەهۆی ئەو مەستیی حەزەوە کە دەروونی داگیرکردووە، ئەمە بوو کە عومەری کوڕی خەطّاب سەبارەت بە خواردنەوەی مەی، بڕیاری لێدا و کردی، کاتێک کە هۆکارە بانگکەرەکان بۆ ئەو ئارەزووەی نەفس زیادیانکرد، ئەویش سزای زیادکرد، هەروەک سائیبی کوڕی یەزید دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: "كُنَّا نُؤْتَى بِالشَّارِبِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَإِمْرَةِ أَبِي بَكْرٍ وَصَدْرًا مِنْ خِلَافَةِ عُمَرَ، فَنَقُومُ إِلَيْهِ بِأَيْدِينَا وَنِعَالِنَا وَأَرْدِيَتِنَا، حَتَّى كَانَ آخِرُ إِمْرَةِ عُمَرَ، فَجَلَدَ أَرْبَعِينَ، حَتَّى إِذَا عَتَوْا وَفَسَقُوا جَلَدَ ثَمَانِينَ."[1].

واتە: "لە دەورانی پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمانڕەوایەتیی ئەبو بەکر و سەرەتایەکی خیلافەتی عومەریشدا، کە مەیخۆرەوەیان دەهێنا، بۆی هەڵدەستاین بە دەست و نەعل و عەبای بەرمان لێماندەدا، هەتا ئەوەی کە کۆتایی فەرمانڕەوایەتی عومەر هاتەناوەوە، بڕیاری چل داری دا، کە ئیدی تەواو خراپەیان نایەوە و پێیان لێ ڕاکێشا، کردی بە هەشتاش".

خۆ هەر سزایەکیش بواری زیادکردنی نییە، هەیەتی دیاریکراوە و لێدەرچوونی بۆ نییە، هەشیەتی مۆڵەتی تێدا دراوە وەک سزا تەعزیری-تەمبێییەکان.

ڕێگای یەکەمیش - کە لادانی هۆکارەکانە - لەپێشترە هەتا دووەم، چونکە سزادانی نەفس بەوەی کە لە شتێک بێبەشبکرێت کە مافی خۆی نییە -با ئازاریشی پێ بخوات-، لەپێشترە لە سزادانی ئەو کاتەی کە بەهۆی قۆماندن و

---

(١) بوخاری هێناوێتی (٦٧٧٩)

دەستدرێژیکردنە سەر ئەو مافە سزادەدرێت، بەڵام دەکرێت لادانی ئەو هۆکارە زیادانە هەمیشە ئاسان نەبێت.

ئەو هاوسەنگکارییەش لێرەدا ڕاست و دروستە، ئەوەی کە چەندێک هۆکارەکانی خراپە زیادیانکرد، هۆکارە دژەکان بهێنرێنە بەرامبەریان، بەڵام ناکرێت هەموو خراپەکە نەمێنێت و بنەبڕ بکرێت مەگەر ئەوەی کە کاریگەریی هۆکارە دژەکان زیاتر و بەهێزتر بێت، وەک ئاگر چەندێک سووتەمەنی بۆ زیادبکرێت، ئامڕازەکانی کوژاندنەوەی بێکەڵک دەبن مەگەر ئەوانیش بە هەمان ئەندازە یان سەرتر زیادبکرێن.

هەڵە و تاوانەکانیش بۆیە لەناو خەڵکدا بڵاودەبنەوە، چونکە لاوازی هەیە لە بەراورد و هاوسەنگکاری لەنێوان پاڵنەرە غەریزییەکان بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانو، پاڵنەرەکانی بێبەشکردنی لە ئارەزووگەلی دیکە وەک سزایەک بۆی وەختێک سنوور دەشکێنێت.

❊ نەرمڕەوی و هەنگاو بە هەنگاو چوونی نەفس لەگەڵ ژیر و خاوەن عەقڵاندا:

نەفسیش کاتێک ئارەزوو داگیریدەکات، بەپێی ئەو زانست و ئەزموون و ئیمانەی کە عەقڵ هەیەتی مامەڵەدەکاتو، فێڵی لێ دەخاتە کار بۆ دەستگەشتن بە مەرامی خۆی، ئەو دەلاقانەی کە نەفس لێیانەوە دێت بۆ زانایەک جیان لەوانەی کە لێیانەوە دێت بۆ نەزانێک، ئەو ڕێکارانەی لەگەڵ ئیمانلەقێکدا دەیگرێتەبەر جیان لەوانەی لەگەڵ ئیمانچەسپاوێکدا دەیگرێتەبەر، وەختێکیش دەستەوەستان دەبێت لە بەدیهێنانی ویست و ئارەزووەکانی لە شێوەی هەڵەی ئاشکرادا، هەڵەکەی تێکەڵ بە شتێک لە ڕاستی دەکات، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەچووە سەر و عەقڵ بە زانست و ئەزموونی لەدەستی دەربازبوو، هەوڵی بەدیهێنانی ئارەزووەکانی لەو ڕێگایەوە دەدات کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی ڕاست ئەنجامبدات کە لە دوور و لە دواییدا بە قازانج و وسوودی نابەجێ و

هەڵەوە بێتەوە گیرفانی، تاکوو عەقڵ ملی بۆ بدات و لەگەڵیدا بێت، نموونە لەوەش: کاتێک سوود و چێژێکی نەفس بە نزیکخستنەوەی کەسێک دێتەدی، گەلێک هۆکاری شیاوێتی بۆ دەبینێتەوە لەکاتێکدا کە دەشێت جگە لەو شیاوتریش هەبن، وەک چۆن کەسێک لە وەختی گرتنەدەستی پلە و پۆستێکدا خزمێکی خۆی دەخاتە سەر کارێک کە شیاویشە بەڵام لەویش شیاوتر هەن، بەرژەوەندیی خزمخزمێنە و بەجێگەیاندنی مەیلێکی نەفس، پەردە دەدات بەسەر ئەم جیاکاری و وردبینییەدا، سەبارەت بەم جۆرەیە کە عومەری کوڕی خەطّاب دەفەرموێت: "هەرکەس دەسەڵاتی کارێکی موسوڵمانان بگرێتەدەست؛و ئەویش دەسەڵات بە پیاوێک بدات لەبەر دۆستایەتی یان خزمایەتی نێوان خۆیان، ئەوە ناپاکی بەرانبەر بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی و بە موسوڵمانان کردووە"[1]، هەر لەم مانایەدا ئەو فەرموودەیەش گێڕدراوەتەوە: «مَنْ تَوَلَّى مِنْ أُمَراءِ الْمُسْلِمِينَ شَيْئًا فَاسْتَعْمَلَ عَلَيْهِمْ رَجُلًا وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّ فِيهِمْ مَنْ هُوَ أَوْلَى بِذَلِكَ وَأَعْلَمُ مِنْهُ بِكِتَابِ اللّٰهِ وَسُنَّةِ رَسُولِهِ، فَقَدْ خَانَ اللّٰهَ وَرَسُولَهُ وَجَمِيعَ الْمُؤْمِنِينَ»[2] لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا: "من استعمل رجلا من عصابة وفي تلك العصابة من هو أرضى لله منه فقد خان الله وخان رسوله وخان المؤمنين."[3] واتا: "هەرکەس لە کاربەدەستانی موسوڵمانان لە کارێکدا پیاوێک دابنێت لە کاتێکدا کە بزانێت کە تێیاندایە لەو لەپێشتر و زاناتر بە پەرتووکەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، ئەوە ناپاکی لە خوا و لە پێغەمبەر و لە تەواوی باوەڕداران کردووە

هەرکەس لەناو گرۆیەکدا کار بداتە دەست پیاوێک و لەو گرۆیەدا تێبیدا بێت کە لەلای خوا لەو ڕەزامەندتر بێت، ئەوە خیانەتی لە خوا و لە پێغەمبەرەکەی و

---

(١) مسند الفاروق، لابن كثير (٢/٥٣٧)، والسياسة الشرعية، لابن تيمية (ص٧)، ومجموع الفتاوى (٢٨/٢٤٧).

(٢) العجم الكبير، للطبراني (١١٢١٦)، والسنن الكبرى، للبيهقي (١٠/١١٨).

(٣) السنة لابن أبي عاصم (١٤٦٢)، والمستدرك، للحاكم (٤/٩٢).

لە باوەڕداران کردووە".

ئەم جۆرە لە خێر و زەکاتیشدا ڕوودەدات، کابرای خێرکەر یان زەکاتدەر دەچێت خێر یان زەکاتەکەی بە کەسێک دەدات کە گومانی وایە لە دواییدا -با لەپاش مەودایەکی دووریش بێت- بە قازانج بۆی دێتەوە، وەک ئەوەی وەسفی بدەن و تاریفی بکەن، یاخود کەسێک هەیە گلەیی لێدەکات ئەمیش دەیەوێت بەوە بێدەنگی بکات، یان چاوی لە قازانجێکی ئەو کەسەیە بۆ خۆی، یان بۆ کەسێکی دیکەی نزیک و خۆشەویستی خۆی، جا قازانجەکەی لە دوور بۆ دێتەوە، چەندێکیش عەقڵ زاناتر بێتو، دڵ ئیمانقایمتر بێت، بەهێزتر دێتە مەیدان لە خۆلادان لەو بەرژەوەندییانە و دوورخستنەوەیان، بۆ ئەوەی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی پاک و پوخت، و پەتی بن لە هەموو تەمایەک.

هەروەها وەک چۆن لە هەندێک لە فێرکارانیشدا ڕوودەدات کە زیاتر سەریان بە سەر ئەو فێرخوازەوە دەبێت و سوودی بۆ پەخشدەکەن کە لە دواییدا کەڵکی بۆیان دێتەوە بە خزمەتکردن یان هاوکاری و یارمەتیدان و کار بۆ بەڕێکردنێک، واشی خەیاڵدەکەن کە وا لەبەر خوا و بە نییەتی پاکەوە زانست دەبەخشنەوە و تێدەکۆشن تێبیداو، نەفسیان هاوڕێی عەقڵیان دەچێت بە کارە باشەکان، بەڵام لە ژێرەوە ئارەزووەکانی خۆی دێنێتەدی، لەمەدایە کە سوحنوون فەرموویەتی: "دروست نییە فێرکار منداڵان[قوتابییەکانی] بنێرێت بەدووی کاری خۆیدا"[1]، ئەوەش بۆ ڕێگاگرتن لەو تەما و دزەکردنانەی نەفس، چونکە کاتێک کە مرۆڤی ژیر و خاوەن عەقڵ دەستی هەڵگرت لە سوودوەرگرتن لەو کەسانەی کە مافی لەسەریان هەیە و مافیان لەسەری هەیە، ئیدی لەم بارەوە کارناکرێتە سەر نییەت و مەیلی دڵی، ئەمەش بۆ داخستنی ئەو دەرگایە لەسەر نەفس کە بێت و توخنی عەقڵ کەوێت و فریوی بدات بە تەما و حەزێکی شاراوە، جا کارێک بکات یاخود نەیکات، و وابزانێت کە دڵپەتی و نییەتپاکە لە کاتێکدا کە

---

(١) رسالة آداب المعلمين، لسحنون، ضمن كتاب: التربية في الإسلام، لأحمد الأهواني (ص٣٦١).

چاوتێبڕی و ئارەزوویەک لە ژێر ئەوەدا شاراوەتەوە.

ئەمە لە خستنە سەر کاری هەندێک لە خەڵکیشدا هەیە، کەسێک دێننە پێش و دەخەنە سەر کارەکە کە وەسفیان بدات و لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا ستایشیان بکات، لە کاتێکدا کە لەویش شیاوتر و کارزانتر هەیە، بەڵام کەسێکی وەسفدەر و تاریفکەر نییە، ئیدی لەبەر ئەوەی کە سروشتی وایە، یاخود لەبەر ڕا و بۆچوونێک کە هەیەتی، یان وەک ئایینداری وازی لێدێنێت و بە چاکی نازانێت[وەسفکردنی ئەم و ئەو].

لەوانەشە نەفس حەز بە جۆرە بەرگ و پۆشاکێک بکات، لەبەر ئەوە نا کە بەرگ و پۆشاکێکە کە لە خەڵکی جیادەکاتەوە، بەڵکوو ئەو جۆرە لە پێناو بەدیهێنانی ئارەزوویەکی شاراوەدا هەڵدەبژێرێت، وەک جۆرگەلێک لە جل و بەرگ کە دەیچوێنن بە خەڵکانێکی سەروو خۆیەوە کە لەوان نییە، زۆرێک لە دۆستانی ڕاستاڵی خوا توخنی ئەو جۆرە جلوبەرگانە نەدەکەوتن کە خەڵک گومانی باشی و ئایینداری بە خاوەنەکانیان دەبەن، بۆ ئەوەی خۆیان لەم گومانە بەدووربگرن، هەروەک ئیبن ڕەجەب باسی لێ دەکات.[1]

ئەو تەما و حەزە مەعنەوییانەشی کە کاردەکەنە سەر نەفسو، عەقڵ لە ڕێی ویژدان لادەدەن - لە مرۆڤدا بەهێزتر و شاراوەترن لە تەما و حەزە مادییەکان، زۆرێکیش لەوانەی کە گومانیان وایە خاوەن عەقڵی بە ویژدان و سەربەستن، لە حەقیقەتدا خزێنراون بەرەو بەرژەوەندیگەلێکی مەعنەوی کە نەفسیان تامەزرۆیەتی و چاوی لەسەریەتی، ئیدی بڕیار و هەڵبژاردنی عەقڵیشیان بەشوێنیدا کاریگەر بووە و هەستیشی پێناکەن.

* پەیوەندی نێوان ئارەزوو و بیروڕا:

عاقڵان لەوەدا ناکۆکییان نییە کە ئارەزوو کاردەکاتە سەر عەقڵ، پەروەردگار

---

(١) مجموع رسائل ابن رجب (٢/٧٥٧).

بۆخۆی ئاوا ئارەزوو و عەقڵی دروستکردووە بۆ ئەوەی کارلێک و کێشمەکێشم لەنێوانیاندا هەبێت، بنەڕەتیش وەهایە کە ئارەزووەکان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن بۆ کارکردن بەوەی کە باوەڕی پێیەتی، بەڵام ئارەزوو بۆخۆی بیرۆکە دروستناکات[بۆی نییە دروستیبکات]، چونکە ئەو پاڵنەرە نەک بەدیهێنەر، هەربۆیە سەرجەم ئامانجە بەرزەکان پاداشتەکەیان هێنانەدی غەریزە و ئارەزووی مرۆڤە، وەک بەهەشت و ئەوەی تێیدایە لە حەزەکانی خواردن و خواردنەوەو، بەرگ و پۆشاک و جێی حەسانەوەو، سەرجێیی و خێزان و جگە لەمانەش، بەڵام تەواوێتیی عەقڵی خەڵک لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە بەسوودترین و تەواوترین و درێژماوەترین لەناو ئارەزووەکانیاندا بێننەدی، خۆ هەموو ئارەزوویەک ڕووی لێ نانرێت و دەستی بۆ نابرێت، هەربۆیە نەفسە لاوازەکان پەلاماری نزیکترین ئارەزوو دەدەن بە هەر شێوەیەک بووە، بەڵام نەفسە هاوسەنگ و عەقڵە سەنگینەکان، دەزانن کە تەنیا نزیکبوونی حەز و چێژێک مانای ئەوەی نییە کە ڕێگەکەی ڕاست و دروست بێت.

کاتێک کە ئارەزووەکان پاڵنەری مرۆڤ بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، جیاوازی نێوان ئامانجە ڕاست و ئامانجە هەڵەکان ئەوەیە کە: لەلای خاوەن عەقڵان ئارەزووەکان ڕاستی و سەلامەتی ئامانجەکانیان بۆ دروستناکات، بەڵکوو تەنیا پاڵنەری نەفسەکانیانە بۆ کەوتنەڕێ بەرەو ئامانجەکان، ڕاستی و دروستی ئامانجەکانیش تەنیا بە بەڵگە و سەلمێنەری سەربەخۆ دەچەسپێت، بەڵام لەلای جگە لە خاوەن عەقڵان، ئارەزووەکان خۆیان نیشاندەر و سازدەری ڕاستی و دروستی ئامانجەکانن، لەلای ئەوان بۆچوونەکان، بە ئەندازەی ئەو چێژ و ئارەزوو بەجێهاتنەی کە لە تووێیدایە، دروست و بەجێیە، جا ئەمانە لە حەقیقەتدا حەز و مەیل دەکەن، ئەوجا بیروڕا دادەمەزرێننو، ئەوجا دەکەونە ڕێ و دەستپێدەکەن.

نەفسیش کاتێک ئارەزووی دەجمێت ئیدی دەیەوێت ویستی خۆی بگەیەنێتە جێ، جا ئەگەر ئەم لاواز و عەقڵ بەهێز بوو، ئەو کات بەپێی ڕادە

و سنووری شەرعی و ڕەوا ئارەزووەکەی بۆ دێنێتەدی، بەڵام ئەگەر لەوەودوا لەوە زیاتری بوێت، دەبێتە ململانێ و بردنەوەش بۆ بەهێزترینە، ئەگەر لەوێشدا نەفس لە عەقڵ بەهێزتر بوو لە بەدیهێنانی ئارەزوودا، کاریگەرییەکەی لە دوو شێوە و حاڵەتدایە:

حاڵەتی یەکەم: ئەوەی کە نەفس زەبر و هێزێکی هەبێت و خۆسەپێنی بەسەر عەقڵدا بکاتو، جا مرۆڤ بداتەبەر بەرەو حەزی خۆی، با پێویستیشی بەوە نەبێت کە قایلی بکات بە حەڵاڵێتی حەزەکەی یان حەرامێتی، ڕاستێتی یان هەڵەیەتیو، ڕەوا و ناڕەوا بوونیو، هاتنەکایەیەکی کاتی یاخود هەمیشەییو، بەزیانبوونی یان بەسوودبوونی، ئەمەش لەگەڵ عەقڵی لاوازدا ڕووەدات بەهۆی نەزانییەوەو، لەگەڵ نەفسی بەهێزدا بەهۆی حەزیەوە، دەشێت لەگەڵ عەقڵێکی بەهێزی خاوەن زانستیشدا ڕووبدات بەڵام کاتێک کە نەفس لەو بەهێزتر بێت بە بوونی بەهێزی حەز و ئارەزوو و نەبوونی ئیمان، ئەمە کاتێکە کە مرۆڤ هەڵە دەکات و دەشزانێت هەڵەیە، بەڵام ئارەزووی بەسەر عەقڵیدا زاڵبووە،بە خواردنی ماڵی حەرام لە ڕێگەی بەرتیل و ڕیبا و دزییەوە، یان بردنەسەری حەزی سەرجێیی بە زینا، یاخود سەرخستنی خود بە ستەمکردن یان دەستدرێژیکردن یان کوشتنو، جگە لەوانەش، ئەمە بەزۆری لەو جۆرە نەفسەدا ڕووەدات کە بە زەبری حەز هەڵەدەکاتو، دەزانێت کە هەڵەیە و لەبەردەم خودی خۆی یان جگە لە خۆشیدا دانی پێدا دەنێت.

ئەم حاڵەتەش لە زۆر و زۆرکاری نەفس، بۆچوون و باوەڕێک لە عەقڵدا دروستناکات، تەنیا ملکەچبوونێکی تێدا دروستدەکات، بە ناڕەزایی خۆی دەیداتەبەر وەک جەستەیەک کە لە کۆت و زنجیر درابێت بەرەو شتێک کە پێی ناخۆشە، بەڵام ئەمەش مرۆڤ لە بازنەی تەکلیف/ڕاسپێری و بەرپرسیاربوون ناباتە دەرەوە، چونکە با توانای بەسەر نەفسیشدا نەشکێت لە وەختی کارەکەدا، بەڵام بە ویست و بڕاردەی خۆی گەشتۆتە ئەم حاڵە، بەو واتایەی کە هەنگاو بە هەنگاو نەفسی زاڵکردووە بەسەر عەقڵی خۆیدا، وەک چۆن کەسێک پەتێکی

لە ملی خۆی بئاڵێنێت کە بەهۆیەوە پەلکێشبکرێت بەرەو کارێکی هەڵە، یا لە حاڵی ڕاکێشانیشیدا بێدەسەڵات و دەستەوەستان بێت لە خۆدەربازکردن، بەڵام بە دەستی خۆی بوو کە سەری کردە ناو پەتەکە کە دەشیزانی بەرەو کوێی دەبەن و چی لێدەکەن، سا ئەم[حاڵەتە]یان هەڵەکەی لەسەر ئەژماردەکرێتو، سزاکەشی وەردەگرێتەوە.

حاڵەتی دووەم: ئەوەی کە لە نەفسدا ئارەزوویەک هەبێت کە توانای بەسەر عەقڵدا ناشکێت، بەهۆی ئەو زانست و ئەزموونەوە کە[عەقڵ] پێیەتیو، ئەو ئیمانەی کە مرۆڤەکە خاوەنیەتی، ئەمجار نەفس بە سادەکردنەوە و ڕازاندنەوە و جوانکاری و فرتوفێڵ هەوڵی بەجێگەیاندنی ئارەزووەکەی دەداتو، بە تەماع دانە عەقڵو، ترساندنیو، بەردەوامبوون لەسەر ئەم شێوازانە و چڕکردنەوەیان، هەتا ئەوەی کە بە هۆی لەخشتەبردنی نەفسەوە، عەقڵیش پەنابەرێتە بەر خۆدەربازکردن بە دیتنەوە و هێنانەوەی بەڵگە بۆ حەز و ئارەزووەکان، ئەوجا بابەتەکە لە "شەهوەت" و ئارەزووەوە هەنگاو دەنێت بەرەو "شوبهە"و گومان.

هیچ گومانێکیش بوونی نییە کە لەوەوپێش لەسەر زەویدا حەز و ئارەزوو نەبووبێت، بەڵکوو دەشگۆڕێت هەتا ئاستی بوونە ڕێچکەیەکی خاوەن پێڕەوکار و شوێنکەوتەی خۆیو، بگرە دەشێت ببێت بە ئایین یان دابونەریت بۆ خەڵک، ئەمەش ڕێسایەکە لە سەرجەم میللەتان و گەلاندا کە ئارەزووەکانیان ڕێچکە و ڕێبازە پووچەکانیان بۆ دەخوڵقێنێت، نەفسیش کاتێک حەزی دەبزوێت، بەدەمیەوە دەڕوات و دەبێت بە هەوەس و ئارەزوو، سا حەز-شەهوەت لە پێش ئارەزوو-هەوا و هەوەسەوەیە، هەردووکیشیان پەروەردگار داونیەتە پاڵ نەفس، ئیدی چاک بن یان خراپ: ﴿اشْتَهَت أَنفُسُهُم﴾ [الأنبياء: ١٠٢] «ئەوەی کە نەفسیان حەزی پێدەکات» ﴿تَشْتَهِي أَنفُسُكُم﴾ [فصلت: ٣١] «ئەوەی کە نەفستان حەزی پێیەتی» ﴿تَهوَى الأَنفُسُ﴾ [النجم: ٢٣] «ئەوەی کە هەوەس و هەوای نەفسەکانی لەسەرە»، چەند زانای خواناسی عارفیش ئەوەیان فەرمووە کە هەوا و هەوەس دژ بە عەقڵن، ئەوەش چونکە ئارەزوو و هەوەسەکان لەسەر

زەوی حەزەکان دەڕوێن[١]، حەکیمی تورموذی بەشێکی داڕشتووە بە ناونیشانی «تفسیر العقل وضده الهوی - لێکدانەوەی عەقڵ و دژەکەشی کە هەوا و هەوەسە» لەو پەڕاوەیدا بە ناوی «العقل والهوی - عەقڵ و هەوەس»[٢]، ئەمەش بەزۆری وایە نەک بە ڕەهایی، چونکە دەشێت کە حەق لەگەڵ هەوەسی نەفسیشدا ڕێکیان بێت، ئەو کات مرۆڤ پێویستی بە ڕاستکردنەوەی نییەتەکەی هەیە نەک وازهێنان لە کارەکە.

❊ گۆڕانی ئارەزووەکانی نەفس لەلای نەوە یەک لەدوا یەکەکان بۆ گومان:

دەکرێت لە باوەڕی نەوەیەک لە نەوەکاندا ئارەزوویەک بەدیارنەکەوێت، بەڵکوو ئەوە[ئەو ڕا و باوەڕەیان] بەبێ حەز و ئارەزوو پەیڕەوی لێبکەن، لەوانەیە هەندێکیشیان وەک ئاییندارى یاخود دابونەریت بچنە ژێر باری، بگرە دەشێت لە هەندێک لە نەوەکاندا کەسانێکیش هەبن کە ڕقیشیان لێی بێتەوە، هەموو ئەمەش مانای ئەوە نادات کە ئەوە[بیروباوەڕە] پێشتر و لە بنەڕەتی سەرهەڵدانی یەکەمیدا بەبێ ئارەزوو هاتبێت، چونکە ئەو نەوەیەی کە دواتر هاتن و ڕقیان لێی بوویەوە درکیان بەوە نەکردووە کە لە بنەڕەتدا چۆن پەیدابووە، بەڵکوو لە وێنەیەکی دیکەدا بۆ ئەوان گوازراوەتەوە، کە دەگونجێت لە سەرەتایدا لەسەر زەوی ئارەزووی پارە و سامان یان پایە و پێگە یان جگە لەوانە ڕووابێت، ئەوجا بە نەمانی دامەزرێنەرەکەی ئەو ئارەزووەش نەماوە، جا ئەوانەی پاش خۆی لە وێنەیەکی دیکەدا وەریانگرتووە.

---

(١) جیاوازی نێوانیان "شەهوەت - حەز" و "هەوا- هەوەس" ئەوەیە کە شەهوەت قۆناغی سەرەتا و لایەنە سادە و سرووشتییەکەیە، بەڵام هەوا و هەوەس کاتێکە کە پەرەدەسەنێت و فراوان دەبێت مل بەرزدەکاتەوە و دەگاتە ئاست بیروڕا و ڕێباز و ئایین و سیستمێکی پەسەندکراو لەلای کەسانێک، ڕەگی لە زەوی حەزە خۆڕسکییەکاندایە و سەریشی لە ئاسۆی ئەو بۆچوون و ڕایەدا کە نمایشیدەکات.

(٢) ص٨).

ئەو ئارەزووانەشی کە گومانەکان دروستدەکەنو، کە دواتریش دەبنە دابونەریت و ڕێچکە و ڕێبازو، لەوانەیە ئایینیش - یەک جۆر نین، بەڵکوو دەکرێت یەک ئارەزوو بێتو، دەکرێت دووان، یاخود تێکەڵەیەک بێت لە ئارەزووگەلێکی فرە چەشن، یاخود تێکەڵەی کۆمەڵە ئارەزوو و سروشتێک، کە لە نەفسەکاندا بەهێزبوونو، جا کاریان کردووەتە سەر عەقڵەکانو، بە یارمەتی ئەو زانست و ئەزموونە بەهێزەی کە لە عەقڵەکاندا هەبووە، گۆڕاون بۆ بۆچوون و ڕا یان ئایین یاخود دابونەریت، ئیدی لەپاشان نەوەکان بەشوێن یەکدا و بەردەوام هەوڵیان بەگەڕخستووە لە بەڵگەدۆزی و هۆسازی بۆی لەپێناو چەسپاندنیدا.

ئەو ئارەزووانەشی کە خۆسەپێنانە عەقڵەکان ملکەچ دەکەن لە کردنی هەڵە و حەرامکراوەکاندا بەڵام هێشتا باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە ئەو کارانە هەڵە و حەرامکراون - حاڵەتەکەیان سووک و سادەترە لەو نەفسانەی کە تەنیا بەوەندە تێرنابن کە بەزۆر عەقڵ بەرەو ئارەزووەکانی خۆیان ڕاپێچ بکەن، بەڵکوو ناچاریدەکەن لەسەر پاساوهێنانەوە و شەرعاندنو، بەڵگەدۆزی و بانگەوازیکردنیش بۆی، چونکە ئەمەیان هەنگاوپێنانی ئارەووەکانە بەرەو بوونە گومانو، لەپاشانیش کردار و بیروڕاگەلێک کە بانگهێشتی خەڵکی بۆ بکرێت، بەڵام یەکەمیان تەنیا هێندەیە کە ئارەزووەکانی کردووەتە کردارو، تێنەپەڕیوە بە قۆناغی گۆڕینیدا بۆ گومان.

⁂ ئاساییکردنەوەی نەفس بۆ ئارەزووەکانی:

نەفسەکان کاتێکیش کە عەقڵەکان ناچاردەکەن بە گۆڕینی ئارەزووەکان بۆ گومان، بەهەمانشێوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی لەلای ئەوانی دیکەش دەدەن، ئەوەش بە ئاشکرا دەکەن، چونکە سروشتی شەرمکردن لەو نەفسانەدا هەیە کە هەڵە دەکەن، بەڵام لەو نەفسانەدا نییە کە هەڵە دەکەن و بە هەڵەی نازانن.

دەشێت بارودۆخی هەندێک لە نەفسەکان بەوەش بگات کە خەڵک بۆ ئارەزووەکانیان بانگبکەن لە شێوەی گوماندا، بۆ ئەوەی کە وێنە و تۆمەتی

ئارەزووبازی لە خۆیان لابدەنو، ئەستۆپاکی نیشانبدەن لەوەی کە دەستەمۆی حەزەکان بوونو، خۆیان بە نیازپاک و لێکۆڵەر لە حەق دەربخەن، بەڵام بۆخۆشیان دڵنیان کە ئەگەر ئارەزوو نەبوایە ئەو گومانەیان بێ گۆڕ و گیان دەبوو، ئەمەش گۆشەیەکە لە زاڵبوونی نەفسەکان بەسەر عەقڵەکاندا.

گەڕاندنەوەی مرۆڤیش بۆ ڕێگە ڕاستەکە لەم حاڵەتەدا گەلێک سەختە، چونکە لێکجیاکردنەوەی ڕووالەتی لەنێوان مرۆڤ و کارە هەڵەکاندا سادە و ئاسانە، بەڵام ئەگەر هەم پەیوەندی ناوەکی و هەم پەیوەندی دەرەکیش لەنێوانیاندا هەبوو، ناوەکییەکە ئەوەی کە نەفس لەگەڵ عەقڵدا دەستی تێکەڵکردووە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتووە کە هەڵەکە ڕاستە و هەڵە نییە، دەرەکییەکەش ئەوەی کە جەستە لەگەڵ تاوان و هەڵەکەدا ئاوێتەبووە - لێرەدا هەوڵدان بۆ دەست پێ هەڵگرتنی مرۆڤەکە لە کردنی هەڵە سەخت و ئەستەم دەبێت، چونکە بەر لە کۆڵ پێدان پێویستی بە قایلکردنە، بە پێچەوانەی ئەوی دیکەوە کە وەختێک نەفسی هەڵەکە دەکات، عەقڵ ئاگای لە هەڵەبوونیەتی و دانی پێدا دەنێت و ملەجەڕێ ناکات، ئەمەیان پێویستی بە قایلکردن نییە بەر لە کۆڵ پێدان، بگرە دەکرێت بۆخۆشی یارمەتیدەر بێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەرانبەر بە نەفسی خۆی، بۆ ئەوەی عەقڵی لە تۆڕی داو و هەژموونی نەفسی ڕزگاربکات.

* چاکسازی و ڕێگریکردن لە کاریگەریی نەفسەکان بەسەر عەقڵەکانەوە:

هەربۆیە لێرەوە لەسەر چاکساز پێویستە لە وەختی چاککردنەوەی هەڵەکان لە خەڵکیدا پارێزگاری لەوە بکات کە دەستی نەفس لەسەر عەقڵ هەڵبگیرێتو، زاڵ نەبێت بەسەریدا، تەنانەت ئەگەر نەفسەکە بەهێز و خۆسەپێنیش بوو بەسەر مرۆڤداو، بەردەوامیش بوو لە زۆرداری بەسەریەوە و هەڵە و تاوانەکانی پێ ئەنجامدەدا، هێشتا بارودۆخەکە باشترە مادەم عەقڵ ساغ و ئارێزراو بێت لە پیسکردنی[نەفس]، چونکە لەنێوان نەفس و عەقڵدا ڕێککەوتن ڕووینەداوەو، کە نەفس ئارەزوو بهاوێتو، عەقڵ بیکات بە گومان.

زۆرێکیش لە چاکسازان کە دەبینن خەڵک بەردەوامن لەسەر هەڵەکان بە کردار و کۆڵی لێنادەن و گوێ بە قسەی ئەوانیش نادەن، ئیدی دووچاری وەڕەزی و بێئومێدی دەبنەوە و وازیان لێدێنن، لە کاتێکدا کە ئەو خەڵکە هەڵەکان تەنیا وەک ئارەزوو و ملکەچبوونێکی جەستە بۆ نەفس و بەس، بەبێ قایلبوونی عەقڵ و دڵنیایی دڵ، پێویستیش لەسەری ئەوەیە کە بەردەوام بێت، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەدا کە توخنی ئارەزوو بکەون وەکو ئارەزوو، هەروەها ئەوەی کە ئارەزوو پەیڕەو بکەن وەکو گومان،هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ کارەکانیانداو، ڕێککەوتنی نەفسەکانیان لەگەڵ عەقڵەکانیاندا، بەردەوامبوونی کەسی چاکسازیش لەسەر چاکسازی خۆی یارمەتی دەدات کە دڵیان هەر لە دابڕاندا بمێنێتەوە لەگەڵ تاوانەکاندا هەرچەندی پەل و ئەندامەکانیشیان پەیوەست بێ پێیەوە و بەردەوامبێت لەسەری.

دەشگونجێت بەردەوامبوون لەسەر چاکسازی ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە ڕێککەوتنی ناوەکی و دەرەکی مرۆڤەکە هەنگاوبنێت بەرەو بەردەوامبوونی دەرەکی و پچڕانی ناوەکی، چونکە سەرەتای گۆڕانی مرۆڤەکان لە هەڵە و گومڕاییەوە بەوە دەبێت کە دەروونیان لێی بکشێتەوە لەپێشدا و لە دواییدا بە ڕووداڵەتیشیانەوە نەمێنێت، ئیدی ململانێی نەفس لەگەڵ عەقڵدا و لەناو دەروونداو بەپێی بەهێزی نەفس دەبێت، ئەگەریش ململانێی نێوانیان لەپاش پەیوەندی و ئەوجا پچڕانێکەوە بێت، ئەو کات زاڵبوون بۆ عەقڵە ئەگەریش دوای دەمێک بووبێت، چونکە نەفس بێگومان هەر قۆناغێک دێت کە پاڵنەرەکانی حەز و ئارەزووی تێدا لاواز ببێت، کە ئەو پاڵنەرانەش لاوازبوون عەقڵ ئیدی توانای دەبێت بەسەر دابڕاندنی لایەنی دەرەکی -کە جەستەیە - لەو کارە، هەر وەک توانای شکا بەسەر دابڕاندنی ناوەکی - کە عەقڵ بوو - لە قایلکردنی لە هەنگاوی پێشوودا.

کردنی خراپەش لەلایەن خەڵکەوە بە واتای زاڵبوونی ناڕەوایی و خراپە نایە مەگەر ئەوەی کە بە جۆرێک بیکەن باوەڕیشیان بە باشێتیشی هەبێت، بە

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وترا: باتڵ و ناڕەوایی بەسەر حەقدا سەرکەوت! ئەویش فەرمووی: «سەرکەوتنی باتڵ بەسەر حەقدا ئەوەیە کە دڵەکان لە ڕێنومایییەوە بچنە سەر گومڕایی، بەڵام دڵەکانی ئێمە هێشتاکەش لەسەر حەقن».[1]

لەلای عارف و خواناس و زانا و زیرەکانیش ئەو ئارەزووانەی کە بۆچوون و باوەڕەکان لە سکیان دێنەدەرەوە، بێ شومارن، هەر حەزێکی بەهێز لە نەفسدا توانای کارکردن لەسەر عەقڵ هەیە کە گومانێکی تێدا درووستکات، ئەنجامەکەش بە پێی ئەندازەی هێزی ئەو حەزە دەبێت لە بەرانبەر عەقڵدا، بەهێزترین ئارەزووەکانی نەفسیش لە کارکردنە سەر عەقڵ ئارەزووی پێگە و پایەیەو، ئارەزووی سامان و پارەو، ئاڕەزووی پیاوان بۆ ژنانو، ژنان بۆ پیاوان، وەختێکیش ئەم ئارەزووانە لە یەک لاوە کۆبوونەوە، ئەو کات نەفس هەژموونی بەهێزتر و کاریگەری گەورەتر دەبێت، تاکوو وای لێدێت کە عەقڵیش بەو زانست و زیرەکی و تیژی و ووردییەی کە هەیەتی ئارەزووەکان بکات بە بۆچوون و ڕا و باوەڕ، زۆرجار کەسی ژیر و بەرچاوڕوون ئەمە لە پشت دێڕە نووسراوەکانو، زمانە بەگەڕکەوتووەکانەوە دەبینێت و هەست پێدەکات.

بەهێزترین ئارەزووەکانیش لە کارکردنە سەر عەقڵدا ئارەزووی پێگە و پایەیەو، لاوازترینیشیان بەرانبەر بە عەقڵ ئارەووی خواردنە.

* ئارەزووی پێگە و پایە:

ئارەزووی پێگە و پایە دایکی ئارەزووەکانە، چونکە ئەگەر پێگە بۆ کەسێک بەدیهات ئیدی ئارەزووەکانی دیکەش دێنێتەدی و بەشوێنیدا دێن، بەڵام جگە لە ئارەزووی پێگە، مەرج نییە کە پێگە بەشوێن خۆیدا بێنێتەدی.

ئارەزووی پێگەش لقوپۆپی زۆری هەن، جا وەختێک کە نەفس نووسا پێیەوە و کەوتە دووی، دەست دەبات بۆ هەموو هۆکارەکانی گەیشتن پێی بە فێڵ و پیلانی

---

(١) سير أعلام النبلاء (١١/٢٣٨).

وەها کە عەقڵ لێی سەرسامدەبێت، بە جۆرێک کە بە شێوازی سەرزەنشتکردن ستایش بۆ خۆی دێنێت، لەوانەشە باری شتێک هەڵبگرێت کە پێشی خۆش نییە تەنیا بۆ ئەوەی کە خەڵک تاریفی بدەن، تەنانەت ڕوو بنێ بە مەرگیشەوە بۆ ئەوەی بڵێن ئازایە، واتا ستایشکردنی لە پشت خۆیەوە بە مردووبیش پێخۆشە، با دەنگی ستایشکارانیش نەبیستێتو، سوود لە بەهرە و شوێنەوارەکانی ئەو ستایشانەش نەبینێت لە ڕێز و مەزنڕاگرتن و خستنە سەر سەر.

هیچ ئارەزوویەکیش نییە مرۆڤ بداتە بەر و عەقڵی دیلبکات هێندەی ئارەزووی پێگە وەختێک کە زاڵ دەبێت بەسەریدا، کە ئارەزوویەکە لە نەفسدا لە شێوەی جیاوازی وەهادا خۆی دەنوێنێت کە زۆرجار مرۆڤ بە سەختی دەیناسێتەوە، جا دەشێت دیار بێت، دەشێت نادیاریش بێت، یاخود شاراوە بێت لە پشت ئارەزوویەکی شاراوەی دیکەدا لەناو نەفسدا، جا دەیەوێت بەسەر جگە لە خۆیدا بەرزببێتەوە و بیکاتە پلیکانە، کاتێکیش عەقڵ دەلاقە و ڕێگاکانی نەفسی پێ زانی، دەتوانێت ڕێگاکانی ئەوەی لێبگرێت، بۆ ئەوەی کاری تێنەکات بەبێ ئەوەی هەستیشی پێ بکات.

* ڕێگاکانی بەدیهێنانی پێگە لەلایەن نەفسەوە:

ڕێگا و شێوازەکانی نەفس لە بەدیهێنانی ئارەزووی پێگەدا دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: ڕێگەگەلێکی ڕوون و دیار:

ئەوەیە کە پلە و قۆناغەکانی و بەشوێنیەکداهاتنی لە بەدیهێنانی مەرامی پێگەو، بەدووکەوتنی ناوبانگدا، دیارن، ئامرازەکان تێیدا وەک ئامانجەکانن، هەموویان بەرەو بەهێزی پێگە و داخوازکردنی ستایشەکان دەچن، وەک ئەو کەسەی کە لە ڕێگەی بەخشندەیی و سامانەوە پێگەی دەوێت، ئەوەشی کە لە ڕێگەی زانست و کارپێکردنیەوە پێگەی دەوێت، ئەوەی کە لە ڕێگەی زمانپاراوی و بەدەموپلییەوە دەیەوێت، یاخود بە ڕاوێژ و ئەزموون و هزر و ژیری، یاخود بە بنەماڵە و ڕەچەڵەک، کە ئەمانە ئامرازگەلێکی ناسراوە و سادە و بەکارهاتوون بۆ

گەیشتن بە ئامانجی پێگە.

ئەم ئامڕازانەش لەخودی خۆیاندا لۆمەکراو نین بەڵام پێگە و پایەیەک بنیاددەنێن،

حەزکردنیش بە پێگە و پایە و باسکران بە باشە، و پێناخۆشبوونی باسکرانیش بە خراپە: سروشتی خەڵکی ساغە، بەڵام ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێت ئارەزووی پێگەیە، کە بڕێکی زیادە لەو سروشتەی کە سەرجەم خەڵک تێیدا بەشدارن، کە ئەم دێتو پێگە دەکاتە ئامانج و داخوازی ڕەها و دواییو، جا مرۆڤ ئەو کات ئامڕازەکان بۆبەدیهێنانی ئەو ئامانجە[کۆتایی و ڕەهایە] بەکاردێنێت.

ئەم ڕێگە دیارانە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خودی خۆیاندا بە خراپ دانانرێن، بەڵام کاتێک کە بۆ بەدەستهێنانی پێگە و پایە بێت خراپ دەبێت و لۆمە دەکرێت، چونکە پێگە ئەگەر بوویە ئامانجی کۆتایی، ئیدی ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئەگەر بەم ڕێگایانە دەستی پێی نەگەشت ئەمجار بە جگە لەم ڕێگایانە و بەئامڕازی خراپ و بەد هەوڵی بۆ دەدات، بگرە لەوانەیە ئامڕازەکانی چاکەش بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە مەرام، ئەگەر لەوێش دەستی نەکەوت، ئەو کات دەگۆڕێت و ئەو ئامڕازانە وازلێدێنێت کە تەمەنێکی درێژی تێدا بەسەربردنو، بە شوێن هی دیکەدا دەگەڕێت، ئەمەیە لێکدانەوەی هەڵوێست و ڕەفتاری زۆرێک لەوانەی کە هەڵدەگەڕێنەوە لە پڕەنسیپەکانیانو، لەو شارێگایەی کە لەسەری بوون، لە هەلومەرجی جووڵانەوەی پێگە و گوازرانەوەی لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکەو، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو، لە پڕەنسیپێکەوە بۆپڕەنسیپێکی دیکە، بێگومان کە نەفسیش بەهانە و پاساوێک هەر دەدۆزێتەوە بۆ ئەو گۆڕانەی، جا دەگونجێت ناوی لێ بنێت تازەگەری و پێداچوونەوە، ئەوەش چونکە گۆڕان لە پڕەنسیپەکاندا جیاوازە لە گۆڕان لە بابەتە ماددییەکاندا، دەبینیت بازرگانێکی ئاڵتوون ئەگەر بازاڕی ئاڵتوون کز بوو دەست دەداتە کڕین و فرۆشتنی شتێکی دیکە کە خەڵک پێویستییان پێیەتی و

بازاڕی هەیە، هەرای بەهانەبازی و چەواشەکاریش نانێتەوە لەم کار گۆڕینەیدا، چونکە ئامانجی لەگەڵ ئامڕازەکانیدا یەک، هەردووکی[ئامانج و ئامڕازی] بەلای خۆی و بەلای خەڵکیشەوە دیار و ڕوونن، بەڵام ئەوی کەوتۆتە شوێن پێگە، ئامانجی لەگەڵ ئامڕازەکانیدا ڕێکی نایەت، چونکە ئامڕازەکانی ئاشکران، بەڵام ئامانجەکانی شاراوەن و دەریاننااخات، بە پێچەوانەی بابەتێکی ماددی پەتی، کە ئامڕاز و ئامانجیشی ڕوونە.

جۆری دووەم: ڕێگاگەلێکی شاراوە و نادیار:

ئەو ڕێگایانەن کە وا دەرناکەوێت ئامڕاز بن بۆ بەدیهاتنی پێگە، بگرە لەوانەیە خەڵک وای ببینن کە پێچەوانەشیەتی، ئەمەش بەپێی ئاگایی و تیژی عەقڵی مرۆڤەو، هەروەها ئەو باوەڕەی کە لەدڵیدایە، زۆربەی ئەم ڕێگە و ئامڕازە شاراوانەش لەناو خاوەن عەقڵە زیرەکەکان و باوەڕە بەهێزەکاندا ڕووەدات و دێتە کایەوە، هەتا عەقڵ و باوەڕ بەهێزتربن ئەو ڕێگایانە شاراوەتر دەبن، هەتا لاوازیش بن دیارتر دەبن.

⁂ هەوڵدان بۆ پێگە لە ڕێگەی کارگەلێکەوە کە دژ و پێچەوانەین:

ئارەزووی پێگە بەدووی ئامڕازێکدا دەگەڕێت کە لەم جۆرە خەڵکەدا خۆی بەدی بێنێت، تاکوو بە کرداری وەهاوە دیاردەدات کە لە ڕووالەتدا دژ بە پێگەن، بگرە لەوانەیە خاوەنەکەشی فریوبدات هەتا ئەوەی کە حەز بەو کارانە بکات، چونکە دەیگەیەنێت بەو مەرامە بەبێ ئەوەشی کە خەڵک تۆمەتی ئەوەی لێبدەن کە حەزی بە پایە و پێگەیە و کۆششی بۆ دەکات، بەڵکوو دەشێت وەسفیشی بدەن بە خۆنەبینی و خۆداشارینو، دونیانەویستی و خۆپارێزیو، نییەتپاکی و ڕاستاڵی.

ئەگەریش مرۆڤ خاوەن عەقڵ و ژیری و زانست و باوەڕێکی وەها بوو، هەروەها نەفس زانی کە ئەم مرۆڤە خۆی لە پێگە و خاتر بە دووردەگرێت، ئەو کات خۆی دادەشارێت و دەچێتە پشت پەردەوە و لە وێنەی ئارەزوویەکی

پێچەوانە و دژی خۆیدا خۆی مەڵاس دەدات و کاردەکات، جا سەرکزکردن دەکاتە دیمەنی خۆیو، خۆبەکەمزانین دەبێتە ڕووالەتی، بەڵام ڕێک پێچەوانەی ئەوەی دەوێت، دەرکەوتن و خۆ بەزل زانینی دەوێت. چونکە هەوڵدان بۆ پێگە لە ڕێگەی سنگ دەرپەڕاندن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانو، زۆر قسەکردنو، دەرکەوتن لە پێش خەڵۆی بە هۆکار و بێ هۆکارو، بەدوواچوونی ناوەندەکانی وەسفدان و خۆشویستنی ئەوانەی وەسفی دەدەن هەرکێیەک بووبنو، دوورکەوتنەوە لە ناوەندەکانی ڕەخنەگری و ڕقبوون لەوانەی ڕەخنە دەگرن هەرکێیەک بووبن - هەموو ئەمانە وێنە دیارەکانی ئارەزووی پێگە و پایەن، جا وەختێک عەقڵ زانا بوو بەم دیمەنانە و خۆی لێ پاراستن، ئیدی نەفس بە وێنەی شاراوەی دیکە بۆی دێت، تاکوو بە ڕێگایەکی نەناسراوە و هەستپێنەکراو ئامانج بێنێتەدی، ئیتر دەبینیت بە سەرکزی هەوڵ بۆ پێگە دەداتو، بە خۆ بەکەم زانین بۆ بەرزی، و بە بەرگی درواوەوە بۆ دەوڵەمەندیو، بە زەمکردن و شکاندنی خۆی و باسکردنی لە نەنگییەکانی هەوڵ بۆ ستایشکردنی دەدات، ئەمە ئەهلی زانست و ئاییندارە پێوەی دووچار دەبن.

هەوڵدانی نەفسیش بۆ شتێک لە ڕێگەی دژەکەیەوە، شێوازێکی ناسراوی نەفسە، دەشێت هەندێک لە خاوەن عەقڵانیش وەک سیاسەت و لێزانی بیکەن، شاعیر لەبارەی ئەمەوەیە کە دەڵێت:

أُهينُ لهم نفسي لِكَي يُكرمونَها
وَلَن تُكرَمَ النفسُ التي لا تُهينُها

لە بۆیان سووکدەکەم زاتم هەتاکوو ڕێزی لێ بگرن
لەکوێ دەیکەن ئەگەر سووکی نەکەم زاتم لەبۆیان

ڕێگا و ئامڕازە شاراوەکانیش لە هەوڵدان بۆ پێگەدا و لەم جۆرەدا، لە ئەژمار نایەن، هەتاکوو وای لێ دێت کابرا خۆکوژانە دوورەپەرێزی دەکات لە خەڵک و خووەداتە گۆشەگیری، بۆ ئەوەی باسی نەکەن و بەرزی نەکەنەوە، کەچی لە دڵیدا

حەزدەکات وەها باسی بکەن کە حەزی بە دوورگرتنە لە خەڵکی چونکە حەزناکات باسی باشی بکەن، یاخود وەختێک لە بارەی شتێکەوە پرسیاری لێدەکەن دەڵێت: (نازانم)، دەیەوێت باسی ئەوەی بکەن کە تەقوا و ترسی هەیە لە قسەکردن بەبێ زانست، تەنانەت لەوانەیە لەبارەی شتێکیشەوە بڵێت: (نازانم) کە دەشیزانێت، ئەمەش بۆ خودی خۆی زۆر لەوەی دیکە خراپترە کە دەڵێت: (دەزانم) لەبارەی شتێکەوە کە نایزانێت، هەرچەندە بۆ خەڵک دووەمیان زیانی زۆرترە.

❊ داپۆشینی ئارەزووی پێگە بەبێ تەمایی لە پارە و ماڵ:

ئارەزووی پێگە وەک ئارەزووی ماڵە و سامان نییە، ئارەزووی سامان دیارەو، ئارەزووی پێگە نادیارە، نادیارترینش دەبێت وەختێک زوهد و دونیانەویستی و دوورگرتن لە پارە و سامانیشی ببێتە هاوڕێ، ئەو کات بێ تەمایی لە سامان وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ داپۆشینی ئارەزووی پێگە، داپۆشینی ئارەزووی پێگەش بە دەستهەڵگرتن لە ئارەزووی پارە و سامان، دەلاقەی نەفسە بۆ دوو تۆڕ لە خەڵک:

زیرەکان

زانایان

دەکرێت هەردووکیشیان لە کەسێکدا کۆببنەوە، خۆ ئەگەر جگە لەمان بەهۆی ڕاوە دینار و بەدووکەوتنی پارەوە لەبەرچاو خەڵک کەوتبێت و دەستی بە پێگە نەگەشتبێت، ئەمان پەند لەوانە وەردەگرن و دەست لە پارە هەڵدەگرن، نەک لەبەر زوهد و دونیا نەویستی، بەڵکوو وازهێنان لە پارەیان کردووەتە ئامرِاز بۆ بەدەستهێنانی شتێکی گەورەتر لە ئەو، کە پێگە و پایەیە، جا ئەوان تەنانەت سوود لە دەستهەڵگرتنیشدا دەبینن و بەکاریدێنن، وەک چۆن پارە وەرگر سوود لە پارە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بە پێگە بگات، لێرەشدا وەرنەگرتن و دەستنەبردن بۆ پارە هەمان کار دەکات، هەردووکیان وەکو یەکن، چونکە مەبەست هێشتا یەکە، بەڵام دەستهەڵگر شاراوەتر و زیرەکترە، نەفسی فێڵی لێکردووە و بەڕەی

لە ژێر پێ دەرهێناوە و کاریشی لێ ڕازاندۆتەوە، تاکوو عەقڵ گەیاندی بە مەرامی، جا ئەمانە ئیدی خۆشەویستی پێگە و پایە وەها چۆتە دڵیانە و هەڵیمژیوە، بە جۆرێک کە پێیانخۆشە هەرچی کە هەیانە و نییانە لەدەستی بدەن بەڵام یەک تاقە پلەش لەو پێگە و پایە نەیەنە خوارەوە کە پێی گەشتوون.

پێگەش لە نەفسەکاندا وێنەی جیاوازی هەیە، نەفسەکنیش جیاوازییان هەیە لە شێوازی فێڵکردن لە عەقڵ و ئیمان بۆ گەیشتن پێی، هەتاکوو لە مرۆڤدا خۆی وەها دابشارێت کە پێگەی ببێت بە پێشخستنی ناوی بەسەر ناوی کەسێکی دیکەوە -کە کەسەکەی دیکە شایانترە بە پێشخستن- و، دانیشتنی لەلای سەرەوەی نشینگەکاندا، یان لە ڕاست و چەپی خاوەن پایەکاندا، یاخود لە پشتیەوە ڕۆشتن و ماچکردنی دەست و نێوچاوان، وای لێدێت وازهێنان لەوە لەسەری قورسترە لە قورسی لەدەستدانی سامان لەسەر کەسی خاوەن سامان، چونکە پێگەی ئارەزووەکان لە نەفسەکاندا جیاوازە، جا نەفسانێک هەن کە دەست و سەری خەڵکێک ماچدەکەن بۆ بەدەستهێنانی پارە، نەفسانێکیش بە ئاواتەوەن کە پارەش بدەن تەنیا بۆ ئەوەی دەست و سەریان ماچبکرێت.

زۆرێکیش لەو گۆڕانە هزری و کردارییانەی لە خەڵکدا ڕووەدەن بەهۆی ئارەزووی دەرکەوتنی نەفس و دیاربوونیەتی، حاڵی ئەوانەش وەک حاڵی ئەو حاڵی ئەو کەسەیە کە بەدووی هەتاودا دەڕوات، لە هەرکوێ سێبەرێکی هات بە سەردا هەڵدەستێت و دەچێتەوە بەر هەتاوەکە، بەلایەوە گرنگ نییە لە کوێدا دادەنیشێتو، چۆن دادەنیشێت، مادەم ڕووی لەخۆر بێت و خۆی گەرم بکاتەوە.

ئەگەریش ئەم ئارەزووە بەسەر نەفسدا زاڵ بوو، پێیخۆشدەبێت بە شتێک لە کەسانی جگە لە خۆی جیا ببێتەوە، ڕەنگە گوێشی پێنەدات چی لێ دەکات و تووشی چی دێت، جا تامەزرۆی وەرگرتنی ڕای نامۆ و بۆچوونی نوێیە بۆ ئەوەی باس بکرێت بەهۆیەوەو، بڵێن کابرایەکی تازەگەرە، لەوانەشە نەفسی هەوەسێک بەو بۆچوون و ڕێگایەی خۆی پەیدا بکات کە کەسانی دیکە بە سووک سەیربکات

ئەگەر قسەی ئەم نەڵێنەوە و ڕای وەرنەگرن و بەوە نەگەن کە ئەم پێیگەشتووە، هەستێکی ساختەش زاڵدەبێت بەسەریدا کە گوایە ئەو بۆچوونانەی لەپاش نمایشکردن و لەبێژینگدانی زانست و ڕا و ڕاوێژی گەلانەوەوو، هەڵسەنگاندنیان هەڵبژاردووە و پەسەندکردووە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە نەفسی برسی پایە و پێگەیە کە چێژ لە هەر شتێک وەردەگرێت و پەسەندی دەکات کە تێری بکات با لە ڕاستیشدا وا نەبێت، وەک سکی برسی هەر خواردنێکی لەلا بەتامە ئەگەر واش نەبێت، ئەم نەفسانەش لە مەستییەکدا دەژین کە هەر دەبێت لێی بەئاگا بێن ئەگەر پاش ماوەیەکیش بووە، یەک لە سەرشێواوییەکانی هەندێک لەم نەفسە وابەستانە بە پێگە و پایەوە ئەوەیە کە پێیان وایە زۆر هاتن و چوون و گۆڕانیان زیان لە پێگەیان دەدات، جا لەسەر یەک شت دەچەسپێنو، ئیتر وادەزانن ڕێز و پێگەیان بەپێی ئەوەیە، دەستدەگرن بە پێگەیەکی کەم و بەردەوامەوە کە باشترە لە گۆڕان و ئەملاولاکردنی دیکە کە پێگەی زۆری نەچەسپاو و گریمانەیی تێدا بێت، ئەوجا سەرگەرم دەبن بە جێگیرکردن و سەلماندنی ئەو ڕێباز و بۆچوونانەی خۆیان وەک چۆن یەکێک مالّ و لانکەی خۆی قایمدەکات ئەگەر بەسەر لووتی شاخێکیشەوە بووبێت.

پێگە و لووتبەرزی و ئیرەیی:

هەرکەسیش گیرۆدەی حەزکردن بە پێگە و پایە بووبێت، گیرۆدەی دوو سروشتی دیکەش دەبێت، ئەو دوو سرووشتەش لەسەر حەزی پێگە و پایە پێدەگەن، و لەسەر ئەو خاکە دەڕوێن:

یەکەم: ئیرەیی **دووەم:** لووتبەرزی

پێگە و لووتبەرزی و ئیرەیی ئەم سیانە سێکوچکەی گومڕایی و سنوورشکێنین.

✧ جا ئیرەیی: چونکە شان و پێگە بەدی نایەت مەگەر بە نەمانی ئەو

بەخششانەی کە خودا داونی بە کەسی ئیرەیی پێ براو و بە یارمەتی ئەوانەوە ململانێ لەگەڵ کەسی ئیرەییبەردا دەکات لەو جۆرە پێگەیەدا کە دەیەوێت، لەوانەشە ئیرەییبەر پێداگر بێت لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو خاوەن بەخششانەی کە شانکێشانکێی پێگەی لەگەڵدا دەکەن، چونکە زۆری ئەوان ئەم لەو نێوەندەدا نوقم و نادیار دەکات، هەرچەندیش کەمبنەوە ئەم زیاتر دەردەکەوێت و پێگەدارتر دەبێت، جا دوژمنایەتی نزیکترینیان دەکات لە خۆیەوە کە کێبڕکێکاری ئەو پێگەیەن پێکەوە، ئەوەش چونکە پێگە لە بەردەم نەفسەکاندا وەک ڕووناکی وایە لە پێش چاوان، لە بوونی بەهێزدا لاواز هەستی پێ ناکرێت[جا بۆیە لە پێشدا دوژمنایەتی بەهێزترین و نزیکترینیان دەکات].

✧ لووتبەرزیش: چونکە نەفس بەرزی دەوێت لە پێگە، جا ئەگەر بە ڕاستی دەستینەکەوت بە درۆ دەیبات، تاکوو نەفس بەسەر عەقڵدا زاڵدەبێت و ناهێڵێت دان بە حەقدا بنێت و ملی بۆ بدات، تەنانەت ئەگەر بەڵگە و سەلمێنەرەکانیشی وەکو خۆر لێ دیار بێت، چونکە داننان بەو بەڵگانەدا پێگەی دەشکێنێت، ئیدی بە نکۆڵی و پێچەقی و ملەجەڕێ نەبێت بۆی ناپارێزرێت، ئائەمەیە کە نەفسەکان بە عەقڵەکانی دەکەن، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجَحَدوا بِها وَاستَيقَنَتها أَنفُسُهُم ظُلمًا وَعُلُوًّا فَانظُر كَيفَ كانَ عاقِبَةُ المُفسِدينَ﴾ [النمل: ١٤] «نکۆڵییان لێکرد لە وەختێکدا کە دەروونیان دڵنیابوو لێی[کە حەق و ڕاستە]، وەک ستەم و لووتبەرزییەک[ئاوایاندەکرد]»، لە فەرموودەشدا: "الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ"[1] "لووتبەرزی یانی ڕەتکردنەوەی حەق و بەسووکڕووانین لە خەڵکی".

خۆ بەزل زانین و لووتبەرزیش وا لە مرۆڤ دەکەن لە بابەتە ڕوون و ڕۆشنەکانیشدا مشتومڕبکاتو، بەری پێ دەگرێت لەوەی کە مل بۆ حەق بدات.[2]

---

(١) مسلم (٩١).

(٢) مائية العقل» للحارث المحاسبي (ص ١٤).

چەندێکیش حەزی پێگە لە نەفسدا زیاتر بێت ئیرەییش لە گەڵیدا زیاتر دەبێت، ئیرەییش ڕووانین و تێبینییەکی تیژ و بەهێز بە خاوەنەکەی دەدات بۆ دۆزینەوەی نەنگی و کەموکورتی خەڵکی، چونکە حەزی پێگە ئیرەیی دەڕوێنێتو، ئیرەییش بەدواداچوونی نەنگییەکانی خەڵکی لێوە سەوزدەبێت، هەروەک ئەحمەد فەرموویەتی: «هەرکەس حەزی لە سەرداری بێت، بەدووی نەنگی خەڵکیدا دەچێت»٣، هەتاکوو ئەوەی کە کەسی ئیرەییبەر تۆسقاڵێک خراپە لەناو چەند کێو چاکەدا دەبینێت و هەستپێدەکات، ئەوجا نەفس لە وێنەی دڵسۆزی و ئامۆژگاری و ڕەخنە و ڕاستکردنەوەدا دەست بۆ کەموکورتییەکان دەبات، لەوانەشە مروۆ بەوە خۆی ئارامبکاتەوە کە خۆی بەو ڕەخنەگر و ڕاستاڵانەوە بچوێنێت کە سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانن، هەموو ئەمەش بۆ بەرگریکردن لە خۆی بەرانبەر بە ئازاری ویژدان و هەروەها بەرهەڵستکاریکردنی خەڵکیش لێی، نیشانەی ئەوەش ئەوەیە کە نەفس زیاتر بە هەڵەی کێبڕکێکارانی دڵخۆشدەبێت وەک لە دڵخۆشبوون بە پێکان و کارە چاکەکانیان، چونکە ئەو دابەزینیانی دەوێت نەک سەرکەوتنیان، وا دەبینێت دواکەوتنی ئەوان ئەم پێشدەخات با لە جێی خۆشیدا بێت، جا کاتێک کە نەفسی گیرۆدە بە حەز و هەڵپەی پێگەوە، شیاوێتی پێشکەوتنی نەبوو لە خۆیدا، پێی خۆشدەبێت کێبڕکێکارانی دوابکەون بۆ ئەوەی پێشکەوتنی ئەم بەدیاربکەوێت، ئەوسا خەڵک دەیبینن و بەوەش پێگەی بۆ بەدیدێت، وەک پیاوێک کە لەناو خەڵکێکدا کە بە پێوە وەستابێتن ئەم دانیشتبێت، هەتا هەڵنەستێت بەرزتر لەوان نابینرێت، ئەگەریش ئەوەی نەتوانی حەزدەکات هەمووان وەک ئەو دابنیشن یان بخەون، بۆ ئەوەی دانیشتنی ئەو لەناو ئەواندا کە ڕاکشاون و خەوتوون وەک هەستانی کەسێک وابێت لەناو خەڵکێکی دانیشتوودا.

دەشگونجێت لە نەفسدا ئەوپەڕی ئیرەیی و ئەوپەڕی حەزی پێگەش هەبن، جا تێکهەڵبپرژێن، ئیرەییەکەی ڕێگری بەخشین بە هەژارانو، یارمەتیدانی لێقەوماوانو، تەکلیف و تکاکاری بۆ کەسانی دیکەی لێبکات، پێیخۆش نییە

کەس سوودێکی لێ ببینێت، بەڵام حەزکردنەکەی بە پێگە و پایە، هانیدەدات بۆ بەخشین و هاریکاری و تکاکاری بۆ خەڵک، بۆ ئەوەی شان و شکۆیەکی پێ پەیدابکات و خەڵک ستایشی بکەن بەهۆیەوە، جا ئەوە لە ناودەروونیدا دەبێتە تێکەڵەیەک لە خۆشحاڵی و ئازاریش، لە ئەنجامیشدا دەبینیت بەرانبەر بە هەرکەس چاکەیەک بکات منەتێکی زۆری بەسەردا دەکات و بە ناوچاویدا دەداتەوە، هەروەها ڕقی لە کەسێکە کە سوپاسی نەکات و باسی چاکەکەی نەکات، تەنانەت وای لێدێت خۆزگە بەوە دەخوازێت کە ئەو چاکەیەی کە لەگەڵی کردوویەتی لەدەستیبدات و نەمێنێت.

وەختێکیش دوو شت لە مرۆڤدا کۆبوونەوە:

- ئارەزوویەکی بەهێز بۆ پێگە،

- لەگەڵ لاوازییەکی زۆر لە ڕێگە و ئامڕازەکانی پەیداکردنی پێگەدا:

ئەوکات دژایەتیکردنی بۆ خەڵک و ئیرەییبردنی پێیان زیاتر دەبێت، وەک ئەو ڕاکشاوە بێتوانایەی سەر جێگا کە پێیخۆشە خەڵک لەناو بەپێوە وەستاوەکاندا ببینن، بەڵام خۆ دانیشتنی خەڵک و تەنانەت ڕاکشانیشیان بەس نییە بۆ ئەو تاکوو ببینرێت، جا هەمیشە و هەردەم سەرقاڵی نەنگی و کەموکەسری ئەو خەڵکەیە، بە ئیرەیی و ستەم دەکەوێتە گیانیان و بە هەق و ناهەقیاندا دێتە خوارێ، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکیش لەوە ببینێت.

تەندروستترینی ئەو نەفسانەشی کە هەوڵ بۆ پێگە و پایە دەدەن: ئەوانەن کە بە هۆکارە ڕاستەقینەکان ڕێگە بەرەو بنیادنانی پێگە دەگرنەبەر، نەک لە ڕێگەی دواکەوتنی خەڵک و شکاندنی ئەوانەوە ئەوەیان بوێت، نەفسە پاک و بژارەکانیش ئەوانەن کە شوێن خودی چاکی و پاکییەکان دەکەون نەک شوێن پێگە خۆی، ئەگەریش لە دواهاتی کارە باشەکانیشیانەوە پێگەیەکیان بۆ هات سوپاسی خوای لەسەر دەکەنو، پەنای پێ دەگرن لە ئاشووب و بەڵاکەیو، هۆشیاردەبن لە گۆڕانی نییەت بەهۆیەوە ئەگەر لە داهاتوویەکی دووریشدا

بووبێت.

❊ ئارەزووی خواردن:

لەگەڵ ئەوەدا کە ئارەزووی خواردن بنچینەیە بۆ زیندوو مانەوە، بەڵام بەڵای خاوەن عەقڵانەوە ڕوونە کە لاوازترینی ئارەزووەکانە لە کارکردنە سەر عەقڵ، ئەوەش چونکە پەیوەندی هەیە بە بنەڕەتی ژیان و مانەوە، نەفسیش زیاتر حەز و تامەزرۆیی بۆ شتێکە کە لەسەروو ئاستی تەنیا زیندوو مانەوە بێت[زیاد لەوە بێت]، حەزەکانی بەدیهێنانی مانەوە و ژیان ئاسانترین حەزەکانن لە بەدەستهێناندا لەچاو جگە لە خۆیان لەو ئارەزووانەی کە لەودیو ئەوەوەن لە چێژ و زیادە و تەواوکارییەکان، هەر ئەمەشە جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، کە لە ئاژەڵدا ئارەزووی خواردن تەوەری کار و زۆرینەی هەڵسوکەوتەکانیەتی، بنچینە و دایکی ئارەزووەکان لە ئەودا ئەوەن، بە پێچەوانەی مرۆڤەوە، هەربۆیە ئەو ئاژەڵەی کە لە دۆزینەوە و پەیداکردنی خواردن خواردنەوەی خۆیدا توانایی دەنوێنێت ستایشدەکرێت، بەڵام مرۆڤ بەتەنیا بۆ ئەوە ستایشناکرێت، سەبارەت بەمە لە عەلییەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: «هەرکەس خەمی تەنیا ئەوە بێت کە دەچێتە ناو سکیەوە، قەدریشی هەر ئەوەیە کە لێوەی دێتە دەرەوە».[1]

لەگەڵ ئەوەشدا کە خواردن بنچینەی مانەوەیە، کەچی مرۆڤ وەختێک تەما و ئارەزووگەلێکی لێ دەفەوتێت، لە خواردن و خواردنەوە دەکەوێت و دەمی لێ نادات، لە داخ و خەفەتی لەدەستچوونی ئەو ئارەزووانەی دیکە، هەرگیزیش ئارەزووی خواردن و خواردنەوە نابنە تەوەری کردارەکانی مرۆڤ مەگەر عەقڵی لەدەستدابێت بەوەی شێت ببێت یان لە جێی شێت بێت، چونکە تەنیا شێتە کە زۆرینەی هەستان و دانیشتن و بزوانی بۆ خواردنە وەک خووی ئاژەڵان.

بەدیهێنانی تەواوەتی ئارەزووی خواردنیش نزیک و بەردەستە، ئەوسەری زۆر

---

(١) شرح نهج البلاغة (٢٠/٣١٩).

دوور و ئەستەم نییە، گەیشتن پێشی ئاسانە، بە پێچەوانەی ئارەزووی پێگە و پارەوە، کە ئەوسەر و سنووریان بۆ نییە لە نەفسی مرۆڤدا.

* بەهای ئارەزوو لە نەفسدا بە ئەندازەی سەختی ڕێگاکەیەتی:

زۆرجار وایە کە ئارەزوو ئەگەر ڕێگەکەی سەختو، ئەوسەری[1] دوور بوو، وابەستەیی نەفس پێوەی زیاتر دەبێت لە ئارەزوویەکی دیکە کە ڕێگەی ئاسانە و ئەوسەری نزیکە، با نزیکەکە چێژ و تامیشی زیاتر و بەهێزتر بێت، چونکە نەفس وایدەبینێت کە دەگمەن بوونی شتێک و کەمبوونیو، سەختی بەدەستهێنانی - بەڵگەیە لەسەر بەنرخێتییەکەی، هەربۆیە ئەو حەزەی کە تێدەپەڕێت و دەڕوات بەلای نەفسەوە خۆشەویستترە لەو حەزەی کە دێت و بەدەستدێت، چونکە نەفس تامەزرۆیی تێدایە بۆ تێرکردنی ئەو توانایی بۆ وەچنگخستنی ئەوەی کە جگە لە خۆی وەچنگیان نەخستووە، کە ئەمە تایبەتمەندی و تەواوکارییەکی پێدەدات لەچاو خەڵکانی جگە لە خۆی.

ئەمەش ڕێسایەکی زاڵە لە گەردووندا تەنانەت لە شتە ماددییەکانیشدا، کە دەگمەنترین کانزا و خشڵەکان لە بووندا، گرانترینن لە نرخدا.

کاتێکیش ئارەزوو لە نەفسدا پێی خۆی قایمکرد، بێشک کە دەبێت کاریگەری خۆی بخاتە سەر عەقڵیش، ئیدی [عەقڵ] هەست بەوە بکات یان نا، ئەمەش لە ڕەنگدانەوەکانی لاوازی مرۆڤەکانە، بەڵام کاملێتی مرۆڤ لەوەدایە کە ڕێگاکانی[نەفس] لەسەر عەقڵ تەسکبکاتەوە، بۆ ئەوەی لە وێنەیەکی بەئاشکرا هەڵەدا دەرنەکەوێت، بەڵکوو خولانەوەی لە شوێنێکی دوور لە بازنەی ڕوونی و ئاشکراییدا بێت و لەگەڵیشیدا حەز و تەمای خۆشی بێنێتەجێ، زانین و سنوورکێشان و ڕێگەگرتن لەمەش؛تەنانەت لەسەر زیرەکانیش سەختە، جا [ئەم جۆرە] زۆرجار بەر لێخۆشبوون دەکەوێت، چونکە ئەوەی کە عەقڵەکان

---

(١) منتهی- ئەوسەری ئارەزووەکە بە واتای سنووری تێربوون و بێزاربوون لێی، بۆ خواردن تێربوون نزیکە و بۆ سامان تێربوون دوورە.

بەریتە ناو ئەم کێشمەکێشمی ناسینەوە و دۆزینەوە و گەورەکردنەوە و زۆر هەستیار و وریابوونە لەم جۆرە، تووشی وەسوەسەی دەکەیت بەوە، ئەمەش یەک لەو نەخۆشینانەیە کە بەسەر زیرەکاندا دێت، کە لە هەندێک شتدا وردەکاری دەخەنە کار کە وردەکاری لەوێدا بەجێ نییە، تاکوو ئەوەی کە عەقڵیان تووشی نەخۆشی دێت، جا دەست لە کاری مەزن و بەرز هەڵدەگرن، تەنیا لە ترسی هەندێک سەرەنجامی ورد و بچووک بچووک.

❊ ئامرازەکانی زاڵبوون بەسەر سرووشتەکانی نەفس و ئارەزوویدا:

سرووشت و ئارەزووەکانی نەفسیش بە پێنج شت نەبێت، زاڵبوون بەسەریدا مومکین نییە:

یەکەم: باوەڕ:

چەندێک ئیمان بەهێزبێت زیاتر جڵەوگیری هەڵپەی نەفسی پێدەکرێتو، ناهێڵێت بەسەر عەقڵدا زاڵ ببێت، چونکە ئیمان نەفس لاوازدەکات و زەبر و هێزی لەسەر عەقڵ سووکدەکاتەوە؛ئەوەش چونکە مرۆڤ کاتێک باوەڕی بەوە هەبێت کە کەسێک مافی لەسەری هەیە فەرمانی پێ بکات و ڕێگری لێ بکات، ئیدی نەفسی ملکەچ و دەستەمۆی دەبێت، بەهێزترێش دەبێت وەختێک ئەو باوەڕەی لەگەڵ قایلێتی و دڵنیایی عەقڵیدا یەکبگرن و هاوڕابن، هەربۆیە پەیوەستی و هاوتابیەک لەنێوان تەواوێتی ئیمان و تەواوێتی عەقڵدا بوونی هەیە، چونکە ناکرێت ئیمان پێچەوانەی عەقڵی تەندروست بێت، حەسەن فەرموویەتی: «ئایینی مرۆڤ تەواونابێت هەتاکوو عەقڵیشی تەواو نەبێت»[1]

کارکردنی باوەڕ لەسەر نەفس زیاترە وەک لە کارکردنی زانست و ئەزموون لەسەری، تەنانەت دەشێت هێندە کاریگەریی لەسەری بەهێزبێت کە سروشتە خراپی نەفسیش لابدات و چاکیبکاتەوە، یاخود ئەسڵەن ڕیشەکێشی بکات، جا

---

(١) العقل وفضله (ص ٣٤).

تیژیوتوندی نەفس لابەرێت یاخود چرووکی و ڕەزیلییەکەی، چونکە کۆمەڵێک سروشت هەن کە لەگەڵ باوەڕدا یەکناگرنەوە، جا ئەگەر باوەڕەکە بەهێزبوو بەسەر ئەواندا زاڵدەبێت، یاخود کە لاواز بوو ئەو سرووشتانە دەیبەزێنن، نزیکە هەرگیز ئیمانێکی بەهێز لەگەڵ ڕەزیلی یاخود تیژیوتوندیدا کۆنەبێتەوە، حوبەیشی ثەقەفی دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و یەحیای کوڕی مەعیندا دانیشتبوومو، خەڵکێکی زۆریش [لە ئەهلی زانست] لەوێدا ئامادەییان هەبوو، جا هەموویان کۆڕا بوون لەسەر ئەوەی کە هیچ پیاوێک ناناسن ئایبندار و سوڵخاو بێتو، لەگەڵیشیدا ڕەزیل بێت.(١)

کۆبوونەوەی زانست و باوەڕ لە نەفس(٢):

کاتێکیش کە زانست و باوەڕ لە مرۆڤدلّ کۆدەبنەوە، جڵەوگرتنی بۆ حەزەکانی نەفسی بەهێزتر دەبێت، مرۆڤ لەوە دەگرنەوە کە دەستەمۆی نەفسی خۆی، یان نەفسی جگە لە خۆشی ببێت، بە ئەندازەی کەمی زانست و باوەڕیش لە مرۆڤدا، دەستگرتن بەسەر عەقڵیدا و بەکارهێنانی ئاسانتردەبێت، هەربۆیە وەختێک دەسەڵاتدار بیەوێت بەسەر خەڵکدا زاڵ بێت و بۆخۆی ڕامیان بکات، زانست و ئیمانیان لێ دەسێنێتەوە، چونکە عەقڵی نەزان ئاسان ملدەدات بۆ گومانەکان، مرۆڤی بێ ئیمانیش ئاسان ملدەدات بۆ ئارەزووەکان.

جا ئەگەر کۆبوونەوەکەی زانست و باوەڕ بەهێزیش بوو، بەوە دەگات کە توانای پاڵنانی سرووشتەکانیشی هەبێت،

وەختێک کە ئەبو بەکر و عومەر پێشخرابوون لە زانست و باوەڕداو، پێشهاتی ریددە-هەڵگەڕانەوەی چەند هۆزێک لە عەرەب قۆما و ئەوجا گەشتە بەرەنگاری

---

(١) الآداب الشرعية (٣/٣١١).

(٢) لە عەرەبیدا دەوترێت على النفس - لەسەر نەفس، بەڵام ئەوە وەرگێڕانێکی تەواو نییە بۆی، کوردیتر ئەوەیە بوترێت: لە نەفس، کورد دەڵێن: "لێی" کۆبوونەتەوە، گەلەکۆمەیان "لێ"کردووە.

و دەستدانە شمشێریش لە موسوڵمانان، ئەبو بەکر کە سروشتی نەرم بوو، هەروەها عومەر کە سروشتی توند بوو، لێرەدا کە تۆندی سروشتی عومەر بوو هەروەها ئەو لەوە نزیکتر بوو کە ڕای لەسەر جەنگ بێت، کەچی بەهێزی زانست و باوەڕی عومەر وای لێکرد لەگەڵ ئەم سرووشتەیدا بەرهەڵستیبکات و لە یەکەم بۆچوونیدا پێچەوانەی سروشتی خۆی بوویەوە [کە با چەنگ نەکەیت]، تۆندی سروشتی کاری نەکردە سەری وەختێک کە وایدەبینی پێچەوانەکەی ڕاستە، تاکوو ئەوەی کە بەڵگەی ئەبو بەکری بۆ ڕۆشنبوویەوە کە لەگەڵ سروشتی ئەمیشدا یەکیدەگرت، ئەوجا وەریگرت لەبەر بەڵگە، نەک لەبەر سروشتی خۆی[1]، هیچ کامێکیشیان سرووشتیان کاری نەکردە سەر هەڵوێستیان، بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو کە ئەبو بەکر بە ئەندازەیەک لە پێق عومەرەوە بوو بە زانست و باوەڕ و لە یەکەم هەڵوێستەوە حەقی پێکا.

دووەم: زانست و ئەزموون:

چونکە ئەو دووانە جڵەوی حەزە نەفسییەکانیان پێ دەگیرێو، سنووری بۆ دەکێشنو، پەتی ڕابواردن و چێژبەری بۆ شلناکەن بە بێئەژمار، چەندێکیش مرۆڤ زاناتر بێت بە سەرەنجامی ئارەزووەکانی کە لە دواییدا یەخەیدەگرن، بەهێزتر دەبێت لە خۆگری و بێبەشکردنی نەفسدا لەو ئارەزووانە، زانست و ئەزموون بەهێزترین پاڵپشتێکی بەهێزکردنی عەقڵن کە بیکەنە پێشڕەو و فەرماندەر بەسەر نەفسەوە، بەڵکوو وادەکەن کە نەفس بە ویستی خۆی ملکەچ و ڕامی عەقڵ بێت، لەوانەشە ئەسڵەن بەبێ بەرهەڵستی و ئازار و داخخواردنەوە بۆ لەدەستچوونی چێژی ئەو ئارەزووانەی.

عەقڵ زانست پەیدابکات زۆر بەسوودترە لەوەی کە جەستە هێز پەیدابکات، چونکە زانست پیشانی مرۆڤی دەدات کە چۆن بە هەوڵی کەمیش سوودی زۆر وەچنگخاتو، بە ئاسانترین ڕێگە بە ئامانج بگات، نموونە لەوە وەختێک

---

(١) بڕوانە: صحيح البخاري (١٣٩٩، ١٤٠٠)، وصحيح مسلم (٢٠).

سولەیمانی پێغەمبەر (علیه السلام) تەختەکەی شاژنی سەبەءی ویست، دووان لە جنۆکە هاتنە پێش بۆ بەڕێکردنی ئەم فەرمانەی، یەکەمیان گوتی: ﴿أَنا آتيكَ بِهِ قَبلَ أَن تَقومَ مِن مَقامِكَ﴾ [النمل: ٣٩] «من بۆتی دێنم بەر لەوەی لە جێگای خۆت هەستی[لە کاروباری ئیداری دەوڵەت بیتەوە]»، بەڵام دووەم، کە زانستێکی پێبوو یەکەم پێینەبوو، پەروەردگار لەبارەیەوە فەرمووی: ﴿قالَ الَّذی عِندَهُ عِلمٌ مِنَ الكِتابِ أَنا آتيكَ بِهِ قَبلَ أَن يَرتَدَّ إِلَيكَ طَرفُكَ﴾ [النمل: ٤٠] «ئەوەی [دیکە] کە زانستێکی لە کیتاب لەلابوو گوتی: من بۆتی دێنم بەر لەوەی ڕووانینت بگەڕێتەوە[هێندەی لە شتێک بڕوانیت و ڕوانینت بێتەوە]»، چونکە ئەوەی بە زانست بەدەستدێت بە هێز بەدەستنایەت.

جا هێزی جەستەیی زۆر سوودی نابێت بەبێ عەقڵێکی زانا کە بەڕێوەیبەرێت، دەشێت زیانیشی هەبێت، زەرەردان بۆی ئاسانترە لە سوودگەیاندن، فیل ناتوانێت هێڵانەی باڵندەیەکیش بنیادبنێت، بەڵام دەکرێت تەلارێک وێرانبکات، چونکە بنیادنان عەقڵی دەوێت، بەڵام ڕووخاندن، عەقڵێکی وای پێویست نییە.

گرفتی عەقڵ ئەوەیە کە لە زانستی کەم بێت، مرۆڤ دەتوانێت شتگەلێکی زۆر گەورە کاریگەر بکات، بەڵام خۆی نازانێت کە توانای چی هەیە مەگەر بە ئەندازەی زانستەکەی، هەرچی کاری گەورە و داهێنان لە دونیادا کراوە خۆ هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەکرا و مومکین بوو، توانایی مرۆڤ کاری لە ڕووانیدا کرد، نەک لەخودی بوونیدا، بەڵام کاتێک زانایان پەیدابوون ئەوجا دەستیان تێبرد و ڕوویدا.

زانست کە لەگەڵ نەفسدا بوو چەکێکی دوو سەرە:

وەکچۆن زانست چارەسەرە بۆ نەفس لە گەیشتن بە ئارەزووەکانیو، پێشرەوێتیی دەکات وەک سواریێک کە پێشڕەو و ڕامکەری ئەسپەکەیەتی، دەشێت کە ببێتە خزمەتکاریشی تاکوو بیگەیەنێت بەوەی کە ئارەزووی دەکات، جا لەبری ئەوەی کە وردی و زیرەکی و ئاگاییەکەی بخاتەکار دژ بە هەڵپەی

نەفس، دەبێتە خزمەتکاری.

زانست دەکرێت تیژبینانە و لێزانانە مرۆڤ بگەیەنێتە حەزەکانی، بە شێوەیەک کە نەزانی بۆ ئەو مرۆڤە باشتر بوایە لە زانین، ئەگەر نەزان بوایە ئاوا تۆکمە و قایمکارانە دەستی نەدەگەشتە هەوا و هەوەسەکان، لێرەوەیە کە دەوترێت زانست بۆ هەندێک لە نەفسەکان بەزیانە، هۆی ئەوەش نەفسەکە خۆیەتی نەک خودی زانستەکە، چونکە ئەوە کە زانست لە حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا بەکاردێنێتو، خەڵکیشی پێ خراپ دەکات.

لەسەر زاناش پێویستە کە وەختێک لە فێرخوازێکدا هەست بە ئارەزوویەکی بەهێز و سروشتێکی زاڵ دەکات، هیچ زانستێکی زیاتر لە سەروو پێویستی خۆی پێ نەدات، تەنیا لەو نەزانییە دەربێنێت کە لەسەری واجبە لێیدەرچێت[زانینی واجبات و حەرامکراوەکان و ئەوانە]، نەوەک زانستێکی پێ بدات کە بچێت ئازاری خۆی و خەڵکیشی پێ بدات، با زانستەکەش لە خۆیدا باش و بێت.

نەفسی ئارەزوو بەهێز و سروشت خراپ و زاڵ _ عەقڵ دادەتە بەر و بەکاری دەهێنێت بۆ هەرچی کە حەزی لێبێتو، هەرچۆنێکیش کە بیەوێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین و خێراترین ڕێگە بیگەیەنێتە ئارەزووەکانی، و بیشیپارێزێت لە ئازاری ویژدانو، بەگژداچوونەوەی لەلایەن خەڵکەوە بە لۆمە و سەرکۆنەکردن، سا بەڵگەکان وەک قەڵغانێک بەکاردێنێت لە بەرانبەر هێرشی نەیارانیو، وەک تیر بۆ پێکانی حەزەکانی، ئەم جۆرەش لە نەفسەکان چەندێک لە زانست و پێگەدا بچنە سەرتر، خراپەکاری و خراپەنانەوەشیان بۆ خەڵک زیاتر دەبێت، زیانیشیان بە ئەندازەی پلەوپایەیان دەبێت لەلای خەڵک، خۆ ئەگەر پێشەنگ یان پێشەوا بوو، خراپەنانەوەی زۆرتر و فەوتاندنی بەرفراوانتر دەبێت، هەروەها بە ئەندازەی زانست و بیرتیژی و ئەزموونی هەرچی بەڵگە و سەلمێنەرەکان کە پێیەتی دەیانخاتە خزمەت ئارەزووەکانەوە، هەر بەربەستێکیش کە پێیدا تێدەپەڕێت ئەگەر نەتوانێت بەکاریبێنێت بۆ خۆی، فێڵی تێدا دەکات و بازی

بەسەردا دەدات، تەنانەت لە ڕاوێژیشدا ڕاوێژ تەنیا بە کەسێک دەکات کە هەر بە باری مەرامی خۆیدا بشکێتەوە، عەقڵ هێوردەکاتەوە کە گوایە من ڕاوێژمکردووە، بەڵام چووە ڕاوێژی بردۆتە لای ئەوانەی کە هاوڕاین لە هەوەسدا و گونجاوین لە وێنەدا، هەرکەسێکیش لە ڕاوێژدا ئەوانە هەڵبژێرێت کە هاوڕای خۆین، وەک ئەوە وایە سێبەری خۆی کردبێ بە شاهێد!

سێیەم: سروشتێکی نەفسی کە پێچەوانەی ئارەزووەکە بێت:

وەک نەفسبەرزی و سەرکەشی و غیرەت و لووتبەرزی، دەکرێت ڕێ لە مرۆڤ بگرن کە شوێن حەزێک بکەوێت کە سەری شۆڕ بکات، لەوانەیە مرۆڤ بکەوێتە نەداری و ئاتاجییەوە و مەیلی خواردن و خواردنەوەیەک بوو یاخود مشتێک پارە، بەڵام تەنیا ئەو ڕێگایەی هەبێت کە داوا لە دەوڵەمەندان بکات و دەست لە خەڵکی پانبکاتەوە، جا ئەگەر نەفسەکە لەسەر بەرزی و سەرکەشی ڕسکابوو، هەروەها سروشتەکەی لە ئارەزووەکەی بەهێزتر بوو، ئەو کات سروشتی ڕێگری لێ دەکات کە ئەو ئارەزووانەی بەجێبێنێت، سروشتی بەسەر ئارەزوویدا زاڵدەبێت، ئەگەریش ئارەزووەکە بەهێزتربوو لە سروشتی نەفسبەرزی و سەرکەشییەکە، ئەو بەسەر سروشتدا زاڵدەبێت و ئاوی ڕووی خۆی دەتکێنێت بە داواکردن لە خەڵکی بۆ دەستگەشتن بەئارەزوویەکی، ئەگەریش یەکسان بوون ئەو کات بە ئەندازەی سروشت و ئارەزووەکەی لە کارەکە دەوەستێت و هەنگاوێکی پێ نانرێت، ئەم جیاوازییەیە کە وادەکات هەندێک لە نەفسەکان هێندە لێکتر جودا و هەڵاوێر بن، کە هەیانە بەهۆی نەفسبەرزی و سەرکەشی تونديیەوە، لە برسان مردن و سارا نشینی: پێ خۆشترە لەوەی داوا لە خەڵک بکات، هەشیانە ڕاست پێچەوانەی ئەمە، دەوڵەمەندیش بێت گوێ پێ نادات بۆ دەنکە خورمایەکیش دەست پانکاتەوە وەختێک ئارەزووی دەکات.

بەهەمانشێوەش هەندێک لە نەفسەکان دەست نابەن بۆ بەجێهێنانی ئارەزوویان لە ڕەگەزی بەرامبەر، وەک مەیلی پیاو بۆ ئافرەتو، مەیلی ئافرەت بۆ

پیاو، سا دەشێت پیاو ڕوو لە ئافرەتە دۆستەکەشی نەنێت لەبەر ئەو سەرکەشی و لووتبەرزییەی کە تێیدایە، حەزناکات خۆی بۆ ملنەوی و بچووک بکاتەوە، بە پێچوانەی ئەوانەشەوە نەفسانێک کە هیچ سرووشتێکی سەرکەشی و خۆگرییان تێدا نییە، سا یار خۆی بۆ یارەکەی بچووک دەکاتەوە بۆ دەستگەشتن بە ئارەزووی خۆی لێی، لەوانەیە هەندێکیان کاریان بەوەش گەشتبێت کە کڕنووش بۆ یاریان بەرن بۆ بەدەستهێنانی بچووکترین حەزێک لێی، یاخود تەنیا بۆ ئەوەی بیبینێت و بەس، ئەمەش لە ناو نەفسانێکی دەگمەندا ڕوودەدات، کە هەم ئیمان و هەم فیترەت-خواڕسکی خۆشیان لەدەستداوە.

چوارەم: ململانێی ئارەزووەکانی نەفس لەناو خۆیاندا:

بەهێز زاڵدەبێت و لاواز دەوەستێنرێت، نەفسیش بە سروشتی خۆی حەزی بە بەدیهێنانی سەرجەم ئارەزووەکانیەتیو، نایەوێت هیچ کامێکیان لێ بفەوتێت، بەڵام دەکرێت دوو ئارەزوو لە نەفسدا ڕووبەڕوو ببنەوە و کۆبوونەوەشیان مەحاڵ بێت، جا بەهێزەکە ڕێگری لە لاوازەکە دەکات، لێرەدا دەستهەڵگرتنی نەفس لە حەزە لاوازەکەی بە واتای باوەڕ و پاکیزەییەک نایە تێیدا، نموونە لەمە ئارەزووی پیاوماقوولێتی و دەمسپێتی و دەرکەوتن و مەزن بوونەوە و پیرۆزکران لەناو خەڵکدا، لەگەڵ ئارەزووی دیکەی نەفسیدا کە ئەگەر نەفسی لێیان تێربکات، لە ڕێز و پێگەی دادەبەزێنێت لەناو خەڵکیدا، چەندێکیش نەفسەکە حەزی بۆ دەرکەوتن و پێگەداری توندتر بێت، بەرگەگرتن و دەستهەڵگرتنی لەو ئارەزووانەی کە پێچەوانەی ئەون زیاتر و بەهێزتر دەبێت، ئەم جۆرەش لە ململانێی نێوان ئارەزووە کێبڕکێکارەکان زۆر و بێ شومار و پایانە، لەوانەشە نەفس مرۆڤ فریوبدات وەختێک کە یەک لە ئارەزووەکان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێت وای لێ تێبگەیەنێت کە ئارەزووە لاوازەکەی لە پێناو خوادا وازلێهێناوە، یان لەبەر پاکیزەیی و پڕەنسیپەکانی وازیلێهێناوە، یاخود چونکە ڕقی لە شتی نزم و پڕوپووچە، بەڵام لە حەقیقەتدا وازی لە حەزێک هێناوە لە پێناو حەزێکی بەهێزتر لەو و گرنگتریش بەلای خۆیەوە، نەوەک ئایین یاخود پاکیزەیی و

پڕەنسیپەکان پەیوەندییەکیان بەوەوە هەبووبێت.

سیاسەتکردن و بەڕێوەبەریی عەقڵ لە وەختی ململانێی ئارەزووەکان لەناو خۆیاندا:

ئەگەر عەقڵ ویستی نەفس جڵەوی نەفس بگرێتە دەست و ڕامیبکاتو، دەلاقەکانی فێڵکردنی لێ دابخات کە گوایە نەفس لەبەر لەخواترسییەکی ساختە وازی لە هەندێک لە ئارەزووەکان هێناوە، یاخود لە پێناو پاکیزەیی یان پڕەنسیپە درۆینەکان، دەبێت ئەو وەختە لە گەورەترین و بەهێزترین ئارەزووەکان خۆی دەربازبکات،بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە دەرهاویشتەی ململانێی ئارەزووەکانیو، سەرکەوتنی بەهێزەکەیان دوور لە سەرکەوتنی باوەڕ و پاکیزەیی و پڕەنسیپەکانی، چونکە زاڵکردنی ئیمان و پاکیزەیی و مەبدەئەکان بەسەر سەرجەم ئارەزووەکاندا وادەکات کە هەمیشە سەرکەوتوو بێت.

بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ یەک لە حەزەکانی زاڵ بکات، ئەو دەبێتە پێشڕەویو، گرنگییە لەپێشینەییەکانی لەسەر ئەو بنیاد دەنێتو، بەرگی پاکیزەیی و ئاییندارای و جوامێریش لەبەردەکات، هەر ئەمەیە کە هەندێک لەو نەفسانە دەیکەن کە شەیدای دەرکەوتن و ناوبانگ و باسی باشەیانن، لەوانەیە ئارەزووگەلێک دەست لێ هەڵبگرن کە شوخت دەخاتە پێگە و ناوبانگیان لەناو خەڵکیدا، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەگەر ئەو ئارەزووانەیان بۆ بڕەخسێت بەبێ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر پێگەیان، زۆر بە حەز و هەڵپەشەوە پەلاماری دەدەن و تێیدەکەون، وەک چۆن شەیدایانی پێگە و ڕێزی [ئیداری] خۆیان وەک دەستپاکی داراییو، دوورکەوتنەوە لە حەزی ئافرەتان و مەیلکردن لێیان دەنوێنن، بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەکرێن بە ناسپاردەپارێزی لە سامان و داراییدا یاخود بە بەدڕەوشتی سەبارەت بە ئافرەتان، ئەوجا لەپاش ئەوە نەفسی هەڵدەستێت بە وێناکردنی ئەم دووڕەکەوتنەوەیەی لە حەزی حەرامی پارە و ئافرەت بەپێی حاڵەتەکەی: ئەگەر لەوانە بوو کە ئاییندارای دەردەخەن، وەک ترسان لە خوا وێنای دەکات، ئەگەر

لەوانەش نەبوون ئەو کات نەفسیان وەک پاکی و جوامێری و سپاردەپارێزی و پیاوەتی وێنای دەکات.

ململانێی ئارەزووەکانیش لەناو خۆیاندا سنوور و ئەژمارێکی نییە، دەشێت ئارەزووی پێگە لەگەڵ خواردن، یان ئارەزووی پارە، یان ئارەزووی ئافرەت، یاخود ئارەزووی بەرگ و پۆشاکو، زۆری دیکەشدا بکەوێتە ململانێوە، بەڵکوو ئارەبووی پێگەش لە خۆیدا جیاوازی هەیە، هەندێک لە خەڵک ئارەزوویان لە پێگەی پۆستەو، هەندێک لە پێگەی زانستو، هەندێک لە پێگەی هۆزو، هەندێک لە پێگەی زمانپاراوی و ڕەوانبێژی و هزرو، هەشیانە ئارەزووی لە پێگەی ناو بابەتە پڕوپووچەکانە، سەرجەم ئەم ئارەزووانەش ڕەچاوکاری خۆیان هەیەو، ئارەزووگەلێکیش لە بەرامبەریاندا هەن، نەفسیش قوربانیدەدات بە دەستهەڵگرتن لێیان لە پێناو ئارەزووە نەفسییە هەرە گەورەکەدا.

پێنجەم: هاوسەنگکاریی عەقڵ بۆ نەفس لە کاتی پەلاماردانی بەهەڵپەی بۆ حەزەکانی:

ئەمە بەشێکە لە ململانێی عەقڵ لەگەڵ نەفسدا و بەرەنگاریکردنی لێی بە بەرنامە، بۆ ئەوەی نەچێت ئەوەی کە دەیەوێت چڵێس و چاوبرسییانە بیبات و ئەوجا لەپاش تەواوبوونی خۆشییەکەی زیانی بۆ بمێنێتەوە، ئازارخواردنی نەفسیش لە ئەنجامی هاوسەنگکاری و بەستنەوەی لەلایەن عەقڵەوە، سووک و سادەترە لە سەرەنجامی پەشیمانبوونەوەی لە پەلاماڕە بەهەڵپە و بێ سانسۆرەکانی، تەواوێتی عەقڵیش بە تەواوێتی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنیەتی بۆ نەفس و جڵەوگرتنیەتی، عامیری کوڕی عەبدی قەیس گوتوویەتی: «ئەگەر عەقڵت بەستیتیەوە لەوەی کە نابەجێیە، ئەوسا تۆ عاقڵی»[1]

---

(١) العقل وفضله (ص ٤١).★"عَقَلَ" بە فرمان لە زمانی عەرەبیدا بە واتای "بەستنەوە"ش دێت، لێرەوە وتەکە بە عەرەبی جوانییەکی بەلاغی تێدایە کە لە وەرگێڕاندا بۆ زمانی دیکە دەرناکەوێت.

پارێزگاریکردنی عەقڵیش لە وەختی پەلاماردانی ئارەزووی نەفسدا بەوە نابێت کە نەفس بێبەشبکات لە حەزەکەی، چونکە بەجێهێنانی بنەڕەتی ئارەزوو حەرام نییە، بەڵام بۆ ئەوەی کە نەفس مەیلێکی وەها بە زەبر و هێز نەکات کە لە بازنەی حەڵاڵەوە خۆی بهاوێتە بازنەی حەرام، یان لە بازنەی پاکیزەییەوە بۆ بازنەی بەدڕەوشتی و خراپە، یاخود لە بازنەی سەنگینییەوە بۆ بازنەی کەمعەقڵی _ بێشک کە دەبێت عەقڵ هاوسەنگییەک لە نەفسووا دروستبکات، لەوەش ئەوەی کاتێک کە نەفس حەز بە شتێک دەکات دەیەوێت هەرچی توانای هەیە لە تێربوون و ئارەزوو شکان لەو شتەدا بەکاری بەرێت و خەرجی بکات، ئیدی ئارەزووی خواردن بێت یان پۆشاک یان سەرجێیی یاخود هاوەڵێتیکردنی هاوەڵێک، جا کاتێک کە نەفس بەرەنگارییەک لە عەقڵ نەبینێت بۆ جڵەوگرتن و سنوورکێشانێک بۆ ئەو تاو و گوڕەی، ئەو کات پەلاماردەدات و خۆی لێ تێردەکات و لەپاشانیش پەشیمان دەبێتەوە.

هەربۆیە لە ئەسەردا هاتووە کە لە وەختی چوونەپێشەوە لە هاوەڵێک، بە شێوەیەک نەبیت کە هەرچی خۆشەویستی لە نەفستدا هەیە بۆی نیشانی بدەیت و بە پایانی بگەیەنیتو، بە یەکجار هەموو حەز و مەیلەکە دابنێیت، گێڕدراوەتەوە کە «زُرْ غِبًّا تَزْدَدْ حُبًّا»[1] «کەم دەربکەوە و بڕۆ سەردانی، با خۆشەویست ببیت» مەبەست ئەوەیە کە: عەقڵ لەنێوان دوو سەردانییەکەدا ماوەیەک لە نادیاری و نەبینین دابنێت، کە نەفس هانبدرێت بۆ دووبارە تامەزرۆبوون و دیداری تاوێکی دیکە.

ئەم شێوازەش لە هاوسەنگکاری بۆ چوونی نەفس بەرەو حەزەکانی و دەستبردنی بۆیان، لە هەموو جۆرە مەیلێکدا هەیە، عەقڵیش بە ئەندازەی بەهێزی هەڵپەکەی نەفس ڕادەکێشیتەوە، چونکە نەفس ووزەی هەیە وەک چۆن جەستە ووزەی هەیە، ئەگەر ماندوو بکرێت بە ڕاکردنی خێرا دەوەستێت و پەکی دەکەوێت، بەڵام ئەگەر لەسەرخۆ بچێت و پشوو وەربگرێت، بە جەستەی

(١) مسند أبي داود الطيالسي (٢٥٣٥)، والمعجم الأوسط (١٧٥٤)، وشعب الإيمان (٨٠٠٨).

ساغەوە دەگاتە ئامانج، بەهەمانشێوەش لە دەستبردنی نەفسدا بۆ حەزەکانی با چاک و ڕەوا و بەجێش بن، ئەگەر عەقڵ لە هەر چوون و هەڵەمەتێکیدا نەفس بەرەڵڵابکات _ ئەو کات هەرچی توانا و ووزەی هەیە دایدەنێت، لەپاشانیش کۆڵەواری و لاوازی و وەڕەزی ڕووی تێدەکات بە جۆرێک کە چاکەیەکی پێ نەکرێت کە حەزیشی پێیەتی.

فەرموودەش هاتووە لەسەر هاوسەنگکردنەوەی نەفس لە وەختی هەڵمەتکردنیدا بە ئەندازە و بڕی کەمو، بە شێنەیی لەوەدا کە حەزی پێیەتی، بۆ ئەوەی پەکی نەکەوێت، ئەمە لە هەموو نییەت و وتە و کردارێکیشدا، لەوەش ئەو فەرمایشتەی (ﷺ): "وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ ".[1] "بزانن کە خۆشەویستترین کردەوە بەلای پەروەردگارەوە ئەوەیە کە بەردەوام دەبێت با کەمیش بێت"، ئەوەش چونکە دەستپێکردن بە کاری زۆر و قورس نەفس دەوەستێنێت و پەکیدەخات.

پێویستە لە هاوسەنگکاری عەقڵیشدا بۆ نەفس لە هەڵمەتەکانیدا، لە دوو شت بڕوانرێت:

یەکەم: بەهێزیی هەڵمەتی نەفس و لاوازیی، بەپێی ئەو ئەندازەیە عەقڵ بەڕێوەیدەبات بە ڕاکێشانەوە و دەستشلکردن و تێخوڕین و ڕەتاندن، جا ئەگەر بە هێز و هەڵپەوە هەڵمەتیدەبرد، بە شێوەیەک ڕایدەکێشێتەوە کە لەسەر کارەکە نەمێنێتەوە و بەردەوام بێت، ئەگەریش ناوەند و میانڕەو بوو وازی لێدێنێت، خۆ ئەگەر لاوازیش بوو هانیدەدات و پاڵیدەنێت، لە بەهێزی و لە لاوازیشدا نەفس هەر پێویستی بە هەوڵ لەگەڵ دانە،ئەو هەوڵدانەش ئازاری نەفسی تێدایە،وازلێهێنانیشی لەناو حەز و چێژەکانیدا -بەتایبەت لە هەڵمەت و چوونەپێشەوەیدا- وادەکات بپچڕێت و بووەستێت،لەوانەشە ئەسڵەن ڕقی لە ڕێگاکە ببێتەوە و ئەمجار لێی هەڵبگەڕێتەوە، ئەمەش لە لاوازی سیاسەتکردنی

---

(١) مسلم (٢٨١٨).

عەقڵەوە ڕوودەدات، سەبارەت بەمە ئەو فەرموودەیە هاتووە و گێڕدراوەتەوە: «إِنَّ هَذَا الدِّينَ مَتِينٌ فَأَوْغِلْ فِيهِ بِرِفْقٍ، وَلَا تُبَغِّضْ إِلَى نَفْسِكَ عِبَادَةَ اللَّهِ، فَإِنَّ الْمُنْبَتَّ لَا أَرْضًا قَطَعَ وَلَا ظَهْرًا أَبْقَى»[1] "بەڕاستی کە ئەم ئایینە قایم و تۆکمەیە، سا بە نەرمی و لەسەرخۆ تێیدا بڕۆ و، پەرستشی پەروەردگار لەسەر خۆت قورس و تاڵ مەکە، چونکە سواری تیژڕەو، نە ڕێگەی بڕی و، نە ئەسپەکەشی بۆ مایەوە".

زۆرێکیش لە وەستانی مرۆڤ لە کارە چاکەکان و گەڕانەوە سەر دژەکانیان لە کارە خراپەکان _ لە بنەڕەتدا لەوەوە نەهاتووە کە قایل بووبێ بە خراپە و تەرازووەکانی هەڵگەڕابێتنەوە، بەڵکوو لە نەبوونی سیاسەتکردنێکی دروستەوەیە بۆ نەفس لە وەختی بەهێز پێشچوونیدا بۆ کارێکو، لە پاشانیش بێزاربوون و کۆڵدانی لێی، لەوانەشە ئەسڵەن لێی هەڵبێت، هەندێکیش لە نەفسەکان زۆرداریەکیان تێدایە کە بەدووی بەڵگە وەهمییەکانیشدا دەگەڕێن لە پێناو پاساوهێنانەوە بۆ دژی ئەو کارەی پێشوو.

دووەم: درێژی ڕێگەی نەفس: هەتا ڕێگاکەش دوور و درێژ بێت، نەفس زیاتر پێویستی بە سیاسەت و بەڕێوەبەرییە لە ڕاکێشانەوە و تێخوڕین و ڕەتاندن، بەڵام ئەگەر کورتخایەن بوو ئەو کات وازهێنانی عەقڵ لێی کاریگەریی نابێت، ڕێگە درێژەکانیش وەک پەیداکردنی زانست بە جۆرەکانیەوەو، پەرستش بە جۆرەکانیەوە، وازهێنان لە نەفس کە بە مەیلێکی تونددەوە هەڵمەت بەرێت، نیشانەی پچڕان و دابڕانیەتی هەر لە سەرەتای ڕێگاوە، ئەمەش [دیاردەیەکی] زانراو و بەناوبانگە.

ئەگەریش ڕێگاکان کورت بوون، وەک هەندێک لەو کردەوانەی کە تایبەتن بە وەرز و کاتی تایبەتەوە[وەک ڕەمەزان و دە ڕۆژی ذیلحیججە و وەرزی حەج]، ئەوکاتیش دیسان نەفس بە تامەزرۆییەوە ڕوویان لێ دەنێت، لەبەر دانەهاتنەوەیان هەتا ماوەیەکی دوور و درێژی دواتر، لێرەدا پێویستی نەفس بە

---

(١) البيهقي في السنن الكبرى (٣/١٨).

سیاسەت و بەڕێوەبەریی عەقڵ لاوازە، هەتا ماوەی ئەو وەرز و کاتە تایبەتەش کورتتر بێت زیانی وازهێنانیشی لێی [وازهێنانی عەقڵ لە نەفس] کەمتر دەبێت، هەتا ماوەکەش درێژتر بێت سوودی ئاگابوونی لێی و بەڕێوەبردنی بۆی زیاتر دەبێت، لەوانەشە ئەسڵەن دەستهەڵگرتن لە سەر نەفس لە هەندێک لەو [وەرزی پەرستشانەدا] سوودی مەزنی تێدا بێت، چونکە ترسێک نییە لە وەڕەزبوونی نەفس و پەککەوتنی کە بەهۆی درێژی ڕێگاکەوە ڕووبدات، ئەگەر هاتو هەڵمەت و ووڕەکەی نەفس لە مەودای کاتەکە زیاتر و بەهێزتر بوو، ئەوسا کارەکەش تەواودەبێت کە هێشتا ووڕە و گەرموگوڕی نەفس تەواونەبووە.

هاوسەنگکاریش لەنێوان ئەو دوو شتەدا (بەهێزی هەڵمەتی نەفس، و درێژی ڕێگەی کردەوەکە) گرنگە لە بەڕێوەبەری عەقڵدا بۆی، کە ئەگەر تاو و حەزی نەفس هێندە بەهێز بوو کە بەر لە (تەواوبوونی) کارەکە پەکینەکەوێت، ئەو کات دەستبەردانی عەقڵ و دەستوەرنەدانی لە هەڵمەتەکەی نەفس ڕاست و دروستە، ئەگەریش گوڕ و تاوی نەفس بەر لە کۆتایی کارەکە تەواودەبوو، ئەو کات دەستبەردانی عەقڵ لە هەڵمەتی نەفس هەڵەیە.

نەفسیش لە سەرەتای هەڵمەتکردنیدا عەقڵ فریودەدات و هەڵیدەخەڵەتێنێت، تاکوو وابزانێت کە ئەم توانای بەردەوامبوونی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لەوە لاوازترە،هەتا عەقڵیش شارەزاتر بێت پێیو، ئەزموونی حاڵەتەکانیی کردبێت، توانای زیاتری بەسەر بەڕێوەبردنی و جڵەوگیرییدا دەشکێت، لە وەختی نەناسین و نەزانینیشدا سەلامەتتر وایە بەشێنەیی و پلە بە پلە و لە کەمترین توانای نەفسەوە دەستپێبکات و زیادیکات، نەوەکا فریوبدات و دواییش بووەستێت و عەقڵیش توانای هەستاندنەوەیی نەبێت، وەک ئەو سوارەی کە توانای هەستاندنەوەی سواربیەکەی نییە پاش ئەوەی کە زۆری لێکردووە و خەستە و هێزلێبڕاو بووە، لە ئەسەریشدا هاتووە: «فَإِنَّ الْمُنْبَتَّ لَا أَرْضًا قَطَعَ وَلَا ظَهْرًا أَبْقَى»[1]، واتا: نە گەشتە ئامانجیو، نە سواربیەکەشی پاراست.

---

(١) سبق تخریجه (ص ؟).

* ناسینی سروشتی نەفس و کاریگەری ئەوە لەسەر هاوسەنگکاریی عەقڵ بۆ هەڵپەی نەفس:

عەقڵ ناتوانێت هاوسەنگکاری بۆ هەڵگۆزینی نەفس لە ئارەزووەکانی بکات هەتا سروشتی نەناسێت، هەر سرووشتێکیش لە نەفسەکاندا کاریان دەکاتە سەر لە وەرگرتنی کۆمەڵێک لە ئارەزووەکاندا، نموونە لەوە ئەگەر نەفس تامەزرۆ و چاوبرسی بوو، دەبێت ڕێگە بە کەمترین ستایشکردنی خەڵک بدرێت بۆی، بۆ ئەوەی ئەوە لەکەڵ سرووشتەکەی خۆیدا پێکەوە نەبنە پاڵنەری بۆ فریوخواردن و لووتبەرزی و لەبیرکردنی بۆ نەنگییەکانی، لە بەرامبەریشدا ئەگەر نەفسێک لاواز و هەستیار بێت و لە وەختی لۆمەکردندا هەر زوو بشکێتەوە، لە سیاسەتکردنی عەقڵ ئەوەیە کە نەیباتە ئەو ناوەندانەی سەرکۆنە و ناشرینیدەکەن تێیدا، بۆ ئەوەی سروشتی لاوازی خۆی لەگەڵ زۆر بیستنیدا بۆ لۆمە و سەرزەنشتکاری نەبنە هۆکار بۆ وازهێنانی لە کارکردن، بەڵکوو تەنیا هێندە لە ڕەخنە وەردەگرێت کە خۆی پێ ڕاستبکاتەوە و بەس، لە هەرچی زیاد لەوەش هەیە دوور بگرێت و نەیەڵێت دووپات بکرێتەوە بەسەریدا و بیڕووخێنێت.

لەوانەشە نەبوونی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنێکی باش بۆ نەفس لەمەڕ ئەم بابەتە، ببێتە پاڵنەری بۆ هاتنوچوونی لەناو بیروڕا و بۆچوونە جیاوازەکاندا بەپێی ستایش یان سەرکۆنەکاری، هەندێکیش لەوانەی ڕێبازیان گۆڕیوە لەبەر بەهێزی عەقڵیان نییە، بەڵکوو بەهۆی زەبروزۆری نەفسەوەیە لەسەریان، عەقڵ داوای بەڵگە دەکاتو، نەفسیش داوای ئارەزوو دەکات.

* نەفسەکان لەگەڵ ستایش و سەرکۆنەدا:

زۆرێک لە نەفسە بەکەیف و کراوەکان هێندەی نەفسە داخراوەکان بە لۆمە و سەرکۆنەکاری کاریگەر نابن، ئەوەش چونکە چەرخی بیرکردنەوە و تێڕامان لە نەفسە کراوەکاندا کەم و خاوترە هەتا نەفسە داخراوەکان، جا بەدووی شتێۆدا دەگەڕێت کە ئەو هێواشییەی ببزوێنێت لە پەیوەندیکردن بە

خەڵکەوەو، گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەگەڵیان، لە پێناو ئەوەدا کە هەست بە جووڵان و چێژێک بکات، تەنانەت دەشێت چێژ لە سەرکۆنەکردنیش وەربگرێت نەک لەبەر ئەوەی کە سەرکۆنەکردنە، بەڵکوو چونکە بە بیرکردنەوە و ڕامان چەرخی زەینی سووڕاندووە، نەفسی داخراویش لە خۆیدا جووڵە و سووڕێکی بیرکردنەوە و تێڕامانی هەیە کە پێویستی بە پەیوەندیکردن بەوانی دیکەوە کەمتر بێت، تەنانەت ئەندازەیەکیشی لێ زیادە و بێزاری دەکاتو، لێی هەڵدێت، ئەو سووڕانەی زەینیشی بە بیرکردنەوە واتای ئەوە نییە کە ئەوە بیرکردنەوە بێت لەگەڵ زانستدا، دەکرێت بە زانستەوە بێتو، دەکرێت بە ختووەی ئازاربەخشیش بێت ئەگەر هاتو بەتاڵ بوو لە زانست، چارەسەریشی لەو ختوورانە بەوە دەبێت کە عەقڵی پڕبکات لە زانست، بۆئەوەی زەینی شتێکی لە زانستی بەسوود لە بەردەستدا بێت کە بیبات و بیهێنێت و لێکیداتەوە.

کاتێکیش عەقڵ ئەم جیاوازییانەی زانی، هاوسەنگکارییان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی هەم خۆی کاریگەر نەبێت بە نەفسی خۆی و هەمیش کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکەش دانەنێت، هەروەها لەگەڵ نەفسیدا هەوڵبدات بۆ تێکەڵیکردنی خەڵک و ئارامگرتن لەسەر ئازاردانەکانیان، چونکە لە فەرموودەدا هاتووە: «**الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ، وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ، أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الَّذِي لَا يُخَالِطُهُمْ، وَلَا يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ**»[1] «ئەو باوەڕدارەی کە تێکەڵی خەڵک دەکات و ئارامەدگرێت لەسەر ئازاردانەکانیان - پاداشتی گەورەترە لەو باوەڕدارەی کە تێکەڵی خەڵک ناکات و ئارامناگرێت لەسەر ئازاردانەکانیان».

یەک لە هۆیەکانی پێویستبوون بە هاوسەنگکاری ئەوەیە کە نەفس وەختێک مەیل لە ئافرەتێک یان بازرگانییەک یاخود وڵاتێک دەکات، هەرچی ناوەندەکانی جوانی و چاکییەتی دنێنێتە پێشچاو، نەفس کە حەزی بە شتێک وروژا سەرجەم وردەکارییەکانی جوانی لە خۆشەویستەکەیدا دەهێنێتە پێشچاو بۆ ئەوەی عەقڵ لە هەڵبژاردندا بزر ودوور بخاتەوە، جا کە عەقڵ لەوێدا [لەو لاوازی و دووڕییەوە]

---

(١) أحمد (٢/٤٣) (٥٠٢٢)، وابن ماجه (٤٠٣٢)، والترمذي (٢٥٠٧).

هەڵبژاردنی ئەنجامدا لە دواییدا هەست بە پەشیمانی دەکات لە هەموو پێشچوونەکەی یان لە هەندێکی، چونکە هەڵبژاردنەکەی لە وەختێکدا نەبوو کە نەفس تەندروست و جێگیر بێت، بەڵکوو بەمەیل و وروژاو بوو، پاراستنی عەقڵ لێرەدا بەوە دەبێت کە ئەو شتانەی کە نەفس شاردوونیەتەوە لە خاڵە ناحەزەکانی خۆشەویستەکەیدا، بێنێتەوە بەر چاو و بەر باس بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێتەوە، لەمەوەیە کە لە ئیبن مەسعوودەوە گێڕدراوەتەوە دەفەرموێت: «إِذَا أَعْجَبَتْ أَحَدَكُمْ امْرَأَةٌ فَلْيَذْكُرْ مَنَاتِنَهَا»[1] «ئەگەر ئافرەتێک سەرنجی یەکێکتانی ڕاکێشا [و لە فیتنەی ترسا]، با بۆگەنی و بێزراوەکانی بهێنێتە پێشچاو».

پێویستە لەسەر خاوەن عەقڵ کە کەمەندکێشی و پەلکێشبوونی توندی نەفس[بەرەو حەزەکانی] بشکێنێت، چونکە نەفس هاوسەنگ نابێت لەوەدا، سا دەبێت کە جڵەوی بگیرێت، بەر لەوەی مەیلێکی یەکجاری و بەهێزی وەها بکات کە عەقڵ توانای ڕاکێشانەوە و دەربازکردنی نەبێت.

لە شێوە و دیوەکانی هاوسەنگکاری عەقڵ لە هەڵپەی نەفس: تێرکردنی نەفسە بەوەی کە لەلای مرۆڤ خۆی هەیە لەوەی کە نەفس حەزی پێدەکات بۆ ئەوەی کە ئەو حەزە تووشهاتەی ئێستای لەبیربەرێتەوە و لە کەللەی دەرچێت، چونکە نەفس وەختێک کە حەزی دەچێتە سەر شتێک کە هی خۆی نییە، ئیدی ئەوەی هی خۆیەتی بەلایەوە سووکدەبێت و دەستی بۆ نابات و لە جوانی و خۆشییەکانی لە پێشچاوی خۆی بزر دەکاتو، جوانی و خۆشییەکانی ئەوەی دیکە دەهێنێتە پێشچاو کە هی خۆی نییە، هەتاکوو بە هەڵپەوە پەلاماری ئەوەی جگە لە خۆی بداتو، بێ نیاز بوەستێت لەوەی لای خۆی وەک چۆن بڵێیت بوونی نەبێت، ئیدی ئارەزووی پۆشاکێک بێت یان لانەیەک، یان خواردن و خواردنەوەیەک، یاخود هاوسەرێک، جا کاتێک کە نەفس عەقڵی سەرقاڵ و سەرگەرم کرد بە جوانی خۆشویستراوێکەوە کە خۆی نییەتی، با ئەمجار عەقڵ نەفس سەرقاڵ بکات بە جوانی خۆشویستراو و حەزپێکراوێکی هاوشێوە کە خۆی

(١) روضة المحبين، لابن القيم (ص ٦٣٤).

هەیەتی، بۆ ئەوەی نەفس هاوسەنگبێتەوەو، بگاتە مەرامی خۆی بە قایلبوون نەک بە زەبر و هێزی نەفسی، لەمەش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ): «إِذَا أَحَدُكُمْ أَعْجَبَتْهُ الْمَرْأَةُ، فَوَقَعَتْ فِي قَلْبِهِ، فَلْيَعْمِدْ إِلَى امْرَأَتِهِ، فَلْيُوَاقِعْهَا، فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدُّ مَا فِي نَفْسِهِ ».[1] «ئەگەر یەک لە ئێوە ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشاو، کەوتە دڵیەوە، با بچێتە لای خێزانی خۆی و سەرجێیی لەگەڵدا بکات، چونکە ئەوە ئەوەی ناو دڵی لادەدات».

هەندێکیش لە عاقڵمەندان وەختێک بانگهێشتی وەلیمەیەک بکرانایە، بەر لە چوون بۆ ئەوە لە ماڵەوە لە خواردنێکی خۆیانیان دەخواردن، چونکە نەفس هەمیشە مەیلی بەلای بەچێژدانانی خواردنی خەڵکەوەیە و چڵێسانە دەنیشێتە سەری، با خواردنەکەی خۆشی باشتر بێت لەو خواردنە یاخود وەک ئەو وابێت.

ئەم کێشمەکێشمەی نێوان نەفس و عەقڵیش لە هەموو شتێکدا هەیە، نەفس هەڵدەستێت بە بزرکردنی جوانییەکانی لای خۆی بۆ ئەوەی سووکی بکات و هی خەڵک گەورەبکاتەوە و چاو بخاتە سەری، بەڵام ئەم هاوسەنگکارییە دووبارە جێگیربوونەوەی نەفس و هێمنبوونەوە و ئارامی و قایلبوونی بە بەشی خۆی بۆ دەگەڕێنێتەوەو، ئیدی چێژیشی لێ دەبینێت، سەبارەت بەمەش ئەو فەرموودەیە هاتووە: «انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ»[2] «بڕوانن ئەوەی لە خوار خۆتانەوەیە، مەڕوانن ئەوەی لە سەروو خۆتانەوەیە، ئاوا نزیکترن لەوەی کە تووشی بەسووکدانانی بەخششەکانی خوا نەبن کە سەرتانەوەیە».

---

(١) مسلم (١٤٠٣).

(٢) مسلم (٢٩٦٣).

✺ جۆری سێیەمیش لە کارتێکەرەکانی سەر نەفس، کە حاڵەتەکانی نەفسن[١]:

نەفس لەسەر حەزپێکردن و ڕقلێبوونەوەو، شادی و خەفەت ڕسکاوە، ئەمانەش سرووشتن لە نەفسەکاندا، بەڵام وەختێک دێن بەسەر مرۆڤدا دەبنە حاڵەت، جا ئەگەر لە سنووری سروشتی دەرچوون، کاردەکەنە سەر عەقڵ، ئەگەریش لە ئاستی سروشتی ئاساییدا مانەوە، ئەو کات عەقڵ کارتێکەر دەبێت لەسەر ئەوانو، جڵەوگیرییان، بە ئەندازەی ئەو زانستەی تێیدایەو، ئەو ئەزموونەی پێیەتی.

فەیلەسووفانی نەفسیش ناکۆکییان هەیە کە ئایا کامیان لە پێشدا کاردەکەنە سەر ئەوی دیکە: ئایا زانین و بیرکردنەوە ئەو حاڵەت و هەست و کاردانەوانە دێننە بوون، یاخود ئەماننکە دەکەونە پێش بیرۆکە و زانین و دەبنە هۆی هاتنە بوونی هەندێکیان دەڵێن بیرۆکەکان هۆی هاتنەبوونی حاڵەت و هەستەکانن، چونکە شادی و ترسو، خەفەت و ڕقلێبوونەوە _ بەسەر نەفسدا نایەن مەگەر لە پێشدا بیرێک بە دڵدا هاتبێت کە بووبێتە هۆکاریان، ئیدی ڕاست بووبێت یان هەڵە، دڵنیا و بێشک یان وەهمی، دیار یان شاراوە و ناواخنی.

ئەم ڕاجیاییەش لەوەدا کە ئایا کامیان لەپێشدا دێتە بوون _ ئەوە بەتاڵناکاتەوە کە مرۆڤ بە ڕسکان لەسەر ئەم حاڵەتانە دروستکراوەو، هەروەها لە گەورەترین هۆکارەکانی وروژاندنیان و هاتنە بوونییشیان: تازەبوونەوەی زانیارییە سەبارەت بە شتەکانو، ڕوودانی بیرۆکەکان و بەشوێنیەکداهاتنیایە، ئەمەیە کە سوفیانی ثەوری مەبەستیەتی کە دەفەرموێت: «هەرکەس زانستی زیادکات ئازاری زیاددەکات، ئەگەر زانستم زیادی نەکردبا باری خەفەتم سووکتر دەبوو»[٢].

---

(١) جۆری دووەم تێپەڕی (لا ؟).

(٢) شرف أصحاب الحديث، للخطيب البغدادي (ص ١١٨)، وسير أعلام النبلاء (٧/٢٥٥).

مەبەستەکانی وەرگرتنی زانست و ڕێگە و جۆرەکانیو، زۆری و کەمیشی ـ کاردەکەنە سەر نەفس لە داهاتنی حاڵەتە جۆراوجۆرەکان بەسەریدا، ناکۆکی لەوەدا نییە کە زانین و بیرۆکەکان دەبنە مایەی وروژانی حاڵەت و هەستەکانو، تێکەڵیشیان دەبن لە وەختی ڕوودانیانداو، ڕاست و بژاریش دەبنەوە لەپاش ڕوودانیان، سا لەنێوان زانین و زانیاریو، حاڵەتەکاندا تێکەڵی و وابەستەییەک هەیە.

حاڵەتەکانیش نەفس پێیان کاریگەر دەبێتو، لەپاشان عەقڵیش بەشوێن ئەودا کاریگەر دەبێت، ئیدی عەقڵ خۆی هۆگری وروژانی حاڵەتەکان بووبێت لە سەرەتادا [بە زانیاری و بیرۆکەکانی] یان نا، ئەمەش لە سەرجەم حاڵەتەکاندا، ناخۆش و حەزپێنەکراو بن، وەک ترس ﴿فَأَوجَسَ فی نَفسِهِ خیفَةً موسی﴾ [طه: ٦٧] «جا مووسا لە نەفسیدا هەستی بە ترسێک کرد» و، چرووکی ﴿وَأُحضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ﴾ «چرووکیش لەناو نەفسەکاندا ئامادەیی پێدراوە[ئامادەیی هەیە،بوونی هەیە]» و، سەختیکێشان ﴿لَم تَکونوا بالِغیهِ إِلّا بِشِقِّ الأَنفُسِ﴾ [النحل: ٧] « نەدەگەشتن پێی مەگەر بەوپەڕی سەختی کێشانی نەفسەکان» و، پەژارە و داخهەڵکێشان ﴿فَلا تَذهَب نَفسُكَ عَلَیهِم حَسَراتٍ﴾ [فاطر: ٨] «سا نەفست بە حەسرەت و داخ و پەژارەی وانەوە نەچێت[نەفەوتێت]»، یاخود خۆش و حەزپێکراو بن، وەک ڕازیبوون ﴿طِبنَ لَکُم عَن شَیءٍ مِنهُ نَفسًا﴾ [النساء: ٤] «ئەگەر بەدڵ و دەروونی پاک و ساف لێتان خۆشبوون لە بەشێکیدا » و، دڵکرانەوە ﴿قالَ رَبِّ اشرَح لی صَدری﴾ [طه: ٢٥] «گوتی: پەرەوەردگارم سینەم بۆ فراوان بکە[دڵم بکەوە]»، یان ئەوەی لەو نێوانەدایە، وەک تامەزرۆیی و بیرکردن و بۆ پەرۆشبوونو، هی دیکەش.

بە ئەندازەی بەهێزی کاریگەربوونی نەفسیش بە حاڵەتەکان، عەقڵیش کاریگەر دەبێت، دەشێت حاڵەتەکە یەک دانە بێتو، لە یەک کاتدا بێت، بەڵام کە بەسەر دوو نەفسدا دێت: نەفسێکی تیژوتوند هەروەها نەفسێکی نەرمونیان، ئەوسا هەمان حاڵەت کاریگەری جیاواز لەسەر دوو عەقڵەکە دادەنێت، لەبەر

جیاوازی کاریگەربوونی نەفسیش پێی.

⁂ حاڵەتە پێشهاتەکان:

نەفس حاڵەتی زۆری هەن کە لە سروشتی بەردەوام و نووساوی خۆی نین، بەڵکوو حاڵەتی پێشهات و لەناکاو هاتوون، وەک خەفەت و شادیو، مشوور و خەم و دڵکراوەییو، ترس و ئاسایشو، دڵەڕاوکێ و دڵارامیو، زۆری دیکەش، هی یەکێکیش لەم حاڵەتانە بەردەوام نامێنن بەسەر نەفسەوە، بەڵکوو دێن و دەڕۆن، بەپێی کارتێکەرەکان لە دەرەوەی خودی نەفس، لە قەبارە و هێزیشدا جیاوازن، هەروەها لە درێژی ماوەی مانەوەشیان لە نەفسدا: هەیانە یەک ساتێکە دێت و نامێنێت، هەشیانە بۆ کاتژمێرێک یان چەند کاتژمێر دەمێنێتەوە، لەوانەش چەند ڕۆژێک، لەوانەشە چەند ساڵێک، سەرجەم ئەم حاڵەتانەش کاردەکەنە سەر عەقڵ لە هەڵبژاردنەکانیدا، جا کاتێک کە حاڵەتێک بۆ یەک سات بەرۆکی دەگرێت، کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی لەو یەک ساتەدا، وەختێک مرۆڤ دەدوێت یاخود کاردەکاتو، لەو هەلومەرجەدا بەوە دەزانێت کە کەسێک ئاگای لێیەتی و تێبینیدەدات کە ئەم خۆشیدەوێت یان ڕقی لێیەتی یان بەگەورەی دادەنێت و لێی دەترسێت، نەفسی دەشڵەژێتو، قسە و کرداری دەگۆڕێت، ناشگیرسێتەوە هەتا فریای خۆی نەکەوێت بەوەی کە ئەوە لە پێشچاوی خۆی لادات و خۆی هاوسەنگکاتەوە، ئیدی ئەگەر نەفس گیرسایەوە ئەوسا عەقڵیش دەگیرسێتەوە و سەنگی بۆ دەگەڕێتەوە.

بەهەمانشێوە کەسێک کە قسەیەک لەبەردەکات یان هەڵیدەگرێت، وەختێک هەڵدەستێت لەناو خەڵکێکدا و دەیەوێت پێشکەشیبکات بەڵام سڵ و سامێکی ئەو خەڵکە لە دەروونیدا هەیە، دەشڵەژێت و عەقڵی ئەوەی کە دەیزانێت بەشێوەی دروست بەجێیناهێنێت، نەنگییەکەش لە عەقڵییەوە نییە، بەڵام کاتێک نەفسی شڵەژا عەقڵیشی کاریگەر بوو.

مرۆڤیش وەختێک نەفسی ئارام و جێگیر نەبێت، ئیدی عەقڵیشی پێویستی

بە هەوڵدان و ماندووبوون و سەختیبینینە تاکوو باش وردبێتەوە لە بۆچوون و بیرۆکەکانو، بیروباوەڕ و پێشهاتەکانو، ئێستا و داهاتوو و سەرەنجامەکانو، قەبارەی بەرژەوەندی و زیانەکانو، قازانج و زەرەرەکانو، دووری و نزیکییان، ئەو حاڵەتانە کاری تێدەکەن لە وردبوونەوە و تێفکرانیداو، کاری تێدەکەن لە هەڵبژاردنەکانیدا.

* شوێنەواری پەلەکاری نەفس لەسەر هەڵبژاردنەکانی عەقڵ:

هەندێک لە نەفسەکانیش پەلەکردن لە سرووشتیانە، لە عەقڵیان دەوێت کە لە ماوەیەکی کورتدا هەڵبژاردن و بڕیارێکی سەخت و ئەستەمیان بۆ بدات و یەکلا بکاتەوە، وەختێکیش نەفس هەم ئەم پەلەکارییەی خۆی و هەم ئەو حاڵەتانەش کە بەرۆکی عەقڵ دەگرن و سەرقاڵی دەکەن، لێی کۆببنەوە، بێگومان کە بڕیاری هەڵە و جێپەشیمانی هەڵدەبژێرێت، لەوانەشە خەڵک تۆمەتی لاوازی و گەمژەیی لە عەقڵی بدەن، وەختێکی کە بەو شێوەیەش نییە، بەڵکوو ئەوە نەفسە کاریگەرەکەی بووە بە کۆی سروشت و حاڵەتەکان کە زاڵ بووە بەسەر عەقڵیدا، کەمتەرخەمی عەقڵیش لەوەدا بووە کە: سیاسەتێکی باشی نەفسی نەکردووەو، لێیگەڕاوە ئەو سروشت و حاڵەتانە گەلەکۆمەی لێ بکەن، هەتا ئەوەی کە هەڵبژاردنەکە سەرپێیانە و بەپەلە هاتو، وەک لافاوێکی بەهێز هات بەسەریدا، ئەویش بڕیارێکی بەپەلەی دا بۆ دەربازبوون لەو پەستان و تەنگژەیە، هەربۆیە عەقڵانێک هەن کە بەپەلە بڕیارێک دەدەن کە پێشی قایل نین و باوەڕیان پێی نییە، تەنیا بۆ ئارامکردنەوەی نەفس و ڕزگاربوون لە خۆسەپێنی و زۆرداریەکەی، هەرچەندە سەرەنجامەکەشی زیانی لەسەر مرۆڤ زیاتر بێت.

پەلەکردنیش لە کارەکاندا دەشێت عەقڵ بە بارودۆخێک بگەیەنێت کە بە کەودەنیش وەسفبکرێت، بەشێوەیەک کە بیرکردنەوە و تەگبیرە و پلاندانانی بە پلاندانانی خراپەکاران بچێت لە کاتێکیشدا کە مەبەستی ئەوە نەبێت، هەتاکوو ئەوەی کە ئیتر نە سوود لە عەقڵ ببینێت نە لە ئایین، ضەححاکی

کوڕی موزاحیم دەڵێت: «گەمژە بە گەمژەییەتی خۆی خراپەی وای لە دەست دەقۆمێت، کە خراپەکار بە خراپەکاری خۆشیەوە لە دەستی نەقۆمێت»[١].

مەبەستیش لەوە ئەوەیە کە: کە بە لاری و سەقەتی بیر و پلانی کاری وەها دەکات، کە سەرەنجامەکەی لە کاری خراپەکاران دەچێت لە شوێنەواری کردار و قسەی، با مەبەستیشی نەبووبێت کە کۆتاییەکی ئاوا بەد بسازێنێت وەک چۆن خراپەکارێک بە مەبەست مەبەستیەتی، سا گەمژە پلانی خراپ دادەنێت بەبێ مەبەستو، خراپەکاریش پلانی خراپ دادەنێت بە مەبەست.

ئەگەریش عەقڵ بیەوێت سەلامەت بێت لە سەرەنجامەکانی پەشیمانی، دەبێت بۆ هەموو کارێک بەپێی خۆی مۆڵەت بە بیرکردنەوە و تێڕامان بدات، خۆ هەموو کارەکانیش یەک نین لە ئەندازەی بیرکردنەوەدا، هەیانە پێویستی بە ڕامانێکی دوورودرێژ هەیە بە یەک عەقڵەوە، هەیانە بە ڕامانی درێژ ماوەش یەک عەقڵ بەس نییە بۆی، بەڵکوو پێویستی بە ڕاوێژی چەند عەقڵێکی سەنگینی دیکەش هەیە، هەشیانە کە پێویستی تەنیا بە ڕامانێکی کورتە چونکە ئاسانە، کاتێکیش ئەو ئەندازانە تێکچوون، ئەنجامەکانیش تێکدەچن و پەشیمانیش لە کۆتایی ڕێگادا وەستاوە، میر زیادی کوڕی ئەبیھ دەڵێت: «هەرگیز دەستخۆشیم لە خۆم نەکردووە لە کارێکدا کە هەڵوەستەی لاواز و شڕم بۆی کردبێت، هەرگیزیش سەرزەنشتی خۆم نەکردووە لە کارێکدا کە هەڵوەستەیەکی تۆکمە و پێداگرانەم بۆی کردبێت»[٢].

❊ بیرکردنەوەی درێژ لە کارە بچووک و ئاسانەکاندا:

زۆر بیرکردنەوەش لە شتێکدا کە شایانی ئەو زۆر بیرکردنەوەیە نییە: نەخۆشییە، لەوانەشە ئەمە کاریگەری هەندێک لەو نەفسانە بێت لەسەر عەقڵ، کە زۆر لە ترس و هۆشیاری و مەڵاسدان بۆ هەر شتێکی شایان و ناشایان،

---

(١) العقل وفضله (ص ٤٧)

(٢) العقل وفضله (ص ٢٢).

جا وەختێک کە درێژ بیربکاتەوە لە نموونەی ئەوەدا، خۆپارێزییەکان و ئەگەرە وەهمییەکان دەبنە ڕێگر لە تەواوکردن و بردنەسەری ئەو کارانەی کە پێویستە تەواوبکرێن و ببرێنە سەر.

⁂ کاریگەریی حاڵەتەکانی نەفس لەسەر سرووشتەکان:

حاڵەتەکانیش بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە، بە ئەندازەی بەهێزی خۆیان کاردەکەنە سەر سروشتی مرۆڤ، جا ئەگەر بەهێزبوون کاردەکەنە سەرهەندێک لە سرووشتەکان و لایاندەدەن، ئەوجا سرووشتەکانیش کاردەکەنە سەر عەقڵ، دەشێت حاڵەتەکە حەزپێکراو بێت وەک چێژی ڕووانین، کە نەفس بارهاتبێت لەسەر شێوازێکی فیترەتی-خوارسکی دروست بۆ بەجێهێنانی ئارەزوو، ئەوجا ڕووانینێکی هەڵەی حەرامی بەهێز تووشی بێت کە حاڵەتێکی خۆشی بۆ دروستکات، کە خۆشی و چێژی دیمەنەکەیە، ئەم حاڵەتەکەش ئەگەر زۆر بەهێز بوو، ئەو کات ئەو نەفسە بارهاتووەی دەشکێنێت کە لەسەر فیترەت بارهاتووەو، لایدەدات بۆ مەیلێکی نافیترەتی، ئەوجا لەسەریشی دەڕوات هەتا دەبێتە سرووشت، بنچینەی ئەم کارتێکەرییەش: سەرەتاکەی حاڵەتێکی خۆش و حەزپێکراو بووە کە سرووشتێکی تەندروستی تێکداوە و گۆڕیوە، جا سرووشتەکەش کاری کردووەتە سەر عەقڵ، شەریعەتیش ڕێگری هەوڵدان بۆ حاڵەتە خۆشەکانی لە نەفس نەکردووە وەک خۆشی ڕووانین، بەڵام دەلاقەی حەڵاڵی بۆ داناوە، کە ئەو دەلاقە حەڵاڵانە سروشتی تەندروست ناگۆڕن، بەڵام ڕێگری لە دەلاقە هەڵەکانی کردووە کە دەکرێت کاربکەنە سەر سروشت و تەواوی ڕێڕەوەکەی بگۆڕن.

زۆر ڕووانینیش لە سەروەت و سامانی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکانیش دەشێت بۆ هەندێک لە نەفسەکان چێژی تێدا بێت، بەڵام نەفسی هەژاریش زیاد دەشکێنێتو، لە نەفسێکی قایلەوە دەیگۆڕێت بۆ نەفسێکی شەیدا و چاوبرسیو،

لەوانەیە ئیرەییبەریش، ڕووانینیش لە دونیای ستەمکاران و خراپەکاران و چێژبردن و ڕابواردنیان، سەرەتاکەی خۆشی و حاڵەتێکی حەزپێکراوە، بەڵام کۆتاییەکەی بەستنەوەی نەفس و بچووککردنەوەیەتی بەوەی کە شان و شکۆ و گەورەیی ئەوانی بکەوێتە دڵ، هەربۆیە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿لَا تَمُدَّنَّ عَينَيكَ إِلى ما مَتَّعنا بِهِ أَزواجًا مِنهُم وَلا تَحزَن عَلَيهِم وَاخفِض جَناحَكَ لِلمُؤمِنينَ﴾ [الحجر: ٨٨] «چاوت درێژمەکەوە بنواڕیت بۆ ئەوەی کە کردوومانە بە مایەی چێژبردنی گرۆگەلێک لەوانە[لە هەبوون و خۆشی دونیا] هەروەها خەفەتیان لێ مەخۆ و باڵت ڕابخە بۆ باوەڕداران»، جا باسی لە ڕاخستنی باڵ بۆ باوەڕداران کرد، کە بریتییە لە خۆبەکەمزانین بەرامبەریان، وەک ئاماژەکردنێک بەوەی کە ئەو حاڵەتەی بەسەر نەفسدا دێت لە ئەنجامی ڕووانین لەوان، دەرەنجامی لووتبەرزی لێ دەکەوێتەوە بەسەر لاوازاندا، ئیدی سەرەتای لووتبەرزی حاڵەتگەلێکی حەزپێکراو بووەکە نفس هەستاوە بە هێنانەکایەوە و چێژ لێ بردنیانەوەو، لەپاشان سروشتە نەفسییەکەی لاداوە و گۆڕیویەتی.

یەک لە چمکەکانی سیاسەتکردنی نەفس ئەوەیە کە ڕووانین و بیرکردنەوەی ئاڕاستەی جوانی و چاکییەکانی خەڵکێکی گومڕا نەکات کە جوانی و چاکییەکانیان پەیوەندی بە گومڕاییەکەیانەوە نییە، چونکە نەفس هاوسەنگ نابێت و تێکەڵیدەکات، دەشێت پیاوێک لەوپەڕی جوانی و دەوڵەمەندیدا بێت، بەڵام لە بیروباوەڕ و هزردا گومڕا بێت، جا چاوگێڕان بەناو جوانییەکانیدا، بیروباوەڕ و هزریشی لە نەفسدا دەڕازێنێتەوە، لە کاتێکدا کە هیچ پەیوەندیش لەنێوانیاندا نییە، ئەمەش ئەرکی عەقڵە لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی نەفس و جڵەوگرتنیدا، زۆربەی خەڵکیش لەم جێگەیەدا دەخزێن کە جیاوازی ناکەن لەنێوان ئەوەی کە نەفس حەزی پێییەتی لە خۆشیو، ئەوەی عەقڵ دەیەوێت لە بەڵگە، هەربۆیە دەبینیت هەژاران لاسایی دەوڵەمەندان دەکەنەوەو، لاوازان لاسایی بەهێزان دەکەنەوەو، ملکەچانە دەکەونە شوێنپێهەڵگرتنیانەوە لە بیروباوەڕ و هزرو، ڕەفتار و حاڵدا.

هەروەها لە سیاسەتکردنی نەفسیشە لە نموونەی ئەم ناوەندەدا کە زۆر نەڕوانێت، نەک ئەسڵەن نەڕوانێت، چونکە چاو بۆیە دروستکراوە کە سەیری حەڵاڵەکانی پێ بکرێت، بەڵام مەبەست درێژ نەڕوانینە، چونکە ئەوەیە کە بە تێپەڕینی کات هەڕەمی مەزنکردنەوە و شان و شکۆ دانان و شوێنکەوتن بنیاددەنێت، سەبارەت بەمەیە ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿لَا تَمُدَّنَّ عَينَيكَ﴾ [الحجر: ٨٨] «چاوت درێژمەکەوە بنوارێت ...»، درێژکردنەوە لە درێژی و بەردەوامییەوەیە، نەیفەرموو: سەیر مەکە و چاوت داخە.

دەشێت حاڵەتەکەش ناخۆش و حەزپێنەکراو بێت، وەک ترسان لە شتێک، جا ئەگەر بەهێز بوو هەڵدێت لە ترسەکەش و لەو کەسەشی کە بۆتە هۆکاری، ئەگەریش سروشت بە فیترەت و خوارسک مەیلی لە شتێک بوو، وەک ئافرەت کە مەیلی لە پیاوە، پاشان حاڵەتێکی بەهێز بێت کە ڕقی لێی ببێتەوە لە پیاودا، هەروەها هێزێکی ناوەکیشی تێدایە بۆ بەجێهێنانی پێویستی ئارەزووی، جا ئەگەر نەتوانێ بەسەر پێویستی ئارەزوویدا زاڵ بێت و پاڵی بنێت، ئاڕاستەی جۆرێکی دیکەی[ڕەگەزێکی دیکە وەک ئاژەڵێک یاخود هەر ڕەگەزی خۆی] دەکات و ئیدی تووشی لادان دێت، بەهەمانشێوەش بۆ پیاو بەرانبەر بە ئافرەت هەر وایە.

حاڵەتە ستایشکراوەکانیش ئەگەر بەهێز بوون دەکرێت مرۆڤی بارهاتوو لەسەر خراپە، بگەڕێننەوە سەر چاکە، وەک شادکردنی بە دیاری و بە سەردانیکردن، یان ئەگەر خاوەن پێگەیەک بوو کە حەزی لە پەسن و ستایشکردن بوو بە ستایشکردن، حاڵەتە ناحەزەکانیش بەهەمانشێوە دەکرێت لایبدەن بەرەو خراپە، وەک ئەو حاڵەتانەی کە پاڵنەرن بۆ ڕژاندنی خوێنی ناهەق، جا کە تووشی کوشتن دێت هەستەکات کە بەشێک لە سروشتە تەندروستەکەی دەشکێت و تێکدەچێت، ئیدی بە هەموو ئاڕاستەیەکدا زیاتر و زیاتر لادەدات و گومڕا دەبێت.

* جۆرەکانی حاڵەتەکانی نەفس:

حاڵەتەکانی نەفس زۆرن، فرە جۆرو، ئەندازە جیاواز، هەندێکیشیان لەگەڵ جگە لە خۆیدا دەگونجێت و هاوتەریب بێت هەندێکجار، وەک چێژبردن و دڵخۆشی، کە دەکرێت چێژبەر دڵخۆش بێت و دەکرێت نەش بێت، چونکە هەموو چێژبردنێک دڵخۆشی نییە، هەندێکیشیان لەگەڵ جگە لە خۆیدا تێکپرژان و پێکدادانی هەیە، وەک ترس و ئاسایشو، شادی و خەفەتو، بەختەوەری و نەگبەتی، سەرجەم جۆرەکانی حاڵەتەکانیش لە سێ جۆر بەدەر نین:

جۆری یەکەم: حاڵەتگەلێکی هەزپێکراو:

لە وێنەی: شادی و ئاسایشو، ئومێد و ئارامیو، بەختەوەری و چێژ و خۆشی.

حاڵەتە خوازراوەکانیش جیاوازن لە چوونەپێشی نەفس لێیانو، بەدیهێنانی بۆیان، تەنانەت هەندێک لە نەفسەکان بە شێوەیەک وابەستەی ویستن و بەدووکەوتنی ئەم حاڵەتانە دەبن کە دەبێتە خەم و خولیای هەردەمییان، جا هەتا پێیان دەکرێت بە شوێن چێژ و دووربوونەوەن لە حاڵەتە ناخۆش و هەزپێنەکراوەکان، هەندێکیشیان گەلێک بە هەڵپە و تەمان بۆ بۆ حاڵەتە ستایشکراوەکان کە تەنانەت دەیانەوێت لە هەر سنوورێک دەربازبن کە بکەوێتە نێوان ئەوان و ئەو حاڵەتانەوە، ئەگەر بە نکۆڵیکردنیش بووە لە بوونی پەروەردگاری جیهانیان!

بەکارهێنانی نەفسەکان:

ئەم جۆرەش لە حاڵەتەکان کاردەکاتە سەر عەقڵ و هەڵبژاردنی، هەندێکیش لە خەڵک وادەزانن کە ئەو حاڵەتانەی کاردەکەنە سەر نەفس و لەپاشان عەقڵ، تەنیا حاڵەتە نەخوازراوەکان، وەک تووڕەیی و خەفەت و خەم، ئەوەش هەڵەیە، بەڵکوو دەکرێت حاڵەتە خۆش و خوازراوەکان لە هەندێک جێدا کاریگەرییان تووندتر بێت لەسەر عەقڵ لە هەڵبژاردنی ڕاستدا، واجبی سەر نەفسیش لە وەختی ویستنی عەقڵدا ئەوەیە کە جیاکاری بکات لەنێوان گرنگەکاندا: کە نەفس جێگیر و ساز و میانڕەو بێت، نە حاڵەتی هەزپێکراو و نە حاڵەتی ناهەز

داگیری کردبێت، لێرەوە حەرامکردنی بەرتیل هاتووە، ئیدی لە داوەریکردندا بێت یاخود لە مافە دیاریکراوەکانی سەر هەر کاربەڕێکەرێک و جگە لەوەشدا، چونکە نەفسی شاد دەبێت و مەیل بەلای ئەو کەسەدا پەیدادەکات کە ئەو حاڵەتەی بۆ دروستکردووە بە دیاری یان شتێکی دیکە، ئەو کات ئیدی تەرازووی هەڵبژاردنی عەقڵ تێکدەچێتو، شاندەکات بە خاتر و خاترکاریدا و تووشی ستەم دەبێت و لەوانەیە خۆشی هەستی پێ نەکات.

هەندێکیش لە نەفسەکان کاتێک حاڵەتێکی حەزپێکراویانیان بەسەردا دادێت، وەک خۆشی و شادییەکی زۆر، ئەگەر داوای ئەو مانّ و سەرمایەشی کە هەیانە لێیان بکرێت دەیبەخشن و دەیدەن، هەربۆیە دروست نییە کە حاڵەتە حەزپێکراوە شادە بەهێزەکانی نەفسێک بەکاربهێنرێت و بقۆزرێتەوە بۆ وەرگرتنی مافی خەڵک لێیان، چونکە عەقڵی کاریگەرە بەو حاڵەتانە، نەفسیش وەختێک شادییەکی توندی بەسەردا دێت یان شەرمدەکات، ئەوەی کە لە بارودۆخی ئاسایی پێشوویدا نەیدەبەخشی، ئێستا لێرەدا دەیبەخشێت، هەربۆیە زەبر و زۆری حاڵەتی شەرمکردن و ڕووگیربوون لەسەر نەفس، بە زەبر و زۆری شمشێر هەڵکێشان بە ڕوویدا چوێنراوە، جا دەلوێت و ملکەچدەبێت، زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مافێک بە شمشێری شەرم وەرگیرابێتەوە حەرامە، دەروونناسان ئەمە و جۆرەکانی ناولێدەنێن بەکارهێنانی سۆزداری، ئەوەش بە قۆستنەوەی مەیل و هەست و سۆزی نەفس بۆ شتێک، یاخود کاریگەربوونی بە شتێک، تاکوو توانای ڕەتکردنەوە [و وتنی "نا"]ی نەمێنێت.

بەڵام ئەم قۆستنەوە ڕێگریلێکراوە، ئەوەی لێ جیادەکرێتەوە کە داوای لێبوردن و چاوپۆشی لە نەفسێک بکرێتو، لادانی زەرەر و زیانێکو، هەروەها داواکردنی مافێک کە زیان لە ئەو[نەفسە] نەدات و مافی ئەو نەفەوتێنێت.

نەفسیش کاتێک حاڵەتەکانی بەسەردا دێت، هاوسەنگ نابێت، لەپاشان کاردەکاتە سەر عەقڵیش، جا دەکرێت کەسێک وای لێبکات هەست بە تاوان

و گوناھ و سەرزەنشتکاری خۆی بکاتەوە، کەچی واش نەبێت[بێتاوان بێت]، ئەوەش لە پێناو ئەوەدا کە بیخەتە لاوازییەوە و ئەوەی کە پێشتر بۆی نەدەلوا لە مافێکی ماددی یان مەعنەوی ئێستا لێی بسەنێت، ناشگونجێت مرۆڤ عەقڵی تەواو و، زەینی تەندروستو، هەڵبژاردنی لەجێ بێت، هەتا خاوەن خۆڕاگری نەبێت بەرانبەر بە ویستی ئەوانی دیکە بۆ کارکردنە سەر نەفس و دەروونی لە پێناو زاڵبوون بەسەر ویست و هەڵبژاردنەکانیدا هەر لە ڕێگەی ویستی سەرپشکانەی خۆیەوە[وای لێبکەن هەر بە ویستی خۆی بچێتە ژێر بارەوە بۆیان]، وەختێکیش مرۆڤ کەمتەرخەمی دەکات لە ساسەتکردن و بەڕێوەبەری عەقڵیدا بۆ نەفسی لە هەلومەرجی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەنعەقڵانێکی دیکەدا کە دەیانەوێت بگەن بە مرازی خۆیان لێی[لە ئەم]، ئەو کات ئەو عەقڵانەی دیکە کاردەکەنە سەر نەفسی و بە ئاسانی بەڕەی لە ژێرپێ دەردێنن، زمانحاڵی ئەو خەڵکە ئیبتیزازی و هەستقۆزەرەوانە ئەمەیە کە: ئەگەر عەقڵت نەیەتە ژێربار بۆم، نەفست بەدەستمەوە گیردەخوات و ئازار دەبینێت، دەربازبوونیشی نابێت مەگەر بە ملکەچبوون بۆ عەقڵی من.

خاوەنعەقڵانیش ئەمەیان نە بۆ خۆیان و نە بۆ جگە لە خۆشیان پێ قەبوولّ ناکرێت، چونکە بڕوا و قایلێتییەکی ساختە لە مرۆڤدا دروستدەکات، کە ئەگەر ئەو هەراسانکردن و هەست قۆستنەوەیە نەمێنێت، ئەم عەقڵەش دەچێتەوە جێی خۆی و دۆخی ئاسایی وەردەگرێتەوە.

دیاری و شوێنەواری لەسەر نەفس و پاشان ڕا و بۆچوون:

کاتێکیش نامەکەی سولەیمان گەشتە دەست شاژنی سەبەء، ترسا لەوەی کە دەشێت سولەیمان بەسەر خۆی و گەلەکەیدا بیهێنێت، جا ئەمیش ئەوەی بۆ نارد کە هەمیشە وای ناسیوە حاڵەتێکی خۆش و خوازراو لە نەفسەکاندا دروستدەکات و کاردەکاتە سەر بڕیار و بۆچوونەکانی عەقڵ، جا دیاری بۆ سولەیمان نارد، بەشکو دڵخۆشیبکاتو، ئەگەر بەتەمای شەڕفرۆشتنێکە بە ئەم

و گەلەکەی، وازبێنێت یان هیچ نەبێت خەشمی هەندێک لێیان دامرکێتەوە، هەروەک گوتی[شاژن]: ﴿وَإِنِّي مُرسِلَةٌ إِلَيهِم بِهَدِيَّةٍ فَناظِرَةٌ بِمَ يَرجِعُ المُرسَلونَ﴾ [النمل: ٣٥] «وە من دیارییان بۆ دەنێرم جا چاوەڕوان دەبم بزانم نێردراوەکان بە چ [باس و خەبەرێک] دێنەوە»، بەڵام سولەیمان مەرامی ئەوی پێ زانیو، دیارییەکەی وەرنەگرت، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلَمّا جاءَ سُلَيمانَ قالَ أَتُمِدّونَنِ بِمالٍ فَما آتانِيَ اللَّهُ خَيرٌ مِمّا آتاكُم بَل أَنتُم بِهَدِيَّتِكُم تَفرَحونَ﴾ [النمل: ٣٦] «جا کاتێک[نێردراوی شاژن] گەشتە لای سولەیمان، گوتی[سولەیمان]: ئەرێ ئێوە مالّ و سامان بە من دەدەن؟ سا خۆ ئەوەی خودا بە منی بەخشیوە لەوە باشترە کە بە ئێوەی داوە بەڵکوو وادیارە ئێوە دڵتان بەم دیارییانەتان خۆشە».

بۆیەش بە مەکڕووهـ-ناحەز دانراوە کە زانایان سەردانی خاوەن پێگە و دەسەڵاتە لادەرەکان بکەن ئەگەر تەنیا بۆ هاونشینییەکیش بووبێت، چونکە حاڵەتانێکی خۆش و خوازراو لە دڵدا دەسازێنێت کە دواتر نەفس حەزناکات لێیان جوێببێتەوە، چەندێکی زاناکە بیەوێت قسەیەکی حەق بکات، لە دڵی خۆیدا ئەو حاڵەتە خوازراوانە و شوێنەواریانی لەسەر خۆی بەبیردێتەوەو، جا لەوە دەترسێت بێبەشبکرێت لێی و دابڕێنرێت لەوە، ئیدی دووردەگرێت لە هەر هۆکارێک بۆ نەمانیو، لەوانەشە بەهانە بۆ خۆی و جگە لە خۆشی بێنێتەوە لەوەداو، شان بداتە بەر تەئویل و تەئویلکاری.

حەرامکردنی بەرتیلیش بۆیە هاتووە، چونکە حاڵەتانێکی خۆش و بەحەز دەهێنێتە ناو نەفسەوە لە وەختی پێویستبووندا بە دوورڕاگرتنی داوەریی و بڕیاری عەقڵ لە هەر حاڵەتێکی کارتێکەر لەسەری، چونکە عەقڵ بە بچووکترینی حاڵەتە نەفسییەکانیش کاریگەر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر مرۆڤ لاواز یان خاڵی بوو لە باوەڕ، وەختێکیش کە مرۆڤ لە حاڵەتگەلێک دەترسێت لەسەر نەفسی کە هاوسەنگیی بۆچوونی تێکبدەن، واجب لەسەری ئەوەیە کە لە هۆکاری ئەو حاڵەتانە دووربکەوێتەوە ئەگەر مەعنەویش بن وەک پیاهەڵدان و ستایشکردن

بە پەخشان یان شیعر، دەشێت کاریگەری پیاهەڵدان لەسەر نەفسەکان لە کاریگەری بەرتیلیش لەسەریان گەورەتر بێت، کە ئیتر عەقڵەکان لادەدەن و خاتری خەڵکێک دەگرن و ستەم لە خەڵکێکی دیکە دەکەن.

لەوانەشە هەندێک لە نەفسەکان کاریان بگاتە ئالوودەبوون بە حاڵەتە ستایشکراوەکانو، ئیدی هۆکارەکانی دەناسنەوەو، شوێنپێی هەڵدەگرن، ئیدی ماددی بێت یان مەعنەوی، هەتا ئەوەی کە مرۆڤ وای لێبێت ڕقی لەو خەڵکانە ببێتەوە کە ئەو هۆکارانەی پێشکەشناکەنو، ستەمیان لێ بکات و کەمتەرخەمی لە مافیاندا بکات بە جۆرێک کە خۆشی هەستنەکات، بگرە گومانی ئەوەشیان پێبەرێت کە ڕقیان لێیەتی یاخود خۆیان لێ مەڵاسداوە و بەتەمای خراپەن لەگەڵی، ئەوەش تەنیا چونکە ئەوەیان پێ نەداوە کە حەزی پێدەکات، ئیدی ئەوە بە بێبەشکردن دادەنێتو، دەکرێت ڕقی لە لە ڕا و بۆچوونیشیان ببێتەوە ئەگەر دروستیش بێتو، لە بیرۆکەکانیان ئەگەر ڕاستیش بێت.

جۆری دووەم: حاڵەتگەلێکی ناحەز:

لە وێنەی: خەفەت و ترسو، دڵەڕاوکێ و مشوور و خەمو، تووڕەییو، ئاهونااڵەکردن و داد و بێدادی و نائومێدبوون.

ئەم حاڵەتە حەزپێنەکراوانەش کارتێکەرن لەسەر عەقڵ، لە بنەڕەتیشدا وەهایە کە حاڵەتە ناحەزەکان کاریگەری تووندترن لەسەر عەقڵ لە حاڵەتە حەزپێکراوەکان، پێویستیشە کە نەفسیان لێ دەربازبکرێت لە وەختی پێویستبوونی عەقڵدا بە هەڵبژاردن و بڕیاردان، هەتا بۆچوون و بڕیاردانەکانی عەقڵیش گرنگتر بن، دەربازکردنی نەفسیش لەو حاڵەتانە جەختلێکراوەتر و پێویستتر دەبێت.

لە بنچینەی هێنانەکایەی ئەم حاڵەت نەخوازراوانەشدا بۆ نەفس، سوود و بەرژەوەندی زۆر هەن، پەروەردگار هیچێک ناهێنێتە بوون مەگەر خێرێکی زوو یان درەنگی تێدایە، زۆربەی ئەدەبدادان بە نەفسەکان و تەمبێبوونیان و

پاکبوونەوەیان، هەر لە ڕێگەی ئەو حاڵەتە ناخۆش و ناهەمموارانەوەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی حەقیقەت و لاوازی و پێویستییەکانی خۆی دەکەنەوە،هەروەها حەقیقەت و پێویستییەکانی ئەوانی دیکەشی پێ نیشاندەدەن، ئەگەر ئەمە نەبوایە خۆی لەلا دەبووە تاقانەی کەماڵ و تەواوێتی، ئەوجا ئەم حاڵەتانە هۆکاریشن بۆ ئاشنابوون بە ڕازگەلێک کە ئەو ناخۆشی و پەژارانەی پێ دەبن بە خۆشی و بەخشش و شادی، چونکە ئەم بەخششە هۆکارە بۆ دۆزینەوەی ڕازەکانی ڕزگاری لە وەختی بوونی ترسدا، ئەوجا [کە حاڵەتەکانیش تێپەڕ دەبن و دەڕۆن] لەپاش ئەوە ئەم ڕازانە دەمێننەوە و دەبنە مایەی بەخشش و چێژی هەردەمی، هەر حاڵەتی ترسیش بوو کە بووە مایەی هاتنەکایەی ئەم ئەم حاڵەتە ستایشکراوانەی دیکە، چونکە نەفس پاسەوانێکی نێوخۆیی ئاگای تێدایە کە هەلومەرجەکانی مەترسیداریی پێ پیشاندەدات و پاڵیدەدات بۆ خۆپاراستن لێیان، هەربۆیە هەندێک ناویان لێناوە بەخششی ترس، یاخود بەهرەی ترس.

زیاد لە یەکێک لە دانایانیش، ترسانیان لە سیفەت و بەهرەکانی مرۆڤی عاقڵ داناوە، دەڵێن: عاقڵ نابینیت کە لە ترسێکدا نەبێت، ئەو ترسەی کە بە پاڵنەری هۆشیاری و ئاگاییەوەیە، نەک خوتخوتە و خەیاڵ و وەهم، شاعیر دەڵێت:

لَا ترى العاقلَ إلّا خائفًا

حَذِرًا من يومِهِ دُونَ غَدِهِ[1]

عاقڵ نابینیت لە ترسا نەبێت

لە ئەمڕۆ و سبەی دڵوریا نەبێت

جۆری سێیەم: حاڵەتگەلێکی گشتی و پۆلێننەکراو:

---

(١) العقل وفضله (ص ٦٤).

وەک تامەزرۆیی و بیرکردن و بەتاسەیی و چاوەڕێبوون، جا ئەمانە جیاوازییان هەیە لە مەیلکردنی نەفسەکان لێیانو، پێوانەکردنیان بۆیانو، کاریگەرییان لەسەریان[هی ئەوان لەسەر نەفسەکان]، نەفس هەیە پێیوایە گیرۆدە بووە بەو بیرکردن و تامەزرۆبوونە و بەئاواتەوەیە ڕزگاری بێت لێی، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسەی ئەم تامەزرۆیەتی لە دوور بێت و دەست نەدات بۆی، نەفسیش هەیە چێژ لە تاسە و تامەزرۆیی دەبینێت، بەتایبەت ئەگەر دەستگەشتنی نەفس بەو شتە مومکین بێت ڕێگەی بۆ بچێت.

هەر لە وێنەی ئەمانەش ئەو حاڵەتانەی شەرمکردن و تەریقبوونەوە کە بەسەر نەفسدا دێن، کە شەرمکردن با لە خودی خۆشیدا ستایشکراو بێت، بەڵام لە وەختی وروژانی لەناو نەفسدا، بەپێی حاڵەکە جیاوازی دەبێت لە حەزپێکردن یان ڕقلێبوونەوەی، بە پێچەوانەی حاڵەتە خوازراوەکانەوە، وەک شادی و ڕەزامەندی و دڵخۆشی، کە حاڵەتگەلێکن نەفس هەمیشە خۆشیدەوێن و حەز بە چوونیان ناکات، بەهەمانشێوە حاڵەتە ناحەزەکانیش، وەک ترس و و تووڕەیی و خەفەت، کە نەفس هەمیشەڕقی لێیەتی و حەزی بە چوون و ئاوابوونیەتی.

❊ نەفس و حاڵەتە حەزپێکراوە درۆینەکان:

نەفسیش حەزی بە بەدیهێنانی حاڵەتە خۆشویستراوەکانە بە هەر ڕێگایەک بووبێ، حەزدەکات شاد بێت، حەزدەکات لە ئاسایشدا بێت، حەزدەکات چێژببات، حەزدەکات بەختەوەر بێت، حەزی بە دڵارامییە، بە هەر ڕێگایەک بووە ڕاست یان هەڵە، جا ئەرکی ئەوەیە بگات بە ئامانجو، گوێ بە ئامراز نادات، ئەرکی عەقڵیش ڕێکخستنی ئامرازەکانی نەفس و ڕاستکردنەوەیانە، عەقڵانی نییە کە عەقڵ واز لە نەفس بهێنێت کە وابەستەی ئامرازێکی درۆینە یان وەهمی ببێتو، ئازادی هەڵبژاردنی بداتێ بە گەیشتن بەوە، چونکە ئەمە هەڵەیەکە کە سەرەنجامی سیا و سەختی لە دواییدا بەرۆکی دەگرێتەوە.

جا نەفس پێیخۆشە دڵارام و لە ئاسایشدا بێت، بۆیە زۆرجار مەیلی بەلای ئەوەوەیە کە باوەڕ بە هەواڵە دڵنیاکەرەوە و ترسڕەوێنەوەکان بکات، جێگیری و ئۆقرەیی دەوێت، جا وریایی و بەئاگابوون و پارێزکردن پشتگوێدەخات، هەتا ئەوەی کە تووشدەبێت و بە دەرەنجامە ناحەزەکاندا هەڵدەتەقێتو، کارەساتەکان دێنە سەر ڕێیو، ئیدی زیانیشیان لەسەری درێژماوەتر و شوێنەوار توندتر دەبێت لە زیانی ئەو وریایی و پارێزکردنەی کە لێی هەڵدەهات بەرەو باوەڕهێنان بە وەهمەکان، لێرەدایە کە کەماڵ و کارامەیی عەقڵ دەردەکەوێت لە هاوڕێچوون لەگەڵ حەقیقەتەکاندا و خوێندنەوەیان بەپێی بەڵگەکانیان، نەک بەپێی بوون و نەبوونی حەز و مەیلی نەفس لەسەری.

واجبی سەرشانی عەقڵ تێکۆشانە لەگەڵ نەفسدا، تاوەکوو نەچێت ئەوەی پێیخۆشە بیهێنێت و ئەوەشی پێیناخۆشە دووریخاتەوە بە هەر ئامرازێکی دروست یان هەڵە بووە، چونکە ئەمە خەڵەتاندنە بۆ خۆی و ئەوانی دیکەش، وەک ئەو نەفسەی کە دەیەوێت هەست بە چێژی شادبوون بکات بە پیاهەڵدانی خەڵک بۆی بە شتێکیش کە نەیکردووە، جا بڵێت: وام کردو، وام وت، کە هیچێکی لەوەش نە وتبێت و نە کردبێت، تەنیا چاوی لەوەیە شادبوونی خۆی بچەشێت بە پیاهەڵدانی خەڵک بۆی، یاخود ئەو لۆمە و سەرزەنشتەی خەڵک کە دەترسێت بینێن بە ڕوویەوە، دووربخاتەوە، پەروەردگاریش نەفسەکانی لەوە ئاگادارکردۆتەوە کە بخزێنە ناو ئەم خووخدە و حاڵەتەوە، چونکە پێیانخۆشە خۆشویستراوەکانیان بهێنن و لەلایان ئامادە بێت، هەروەها ساتی دڵخۆشبوون و چێژ و پشووی ئێستایی ببینن، ئەگەر تەمەنی ئەم دڵخۆشییەش کورت و کاتی بێت، ئەگەر لەپاش ئەوە گیرۆدەی پێچەوانەکەشی بن لە حاڵەتێک کە حەزی پێ ناکەن و کە درێژماوەتریشە لەو حاڵەتەی کە حەزیان لێ دەکرد و بە وەهم و درۆ و خەیاڵ بۆ خۆیانیان هێنا، هەربۆیە پەروەردگار سەرزەنشتی ئەم کارەی نفس دەکات، کە هەوڵی شادبوون دەدات ئەگەر بە درۆشەوە خۆی فریوداوە، تاکوو لە چێژی ساتێکدا بژیو، سەرەنجامەکانیش پشتگوێبخات: ﴿لا

تَحسَبَنَّ الَّذينَ يَفرَحونَ بِما أَتَوا وَيُحِبّونَ أَن يُحمَدوا بِما لَم يَفعَلوا فَلا تَحسَبَنَّهُم بِمَفازَةٍ مِنَ العَذابِ وَلَهُم عَذابٌ أَليمٌ﴾ [آل عمران: ١٨٨] «وامەزانە ئەوانەی کە شادن بەوەی کە لە دەستیان قۆماوە[لە هەڵە و تاوان و پیلان] هەروەها پێیانخۆشە پیایاندا هەڵبدرێت بە شتێک کە نەیانکردووە، جا وامەزانە کە دەربازدەبن لە سزا، سزایەکی بەئێشیشیان بۆ هەیە».

ئەگەریش عەقڵ بەدەم داوای نەفسەوە هات بەوەی کە بە درۆ خۆشی بۆ بێنێت، ئەوە بێگومان بەرەو نەگبەتییەکی دوایی داهاتوو دەیبات، ئەرکیشی بەرامبەری ئەوەیە کە لەگەڵیدا هەوڵبدات کە ئەوەی دەیەوێت پێینەدات، ئەو حاڵەتانەش بیروباوەڕ و بیرۆکەی زۆرێک لە خەڵکیان دروستکردووە، هەتا ئەوەی کە دەیانبینیت لەسەر ئەو بیر و ڕێبازانە دەڕۆن مادەم ئەو حاڵەتە خوازراوانەیان بۆ بسازێنێت، جا ئەگەر نەما وازیلێدێنن، تەنانەت لەوانەیە کەسانێکی دیکە کە ویستی فریودانی ئەمانیان هەیە، [ئەو حاڵەتانەیان] بۆ بسازێنن بۆ ئەوەی لەسەری بمێننەوەو، بە شێوەیەکی بەردەوام بۆیانی فەراهەمدەکەن لە پێناو چەسپاندنیاندا، نەک بە بەڵگە و جەختلێکردنەوەی بەڵگە، بەڵکوو بەو حاڵەتە حەزپێکراوانە، ئەو کات ئەرکی ئەم نەفسانە دەبێتە کۆکردنەوەی ڕاستێتی ئەوەی کە لەسەرینو، ئیدیش لەم خولگەیەدا دەخولێنەوە، حاڵەتی خۆشیان بۆ هاتووەو، ئەو بیرۆکانەی بۆ هێناونەتە ئاراوە، لەپاشان گەڕاون بەشوێن بەڵگەدا، حاڵەتەکان بەردەوام دەبنو، چەسپانیش بەردەوام دەبێتو، ئیتر بەڵگەکانیش بەردەوام دەبن، وەک بڵێیت ئەو ئەو حاڵەتانە سەری ڕشتەکەن: کە ئەگەر بپچڕێن، تەواوی ڕشتەکەش دەپچڕێت، ئەمەشە هۆکاری نسکۆ و گۆڕانی زۆرێک لەوانەی کە حاڵەتگەلێکی ناخۆش هاتۆتە سەر ڕێیان و ترساندوونی و ئیتر وازیان لە بۆچوون و بەڵگەی [پێشووتری] خۆیان هێناوە، ئیدی ڕاست بووبێت یاخود هەڵە، چونکە مانەوە و دامەزرانیان بەپێی بەڵگە نییە، بەڵکوو عەقڵەکانیان بناغەی لەسەر تێرکردنی نەفسەکان داچەقاندووە.

نەفسیش حەزی بەوەیە کە خۆشویستراوەکانی بە شێوەیەکی دەستبەجێ

و زوو بەردەستبخات، لە چێژ و شادی و پاڵدانەوە و پشوو، ئەمەش نیشانەی مرۆڤی شکستخواردووە، چونکە بەرزی و تەواوێتی و کەماڵ، بە ئازارەکانی سەرەتای ڕێگە نەبێت نایەنەدی، ئەو نەفسەی کە نەسووتێت، ڕووناکی نادات.

⁂ شادبوون و شوێنەواری لەسەر نەفس و بۆچوون و ڕا:

شادیش حاڵەتێکی نەفسییە، کە ئەگەر لە سنوور زیادیکرد، کارتێکەری دەبێت لەسەر عەقڵ لە پێشبینیکردنی سەرەنجامی ئەو کردار و گوفتارانەی کە دەیانوێنێت، وەک چۆن تووڕەیی و خەفەتیش کاری تێدەکەن، کە هەردووکیان سەرەنجامی کردار و گوفتارەکان لەبیردەبەنەوە، بەڵام کاریگەرییەکە بەپێی بەهێزی هەریەکێکیان دەبێت لەسەر عەقڵی خاوەنەکەی، جا شادی چێژێک بە نەفس دەدات کە عەقڵ قەتیس و پێشگیراو دەکات لەئاست بینینی حەقیقەتە دوورەکان، ئەگەریش نەفس بەرەنگارییەک بۆ ئەم حاڵەتە هەستپێنەکات لەلایەن عەقڵەوە، دەستدەکات بە خۆسەپێنی و دانەبەری [عەقڵ] بۆ ئەوەی کە دەیەوێت و هەوەسی لەسەریەتی، هەربۆیە دەبینیت وەختێک نەفس لە کاریگەری هێزی بەڵگەکانی ناکۆکانی دەترسێت کە وەڵامێکی پێ نییە بۆیان _ دەستدەکات بە هەڵڕژاندنی قەشمەری و گاڵتەجاڕی، بۆ ئەوەی عەقڵی خۆی و نەفسی ئەوانی دیکەش بە سووڕێک چێژ لە شادی و پێکەنین، بێئاگا بکات لە فامینی بەڵگەکانی نەیارانی، سەبارەت بەمە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَاتَّخَذتُموهُم سِخرِيًّا حَتَّى أَنسَوكُم ذِكرى وَكُنتُم مِنهُم تَضحَكونَ﴾ [المؤمنون: ١١٠] «جا ئێوە ئەوانتان کردبووە مایەی تەوس و گاڵتەجاڕی خۆتان هەتا ئەوەی کە یادی منیان لەبیربردنەوە».

جا لێرەوەیە کە گەلەکەی قارووون، قارووونیان ئاگادارکردەوە لە شادبوون بەوەی کە پێیدراوە لەو گەنجینانەی کە کۆیرایی بەسەر عەقڵیدا دێنن لە هاتنەپێشچاوی سەرەنجامی کردار و گوفتارەکانی، وەک لەو فەرمایشتەی پەروەردگاردا هاتووە: ﴿إِذ قالَ لَهُ قَومُهُ لا تَفرَح إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الفَرِحينَ﴾ [القصص: ٧٦] «وەختێک

گەلەکەی پێیانگوت: شاد مەبە بەڕاستی کە پەروەردگار شادانی خۆشناوێت»، مەبەستیش لە شادبوون لێرەدا ئەو ئەندازە سروشتییەی نەفسەکان نییە، کە لە حاڵەتی ئاساییدا بەشوێن هەر بەخششێکدا مرۆڤ شاددەبێت، بەڵکوو ئەو شادییەیە کە نەفسەکان بۆ خۆیانی دەسازێنن و کۆڕاییان بەسەردا دێنێت لە بینینی سەرەنجامەکان و لەبیریانی دەباتەوە، چونکە شادی حاڵەتێکی نەفسییە کە گەڕێکی خۆشی تێدایە کە پەردە بەسەر عەقڵەکاندا دێنێت و کاریان تێدەکات.

هێنانی حاڵەتی شادبوون بۆ کارکردنە سەر عەقڵەکان کە ڕێگە نەدات ببینن و ڕابمێنن و بیربکەنەوە، شێوازێکە کە سەرجەم نەفسەکان بەکاریدێنن، بەتایبەت وەختێک ڕووبەڕووی هێزێکی مەعنەوی یان ماددی دەبنەوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە، لەمەدا پەروەردگار سەبارەت بە سەرەنجامی خراپی هێنانەکایەی ئەم حاڵەتەوە بۆ عەقڵەکان دەفەرموێت:

﴿ذَٰلِكُم بِما كُنتُم تَفرَحونَ فِي الأَرضِ بِغَيرِ الحَقِّ وَبِما كُنتُم تَمرَحونَ﴾ [غافر: ٧٥] «ئەوەش سەرەنجامی ئەوەی کە شادبوون لەسەر زەویدا بە ناهەق و سەرەنجامی ئەوەی کە خەریکی ڕابواردن بوون».

هێنانی حاڵەتی شادییش لە پێناو هەڵاتن لە بیرکردنەوەی عەقڵ و ڕامانیو، یەخەگرتنی بۆ نەفس بە سەرزەنشت و ڕاستکردنەوە _ ڕێگە و ڕەفتاری نکۆڵیکارە ملهوڕەکانە، هەتا ئەوەی کە کەسێک مەی دەخواتەوە بۆ بزرکردنی عەقڵ لە ڕۆڵی زاڵبوون بەسەر نەفسدا، جا وەختێک کە عەقڵ لەگەڵ نەفسدا دەکەوێتە ململانێوە و نەفس توانای بردنەوەی لێی نابێت، جا ئەگەر ئیمانی لەق بێت، ڕێگە لە عەقڵ دەبەستێت و پەردەی بەسەردا دێنێت بە خواردنەوەی سەرخۆشکەرێک، ئەمەیە کە زۆرێک لە هاوەڵانی گوناھ و تاوانەکان پەنای بۆ دەبەن لە هەلومەرجی ئەو ململانێیانەدا کە نەفس توانای سەرکەوتنی تێیاندا نییە.

لەوانەشە هەندێک بە هاونشینیکردنی خەڵکێک کە مایەی پێکەنانن

و ڕابواردن و گەمەبازین، ئەم حاڵەتە بۆ خۆیان دروستبکەنو، بیانکەن بە هاودەمی هەمیشە و هەردەمی خۆیان، جا هەرکات هێزی عەقڵی ڕووبەڕووی حەزی نەفسی بوویەوە، نەفس پەنا بۆ نموونەی ئەوانە دەبات کە عەقڵی بۆ خامۆشبکەن.

* شادیی ستایشکراو و سەرزەنشتکراوی نەفس:

هەموو شادییەکیش سەرزەنشتکراو نییە، کە بنەڕەتی حاڵەتی شادی ماف و خۆشیی سرووشتیی نەفسەکانە، چێژبردنیشی لە خۆشییەکان فیترەت-خوارسکی مرۆڤە، بەڵام مەبەست لێرەدا: هێنانی ئەو بڕە زیاد و "سازێنراو"ەیە کە نەفسەکان لە وەختی ململانێیان لەگەڵ عەقڵدا پەنای بۆ دەبەن، بۆ ئەوەی پەردەی بەسەردا بگێڕن و بێبیر و سەرگەرمی بکەن، هەربۆیە پەروەردگار فەرمانی بە هاوسەنگکاری کردووە، کە مرۆڤ نابێت بە خەفەت ڕازی بێت وەختێک کە توانای هۆکارەکانی لادانی هەیەو، لە شادییەکیش بێدەنگنابێت کە سەرەنجامی کارەکانی لەبیربباتەوە و عەقڵی بخاتە پشت پەردەوە، پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿لِكَيلا تَأسَوا عَلى ما فاتَكُم وَلا تَفرَحوا بِما آتاكُم وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُختالٍ فَخورٍ﴾ [الحدید: ٢٣] «بۆ ئەوەی خەفەت نەتانبات بۆ ئەوەی کە لە دەستتان چووە و شادیش نەبن بەوەی کە پێیبەخشیون کە پەروەردگار هەموو لووتبەرز و شانازیکارێکی خۆشناوێت».

ئەو شادییەشی کە هێنانەکایەی خوازراوە[شەرعەن] ئەوەیە کە خەمۆکی نەفس و خەفەتی لادەبات سەبارەت بە بەڵا و نەهامەتییەکان، تاکوو بێتەوە دۆخی جێگیر و تەندروستی خۆی، ئەو شادییەشی کە هێنانی نەخوازراوە ئەوەیە کە مەبەست لێی داپۆشینی عەقڵو بەر پێگرتنیەتی لە سەرزەنشتکردنی نەفس و تەمبێکردنی میانڕەوانەی، لەوانەشە هەندێک لە خەڵک ئەم دوو شادییەیان لێ تێکەڵ ببێت، چونکە نەفس وەختێک کە عەقڵ لۆمەی دەکات لەسەر ملنەدان بۆ ئەوەی کە دەیبینێت و دەیبیستێت لە بەڵگە، ئازاری دەبێت و

پەژارە دەخواتەوە و لێی دەبێتە خەم، چونکە ملدان بۆ عەقڵ چێژ و حەزەکەی لێ تێکدەدات کە ئەو وەخت تێیدایە، ئەم خەفەت و خەمۆکییە نەفسییەش هۆکارەکەی ئەوە نییە کە بەڵایەک هاتووە، بەڵام ترسی لەدەستدانی چێژی و خۆشییەکە کە لێی بێبەشبکرێت، جا لە خەمدا دەبێت و دێتەوەیەک و بێتاقەتدەبێت وەک ئەوەی کە بەڵایەکی بەسەردا هاتبێت، ئیدی بە هێنانی شادی و چێژبردنێک کە عەقڵی لێ بزربکات و ڕێی لێ بگرێت، لەمە هەڵدێت، ئەمەیە جیاوازی نێوان هێنانی شادی ستایشکراو و شادی سەرزەنشتکراو.

* پاراستنی عەقڵ لە حاڵەتەکانی نەفس:

وابەستەییەک لەنێوان ڕاستی و ئەوەدا نییە کە خۆشویستراو بێت، وابەستەییەکیش لەنێوان هەڵە و ئەوەدا نییە کە حەزپێنەکراو بێت، جا کردنی حاڵەتە نەفسییەکان بە بەڵگە لەسەر ڕاستی ڕایەک و هەڵەبوونی: هەڵەیە، بەڵگە و سەلمێنەرەکانیش لەمە بەدەر و سەربەخۆن، دەکرێت لەگەڵ حاڵەتەکاندا یەکبگرن و دەکرێت جیاوازیش بن، سەبارەت بەمە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيكُمُ القِتالُ وَهُوَ كُرهٌ لَكُم وَعَسىٰ أَن تَكرَهوا شَيـًٔا وَهُوَ خَيرٌ لَكُم وَعَسىٰ أَن تُحِبّوا شَيـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَكُم وَاللَّهُ يَعلَمُ وَأَنتُم لا تَعلَمونَ﴾ [البقرة: ٢١٦] «دەشێت کە ئێوە حەزتان بە شتێک نەبێت و ئەوەش باش و بەرژەوەندی بێت بۆتان، دەشێت ئێوە حەزیشتان بە شتێک بێت و ئەوە خراپ و بەزیان بێت بۆتان، خوداش دەزانێت و ئێوە نازانن».

مرۆڤ دەبێت خەمی لادانی حاڵەتە ناخۆشەکان و دەربازبوونی هەبێت لێیان لە وەختی هاتنیاندا، زۆرجاریش نەفس لەوەدا هەڵەدەکات، مەگەر عەقڵێکی تەندروستو، باوەڕێکی بتەو بەسەریدا زاڵ ببێت، هەتا ئەو حاڵەتانەش لەسەر نەفس قورستر بن، زیاتر لە بەرامبەریاندا پێویستی بە هێزی عەقڵ و باوەڕ دەبێت، ئەگەریش حاڵەتە حەزپێنەکراوەکان لەوپەڕی سەختیدا بوونو، عەقڵ و باوەڕیش لەوپەڕی لاوازیدا، نەفس بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتانە خراپترین و

نابووتترین ئامڕاز بەکاردێنێت، جا لەوانەیە بە ژەهرێۆ خۆی بکوژێت یان چەکێک یاخود خۆبەردانەوە لە کۆسارێکەوە.

نەفسەکانیش لەسەر حاڵەتگەلێکی زۆر ڕسکێنراون و بارهاتوون، وەک ترس و ئاسایشو، خەفەت و شادیو، گریان و پێکەنین، مرۆڤیش ناتوانێت بە دەستی خۆی بیانێهێنێت، بەڵام لەوانەیە هۆکارەکانیشی لە بەردەستدا بێت، جا دەشێت هۆکارەکانی ئاسایش و سەلامەتبوونی لەبەردەستدا بێت و بەجێشیانبهێنێت کەچی هەر سەلامەت نەبێت[هەست و حاڵەتی سەلامەتی لە دەروونیدا نەیەتەبوون]، دەشێت هۆکارەکانی شادی هەبێت و بەجێشیانبهێنێت کەچی شاد و دڵخۆشنەبێت، بەپێی ئەو دژانەی کە لە نەفسدا تێکەڵبوونەو، بەپێی تێکهەڵپرژانیان بەناو یەکدیدا، جا وەختێک مرۆڤ هۆکارەکانی بەختەوەری گرتەبەر و بەختەوەر نەبوو، لەبەر ئەوەیە کە نەفس هۆکاری نەگبەتی و ناسۆری زیاتر لەوە تێدایە، جا بەختەوەرییەکەی نایەتەدی هەتا لەم نەهێنێتە خوارەوە و لەو نەباتە سەرەوە، هەتا ئەوەی کە هەست بەوە دەکات کە دەیەوێت، ئەمە بەهەمانشێوەش لە ئاسایش لەگەڵ ترسداو، لە شادی لەگەڵ خەمدا، هەربۆیە خەڵکانێکی خاوەن باوەڕ و دڵنیایی وا هەن کە لەگەڵ بوونی نەهامەتی و کارەساتەکانیشدا بێ ئازار و خەمن، خەڵکانێکی خاوەن باوەڕ و دڵنیایی لاواز و لەق هەن کە لەگەڵ بوونی خۆشی و بەخششی لەبەر ڕۆشتووشدا، بێچێژ و بەهرە و نەگبەتن.

⁂ نەمانی حاڵەتە ناحەزەکانی نەفس:

حاڵەتە نەفسییە کارتێکەرەکانیش جیاوازییان هەیە لە ئاسان لادانی مرۆڤ بۆیاندا، لەم لایەنەوە دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: حاڵەتانێک کە ئاسان لادەدرێن: مرۆڤ دەتوانێت لە کاتێکی کەمدا دووریانبخاتەوە، وەک برسێتیو، تینوێتیو، ئازاری میزگیردان، کە برسێتی بە خواردنو، تینوێتی بە خواردنەوەو، تەنگاویش بە چوونە ئاودەست، لادەچن،

ئەم حاڵەتانەش بوونیان کارتێکەرە لەسەر عەقڵ، لەبەر نەمانی ئارامی نەفس و ئۆقرە لێبڕانی، کە برسێتی و تەنگاوبوون و سەرقاڵبوونی نەفس بەوەی کە پێی ناحەزە _ وادەکات عەقڵ بۆخۆشی تەواو لێی ڕوون نەبێت کە چی دەکات، تەنانەت ئەگەر حەزپێنەکراوەکەی نەفس شتێکی بچووکیش بێت وەک بۆنێکی ناخۆش، دەبینیت نەفس وەختی بۆنێک کە پێی قەڵسە بەسەریدا دێت وەک هەندێک خواردەمەنی لە وێنەی سیر و پیاز بەلای هەندێکەوە _ بە ئەندازەی سەرقاڵبوونی نەفس بەو شتە ناحەزە بەلایەوە، عەقڵسافی خۆی لەدەستدەدات، هەربۆیە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە سەبارەت بە ڕێگریکردن لە ئامادەبوونی کەسێک کە سیر و پیازی خواردووە لە نوێژی بەکۆمەڵدا[1]، چونکە نوێژخوێنان بۆنێکیان بەسەردا دێت کە ڕقیان لێیەتیو، عەقڵیان ئاگای لەو نوێژە نابێت کە دەیخوێنن.

جۆری دووەم: حاڵەتانێک کە سەخت لادەدرێن: جا بە ویستی مرۆڤ و لەو کاتەداکە ئەو دەیەوێت لاناچن وەک جۆری پێشوو، ئەوەش وەک خەفەت و تووڕەییو، ترس و مشوور و خەم، مرۆڤ ناتوانێت هەرکات ویستی تریسی خۆی لادات، بەهەمانشێوە خەم و خەفەتیش، واجبی سەرشانی عەقڵ ئەوەیە کە لە داوەریکردن و دەمکوتین لە کارە گرینگە تایبەت و گشتییەکاندا خۆی بەدووربگرێت، هەتا ئەو حاڵەتە کارتێکەرانەی سەر نەفسی لادەچن، چونکە نەفس ئەو وەخت عەقڵ بە هۆکارەکانی هێوربوونەوە و هاتنەوەجێی خۆیەوە سەرقاڵدەکات لە هۆکار و ڕێگاکانی هەڵبژاردنی دروست و ڕاست بۆ کاروبارەکانی بۆچوون و ڕا و بیرۆکە و بڕیارەکان، جا نەفس خەمی لای ئەوەیە ئەو حاڵەتانە لەسەر خۆی لابدات ئەگەر بەوەش بووبێت کە خۆی بەسەر یەکێکی دیکەدا بەتاڵبکاتەوە، عەقڵیش دەکەوێتە تەنگژەی نێوان بەجێهێنانی حەزەکانی نەفس ودەربازبوون لێیو، پەیڕەویکردنەوە لە دادپەروەری و ویژدانی خۆی، سەلامەتتر ئەو کات ئەوەیە کە عەقڵ بەدووربگیرێت لە ناوەندەکانی هەڵبژاردن و بڕیاردانداء

---

(١) البخاري (٨٥٤)، ومسلم (٥٦٤).

هەتا نەفسەکان دەگیرسێنەوە و دێنەوە هاوسەنگی، سەبارەت بەمە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «لَا يَقْضِيَنَّ حَكَمٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ»[1] "هیچ کەس لەنێوان دووانداوەری نەکات وەختێک کە تووڕەیە"، هەروەها فەرموویەتی: "وَإِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْكُتْ" "ئەگەر یەکێک لە ئێوە تووڕە بوو، با بێدەنگ بێت"[2]، ئەوەش چونکە حاڵەتی تووڕەبوون هاوسەنگی لە عەقڵ دەسەنێتەوەو، ئەوجا دادگەری و پێکانیشی.

* جێگیریی نەفس و شوێنەواری لەسەر دادگەری عەقڵ:

پارێزگاریکردنیش لە جێگیری نەفسو، لادانی حاڵەتەکان لەسەری ـ پێویستە، با مرۆڤ لە هەڵوێستێکیشدا نەبێت کە تێیدا پێویستیی بە کار یان گوفتارێک بێت[و پێویستیی بە جێگیریی نەفسیشی بێت تێیدا]، ئەوەش چونکە حاڵەتەکانی نەفس لە خودی خۆیاندا مرۆڤ پاڵدەنێن بۆ کردەو وتەیەک کە ئاو بە ئاگری ئەو حاڵەتەیدا بکات، با هۆکارێکیش نەبێت بۆ ئەو کردە و وتەیە[کە بۆ دامرکاندنەوەی نەفسی دەیکات] لەو کاتەدا، جا وەختێک حاڵەتی تووڕەبوون هات، دەقۆمێت مرۆڤ بچێت تۆڵە لە کۆنە دوژمنێکی بسەنێتەوە، دەیەوێت بە نریکترین ڕێگە تووڕەییێتی خۆی دابمرکێنێتەوە، ئیدی هۆی کۆن و لەیادچووش دێنێتەوە مەیدان لە پێناو کردنی کارگەلێکدا کە پێویستی پێیانە بۆ لادانی ئەو حاڵەتانە لەسەر خۆی، هەربۆیە پارێزگاریکردن لە جێگیریی نەفسەکان و سەلامەتییان لە حاڵەتەکان پێویستە،وە ئەوە لە تەواوکارێتی نەفسەکانە، کە هەندێک لە نەفسە تەواوە پاکەکان دەیکەن با مەعصوم-پارێزراویش بن لە تاوان[خۆیان لە ژێر باری ئەو حاڵەتانە دەردێنن با لە زیانیشی بێترس بن]، قورئان لە زۆر جێگادا فەرمانی بە پێغەمبەر (ﷺ) کردووە کە لە خەفەت و هۆکارەکانی دووربکەوێتەوە، چونکە ئەگەر تەنانەت کاریش نەکاتە سەر گوفتار و ڕەفتاری مرۆڤ، هێشتا بۆ نەفس ئەشکەنجە و ماندوێتی دێنێت، لەوانەشە

---

(١) البخاري (٧١٥٨)، ومسلم (١٧١٧).

(٢) أحمد (٢١٣٦).

بێووره و پەککەوتووی بکات لە گەیشتن بە تەواوێتی و کەمالّەکان، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ﴾ [آل عمران: ١٧٦] «خەفەتبارت نەکەن ئەوانەی کە بەپەلە و خێرا لە کوفر و بێباوەڕیدا هەوڵدەدەن و تێدەکۆشن»، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ﴾ [يونس: ٦٥] «خەفەتت نەداتێ قسەی ئەوانە»، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ [الحجر: ٨٨] «.. .. خەفەتیشیان لێ مەخۆ»، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُ﴾ [لقمان: ٢٣] «هەرکەسیش کە بێباوەڕ دەبێت تۆ خەفەت لە کوفر و بێباوەڕییەکەی مەخۆ»، بە مەریەمیش دەفەرموێت: ﴿أَلَّا تَحْزَنِي﴾ [مريم: ٢٤] «.. . کە لادە پەژارە و خەفەت مەخۆ»، چونکە حاڵەتی خەم و خەفەت ئازاردەری نەفسە، کە بەسەریشیدا زاڵبوو، کاردەکاتە سەر عەقڵیش، هەربۆیە هەرشتێک کە خەفەت بدات بە مرۆڤەکان ڕێگری لێکراوە، ئیدی لە گوفتار یان لە کردار، کاتێۆیش پەروەردگار ڕێگری لە چپەکردن کرد فەرمووی: ﴿إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ [المجادلة: ١٠] «بەڕاستی چپوچاپ تەنیا لە شەیتانەوەیە تاکوو باوەڕدارانی پێ سەغڵەت و بەمەراق بکات»، جێگیریی نەفسیش بەخششە، چونکە ئەدا و کارکردنی تەواوەتیی عەقڵیش بەوەوە بەستراوەتەوە، تەواوەتیی عەقڵیش بەخششە، هەربۆیە نەمانی خەفەتێک و لاچوونی، شایانی سوپاسگوزاربوونە بۆ پەروەردگار لەسەری، وەک دەڵێن[خەڵکی بەهەشت]: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ﴾ [فاطر: ٣٤] «سوپاس و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی کە خەفەت و پەژارەمانی برد و لایدا».

دوورکەوتنەوەش لە هۆکارەکانی حاڵەتەکانی نەفس داخوازییەکی ستایشکراوە، چونکە هەر شتێک کە کاریگەری بخاتە سەری _ ئیدی بینینی کەسانێک بێت، یان نیشتەجێبوون لە شارێک، یاخود بەبیرهاتنەوەی شتێکی ڕابردوو _ لەپێشتر وایە ئەو هۆکارانە لە نەفس دووربخرێنەوە، هەرچییەکیش کە ئازارەکان بە بیر نەفس بهێنێتەوە پێویستە کە: دووری لێ بگیرێت، چونکە کاردەکاتە سەر نەفسو، لەپاشان عەقڵیش، یان بە لادان و خلیسکاندنی یاخود

بە پەکخستنی لە کارکردن، ئەگەریش نەفسەکە کاملّ و تەواو بێت[لەوە کاملّتر بێت کە لابدات و بخلیسکێت یاخود پەکبخرێت]، کارتەواوی خۆی ئەنجامدەدات بەڵام بە ئەشکەنجە و ئازارکێشانە، وەختێک حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) کوژرا، کوشتنی کارەساتێکی گەلێک بەئازار و پەژارەبارێن بوو بەسەر پێغەمبەردا ﷺ، فەرموویشی: «لَنْ أُصَابَ بِمِثْلِكَ أَبَدًا! مَا وَقَفْتُ مَوْقِفًا قَطُّ أَغْيَظَ إِلَيَّ مِنْ هَذَا!» «هەرگیز کۆستێکی گەورەتر لە هی تۆم ناکەوێ! هەرگیز لە هیچ وێستگە و ساتێکی ئاستەنگ و سەختتردا لەمە نەوەستاوم»[1]، کاتێیش بکوژەکەی هات -کە وەحشی کوڕی حەرب بوو- و موسوڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێیفەرموو: «فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تُغَيِّبَ وَجْهَكَ عَنِّي»[2] "سا دەتوانیت ڕووی خۆتم پیشان نەدەیت؟"، چونکە بەردەوام بینینەوەی، ناسۆری و ئازارەکەی بیردەخاتەوە، جا بەرژەوەندی لە دووربوونیدا زیاترە هەتا نزیکبوون و کەوتنە پێشچاوانی.

حاڵەتەکانی نەفسیش کاریگەرییان لەسەر عەقڵی مرۆڤ و هەڵسوکەوت و بۆچوون و ڕایدا هەیە، چەندی لە ئاستێکی باڵا و کەمالّیشدا بێت، کاریگەریشیان جیاوازی هەیە، نەفسە تەواو و کاملّەکان بە جۆرێک کاریگەر نابن کە بکەونە تاوانەوە، ئەوەی مووسا لە تووڕەبوونەکەیدا نواندی ئەوە نەبوو کە لە وەختی چوونیدا نواندی[واتە تەنانەت مووساش کاریگەر بوو وەک لە

ئایەتەکەدا دێت]، پەروەردگار فەرمووی: ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن موسَى الغَضَبُ أَخَذَ الأَلواحَ وَفى نُسخَتِها هُدًى وَرَحمَةٌ﴾ [الأعراف: ١٥٤] «جا وەختێک کە تووڕەیی مووسا دامرکایەوە، لەوحەکانی[تەورِاتی] هەڵگرتەوە[کە لە کاتی تووڕەبوونەکەیدا هاویشتنی]، کە تێشیاندا ڕێنومایی و میهری هەیە. .. ».

* لادانی حاڵەتەکانی نەفس لە عەقڵ:

وەختێکیش حاڵەتێک بەسەر نەفسدا دێت، لەپێشتر وایە مرۆڤ ئەوە لە

---

(١) سيرة ابن هشام (٢/٩٦).

(٢) البخاري (٤٠٧٢).

عەقڵی دابەرێت و نێوانیان ببەستێت،بۆ ئەوەی حاڵەتەکە نەبێتە فەرماندەر و ڕێگریکار و دەمسپی بەسەر عەقڵەوە، چونکە بەڕاستی خاوەن هێز و زەبری زاڵی خۆیەتی، سەبارەت بەمە ئەو فەرموودەیە هاتووە: " إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ، فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ، وَإِلَّا فَلْيَضْطَجِعْ ".[1] " ئەگەر یەکێک لە ئێوە تووڕەبوو هەروەها بەپێوە بوو، دابنیشێت، ئەگەر تووڕەییەکەی لەکۆڵ بوویەوە وەگەڕنا، با ڕابکشێت"، جا بە کارێک نێوانیانی بەستووە[نێوانی حاڵەتی تووڕەییو، عەقڵ]، بۆ ئەوەی زوو وەڵامدانەوەیەکی عەقڵ نەیەتە کایەوە لە بەرانبەر ئەو تیژی و تاوەی نەفس، چونکە نەفس زوو فەرماندەر و بەجۆش و خرۆشە.

عەقڵ خۆشی درک بە کاریگەری حاڵەتەکانی نەفس دەکات لەسەری، لەوانەشە بگەڕێت بەشوێن هۆکارەکانی دەربازبوونیدا لێیان، هەروەها بە ئەندازەی زانست و باوەڕی دەیاندۆزێتەوە و دەستی پێیان دەگات، کە دەشێت بگەڕێت و نەیاندۆزێتەوە، لەبەر کەمی زانست و لاوازی باوەڕی، ئەوکاتیش ئیدی حاڵەتە نەفسییەکان بەسەر عەقڵدا زاڵدەبن و کاری تێدەکەن، لە فەرموودەشدا ئەوە هاتووە کە هەندێک لە عەقڵەکان دەستەوەستان دەبن لە ئاست لادانی کاریگەری حاڵەتە نەفسیەکان لەسەر خۆیان لەگەڵ ئەوەشدا کە دەشیانەوێت ئەوە بکەن، وەک بە صەحیحی هاتووە کە دوو پیاو لەلای پێغەمبەر (ﷺ) بوو بە شەڕەجنێویان، جا یەکێکیان تووڕەبوو، تووڕەبوونێک کە دەموچاوی گۆڕا و هەڵاوسا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: «إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا، لَذَهَبَ عَنْهُ الَّذِي يَجِدُ» "وتەیەک دەزانم کە ئەگەر بیڵێت ئەو کەفوکوڵ و ناڕەحەتییەی لێ لادەبات" پیاوێکیش هەستا و چووە لای و فەرمایشتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)ی پێ گەیاند و پێیگوت: "پەنا بە خوا بگرە لە شەیتان، بڵێ: «أعوذ بالله من الشيطان الرجيم» [ئەمە وتەکە بوو]"، کابراش گوتی: بۆ من چیمە؟ مەگەر شێتبووم؟ لاچۆ لەبەر چاوم.

---

(١) البخاري (٦٠٤٨)، ومسلم (٢٦١٠).

جا ئەمە نەزان بوو بەو هۆکارە کە حاڵەتەکەی لەسەر هەڵدەگرێت، حاڵەتەکەشی ڕێگەی نەدا کە قایلیش بێت پێی، لەگەڵ ئەوەدا کە دەشیویست ئەو ناڕەحەتییەی لێ بڕوات، بەڵام هەندێکیش لە نەفسەکان سەرکەشی ڕێگریانلێدەکات کە دانبنێن بەو تینوتاوەدا کە دەیکێشن، ئەم حاڵەتەش ئەگەر لە گەڵ سەرکەشی یان لووتبەرزییەکی پێشتردا لە مرۆڤدا کۆببنەوە، زیانێکی زۆر لە خاوەنەکەی دەدات، چونکە عەقڵی دەیەوێت لایبدات[حاڵەتەکە لابدات بە دانپێدانان و گەڕان بەشوێن چارەیدا]و، سروشتی ڕێگریدەکات، چونکە سروشت دەکرێت حاڵەتەکان بهێنێت و بیانهێڵێتەوە و پارێزگارییان لێبکات ئەگەر زیانی بە خاوەنەکەی گەیاندبێت یاخود فەوتاندبێتیشی.

⁂ کاریگەریی یەککەوتنی حاڵەتەکانی نەفس و سروشتی لە عەقڵدا:

مەترسیدارترین هێز و زاڵبوونی نەفس بەسەر عەقڵدا ئەو وەختەیە کە سروشت و حاڵەت و حەزەکاینشی بە یەک ئاڕاستەدا کۆببنەوە، وەک نەفسی ڕسکاو لەسەر توندوتیژیو، ئەوجا حاڵەتێکی تووڕەبوونیشی بەسەردا بێت لە بەجێهێنانی ئەوەی کە حەزی پێدەکات و مەیلی لێیەتی ئەگەر قەدەغەکراویش بووە، وێنەی ئەم گەلەکۆمەیەی نەفس نزیکە کە عەقڵ بە هیچ شێوەیەک چارینەکات، جا خۆسەپێنی بەسەر عەقڵدا دەنوێنێت و ئەوەی پێدەکات کە خۆشی[عەقڵ] بڕوای پێی نییە ئەگەر بەڵگەکەشی وەکو ڕۆژ ڕۆشن بێت، مادەم مرۆڤ باوەڕێکی تەواو یاخود نزیک لە تەواوی نەبێت کە ڕێگری لەو هێرشەی نەفسی بکات بە سروشت و حاڵەت و حەزەکانەوە.

نەفسیش ئەگەر لەسەر توندوڕەقی ڕسکابوو، هاوڕێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا دەڕوات کە لەگەڵ سروشتی خۆیدا گونجاون، مەگەر عەقڵ ئیمان ڕێگری لێبکەن، جا دەشێت هەڵوێستی توندی و ترازانو، حەزکردن بە بەرهەڵستکاریکردنی گەورە و زلهێزانو، چوونە بەرەی ململانێکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران بە حەق و بە ناحەق، هەڵبژێرێت.

پێچەوانەی ئەوەش ئەگەر نەفس لەسەر لاوازی و نەرمونیانی و چاوبرسێتی و چێژبەری و خۆشگوزەرانی ڕسکابێت، ئەوجا حاڵەتێکی ترسیشی بەسەردا بێت لە لادانی ئەوەدا کە حەزی پێ ناکات با لە خودی خۆشیدا خۆشویستراو بێت، ئەو کات سەختە لەسەر عەقڵ باڵی نەفسی پێ بادرێت ئەگەر ڕاستییەکەش پێچەوانەی ئەوە بووە، مەگەر بە پاڵنەرێکی ئیمانی بەهێز، جا ئەو کات لادەدات بەرەو ئاشتەوایی و ڕێککەوتن لە هەر حاڵێکداو، بەهانەسازی بۆ بۆچوون و کاری هەر ملهوڕ و بەهێزێک کە لێی دەترسێت زیانێکی پێ بگەیەنێت، یان چاوی لە بەرژەوەندییەکە کە لای ئەو دەستیدەکەوێت، لەوانەیە بەرگریشی لێبکاتو، دۆستایەتی و دوژمنایەتیشی هەر بۆ ئەو بێت.

لێرەوەیە کە ناسینی سرووشتەکانی نەفس و مەیلەکانی و حاڵەتەکانی، کارتێکەر دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە گونجاوە بۆی لە زانست و کار، تەنیا تەماشای لایەنەکانی سپاردەپارێزی ئەمانەت و ئاییندارییەکەی ناکرێت، ئەمە کەمتەرخەمییە، پشتگوێخستنی ئەوەش هۆکاری زۆرێک لە گرفتەکانی کاری ئەو خەڵکانەیە کە کار و فرمانێکیان گرتۆتە دەست، لەگەڵ کۆ و کۆبوونەوەی سروشتی نەفس و حەز و حاڵەتەکانیدا ناگونجێت.

دەشکرێت ئەم سیانە هەرسێک لە نەفسدا کۆنەبنەوە، دووان کۆبنەوە، یان تەنیا یەکێک هەبێت، هەتا نەفسیش بەتاڵتر بێت لە سروشت یان حەز یان حاڵەتێک لە وەختی گوفتار و کرداردا، عەقڵەکان ڕامان و پێکانی زیاتر و باشتریان دەبێت.

هەتا سێ کارتێکەرەکەش لە مروۆدا کۆببنەوە لە وەختی وتە یان کردەدا:

سرووشت و حەز و حاڵەت، ئەم تێکەڵە یەکگرتووە کاریگەرتر دەبێت لەسەر عەقڵ بەپێی هێز و ئاڕاستەی خۆی، لە بەرانبەر هێزی عەقڵدا، خۆ ئەگەر عەقڵیش چووە پاڵیان، ئیدی بە نەمانی ئەو کارتێکەرانە نەبێت، یاخود بە گۆڕانی هەڵبژاردن و ویستی عەقڵ، گەڕانەوە و کۆڵدانێک نابێت.

* زێدەڕەویکردن لە ڕێگریکردندا لە حاڵەتەکانی نەفس:

دەشێت هەندێکیش لە نەفسەکان زێدەڕەوییان هەبێت لە ڕێگریکردندا لە حاڵەتە خۆش و ستایشکراوەکان بۆ نەفس، هەتا ئەوەی کە لە حاڵەتە حەڵاڵەکانیشی بگرنەوە، بەو وەهمەوە کە ئەوە دەبێتە مایەی خراپە و زیانێکی وەهمی لەسەریان، یان ڕێگەی چاکە و قازانجێکیان لێ دەگرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیانی بۆ نەفس زۆر زۆرە، هەتاکوو ئەوەی کە نەفس لەسەر تۆندیوتیژی دەڕسکێت کە لەوەوپێش وا نەبووە[بەهۆی ئەمەوە وای لێ دێت]، بە شێوەیەک کە بزە و پێکەنین بەڕووی کەسیشدا نەکات، لە ترسی حاڵەتێکی وەهمی کە ئەوە ببێتە هۆکاری و بیهێنێت، یاخود دەیبینیت چاکەی خەڵک پاداشتناداتەوە، لە ترسی حاڵەتێکی وەهمی کە ڕێگەی چاکەی لێ بگرێت.

لەوەش زێدەڕەویتر ئەوەی کە نەفس حاڵەتە نەخوازراوەکانیش بهێنێت بەسەر خۆیدا، لووت بنێت بە ڕێگاکانی ترس و خەفەت و ئاستەنگیدا، بە وەهمی ئەوەوە کە نەفس بەوە پاکدەکاتەوە لە حاڵەتە دژەکانی ئەوانە، کە حاڵەتە خوازراو و ستایشکراوەکانن، واشیدەبینێت کە زیانی پێدەگەیەنن[خوازراوەکان]، بە شێوەیەک کە تەنیا لە ڕێگاکانی ئەوانەوە[حاڵەتە نەخوازراوەکان] بەدووی خێر و بەرژەوەندیدا بگەڕێت، جا لە حاڵەتە ناحەزەکاندا بۆ هێز و بتەوی دەگەڕێت، دەشێت ئەم نەفسەش پەکیبکەوێت و جێگیر نەبێت، چونکە توانای بەرگەگرتنی ئەوەی نییە، ئەمەش لەناو هەندێک لە وشکەسۆفی و پەرستشکارە نەزانەکاندا ڕوودەدات.

نەفسەکانیش بەبێ حاڵەتە خوازراو و خۆشویستراوەکان، ناتوانن تەندروست و جێگیر بن، لە ڕەزامەندی و بەختەوەری و دڵارامی، بێبەشکردنیشیان لەوە پێچەوانەی فیترەت و خوارسکی مرۆڤە کە لەسەری بەدیهێنراوە، ئەوەش بەشێکە لە گونجانی تەکلیفات-ڕاسپاردە خودابییەکان لەگەڵ خوارسکی مرۆڤەکاندا کە، جێبەجێکردنی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕێلێگیراوەکان لە خۆیدا ئەو حاڵەتانە دێنێت، تێفکران لە ئایەتەکانی پەروەردگار و یادکردنی

دڵارامی دێنێت، ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨] «ئەرێ بەڕاستی هەر بە یادی خوا دڵان ئارامدەبنەوە».

نەفسەکانیش جیاوازییان هەیە لە هۆکارە سروشتییەکانی هێنانی حاڵەتە خۆشویستراوەکان، دەکرێت ئەوەی هەندێک لە نەفسەکان پێیانخۆشە ئەوانی دیکە پێیاننەخۆش بێت، ئەوەی هەر ئەم نەفسە ئەمڕۆ حەزی پێیەتی سبەی ڕقی لێی ببێتەوە، چونکە ئەمڕۆ تەندروستییە بۆی و سبەی نەخۆشی، سا دەبێت هەر نەفسێک وازی لێبهێنرێت مەیلی بەلای ئەوەدا بێت کە خۆی پێیخۆشە، مادەم ڕێگریلێکراو نەبێت، یان زیانێکی بۆ جگە لە خۆی تێدا بێت.

⁂ ناسینی سروشتی نەفس و ئارەزووی بەر لە بەکارهێنانی عەقڵ:

گشت بەر و بەرهەمێکی ناسینی جۆرەکانی نەفس و سروشتەکانی و مەیل و حاڵەتەکانی، لە پێناو هاتنەدی دروست بەکارهێنانی عەقڵە، کە نەفس کاریگەری لەسەری[لەسەر عەقڵ] نەبێت لە بەجێهێنانی ئەرکی خۆیدا، جا بڕوانێت و ڕابمێنێت، بیربکاتەوە و لێکبداتەوەو، فەرمانبدات و ڕێگریبکات و بڕەتێنێتو، داوەری خۆی بکات بەبێ بوونی هیچ کارتێکەرێک لەسەری.

ئەگەریش عەقڵ بوونی نەبوو، ئەو کات ئیدی مرۆڤ وەک ئاژەڵ وایە، بە نەفسێکەوە دەژی کە فەرماندەر و ڕێگریکار و زاڵە، ئەمیش ملی بۆ دەدات، بەبێ هیچ کاریگەرییەکی عەقڵ لەسەر نەفسو، هیچ کاریگەرییەکی نەفس لەسەر عەقڵ، چونکە بوونی نییە، ئاژەڵیش تەنیا پێبەپێی سروشتە نەفسییەکانی خۆی دەڕواتو، دەچێت بە شوێن ئارەزووەکانیدا تاکوو تەواو تێردەبێت لێیان بەبێ هیچ کۆت و بەندێک، پەرچەکردارەکانیشی بەپێی حاڵەتەکانە لە ترس وئاسایش و هێمنی و جگە لەوانەش، جا ئەو هێلانەیەی کە پەلەوەر لە سەردەمی ئادەمدا دروستیاندەکرد، هەر هەمان هێلانەیە کە ئێستاش دروستیدەکەن، خواردن و خواردنەوە نەخۆشکەوتن و مردارببوونەوەشی هەر بە هەمان هۆکارگەل و بە هەمان شێواز و حاڵە، لەگەڵ ئەو هەموو حاڵەتی ترس و گرفتەدا کە ڕووبەڕووی

بۆتەوە، هیچ سوودی لێ نەبینینوە.

بەڵام کە عەقڵ هاتە ناو بابەتەکەوە ئەم ڕێڕەوە دەگۆڕدرێت، بەپێی ئەو زانست و ئەزموونەی کە لە عەقڵدا هەیە، زۆرێکیش لە خەڵک فێری زانستانێک دەبن کە لە خۆیاندا سوودی لێ نابینن، چونکە نەزانن بە نەفسی خۆیان و سروشت و مەیلی و ئەندازەی ئەوەش تێیدا، تەنانەت دەشێت خەڵک لە خۆی زیاتر سوودببینن لە عەقڵی، ناسینی مرۆڤ بۆ نەفس و سروشت و مەیلی پێویستە، وەگەرنا یەکەم بێبەهرە و بێبەش لە عەقڵ، خۆی دەبێت، دەشبینیت خەڵکانێکی زۆر هەن کە خاوەن زانست و زانیاری و ئەزموونن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵە و هەڵخلیسکانیان زۆرە، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:

⊙ یان ئەوەی کە کەمتەرخەم بوون لە ناسینی نەفسی خۆیانداو، ئەویش داونیەتە بەر و لەگەڵیدا خزاون، گرفتیشیان لە پێشدا لە ناسینی نەفسیاندا بووە بەر لەوەی لە ملکەچکردندا بێت بۆی.

⊙ یاخود سروشت و حەز و حاڵەتەکانی نەفسی خۆیانیان ناسیوە، بەڵام بەئەنقەست بەبێ سیاسەتکردن و بەڕێوەبەری و جڵەوگیری دەستیان لێبەرداوە، ئەمەش بەزۆری لەناو فاسق و خراپەکاران و بێئەرزشاندایە.

سرووشت و ئارەزووەکانی نەفسیش گەلێۆ زۆرن، هەرکەسیش سروشت و ئارەزووی نەفسی نەناسێت، عەقڵی بە بەکارهێنانێکی تەندروست بەکارناهێنێت، دوابەدوای ئەمەش، ئەنجامی هەڵبژاردنە عەقڵییەکانی بۆ بۆچوون و بیرۆکەو، بیروباوەڕ و کارەکانو، لە چارەسەرکردنی پێشهات و قەیرانەکاندا _ بەپێی نەزانین و نەناسینی بۆ سروشتی نەفسی خۆیو، نەبوونی مامەڵە و سیاسەتکردنێکی باش لەگەڵیدا، نارێک دەردێت، خۆ مرۆڤ لە کاری و وردە و گچکەدا ناڕوانێت لە سروشتی نەفس و حاڵەتەکانی، بەڵام ئەمە لە وەختی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کارە مەزن و پێشهاتە مەترسیدارەکاندا، ئاسان و سەلامەت تێناپەڕێت.

* سەرزەنشتکردنی عەقڵ و کەمتەرخەمیکردنی:

عەقڵ تەرازووە، نەفسیش ئەو بنچینەیەیە کە ئەو تەرازووەی لەسەر دانراوە، لە وەختی کێشان و پێواندا کە بنچینەکە لار بوو یان لەرزیو و ناجێگیر، ئەنجامی هەڵە دەدرێت بەدەستەوە، ئەو ئەنجامەش دەدرێتە پاڵ عەقڵ نەک نەفس، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو ئەداکەر و بەجێهێنەر بووە، ئەمەش وەک پێشتر باسیلێکرا لە ڕوویەکەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر کۆڵەرانە و وردبینانە بڕوانیت، عەقڵ بەپێی ئەو پێدراوانەی کە تێیدا دانراوان ئەنجامی داوە بە دەستەوە، بەڵام بۆیە سەرزەنشت ئاڕاستەکردن و هەڵە دانەپاڵی دروست و شیاوە، چونکە ئەو دەزگایەکی ناژیر و کەڕوکوێر نییە وەک تەرازووی کانزا لە ئاسن و لە بەرد کە درک بەوە نەکات ئایا شتێک ماوە شایەنی کێشان بێت نەکێشرابێت، یاخود شایەنی کێشان نەبووبێت و کێشرابێت؟ نەزانێت ئایا بنچینەکەی لارە یان ڕێک، جێگیرە یان لەرزۆک؟ یان درک بە ئامانجی کێشان و پێوانەکردنەکەی نەکات، ئەمانە هەموویان و جگە لەمانەش، تەرازووە نازیرەکەکان پەی پێ نابەن بەڵام عەقڵ پەی پێ دەبات و حاڵییە لێی، توانای ڕەتاندنی نەفس و دوورخستنەوەی هەیە لەوەی کە دەستوەردان بکات و تەرازووبازی پێ بنوێنێت، نەفسیش هەر بە سروشت و حاڵەتە پێشهاتەکانی خۆی لە شڵەژان و نارێکی و لاریدایە، جا لێرەوە عەقڵ شایەنی ئەوە بوو کە کێشان و داوەری [و هەڵە دەرچوونی ئەنجامیشی] بدرێتە پاڵ.

هەتا عەقڵیش بەهێزتر بێت بە زانست و بە ئەزموون، بیناتر دەبێت بە سروشتی نەفس و ئارەزوو و مەیلی، جا وەک مامەڵەی کەشتیوانی سەر کەشتییەک لەگەڵ بنچینەی کەشتییەکەیدا، مامەڵەدەکات _ کە زەمینە و بنچینەی کەشتی دەریایە _ بە سەرشێتی و شەپۆلی یان هێمنی و مەنگبوونیەوە، هەروەها لەگەڵ بایەکەشدا بەپێی ئاڕاستەو، توندی و خامۆشییەکەی مامەڵەدەکات، ئەو عەقڵەشی کە لەگەڵ نەفسدا دەڕوات و دەخزێت بەپێی دەستوەردان و بابەت نمایشکردنی ئەو[نەفس]، وەک ئەو کەشتیوانە وایە کە

بەدەم شەپۆل و با هەروەها دەڕوات بە هەر لایەکیدا بەرن.

* پێگەشتنی نەفس و عەقڵ:

هەروا لە میهری خوداوەشەوەیە کە عەقڵ و نەفس پێکەوە پێدەگەن، جا مرۆڤ لە منداڵییەوە بە نەفسێکی لاواز و عەقڵێکی لاوازەیشەوە هەڵدەدات، ئیدی تەکلیف-ڕاسپاردنی نایەتە سەرشان هەتا ئەوەی کە خۆی بە چەندەها ئەزموونی کەسیدا تێپەڕیوەو، نەفسی خۆی ناسیوەو، سرووشتەکەشی پێ زانیوەو، چی حەز پێیە و چی ڕق لێیە، نەک مرۆڤ لەناکاو تەکلیف بخرێتە سەری بە نەفس و عەقڵێکەوە بەبێ ئەزموون و بێ هاوئاهەنگییەک لە نێوانیاندا.

دەشکرێت لەپاش تەکلیفیش عەقڵ شتانێکی نوێ بناسێت لە سروشت و ئارەزووەکانی نەفس کە بەر لەوە نەیناسیوە، بەڵام هێشتا لە بنچینەی ئەوە دەرناچێت کە پێشتر و بەر لە تەکلیف زانیویەتی، وەختێکیش لەگەڵ چوونی ساڵاندا نەفس گۆڕا، گۆڕانەکەشی هەر پلەبەپلە و بەشێنەیی دەبێت، زۆرینەی حاڵ ناکرێت نەفسێک کە نەرمونیانە، بگۆڕێت بۆ تیژ و تووڕە لە ڕۆژێک یان مانگێک یان ساڵێکدا، چونکە گۆڕانی نەفس سەخت و ئەستەمە، ئەوەش لە تەواوێتیی دادگەریی پەروەردگارەوەیە، وەگەرنا عەقڵ چۆن توانای بەسەر گۆڕانەکانی نەفسدا دەشکا کە لە یەک شەووڕۆژدا یان چەند ڕۆژێکدا ڕوویانبدایە؟ ئەمە ئاستەنگ و هێزلێبڕ دەبوو بۆی، هەربۆیە سروشتی مرۆڤ لەسەر ئەوە ڕسکاوە کە گۆڕانی خێرا نەبێت، بەڵکوو لەسەر شێنەڕەوتی و هەنگاو بە هەنگاوی بێت، تاکوو عەقڵ توانای بەڕێوەبردنی نەفسەکانی هەبێت، سەبارەت بەمە ئەو فەرموودەیە هاتووە: "إِنَّ لِكُلِّ عَمَلٍ شِرَّةً ، وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةً"[1]، واتا[2]:

---

(١) أحمد (٢/١٨٨) (٦٧٦٤).

(٢) واتاکردنەوەی خودی نووسەرە لەناو دەقی بنەڕەتی کتێبەکەدا، نەک وەرگێڕانی ئێمە بێت بۆ فەرموودەکە، تەنیا ئەوەی نووسەر خۆشیمان بە بەس داناوە بۆیە بەجیا واتامان بۆ

نەفس ڕوو لە کار دەکات و گەرموگوڕی دەبێت لە سەرەتاکەیدا، ئەوجا دەمێکی پسان و بێتوانایی بەسەردا دێت، ئەم دەمەی پسان و وەستانی، گۆڕان نییە، بەڵکوو ساردبوونەوەی دوای هەڵمەتهێنانە.

لەوانەشە بە دەگمەن هەبێت کە هەندێک لە نەفسەکان لەسەر زۆر توند و زوو وەڕەزی و بێزاربوون لە هەموو شتێک ڕسکابن، ئیدی کار بێت، یان پەیوەندیکردن بە خەڵکییەوە، یان تەنانەت ئەگەر چێژ و حەزیش بێت، جا ئەگەر ئەم توند و زوو بێزاربوونەی پەیوەندی بە سروشتی پەلەکاریشەوە ببەستێت، ئیدی نە لەسەر کارێک، نە لەسەر حاڵێک بەردەوامی هەرگیز نابێت، نە هاوڕێیەکیشی لەگەڵدا دەمێنێتەوە، نە چێژێکی دەگیرسێتەوە، ئەمە ئیتر بەڕێوەبردنی لەسەر عەقڵ زۆر قورسە، هەر ئەویش بەسەر عەقڵدا زاڵدەبێت، ئەوکاتیش مرۆڤ نە سوود لە عەقڵی دەبینێتو، نە زانستێکی واشی تێدا بۆ هەڵدەگیرێت، نە سوود لە ئەزموونێکیش وەردەگرێت.

❊ ئەو مافانەی نەفس کە عەقڵ دەستوەردانیان تێدا ناکات:

نەفس حەز و مەیل و سەلیقەگەلی پوختی هەیە کە نابێت عەقڵیان تێکەڵ بکرێت، چونکە بواری ئەو نییە، جا نەفس کەشێکی دیاریکراوی پێخۆشە و مەیل لێیە، ڕەنگێک لەناو ڕەنگەکاندا، جۆرێک لەناو جۆرەکاندا، شێوازێک لە شێوازەکانی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خاکو، جۆری خواردن و خواردنەوەدا، وەک هەڵبژاردنی شیرین بەسەر سوێرداو، ڕەنگی سەوز بەسەر شینداو، زەرد بەسەر سووردا، هەروەها لە هاوسەرگیری و هەڵبژاردنی بەرامبەردا لە نەتەوە و ڕەنگ و قەد و شێوە، جا هەموو ئەم شتانە مەیلی نەفسین کە نابێت عەقڵ دەسەوەردانی تێیاندا هەبێت، نەفس مافی تەواوی سەرپشکبوون و هەڵبژاردنی تێیاندا هەیە، تێکەڵکردنی عەقڵ بە بابەتەکە زیانی هەیە، لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان دووانن:

دانەناوەتەوە لای خۆمانەوە. [وەرگێڕ]

هۆکاری یەکەم: ئەوەی کە عەقڵ تەنیا دەم لە پرسێک دەکوتێت کە خۆی دەزگای پێوانەکردن و هەڵبژاردنی تێیدا هەبێت بۆ شتێک بەسەر شتێکی دیکەدا، خۆخزاندنی بۆ ناو جگە لەم ناوەندە زیاندانە لە خۆی، چۆن دەتوانێت پێگەی ڕەنگی زەرد بخاتە پێش سەوز لەلای نەفسێکدا کە یەکێکیانی مەیل لێیە، یاخود حەزی بە خواردنێک بێت و خواردنێکی دیکە نا؟ سەرجەم ئەم بڕیاردانانە نە لە پسپۆڕی عەقڵن و نە کاری ئەویشن، بەڵکوو لە پسپۆڕی نەفسن کە ئەویش لە خۆیدا زۆربەی جار لێکدانەوە و هۆکار نادۆزێتەوە بۆی، بەڵکوو تەنیا هەوڵی بۆ بەجێگەیاندنی حەز و ئارەزووی خۆیەتی و تەواو.

هۆکاری دووەم: دستوەردانی عەقڵ لەوەدا کە بەشێکە لەحەزی نەفس و سەلیقەی پەتیی ئەو _ کاردەکاتە لەسەر نەفس و جێگیربوون و چەسپانیو، پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی، چونکە تەنیا حەز و ئارەزووی هەیەو، مەیل و هەوەسو، ئیدی خۆ بۆخۆشی لێکدانەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانی پێ نییە، عەقڵیش وێنەی ئەو، بەڵگە و سەلمێنەری بۆ قایلکردنی ئەو پێ نییە، سا ڕاست نییە شکاندن و زۆرلێکردنی بۆ دەستنەدان لە شتێک کە حەزی پێیەتیو، چوونەپێش لە شتێکی دیکە کە حەزی پێی نییە، وەختێک کە ئەو شتە کاریگەری نە لەسەر خۆی و نە لەسەر جگە لە خۆشی هەبێتو، هەروەها لە ڕاسپاردە خودایییەکانیش نەبێت [بەڵام ئەگەر لەمانە بوو ئەوە جیایە و پێویست بە هەوڵ و دەستوەردان دەکات]، چونکە ئەمانە بێشک کە دەبێت ڕابپەڕێنرێن و بگەیەنرێنەجێ.

هەر زۆرکردنێکیش لە نەفس لەم بوارەدا، جێگیری و ئۆقرە و هێمنی و هاوسەنگیی خۆی پێ لەدەستدەدات، ئیدی دەشڵەژێت و دێتەوەیەکو، دەشێت نەخۆشیش بکەوێت.

ئەم جۆرەش کە لە پسپۆڕێتیی نەفس و هەڵبژاردن و بڕیاری ئەوە، عەقڵ بۆی هەیە لە سەرەنجام و دواهاتەکانی بڕوانێت و بیانپشکنێت ئەگەر هەبوون، نەک لە خودی حەز و مەیلەکان خۆیان، بۆی نییە لە خودی مەیلی نەفس لە

ڕەنگەکانی جلوبەرگ بکۆڵێتەوە و هەڵبسەنگێنێت، بەڵام بۆی هەیە وەختێک کە ئەو جلوپۆشاکە زیانی هەبێت وەک ئەوەی کە لە خەڵکی جیابکاتەوەو، ناوبانگێکی ناپەسەندی پێبدات یاخود لووتبەرزییەک، یان وەختێک کە نەفس حەزی لەم خواردنەیە نەک ئەوی دیکەیان، عەقڵ بۆی نییە خودی هەڵبژاردنەکە لێکبداتەوە، بەڵام لەوانەیە لە سەرەنجام و دواهاتە ڕوونەکانی بکۆڵێتەوە، وەک زیانی خواردنی شیرین لەسەر نەخۆشێکی شەکرە.

* مامەڵەی شەریعەتەکان لەگەڵ نەفسدا:

سەرجەم شەریعەتە ئاسمانییەکانیش بەوە هاتوون کە نەفس لەوەدا وازی لێبهێنرێت و ململانێی لەگەڵدا نەکرێت، چونکە ئەوە لەو خوارسکەوەیە کە لەسەری دروستکراوە، هەروەها وەحیش لەو بەدیهێنەرەوەیە کە خۆی زاناترە بەوەی کە بەدیهێناوە، ئیدی شەریعەتە ئاسمانییەکانیش بە دوو شت هاتوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەفسدا:

یەکەم: مافی خۆی پێبدرێت، تاکوو هاوسەنگ و جێگیربێت.

دووەم: ڕێگری جگە لە مافی خۆی لێ بکرێت، تاکوو خۆی لە ڕووقایمی و ملهوڕی نەدات.

عەقڵیش سنووری هەیە، سنووریشی لە ناکۆکیدا هەیە، جا ئەگەر عەقڵ مافە پەتی و پوختەکانی نەفس زەوتبکات، دەشێوێت و گرفتار دەبێت، ئەگەریش نەفس مافی عەقڵ زەوتبکات، عەقڵ دەشێوێت و گرفتار دەبێت، عاقڵی تەواویش ئەوەیە کە سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان بزانێتو، ڕێگری لە دەستدرێژکاری هەریەکێکیان بۆ سەر ئەویتر بگرێت، تەواوێتی عەقڵی مرۆڤیش دێتەخوارێ بە ئەندازەی پێشێلکاریی نەفسی بەرانبەر بە عەقڵی، هاوسەنگیی نەفسیشی دەشێوێت بە ئەندازەی پێشێلکاریی عەقڵی بەرانبەر بە نەفسی، لەنێوان ئەو دوو مافەشدا بەشێکی تێکەڵ و هاوبەش هەیە، کە هەڵدێری خەڵکانی تیژبین و زیرەکە!

⁂ دەستدرێژکاری لەنێوان نەفس و عەقڵدا:

دژایەتیکردنی نەفس بۆ عەقڵ زیاترە لە دژایەتیکردنی عەقڵ بۆ نەفس، ئەوەش بە دوو هۆکار:

یەکەم: چونکە ڕووبەری هەڵبژاردنی عەقڵ زیاترە، هەر ڕۆژ و دەمێکیش تازە دەبێتەوە بەپێی کاری مرۆڤ و سەرقاڵبوونی لە ژیاندا، بەڵام نەفس، ڕووبەری هەڵبژاردنی تەنگە، زۆرجاریش وایە کە هەڵبژاردنی چەسپاو و نەگۆڕە، تازە بوونەوەی هەڵبژاردنی و فراوانبوونی هێواشە، تەنیا مەیل و حەزی لە شتانێکی دیاریکراوە، با لە ڕووی خود و تاک تاکی شتەکانەوە تازە بوونەوە هەبێت، بەڵام وەک جۆر زۆرجار ناگۆڕێت.

دووەم: چونکە عەقڵ جێگیرە و نەفس پێشڕەو و بەهەڵپەیە، هەمیشە حەزی بە پێشێلکاری و پەتبڕین و تێپەڕاندنی سنووری خۆیەتی، بە پێچەوانەی عەقڵەوە، هەربۆیە پەروەردگار لە قورئاندا باسی عەقڵ کە بکات لە قورئاندا ستایشیدەکات، بەڵام کە باسی نفس دەکات لۆمەی دەکات، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ النَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِالسُّوٓءِ﴾ [یوسف: ٥٣] «بەڕاستی کە نەفس زۆر فەرماندەرە بە خراپە»، أَمَّارَة: کێشی موبالەغەیە-زۆرێتی و زێدەڕەوێتی لە فَعَّالَة وە، چونکە هەمیشە داوای زیاد لەوە دەکات کە هی خۆیەتی، ئیتر کاریگەریشی لەسەر عەقڵ دەبێت، تاکوو ئەوەی کە دەیەوێت پێی بدات لەپێناو دەربازبووندا لە پەڵپگرتن و هەڵنان و گوشاری سەخت و زۆری.

زۆرینەی لۆمەی پەروەردگاریش لە قورئاندا بۆ عەقڵ بەهۆی کەمتەرخەمیکردنیەتی لە ئاست بەرپەرچدانەوەی هێرشی نەفس و هەژموون و دەستدرێژکارییەکانی بۆ سەر مافەکانی ئەم[عەقڵ]، جا لە قورئاندا شتێک

لەوە نابینیتەوە کە پەروەردگار لۆمەی عەقڵی کردبێت لەسەر دەستپێشخەری و پێشڕەوێتیکردن، یاخود لەسەر ئەوەی کە فەرماندەرێکی زۆردار بووبێت بەسەر نەفسەوە و دەستدرێژیی کردبێتە سەر، چونکە عەقڵ لە بنەڕەتدا بەرانبەر بە نەفس یان جێگیر و داچەسپاوە یاخود لە پاشەکشەدایە، نەک بەرەوپێشچوون، بنەڕەتیش لە نەفسدا بەرانبەر بە عەقڵ، پێشڕەوێتیکردن و پەلپگرتن و هەڵنانی زۆر و بەگوشارە.

❊ هەڵەکردن لە بەکارهێنانی عەقڵدا:

سەرجەم عاقڵان لەوەدا ناکۆکییەکیان نییە کە کارتێکەری سەر هەڵبژاردنەکانی مرۆڤ لە هزر و بیروباوەڕ و کارەکانیشدا تەنیا دوو دەزگان:

دەزگای یەکەم: نەفس

دەزگای دووەم: عەقڵ.

ئەم دوو دەزگایەش کێبڕکێیانە لە هەڵبژاردنی بڕوا و بیرۆکە و بۆچوونەکانی مرۆڤ کە دەشێت عەقڵ بە بیرکردنەوەی بکەوێتە پێش نەفسەوە بە ئارەزووی، بەهۆی بەهێزی عەقڵ و پێگەشتنیو، لاوازی نەفس و شکانەوەیەوە، دەشێت نەفسیش بە ئارەزووی پێش عەقڵ بکەوێت بە بیرکردنەوەی، بەهۆی بەهێزی نەفس و زەبر و زۆریو، لاوازی عەقڵەوە لەبەر کەمزانینی.

لەوانەشە نەفس و عەقڵ بکەونە کێشمەکێشم و ناکۆکی و ململانێوە لە هەڵبژاردندا، ئەو کات ئەنجامەکە بە نیوەی عەقڵ و نیوەی ئارەزووەوە دەربچێت، ئەمەش بەزۆری لە بیر و کارە ناتەواوەکاندا ڕووەدات کە تێکەڵن لە چاکە و خراپە.

❊ کێبڕکێی نەفس و عەقڵ لە هەڵبژاردندا:

زۆرینەی خەڵکیش لە وەختی هەڵبژاردنی بیر و بڕوا و کارەکاندا، هەڵەدەکەن لە پێشخستنی دەزگای هەڵبژاردنەکەدا، جا نەفس پێشدەخەن تاکوو هەرچی

حەز پێیە و ئارەزوو لێیە هەڵبژێرێت، کاتێک کە نەفس هەڵبژاردنی ئەنجامدا و لێبوویەوە، ئەوجا عەقڵ دێننە پێش بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و ئەو ڕێگایانە بپشکنێت کە نەفسی دەگەیەنن حەزەکەی، لەوانەیە گەلێکیش بیربکاتەوە و ڕابمێنێت و بپشکنێت، بەڵام هەموو ئەوە بێکەڵکە، وەک حاڵی ئەو ڕێبوارەیە کە ڕێگەی لێ ونبووە لە بیاباندا، کە ئەگەر نەفس ڕێگەی بۆ هەڵبژێرێت، وا فەرمانی پێدەدات کە بە ئاڕاستەیەکدا بڕوات هەوای فێنکی بۆ بێت و خۆریش لە چاوی نەدات و لە پشتییەوە بێت، ئەوجا عەقڵ بێت و هەر لەو ئاڕاستەیەدا فەرمانی پێبدات کە لە شوێنێکی ئەوێوە بڕوات کە درک و بەردی ئازاردەری تێدا نەبێت.

زۆرێکیش لەوانەی کە شەیدا و هەڵوەدای بیرکردنەوە و عەقڵ و لۆژیک بوون، تەنیا نەفسی خۆیان تێردەکەن بەو جۆرە بیرکردنەوە دواکەوتوو و بەجێماوە، خۆ دەکرێت بلیمەتیش بنوێنن لە هێزی هەڵبژاردنی ووردو، بژارکردنی ئەو بەڵگانەی کە بەهانەیان بۆ هەڵبژاردنەکانی خۆیان بۆ دێنێتەوە، تاکوو باوەڕ بە خۆیان بکەن کە بە عەقڵێکی پێگەشتوو و بیرکردنەوەیەکی تەواوەوە ڕێگە ڕاستەکەیان هەڵبژاردووە.

* ڕاست و دروستێتی بیرۆکە و سەلامەتێتی جێبەجێکردن:

بیرۆکەی ڕاست و دروست و جێبەجێکاریی پارێزراو و سەلامەت، وابەستەی یەکن بۆ پێکان و گەشتنەجێ، ئەگەریش لە کاردا یەکێکیان هەبوو بەڵام ئەوی دیکەیان فەوتا، ئەنجامەکان هەڵە دەردەچن، زۆرێکیش لە خاوەن عەقڵان تەنیا گرنگی بە یەکێک لەم دووانە دەدەنو، زەینیان بە جۆرێک پێوەی سەرقاڵدەبێت کە بەشی گرنگیپێدانی ئەوی دیکەش دەخوات، ئیدی ئەنجامەکان هەڵە دەردێن، لەوانەیە دەستیان پێوە بگرێت و دەمارگیریش بێت بۆیانو، دۆستایەتی و دوژمنایەتیشیان لەسەر بکات، خەڵکیش لەوەدا دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: ئەوانەی خاوەن بیری ڕاست و دروستن، بەڵام جێبەجێکارییان

هەڵەیە، مەترسیدارترین دەمارگیریش لەمانەدایە، چونکە تەنیا گرنگی بە دروستێتی بیروباوەڕەکەیان دەدەن و چاویان لەسەر ئەوەیەو، بەڵگەکانی بژار و قایم و جێگیر دەکەنو، سەرجەم بەڵگە دژەکانی دێنن و دەیخەنەڕوو و هەڵیدەوەشێننەوە، تاکوو ئەوەی وەک زێڕی پوخت لە چنگی خۆیاندا دەیبینن، ئیدی لە جێبەجێکردنیدا بەهەڵپە و هەستیارییەوە دەردەپەڕن، کەچی سەلامەتی و دروستێتی لە جێبەجێکاریی ئەو بیرۆکە و ڕایانەدا فەرامۆشدەکەن، سا جیاوازی ناکەن لەوەدا کە ئایا ئەم زێڕە پوختە لە دەستیان بکەن و یان لە پێیان، لە ملیان یان لە قاچیان، ئەنگوستیلەکە لە پەنجەی دەست بکەن یاخود پەنجەی پێ، هەندێکیشیان جێبەجێکارییان تا ئاستێک باشە و نزیکن لە سنووری پێکانی تەواوەتییەوە، وەک ئەو کەسەی ئەنگوستیلەکە لە پەنجەی دۆشاومژە[پەنجەی شایەتومان] یان ئەسپێکوژە[پەنجەگەورە] دەکات، بەڵام بەهەرحاڵ هێشتا لەو کەسەی دی باشترە کە لە پەنجەی پێی دەکات!

هەندێکیش لە بیرۆکەکان وازلێهێنانیان باشترە لەوەی کە جێبەجێکاریی هەڵەیان بۆ بخرێتەکار، جەستە بەبێ جوانکاری و ڕازاندنەوە باشترە لەوەی ئەنگوستیلە بخرێتە پێیەوە.

جۆری دووەم: ئەوانەی خاوەن جێبەجێکاریی ڕاست و دروستن، بەڵام بیریان هەڵەیە، جا لە جێبەجێکردنی کارگەلێکی هەڵەدا وەها جوانکار و سەرسامکەر و داهێنەرن، کە نزیکە کەسی بینەر هەر بەهۆی کارپێکردنی جوان و نمایشکاری جوانی وابزانێت بیرەکەشی دروست و ڕاستە، کاریگەریی ئەم جۆرە لەسەر خەڵکی نەزان زیاترە هەتا کاریگەری جۆری یەکەم، چونکە نەزان زیاتر سەرسامی وێنەی ڕووالەتی دەبێتو، لە حەقیقەت ڕانامێنێت، هێندەش زانستی پێ نییە کە توانای جیاکاریی ناوەڕۆک و پێکهاتەکانی پێبدات، بەڵکوو تەنیا نەفسێکی خاوەن سۆز و ئارەزووی هەیە کە شتی بۆ تامدەکات و بۆی هەڵدەبژێرێت، جا سەرسامبوونی ناو نەفسی بەهێزتر دەبێت لە هەڵسەنگاندنی عەقڵی بۆ ئەو شتانەی کە دەیانبینێت.

لە هەردوو جۆریشدا نەفس کاردەکاتە سەر عەقڵ، چونکە نەفس ئارەزوودەکات و حەزی بە خێرارەوییە بۆ بەجێهێنان و بەپایانگەیاندنی ئامانجەکان، جا کاتێک کە نەفس پڕە لەمە، ئیدی ووردی لاوازە لەوەدا کە دروستێتی بیر و سەلامەتی جێبەجێکاری پێکەوە کۆبکاتەوە، چونکە سەلامەتی جێبەجێکاری پێویستی بە لەسەرخۆیی و بەدواداچوون و بژار و بەراورد هەیە، تاکوو بزانێت کە کامە کات و شوێن و بارودۆخ و کەسانێک گونجاون کە ئەم بۆچوون و بیرەیان تێدا جێبەجێبکات، هەربۆیە زۆربەی خلیسکانی خاوەن عەقڵان لەوەدا نییە کە بیر و بۆچوونیان هەڵە بێت، بەڵکوو لەوەدایە کە هەڵە جێبەجێیدەکەن.

* چۆنچۆنی بۆچوونە ڕاستەکان بە سەلامەتی جێبەجێبکرێن:

کاتێک کە عەقڵ کاریگەر دەبێت بە کارتێکەرێکی نەفسی شاراوە، بۆچوونگەلێکی دروست بەجێ دێنێت، بۆ ئەوەی لە وادە و شوێنی هەڵەدا دایانبنێت، لەو پێناوەدا کە چڵێسی نەفسیی خۆی لە نزیکترین هەلومەرجدا تێربکات، مرۆڤ بۆخۆشی کۆڵەوارە لە درککردندا بەمە، تەنانەت دەشێت کەسانی دیکە ببینن و بۆخۆی نەیبینێت، هەروەها دەکرێت مرۆڤ لە کات و بۆنەی هەڵەدا شتێک بڵێت یان بکات کە لە خودی خۆیدا ڕاستە، چونکە نەفسی ئەو قسە یان کردارە ڕاستەی هێناوە، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ سروشت یان ئارەزوو یان حاڵەتێکیدا گونجاوە، وەک ئەوەی ئازایەتییەکەی بەدەربخات یان بەخشندەییەکەی، یاخود زانست و لێزانییەکەی، جا لەم حاڵەدا عەقڵ کاریگەر بووە بە تەمایەکی شاراوەی نەفس، کە ئەگەر لێی دەرباز ببوایە، ئەوەی نەدەکرد و نەدەوت کە کردی یان وتی.

ئەم جۆرەش لە هەڵبژاردنی ڕاست و دروستی عەقڵی لە بۆنە و هەلومەرجی هەڵەدا _ زۆرجار لە هەڵسوکەوتی زۆرێک لە عاقڵاندا دەبینرێت، کە بەڕاستی جۆرێکە کە ڕەخنەگرتن و جیاکردنەوە سەخت و ئاڵۆزە لەلای هاوەڵانی، چەند

گوتار نووسراوەو، جەند کتێب پێکەوە نراوەو، ئەندامەکان جوستوجۆیان کردووە، لە پێناو تەما و حەزی شاراوەی نەفسدا، لەوانەش نفس هەستی پێ نەکات مەگەر پاش نەمانی ئەو حەزە ئەگەر دوای سااڵنێکیش بووبێت، دەزانێت کە شتێکی وتووە و کردووە نەگونجاو بووە، زۆرێکیشیان دواتر دەزانێت هەڵە بووە، بەڵام ئەو پاڵنەرە ناناسێتەوە کە وای لە عەقڵی کرد کاریگەر و شێواو بێت، هەربۆیە ئەم جۆرە خەڵکە دەبینیت کە وەهمی ئەوە دەکەن حەقیقەتی کارەکەیان یان بیر و بڕواکەیان هەڵە بووە، جا دێتەوە و هەرچی بیروڕا و پڕەنسیپی ئەوکاتی هەبووە هەڵیدەوەشێنێتەوە و لێی هەڵدەگەڕێتەوە، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئەوانە هەموویان ڕاستن بەڵام کارتێکەرەکانی سەر عەقڵی نەیانهێشتووە هەڵکەوتەی باشی کات و شوێن و بارودۆخ هەڵبژێرێت، ئەوجا پاش ئەوە وازلەوە لە بیرۆکەکانی دێنێت و دەست دەبات بۆ پێچەوانەکانیان، کەچی هێشتا بە هەمان ئەو کارتێکەرانەوە دێت و دەڕوات و نەیگۆڕیون و دەربازی نەبووە لێیان، ئەوجا وەک چۆن پێشتر قوڕیان بۆ گرتۆتەوە لەوەودواش هەر ئاوا بۆی دەگرنەوە، بەڵام بە ئەمجار بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا.

زۆربەی ئەوانەشی کە هەڵەدەکەن لە جێبەجێکردنی بیرە دروست و ڕاستەکانیاندا، هۆکاری ئەوەیە کە تەنیا سەرقاڵی ڕاستیودروستێتی عەقڵیان بوون، نەک سەلامەتی نەفسیان، وەک کەسێک کە تەنیا سەرقاڵی تەندروستی پێی و چاکی پێڵاوەکانی بێت، نەک سەلامەتی ڕێگاکەی، ئیدی پێی هەڵدەکەوێت، یان لەوانەشە بەربێتەوە.

هەرکەسیش تەما و چاوتێبڕییەکانی نەفس و دەلاقەی مەیلەکانی پێ نەزانێت، دەکەوێتە هەڵەوە لە جێبەجێکردندا با زاناش بێت، هەتا زاناتریش بێت، زیانی پێنەزانین و نەناسینی بۆ نەفسی، لەسەر خۆی و لەسەر خەڵکیس گەورەتر دەبێت.

هەر بۆچوون و زانستێکیش کە مرۆڤ هەیبێت، لە نەفسیدا تەما و حەزێک

هەیە کە لەوەدا بەدیدەهێنێتو، بەکاری دەبات، دەشێت ئەم تەما و حەزەشی لەگەڵ پێکان و ڕاستیدا بێتەوە و دەشێت پێچەوانەشی بێت، زۆر ترسان و پارێزکارییش لە مەیلی نەفس، لەوانەیە کاربکاتە سەر هەندێک لە عەقڵەکان و دەستیان لە هەندێک لە ڕاستییەکان پێ هەڵبگرێت، چونکە ترسان و سڵکردنەوەی لە نەفسی زاڵکردووە بەسەر هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی عەقڵیدا بۆ ڕاستییەکەو، ئەوەی لە کیس چووە کە سەرجەم پایەکانی سەلامەتی جێبەجێکردن بەدیبێنێت.

ئەگەریش عەقڵ هاوسەنگ بێت لەنێوان زانستی خۆیو، ترسانی لە مەیلی نەفس، نزیکترە لە پێکان لە کار و هەڵبژاردنیدا، ئەوەش ئەرکی عەقڵە کە هەر ڕا و بۆچوون و زانستێکی کە دەیەوێت دەریببڕێت بە وتن یان کارپێکردن _ بیپشکنێت و ئەو حەز و مەیل و ئارەزووانەی نەفس لابدات کە لە پشت ئەو بۆچوونە یان زانستە یان کارەوەن، ئەوجا بەراورد بکات لەنێوان ئەوەیدا کە نەفس تێردەکاتو، ئەوەی کە لە خودی خۆی و هەروەها شوێنەوارەکانیدا لەسەر خۆی و جگە لە خۆی ڕەوا و ڕاستە، ئەم بەراوردکاری و کێشان و پێوانەش مرۆڤ بێترس دەبێت لە نەفس کە عەقڵ ببێتە خزمەتکار و کاربەڕێکەری و ئەوەی کە ئارەزووی لێیە لە ژێرناوی بیروڕای عەقڵدا بیهێنێتەدی.

* کاریگەری سروشت لەسەر جێبەجێکاریی بۆچوونە ڕاستەکان:

هەروەها وەک چۆن عەقڵ دەسڵەمێتەوە لە کاریگەری مەیل و ئارەزووی لەسەر سەلامەتی جێبەجێکاریی ئەو شتە دروست و ڕاستانەی کە دەیانزانێت و باوەڕی پێیانە، لەسەریشیەتی بەهەمانشێوە لە کاریگەری سرووشتیشی بسڵەمێتەوە و بترسێت، کە نەفس سرووشتگەلێکی هەن کارتێکەرن لەسەر کارەکانی لە ڕووی کات و شوێن و چۆنێتییەوە، جا ئەگەر لەسەر پەلەکاری ڕسکابوو، کار پێشدەخات، ئەگەر لەسەر کەودەنی و ساردوسڕی ڕسکابوو، دوایدەخات، ئیدی هۆکاری هەڵەکردنی لە جێبەجێکردنیدا دەکەوێتە هەڵبژاردنی کاتەوە.

وێنەی ئەمەش هەیە کە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە، هەروەها بە چۆنێتیی کار و شێوازی، دەشکرێت کۆمەڵێک سروشت لە مرۆڤدا پێکبلکێن و یەکبگرن کاربکەنە سەر بۆچوون و زانستی دروستی و پاڵی بنێن بۆ هەڵەکردن لە جێبەجێکردنیدا، وەک نەفسە ڕسکاوەکان لەسەر پەلەکاری و تووندوتیژی، خۆ سەرجەم نەفسە تووندوتیژەکان پەلەکاریش نین، سەرجەم نەفسە پەلەکارەکانیش تووندوتیژ نین، جا ئەگەر هاتو ئەم دوو سروشتە لە نەفسدا کۆبوونەوە، هەڵە زۆردەکات لە جێبەجێکردنی بۆچوون و بیرە ڕاست و دروستەکانیدا.

دەشێت لە نەفسدا تێکەڵەیەکیش لە سرووشتێک و ئارەزوویەک کۆببنەوە، یاخود چەند سروشت و چەند ئارەزوویەک کە عەقڵی ڕاپێچی کەوتنە هەڵەوە بکەن لەوەی کە کردە و وتە چاک و ڕاستەکانی لە ناوەندی نەگونجاودا بخاتەکار، ئەوەش بە وێنەی کۆبوونەوەی ئارەزووی پێگە لەگەڵ سروشتی پەلەکاری و تووندی و تیژی، جا ئەگەر نەفس ئارەزوویەکی هەبوو بۆ دەرکەوتن و پێگە و باسکران، لە گوفتار و کرداریشدا پەلەدەکات، هەتا تەنانەت دەشێت ئەوە پاڵی بنێت بۆ ئەوەی کە وەهمی زانین بکات لەبارەی شتێکیشەوە کە نایزانێت، لەو پێناوەدا کە چێژی ئەو گوفتار و کردارە لەدەستنەدات کە پێگە و ستایش و باسکردنێکی بەدوودا دێت.

لەوانەشە لە نەفسدا ئارەزووی سامان و حەزپێکردنی توندی، لەگەڵ پەلەکاریدا کۆببنەوە، ئەوەش پاڵی بنێت بۆ جێبەجێکردنی حەق لە جگە جێگای گونجاوی خۆیدا، بە جۆرێک کە شێوەی ڕاست و دروست بێت و ناوەڕۆکی هەڵە بێت، لەوانەشە هەندێک لە عەڵەکان هەست بەوە نەکەن و ئیدی تووشیان لێی بێت با خاوەن زانست و پێگە و خزمەتیش بن، جا ئەوەی کە لێیان شاراوەیە لەوەدا ئیجتیهادە و یەک پاداشتی لەسەر وەردەگرنەوە، کۆمەڵێک لە هاوەڵان دەرچووبوون[لە مەدینە] لەپاش ئەوەی کە خوای گەورە غەنیمەت-دەسکەوتی حەڵاڵکردبوو، گەیشتن بە کۆمەڵێک لە بێباوەڕانی قوڕەیش کە دەسکەوتیان

لەگەڵ بوو، جا ئەمانیش ناکۆک بوون کە ئایا ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ڕەجەبە یان کۆتا ڕۆژی جومادایە، کە ڕەجەب لە مانگە حەرامەکانە و جەنگ تێیدا دروست نییە، ئەم کاروانییەی قوڕەیشیش ئەگەر وازی لێ بێنین لە دەستمان دەچێت، جا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کۆتا ڕۆژی جومادایە نەک یەکەم ڕۆژی ڕەجەب، ئیدی لێیان کوشتن و بەدیل گرتن و بەدەسکەوت بردن، سەبارەت بەمەش بوو کە ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار دابەزی: ﴿يَسأَلونَكَ عَنِ الشَّهرِ الحَرامِ قِتالٍ فيهِ﴾ [البقرة: ٢١٧]

«لێت دەپرسن سەبارەت بە مانگی حەرام جەنگان تێیدا. .. ».[1]

دەشێت لە نەفسەکانیشدا پێچەوانەی ئەوە هەبێت لە کۆبوونەوەی ئارەزوو و سروشتگەلێکدا کە خاوەخاوی پێ بکەن و دوایبخەن لە وتن و کردن لە کاتی خۆیدا، وەک ئەو نەفسانەی کە لەسەر نەرمونیانی ڕسکاون، لەگەڵ ئارەزووگەلێکی زاڵ و داچەسپاویشدا وەک ئارەزوویی سامان و چێژی ماڵومندالّان، ئەو کات نەفس هەر کار و وتەیەک کە ئارەزوویەکی لە کیس بدات و پێچەوانەی سروشتی بێت، ماوەیەکی باش دوایدەخات، ئەم نەفسانەش عەقڵ لە دەستوبردکاری لە وتن و کردندا لادەدەن ئەگەریش جێگاکە گونجاو و باشیش بێت بۆی، هەرچی پاڵپشتیش هەیە کۆیدەکەنەوە بۆ ئەم مەرامە، هەربۆیە پێشخستنی ئەم جۆرە نەفسانە هەڵەیە لە ناوەندە بەمەترسییەکاندا لە وێنەی جیهادو، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنو، سەندنەوەی مافەکانو، لادانی تاوان و ناشەرعییەکان، ئەوەش لەبەر کۆبوونەوەی هۆکارگەلێکی زۆر کە مایەی تێکدانی کاری دروستن لە کاتی خۆیدا، جا ئەگەر هاوبەش بن لە کارێکدا دەبنە بەربەست و ووڕە دەڕووخێنن، ئەگەریش بەرپرس بن شتەکان لە شوێنی خۆی دانانێنو، فەرمانکردن و ڕێگریکاریشیان بە جۆرێکە کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێت نەک بەرژەوەندی گشتی خەڵک، نموونە لەمە وەختێکی کە دووڕووەکان لەجێمانەوە لە دەرچوون لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) لە یەکێک لە غەزاکانیدا، پەروەردگار

(١) تفسير الطبري (٣/٦٥٠)، وتفسير ابن كثير (١/٥٧٣).

ئەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند کە نەهاتن و نەبوونی ئەوان بەرژەوەندی تێدایە بۆ موسوڵمانان، چونکە بوونیان لە وێنەی ئەو هەلومەرجەدا بە واتای زیانێکی ڕاستەقینەیە، با لە ڕووی ژمارەشەوە کەمی بێنن بۆ موسوڵمانان، بەڵام بەڵایەکی گەورەتریان لێ لادەدرێت بە نەبوونیان، دەفەرموێت: ﴿لَو خَرَجوا فيكُم ما زادوكُم إِلّا خَبالًا وَلَأَوضَعوا خِلالَكُم يَبغونَكُمُ الفِتنَةَ وَفيكُم سَمّاعونَ لَهُم وَاللَّهُ عَليمٌ بِالظّالِمينَ﴾ [التوبه: ٤٧] «ئەگەر دەربچوونایە و لەناوتاندا بوونایە، خراپە و شڵەژان نەبێت هیچیان بۆ زیاد نەدەکردن، دووبەرەکیشیان لە نێوانتاندا دەنایەوە بە مەرامی ئاشووبەوە، لەناو ئێوەشدا هەن کەسانێک کە گوێ بۆ ئەوان ڕادێڵن، پەروەردگاریش زانا و ئاگادارە بە ستەمکاران».

هەروەها نەفس لەسەر حەزکردن بە منداڵ و ماڵ و سامانیش ڕسکاوە، ئەم سرووشتەش گشتییە و هاوبەشە لەناو گشت نەفسەکاندا بە نافسە پاک و بژارەکانیشەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری دەبێت، مەگەر زانست و باوەڕێکی بەهێز هاوڕێی عەقڵ بن تاکوو توانای بشکێت بەسەر ئەندازەگیری و سنوورکێشاندا بۆ ئەم سرووشتە، دووڕووانیش خاوەن وابەستەیی و چاوبرسێتییەکی بێشومارن بۆ دونیاو، بۆ دواڕۆژیش بێورە و لاوازن،جا ئارەزووشیان دەچێتە پاڵ سروشتە بنەڕەتییەکە، جا کۆبوونەوەی سروشت و ئارەزوو لەسەر حەزی ماڵ و سامان و منداڵ و وەچە و چێژبەری، پاڵی نەفس دەنێت بۆ هەنگاو هەڵنەهێنانو، دەستگرتنەوە و بەخشندە نەبوونو، پشتکردن لە فێربوونی زانستیش، چونکە هەر ئارەزوویەک کە نەفس دەستی بۆ بەرێتو، هەندێک لە سنووری خۆشی زیادبکات و لابدات، ئەو دەستبردن و هەڵمەتبردنەی بەشی عەقڵ و ویژدان دەخوات، سەبارەت ئەمە ئەو فەرموودەیە گێڕدراوەتەوە: "إِنَّ الولد مَجْبَنةٌ مَبْخَلةٌ مَجْهَلةٌ مَحْزَنةٌ"[1] "بەڕاستی کە منداڵ، مایەی ڕەزیلییە، مایەی ترسنۆکییە، مایەی نەزانییە، مایەی خەموخەفەتە".

بەهەمانشێوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێک لە ماڵ هاتە دەرەوە

(١) الحاكم في المستدرك (٣/٢٩٦).

کە یەکێک لە دوو کوڕی کچەکەی بەباوەشەوە بوو هەروەها پێی دەفەرموو: «إِنَّكُمْ لَتُبَخِّلُونَ وَتُجَبِّنُونَ وَتُجَهِّلُونَ، وَإِنَّكُمْ لَمِنْ رَيْحَانِ اللَّهِ»[1] "بەڕاستی کە ئێوە [مرۆڤ] ڕەزیل دەکەن و ترسنۆک دەکەن و نەزان دەکەن، بەڕاستیش کە ئێوە لە ڕۆزی و بەخششی نازداری خودان".

مەبەستیش ئەمەیە کە: نەفسەکان لەسەر مەیل و حەزی ڕۆڵە و منداڵان بارهاتوون، ئەم سروشتەش مرۆڤ پاڵ پێوە دەنێت بۆ پاشەکشەکردن و ڕەزیلی و نەزانی، ئەوەش چونکە نەفس هەرکەس کە خۆشی بوێت و مەیلی بەلایدا بێت پشتی ئەوە دەگرێت، تاکوو مرۆڤەکە وای لێ دێت بە ڕەفتاری نەزانان هەڵسوکەوتەکات _ با عاقڵیش بێت _ بە پشتگرتنی و بادانەوە بەلایدا، یاخود مەبەست ئەوەیە کە ئەو خۆشویستراوانە وا لە مرۆڤ دەکەن کات لە شوێنکەوتنی چێژی ئەواندا بەفیڕۆبداتو، ئیدی عەقڵیش گرینگی بە جگە لەوە نادات، یاخود بە جۆرێکی بەگوڕ و ئاگایانە گرنگی پێنادات، مەگەر باوەڕ و عەقڵێکی بەهێزیش لە نەفسدا هەبن کە ململانێی ئەو سروشت و ئارەزوو بکەن و هاوسەنگی بێنن.

⁂ دەلاقەکانی دزەکردنی نەفس بۆ سەر ژیران و زیرەکان لە وەختی جێبەجێکردنی بۆچوونە ڕاست و دروستەکانیاندا:

وەختێکیش کە بۆچوون و بیروباوەڕەکان ڕاستن، خۆ گونجاو نییە هەر ڕاستێک لە هەر جێگایەک دابنرێت، جا ئەگەر نەفسەکان هەر لە بنەڕەتدا کاریگەرییان هەبێت بە لادانی هەق و چەسپاندنی ناهەق، کەواتە کاریگەرییان لە دانانی هەق لە جگە شوێنی خۆیدا، بەلایەوە ئاسانترە، زۆرێکیش لە خاوەن عەقڵان _ بگرە زۆرێک لە زیرەکانیش _ بێئاگا دەبن لە کاریگەریی نەفس لێرەدا، چونکە نەفس ئەگەر دەستەوەستان بوو لە ڕامکردنی عەقڵ و دانە بەری بەرەو ویستەکانی خۆی، ئەو کات هەوڵدەدات ئەوەی کە نایەوێت لەوێدا

---

(١) أحمد (٦/٤٠٩) (٢٧٣١٤)، والترمذي (١٩١٠).

دابنێت کە دەیەوێت، ئەمەش کەمترین دەسکەوتی نەفسە لە بەدیهێنانی سروشت و حەزەکانیدا.

سەلامەتیی جێبەجێکردنیش بۆ بۆچوونی ڕاست، واجبە، چونکە دەشێت هەڵەکردن لە جێبەجێکردنی بۆچوونە ڕاستەکاندا، زیانی زیاتر بێت لە جێبەجێکردنی خودی بۆچوونە هەڵەکان، بێئاگایی هەندێکیشیان لەمە و بەسادەگرتنیان بۆی، لە گەورەترین هۆکارەکانی ڕەتاندنی خەڵکە لە بۆچوونە ڕاستەکان و شێواندنیەتی لە لایان، چونکە زۆرێک لە خەڵکی بەتاڵێتی بیرۆکەکەو، هەڵەی جێبەجێکردنی، تێکەڵدەکەن، جا وادەزانن کە هەر هەڵەیەک لەجێبەجێکردندا دەگەڕێتەوە بۆ ناڕاستێتیی بیرۆکەکە لە بنەڕەتەوە.

هەروەها دەکرێت نەیاران جێبەجێکردنە هەڵەکان بقۆزنەوە بۆ شێواندنی خودی بیرۆکە ڕاستەکان، تاکوو نەفسەکانی دیکەی لێ بڕەتێنن و سووکی بکەن لەلایانو، وایان نیشانبدەن کە ئەسڵەن ئەو بیرۆکانە لە خودی خۆیاندا بۆ جێبەجێکردن ناشێن، یان ئەگەر گومانی باشیشی پێ بەرن دەڵێن: ڕاستە بەڵام بۆ هیچ کات و شوێنێک گونجاو نییە، تەنیا مەگەر بۆ کات و شوێنێکی دەگمەن بگونجێت، تاکوو عەقڵەکان ئیدی لە خەمی کارپێکردنی [ئەو هەقە] بڕەخسنو، نەفسەکانیش سەرزەنشت نەکرێن لەسەر پشتگوێخستن و نکۆڵیلێکردنی.

* ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی سەلامەت و دروست گەڕانی جێبەجێکردنی بۆچوون و باوەڕەکان:

بۆ سەلامەتگەڕانی جێبەجێکاریی بۆچوون و بیرە ڕاست و دروستەکان چەند شتێک بێشک پێویست دەبن، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە لادانی نەفس و لاربوونەوەی بە لایەکداو، بێلایەن نەبوونی عەقڵ، پارێزراو بێت:

یەکەم: گونجانی چوارچێوە و ناوەند:

هەموو شتێک لە گەردووندا چوارچێوە و زنجیرەی پەیوەستی لە پێش و

پاشی خۆیەوە هەیە، ئەگەر شتێک کە خوا بۆخۆی ویستی ئەوەی لێی نەبووبێت، ڕاستبوونی شتێک لە جێگایەکدا بەواتای ڕاستێتیی نایە لە جێگایەکی دیکەدا، ئیدی لە کارە ماددییەکان بێت یان کارە مەعنەوییەکان.

هەروەها وەک چۆن شتە ماددییەکان شێوەی هەڕەمیان هەیە، بەهەمانشێوە شتە مەعنەوییەکانیش هەڕەمییەتیان هەیە، هەر شتێکیش ناکرێت بنیادی قایم و تۆکمە بێت مەگەر لەسەر زنجیرێتییەکی دروست کە هەندێکی لەسەر هەندێکی دیکەی وەستابێت و بە شێوازێکی دیاریکراویش نەک تێکەڵ و پێکەڵ، کەڵەکەکردنی بەرد لەسەر یەک هیچێکی لێ دروست نابێت، مەگەر زنجیرە و تەکووزییەکی ڕاست و ڕێک.

جا وەختێک ئەمە چەسپا کە هەر گوفتار یان کارێک دەبێت بەسترابێتەوە بە شتێکی گونجاو لە پێش و لە دوای خۆشیەوە، تاکوو لە جێگە و پێگەی دروستی خۆیدا دابنرێت، دەبێت هەرکەس کە دەیەوێت بیرێک یان مانایەک بنیادبنێت، ڕەچاوی ئەمە بکات تاکوو کاری ڕێکوپێک بڕوات و بەجێ بگات، وەگەرنا تەلارەکەی بە ئەندازەی ترازانی لەو چوارچێوە پێویستەی خۆی، لاواز و لەرزیو ڕادەوەستێت.

ئاوەها پەروەردگار نەفس و عەقڵەکانی لەسەر تێگەیشتن لە واتاکان بارهێناوە بەئەندازەی پێکەوتن و گونجانیان، ئەو تێگەیشتن و لەخۆگرتنەش بەئەندازەی کورتهێنان لە گونجان و پێکەوتندا، کەمدەکات، وەک چۆن شتە ماددییەکان لە شوێن و چوارچێوەی پێکەوتەی خۆیاندا نەبێت ناگیرسێنەوە، ئاواش واتا و شتە مەعنەوییەکان لە زەیندا ناگیرسێنەوە و ناچەسپن.

ناشکرێت دەوڵەت و کۆمەڵگا و هزر و شەریعەتەکان بەپێوە بۆستن و خۆیان بگرن مەگەر ئەوەی کە ڕێکخراو و پێکبەستراو بن لەناو خۆیانداو، هەروەها بە چوارچێوە و زنجیرەیەکی دروست و قایمیش، جا ئەو شتە ماددی و مەعنەوییانەی کە هەڵەن ئەگەر باش ڕێکخرابن، باشتر دەمێننەوە لەو ماددی

و مەعنەوییاتانەی کە ڕێکخراو نین، با دروست و ڕاستیش بن.

هەر لەبەر ئەم ڕێسا گەردوونییەیە کە سەرجەم شەریعەتە ئاسمانییەکان پلە بە پلە و بەزنجیرە و ڕێکخراوی هاتوون، هەروەها پێغەمبەرانیش لە گەیاندنی وتەکان و فەرمانکردن بە کردەوەکاندا، ڕەوت و شێوازیان شێنەیی بووە، ئەوەش بەپێی ڕەچاوکردی ئەو بیروباوەڕانەی پێشووتر کە لە نەفسەکاندا ماونەتەوە و جێگیربوون، جا لەوە دەستپێدەکەن و و لەپاشان لەسەرخۆیانەش لەسەر ئەوە بنیاددەنێن و دەیکەنە بنچینە، بەمشێوەیەش فەرمان بە بانگخوازان و کادیرانی پاش خۆیان دەکەن کە لەسەر ئەم ڕێباز و شێوازە بڕۆن، کە بریتییە لە دانایی بە دانانی هەر شتێک لە شوێنی خۆیدا، ناشکرێت لە شوێنی خۆیدا دابنرێت مەگەر بە زانینی ئەوەی کە کامەیە دەبێت لە پێشیەوە بێت و کامەیە دەبێت لە پاشیەوە بێت هەروەها هۆکاری بوونی ئەم لەو نێوانەدا، هەروەها بۆچی ئەمە لەپێشترە هەتا شتێکی دیکە کە لەویادا بێت، چونکە دەشێت گونجان و هۆکاری هاوبەش هەبێت بۆ زیاد لە یەک شتیش، بەڵام گونجاوترینیان وەردەگیرێت.

سرووشت و ئارەزووگەلێکی وەهاش لە نەفسەکاندا هەن کە وا لە مرۆڤ دەکەن شتە دروستەکان لە شوێن و چوارچێوەی نادروستدا دابنێت، ئەوەش بە کاریگەری سروشتی یان ئارەزووی یاخود هەڵبژاردنی عەقڵی، لەسەریشی پێویستە کە وەک چۆن دەزانێت کە سروشت و ئارەزووی کارتێکەرییان لەسەر ڕاست و دروستێتیی بیروباوەڕی هەیە _ ئاواش کارتێکەرییان لەسەر دیاریکردنی شوێنی دروست و گونجاوی ئەو بیروباوەڕانەی هەیە، بگرە ئەمەیان بەهێزتر و شاراوەترپشە.

دامەزراندنی دەوڵەت و کۆمەڵە و تەکووزی و سیستم و یاساکان، هەنگاوەهەڵێنان و ڕێکخراوەییەکی زنجیرەیی تایبەتی خۆی هەیە، تاکوو بچەسپێت و بمێنێتەوە، ئەگەر سیستمە دروست و ڕاستەکان لە شوێنی خۆیاندا دانەنرێن چ لە چوارچێوە و چ لە کات و شوێن، بەبێ پێشخستن و پاشخستن،

ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر جێگیربوونیان، وەختێکیش ئەم ڕێکار و پێوەندانە کاریگەربوون بە سروشت و ئارەزووی نەفس، ئیدی بونیادیشیان بەپێی مەترسیدارێتیی دانانە نەگونجاو و نادروستەکانی شتەکان لە شوێنەکاندا، گرفت و هەرەسی بۆ دێت، تەواوی قەوارەکان ناکرێت دەستیان بە دادپەروەری بگات و بەهۆیەوە دابچەسپن مەگەر شتەکان لە شوێنی خۆیاندا بن، چونکە ئەگەر لە شوێنی خۆیاندا نەبن، ئیدی ئەوە حەز و ئارەزووە لە شێوەی دادپەروەریدا.

هەموو بانگەوازێکی ڕاست یان بیرێکی ڕاستیش وەختێک مرۆڤ بیەوێت بیگەیەنێت، دەبێت سەرەتا و کۆتایی بابەتەکە و زنجیرەی نێوانیشیان پێ بزانێت، تاکوو لە نەفسەکاندا جێگیر ببێت و عەقڵەکانیش قایلبن پێی، چونکە نەفس و عەقڵ لەسەر ئەمە ڕسکاون کە شتی ڕێکوپێک و شێنەیی و ڕێکخراو وەربگرنو، شڵەژاو و پەشێویش ڕەتبکەنەوە و لێی بسڵەمێنەوە ئەگەر لە خودی خۆشیدا ڕاست بێت.

کاریگەریی نەفس لە بنیادنانی بیرۆکەکان لە عەقڵدا:

بەهەمانشێوە لە وەرگرتنی مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا بۆ وتە و کردە و بۆچوونەکان، پێویستە کە بە ڕاستودروستی و پلە بە پلە و ڕێکوپێک وەریبگرێت، نەک بە جۆرێک بنیادی بنێت و کاری پێ بکات کە حەزی نەفسی لەسەرە و لەگەڵ سرووشتیدا گونجاوە، بەڵکوو وەک خۆی وەریبگرێت بە شێوازە ڕیزبوون و دابەشبوونی خۆی و بە لەپێشینییەکانەوە دەستپێبکات، زۆرێکیش لەوانەی کە بۆچوون و بیرۆکە و باوەڕگەلێک وەردەگرن، نەفسیان بەسەریاندا زاڵ دەبێت و دەچن کامەی حەزی ئەوی لەسەر بێت وەریدەگرن و کاری پێدەکەن با ئەوە بەشە لاوەکییەکەش بێت، کامەش مەیلی ئەوی لەسەر نەبێت وازی لێدێنن با بەشە سەرەکییەکەش بێت، نەفسیشی ئەو وەهمە لەلای عەقڵی دروستدەکات کە ئەو باوەڕە یاخود ئەو کارەی بە شێوازە دروستەکە ئەنجامداوە، بەڵام لە حەقیقەتدا باوەڕ و کاری بەپێی سروشت و مەیلی نەفسی بردووە بەڕێوە.

لە دیوەکانی دیکەی کاریگەری نەفسەکان لەسەر عەقڵ هەر لە مەڕ ئەم بابەتە: ئەوەی کە نەفس کاتێک تامەزرۆی قسەیەک یان کارێک یان بیرۆکەیەکە، عەقڵ لەوە بێئاگا دەکات کە ئەم بیرۆکەیە لێرەدا جێبەجێکردنی هەڵە و ئەستەمە، چونکە واتای ڕاستیش هەیە کە ناکرێت لەناو خەڵکدا کاری پێ بکەیت، چونکە ئەوان کاریان بە واتای لەپێشتر و گرنگتر لەویش نەکردووە، سا دەروونیان ئامادەگی بۆ ئەمە نییە، حاڵیشیان ئەوە هەڵناگرێت کە کار بە شتێک بکەن لە کاتێکدا کە شتی بەر لە ئەویان کار پێ نەکردبێت، ئەو کەسەشی کە [لەم هەلومەرجە نەگونجاوەدا] فەرمانی ئەوەیان پێ بکات، وەک ئەوە وایە بیەوێت بەردی سەر لووتکەی هەڕەمێک دابنێت لەکاتێکدا کە هەڕەمەکە هێشتا بە ناوقەدیشی نەگەشتۆ، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەبینیت زۆرێک لە بانگەوازییە ڕاستەکانیش بە تێپەڕینی کات لە نەفسی خەڵکدا شکست دێنن با بەدڵیش حەزیان پێی بێت و مەیلیان لەسەری بێت، چونکە حەزپێبوون و خۆشویستنی شتێکەو، گونجانی هەلومەرج و توانا بۆ جێبەجێکردنیشی شتێکی دیکەیە، دانانیشی بەر لە تەواوکردنی قۆناغی پێش خۆی، نایەڵێت بگیرسێتەوە و بچەسپێت، ئەمەش وەک ئەوەی کە خەڵکی شارێک زینا و داکەندنی حیجاب بە حەڵاڵ دابنێن و تێی گەوزابێتنو، کەسێکیش بێت فەرمانی چاوپارێزیان پێ بکات لە نەزەر و ڕووانینی حەرام، ئیدی نموونەگەلی دیکەش لە خشتی واتاکان کە بناغەیەکی نییە لەسەری بووەستێت و بێشک دەکەوێت و هەرەس دێنێت، جا نموونەی ئەمانە[خەڵکی ئەو شارە] ناکرێت ئەو حوکمە شەرعییانە لە زەینیاندا بچەسپێت مەگەر وەختێک کە بناغەی بونیادەکە لە نەفسیاندا ڕەگی داکوتیبێت، کە حەرامێتی خودی زینایە.

بەهەمانشێوەش لە سیاسەتکردنی دەوڵەتانو، مامەڵەکردن لە خەڵکی دەمسپی و سەرگەورە و خەڵکانی شوێنکەوتە و لاوەکی، کە فەرمانی لقوپۆپی وەهایان پێ بکرێت کە ئەوان خەبەریان لە ڕەگەکەشی نییە، یاخود باوەڕیان پێی نییە، جا ئەو لق و بەشانە وەرناگرن، خۆ ئەگەر وەریشیبگرن و فەرمانیش

بە خەڵک بکەن پێی، لە نەفسیاندا جێگیر نابێت و زۆر ناخایەنێت،هەڵەکەش لێرەدا لەوەدا نییە کە کاری کابرای دەمسپی و سەرکردە یان شوێنکەوتە و ئەوانە چاکبکەیتەوە، بەڵکوو بە ڕاستکردنەوەی ئەو گوتارەیە کە ئاڕاستەیان دەکرێت، چونکە لەوانەیە مرۆڤ بەوە تاقیبکرێتەوە کە گوتار ئاڕاستەی خەڵکانێکی خاوەن عەقڵ و نەفسی ناڕێک و ناهەموار بکات، وەک حاڵی کەسێک کە ناچارە لەسەر زەمینێکی ناڕێک و لێژ بونیادێک بخاتە سەر پێ، جا ئەگەر بەردەکان بەڕێکی دابنێت، خۆ ناگرن و گلدەبنەوە، گرفتەکەش لە ئەو و لە بەردەکاندا نییە، بەڵکوو لەو جێگایەدایە کە ناچاربووە لەوێدا بونیادسازی بکات.

گونجانی بابەتیش لەگەڵ جێگاکەیدا پێویستە، بەشێکیشە لە تەواوەتی عەقڵ، هەر ڕەچاوکارییەکیش کە دەکرێت بۆ ڕاستێتیی بیرۆکە و بۆ دروست و سەلامەت جێبەجێکردنی: بە واتای شاردنەوەی شێوازە تەواوە ڕاستەکە نایە، یاخود دەستکاریکردن و گۆڕینی، چونکە حەق وەکوو خۆی لە بنەڕەتدا چۆنە دەپارێزرێت، لە هەر چەواشەکاری و شێواندنێکیش بەدوور دەگیرێت، سیاسەتکردنەکە تەنیا لە وەختی جێبەجێکردنیدا دەبێت، جا ئەوە بەواتای گۆڕینی حەق یاخود دەستکاریکردن و بەلاڕێدابردنی نایە لە خودی خۆیدا.

تێرکردنی نەفس بۆ ئارەزووی خۆی لە ڕێگەی دینداریەوە:

هەندێکیش لەوانەی کە نەفسیان ڕوو لە پەرستش و ئایینداری دەکات، ئەو پەرستش و سەرگەرمبوونە پێوەی، بەشی خۆی لە ئارەزووی نەفس دەبات، وەختێکیش نەفس گوڕ و تاو دێنێت کاردەکاتە سەر عەقڵیش بەوەی کە پەرستشێک هەڵبژێرێت گونجاوی سروشت و حەزی خۆی بێت، ئەگەریش لەناو ئایینداً شتێکی دەستنەکەوت کە نەفس مەیل و تاسقی لێیە، ئەو کات کاریگەرییەکەی بە جۆرێک دەبێت کە شتێک هەڵبژێرێت پێکدادانی لەگەڵ ئارەزوو و حەزیدا نەبێت، بەڵکوو لەسەر ئاوازی سروشت و مەیلی نەفس بڕوات، جا شتێکی ڕاست وەردەگرێت بە جێبەجێکردنێکی هەڵە، کە شتەکە لە خودی

پەتیی خۆیدا و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەوە، ڕاست و دروستە.

هەربۆیە لە هەندێک لەو نەفسانەدا کە ڕوو لە دینداری دەکەن ئەوە هەیە کە ئەو هەڵپەیەی خۆیان بە سوننەتەکان تێردەکەن و کەچی واز لە واجباتەکان دێنن، خۆیان لە مەکرووهـ-نەخوازراوەکان دەگرنەوە و کەچی توخنی حەرامەکان دەکەون، هۆی ئەوەش ئەمەیە کە ئارەزوویان لە سوننەتەکان هەیە بۆیە دەیکەن، مەکرووهەکانیش پێچەوانەی ئارەزوویان نەبۆتەوە بۆیە دەستان لێ هەڵگرتووە، جا هەیانە کە شان دەکەن بە سوننەتەکاندا و کردەوە نەبەوییەکان دەست بۆ دەبەن و کامەی گونجاویان بێت کاری پێدەکەن، وەک هێشتنەوەی قژ یان بەپەلکەکردنی، یان لەسەرکردنی جەمەدانێ، یاخود کردنەوەی قۆپچەی کراس، یاخود کورتکردنەوەی دەرقاچ بۆ نێوەڕاستی قاچ، ئەم کردەوانەش پێگەکانیان جیاوازی هەیە لە شەریعەتدا، بەڵام خۆ جێگا و ناوەندی کارپێکردنی تایبەتی خۆیانیان هەیە لە شەریعەتدا، پێش ئەوانە و پاش ئەوانە کردەاەگەلێکی دیکە هەن، پێویستە بونیادێکی کردەوەیی تایبەت بەر لە ئەمان هەبێت تاکوو کات و هەلومەرجی گونجاوی ئەمانیش دێت، ئەوەش کە پێش لە کۆکردنەوەی نموونەی ئەم کردەوانە پێکەوە پێویستە کە لە نەفسدا، پارێزگاریکردن لە پێنج نوێژە فەرزەکە بە کۆمەڵو، نوێژە ڕاتیبەکانی پێش و پاشی فەرزەکانو، وەترو، شەونوێژێک درێژ و تەواو یان هیچ نەبێت هەندێک، بەر لەوە هەبن، ئەگەریش ئەوانەی کە لەو لەپێشترن، بەر لە ئەو بوونیان نەبوو، ئەو کات دانان و کارپێکردنیان لەو نەفسەدا گرفتە، ئەوەش یان بە کاریگەریی سروشتێک یان ئارەزوویەک کە عەقڵی بەرەو هەڵبژاردنێکی تێکچوو و شێواو بردووە.

هەروەها وەک چۆن کردەوەکان پێگەی خۆیانیان هەیە کە دەبێت لە نەفسدا جێخۆشکاری و بونیادیان بۆ ئامادەبکرێت، بەهەمانشێوە نەهیەکان-ڕێلێگیراوەکان و وازلێهێنانەکانیش پێگە و هەلومەرجی تایبەتی خۆیانیان هەیە، جا دەشێت لەو نەفسانەدا کە ڕوو لە ئاییندارێ دەکەن مەیلێک هەبێت، ئیدی

بۆ تێرکردنی ئەو هەڵمەت و گوڕەی خۆیان مەکڕووهاتێک وازلێبێنن کە مەیلیان لێی نییە[بۆیە وازی لێ دێنن] لە هەمان کاتیشدا خەریکی حەرامەگەلێکن، وەهم و خەیاڵیشیان وایە کە ئەو مەکڕووهاتەیان لە ترس و گوێڕایەڵییەوە بۆ خوا وازلێهێناوە.

ئەگەریش کار و هزرەکان لەناو نەفسەکاندا ڕێکخراو و بەجێوڕێ نەبن، بێشک کە هەرەسیان خێرا و بەڕێوجێ دەبێت، ئەووەخت نەفسەکان،لە پەککەوتن و چەقینەوە نزیکترن هەتا چەسپان و بەردەوامبوون.

مامەڵەکردن لەگەڵ نەفسدا لە وەختی تێکچوون و گرفتاربوونی هەڵبژاردنەکانیدا بۆ دینداریەک کە ئارەزووی لەسەرێەتی:

کاتێکیش کە نکۆڵی لەمە دەکەین کە نەفس سوننەتێک یان نا شتێکی لاوەکی کارپێبکات و لەولاشەوە واجبێک و سەرەکییەک وازلێبێنێت و فەرامۆشبکات، یاخود دەست لە مەکڕووهێک هەڵبگرێت کەچی حەرامێک ئەنجامبدات، خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فەرمانی پێ بکەین سوننەت و لاوەکییەکە وازلێبێنێت، یاخود مەکڕووهەکە ئەنجامبدات، بەڵکوو تەنیا ئەوەمان دەوێت کە بزانێت بونیادی کردەوەکانی گرفتی تێدایە، هەروەها ئەوەی کە ڕاستودروستێتی کارێک لە خۆیدا بەواتای ئەوە نایەت کە کێشە نییە هەرچۆنێک و لە هەرجێیەک دایبنێیتو، هەرجۆر کە نەفس مەیلی لێ بێت، ئەوەشی لەسەر مرۆڤ پێویستە لە وێنەی ئەم حاڵەتەدا یەک لەم دوو شتەیە:

یەکەمیان: بگاتەوە بەوەدا کە لەدەستی داوە و بە واجبەکانیش هەڵبستێت تاکوو لەگەڵ سوننەتەکاندا یەکبگرن و تێر و تەواو بن، هەروەها حەرامەکانیش دەست لێ هەڵبگرێت بەشوێن مەکڕووهاتەکانداو، ئەو بۆشاییەی کە لەناو بونیادی کارەکەدا نەفس دروستی کردبوو بەهۆی سروشت و ئارەزوو و هەوەسی خۆیەوە، پڕیبکاتەوە.

دووەمیان: کارتێکەریی نەفس لەسەر عەقڵ لە هەڵبژاردندا چارەسەربکات،

بزانێت کە تامەزرۆیی و دڵدانێکی بۆ دینداری هەیە کە لە جێگای خۆیدا دانینەناوە، هەر تامەزرۆیی و مەیلێکیش هێزی خۆی هەیە، ئەم مەیل و هێزەش نەفس لایداوە بەرەو ئەوەی کە حەز و ئارەزووی خۆی لەسەرە، دەشکرێت کە دەستبەردان لەو کارە لاوەکییانە لە هەندێک لە نەفسەکاندا ببێتە پاڵنەر بۆ کردنی کارە سەرەکی و سەنگینەکان، چونکە نەفس مەیل و تواناییەکی پێیە کە هەر دەبێت لە جێگایەکدا بەخەرجی بدات، جا ئەگەر لە چەند سوننەتێکی پەرتوبڵاودا کۆینەکاتەوە، لە یەک تاقە واجبدا دایدەنێت، چونکە واجبەکان قورسترن لەسەر نەفس وەک لە سوننەتەکان.

زیاد لە یەکێکیش لە پێشین ئەوەیان لێوە چەسپاوە کە دەستیان لە سوننەتانێک هەڵگرتووە کە نەفسیشیان مەیلی لێ هەبووە، هەروەها وایانزانیوە کە کردەوەی لەپێشتر و گرینگتر هەیە کە ئەنجامی بدەن، وەک ئەوەی کە سەبارەت بە هێشتنەوەی قژ لە ئەحمەدیان پرسی، فەرمووی: «سوننەتێکی جوانە، ئەگەر بۆمان بگونجایە بەڕێوەمان دەبرد».[1]

لە کاتێکدا کە ئەحمەد دەشیتوانی قژ بێڵێتەوە، بەڵام وای دیوە کە توانای ناوەکی و دەرەکیی لە شتێکی دیکەدا سەرقاڵ بووە و هێندەی لێ نەماوەتەوە بەشی ئەمە، جا لە جێگە و حوکمی کەسێکدایە کە توانای ئەوەی نەبێت.

ئەییوبیش[ئەییوبی سەختیانی] دەستی لەو سوننەتە هەڵگرتبوو کە دەرقاچەکەی بهێنێتە نێوەڕاستی قاچی[2]، لە ترسی توانا نەمانی بۆ شتی گرنگتر و لەپێشتر بۆ خودی ئەو، لەوانەشە هەندێک لە نەفسەکان ئەم کارەی ئەییوب زۆر بە ناقۆڵا و زلە لێ بڕوانن، چونکە تەنیا چاویان لەسەر دەستهەڵگرتنەکەیەتی و بەس، نارِوانن لە سیاسەتکردنی عەقڵ بۆ نەفس، کە لەبەرچاوگیری و ڕێڕەو و ناوەندی وەها ورد و شاراوە و شوێنەوار ناسکی تێدایە کە تەنیا خاوەنەکەی پێی

---

(١) الوقوف والترجُّل، للخلال (ص ١١٨).

(٢) حلية الأولياء (٣/٧)، وسير أعلام النبلاء (٦/٢٢).

دەزانێت و هەستی پێ دەکات، ئایین و پەرستشیش پلەبەندی و ڕێکخستنی خۆیانیان بۆ لەپێشینەییەکان هەیە بە شێوەیەک کە کەس بۆی نییە لە نەفسی خۆیدا بە جۆرێک بونیاد و ڕیزکردنیان ڕێکبخاتەوە کە هاوڕێ و هاوڕای حەز و سروشتی خۆی بێت، لەدواییشدا وا خەیاڵ بکات کە لەخواترس و پەرستشکار و ئایینداریکی وەها و وەهایە، بەڵام حەقیقەتی نەفسی شتێکی دیکە بێت.

سەرەنجامی کارتێکەریی سروشتەکانی نەفس و ئارەزووەکانی لەسەر بەندایەتی و پەرستش:

مرۆڤ سروشتی نەفسی و ئارەزووگەلی وای تێدایە کە هەر شتێک بۆ خۆی ڕادەکێشێت ئەگەر ئایین و پەرستشیش بووبێت، جا نەفسی ڕسکاو لەسەر تیژ و توندی و ڕەقی کردەوەگەلێک لە ئایینداً دەست بۆ دەبات کە گونجاوی سروشتی خۆی بێت، ئەمەش لە خودی خۆیدا نەنگی و گرفت نییە، بەڵام وەختێک دەبێتە گرفت و کەموکوڕی کە شتی لەو لەپێشتر و گرنگتر و واجبتر زایەبکات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا لەبەر گونجانی سروشتی خۆی نزمەکەی ئەنجامدا و بەرزەکەی فەرامۆشکرد، هەروەها ئەگەر گونجاوی سروشتی نەبوایە کاری پێ نەدەکرد، هەروەهو هێزیە ئیمانییە پاڵنەرەکەشی لاوازە، ئەم نەفسانەش زۆرینەی جار لە دواییدا بە یەک لەم دوو حاڵەتە دەگەن:

یەکەمیان: ئەوەی کە وەختێکیش سروشتیان گۆڕا، بایدەدەنەوە بەلای وتە و کارگەلێکی دیکەدا کە لەگەڵ سروشتە نوێکەیاندا بگونجێت، جا لە کردەوەکانیاندا شوێن سروشتەکانی نەفسیان دەکەون، نەک باوەڕ و قایلێتی خۆیان بەو شتە، ئەمە حاڵی ئەو نەفسانەشە کە لە توندییەوە دەگۆڕێن بۆ نەرمی، یان ئەوانەی کە لە نەرمییەوە دەگۆڕێن بۆ توندی و زبری، هەر نەفسێک و بە گونجان و هەوای خۆی دەڕوات.

دووەمیان: ئەوەی کە پەکی بکەوێت و دابڕێت لە تەواوی ئەو کارەو، بگرە ئەسڵەن گۆڕان و دابڕانیشی بەرەو کردەوەیەکی دیکە نەبێت لەناو بەندایەتی

و ئایینداا، چونکە خۆ ئەو بە ڕاستاڵی و نییەتپاکییەکی تەواوە نەیدەکرد، یاخود نییەتێکی پاکی هەبوو بەڵام سرووشتێکیش تێکەڵی بووە، یاخود ئیدی جیاوازیان هەیە لە زاڵبوونی یەکێکیاندا بەسەر مرۆڤدا، ئیدی بە ئەندازەی زیاتربوونی پاکی و سافی نییەتەکە لەچاو [هێزی] سرووشتەکەدا، دامەزران و بەردەوامبوون زیاتر دەبێت، ئەگەریش سرووشتەکە بەهێزتر بوو لە نییەتپاکییەکە، ئەو کات نەفس لە پەککەوتنەوە نزیکترە هەتا سەرکەوتن و چەسپان.

هەڵبژاردنی نەفسیش بۆ کردەوەگەلێکی چاکە و ڕاکێشانیان تەنیا لە پێناو ئارەزووی خۆیدا، هەر لە وێنەی ئەوەیە کە نەفس هەندێک شت دەکات کە نەفسگەلێکی دیکە حەزیان پێیەتی و ئارەزوویان لەسەریەتی،لە پێناو نزیکبوونەوە و پەیوەندی بەهێزترکردن لەگەڵیاندا، جیاوازیشیان ئەوەیە کە ئەمیانکارێکی کردووە کە خۆی ئارەزووی لەسەرە، ئەوی دیکەیان کارێکی کردووە کە کەسێکی دیکە ئارەزووی لەسەرە، هەردووکیش کارەکەیان ڕاستاڵانە نەبوو، چونکە پوخت و پەتی و بێخەوش نەبوو.

دووەم: گونجانی کات بۆ کارەکە:

پەروەردگار چەرخی زەمانەی پێکنەناوە مەگەر ڕۆڵ و کاریگەری خۆشی لە کارەکاندا هەیە، ئەوەش لەبەر وابەستەبوونی بە شتانێکی دیکەی پەیوەستەوە پێی، لە بەدەمەوەهاتنی نەفسەکان یاخود پشتهەڵکردنیانو، شوێنەواری ئەوەش لەسەری، جا ڕاستێتیی کردار و گوفتار و گونجانی لەگەڵ پێش و پاشی خۆیدا _ بە واتای ئەوە نایەت کە لە هەر جێگایەکدا دایبنێیت تەواو و بەجێیە، مەگەر دوای ئەوەی لە گونجانی کاتیش بۆی بڕوانیت.

لەوانەشە پێشخستنی کارێک حەز و مەیلێکی نەفسی لە پشتەوە بێت کە پەلەی ئەوەیەتی زوو ڕووبدات، بەتایبەت لەو نەفسانەدا کە لەسەر پەلەکاری و تیژی بارهاتوون، لە بەرامبەریشیدا حەزکردنی نەفسێک بە دواخستن و دێرکەوتنی کارێک، کە ئەو نەفسە لەسەر ساردوسڕی و خاوەخاو بارهاتووە.

زۆرێکیش لە کردەوە چاکەکان، دابەزاندنی ڕاسپاردە خواییەکان لەبارەیانەوە و فەرمانکردن بە خەڵکی پێیان، درەنگ دەخرا، هەندێکیش لە هاوەڵان هانی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەدا کە پەلەی لێ بکات[داوای زوو تەشریعکردنی لە پەروەردگار بکات]، بێگومان ئەوەش بە نیازی باش و لە ڕووی ئەوەوە کە چاکەیان خۆشدەویست و تامەزرۆی بوون هەمیشە، وەک جەنگان لەگەڵ بێباوەڕانی قوڕەیشدا لەپای ئەو ستەم و ناهەقییە زۆرەی کە بە موسوڵمانانیان نواند، هەروەها لە وێنەی ئەوەش چوونە ناو مەککەوە و ئازادکردنی کە هەندێک لە هاوەڵان زۆر تامەزرۆ و بەسۆ بوون بۆی، هەروەها دێرخستنی کوشتاری جوولەکە و دوورخستنەوەیان و تۆڵەکردنەوەی تایبەت لە هەندێکیان، بەهەمانشێوەش خستنەکاری توندی و زبری لەگەڵ دووڕووواندا کە گەلێک دواخرا.

پەلەکردنیش لە کردەوە چاکەکان سروشتێکە کە عەقڵە سەنگین و کاملەکان بەلایدا دەڕۆن، بەڵام ئەگەر زانستێکی لەلابوو کە ئەوە نیشانبدات کاتەکە گونجاو نییە، ئەمیش لەگەڵ خۆیدا هەوڵدەدات کە دوایبخات تا کاتی گونجاو، ئەگەریش لە نەفسدا سروشتی خاوەخاو و دێرخستن هەبوو هەروەها زانستێک لەلای عەقڵەکان هەبوو کە پێشخستنی گونجاوترە، عەقڵەکان لەگەڵ نەفسەکاندا ئەمجار هەوڵدەدەن کە پێچەوانەی ئەو سروشتەی مامەڵەبکات، هەندێکیش لە هاوەڵان پەلەی هەندێک لە فەرمان و ڕێگیرییەکانیان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرد، ئەویش بەو زانستی وەحیەی کە لە سەروو زانستی ئەوانەوە لەلای بوو دەیبردن بەڕێوە و ڕێنومایی دەکردن، ئەوەشی کە پاڵیدەنان بۆ ئەوە، پێداگرییان بوو لەسەر کارکردن بەپێی ئەو زانستەی کە ئەوسات هەیانبوو، ئەویش چاوپۆشی ئەوەی لێ دەکردن[ئەو پەلەلێکردنە]، چونکە ئەوان بەپێی ئەو زانستەی کە پێی گەشتبوون ڕایان دەردەبڕی، جا لەو هەلومەرجەی خۆیاندا ئەوە کارجوانی و دڵسۆزی و کەماڵ بوو لێیانەوە، بەڵام وەختێک کە پێغەمبەر (ﷺ) زانستی لەوان زیاترە، کەماڵ لەو دۆخەی ئەودا بۆ ئەو، جیاوازە لە کەماڵی ئەوان لە دۆخی خۆیاندا، لەوێشدا ملدان و گوێڕایەڵیکردن بۆ بڕیاری

ئەو واجب بوو.

سێیەم: گونجانی شوێن بۆ کارەکە:

دەشێت وتە و کردارێک لەلایەن مرۆڤێکەوە ڕاست و گونجاو بێتو، لە چوارچێوەی خۆشیدا دروست و تەواو بێت، تەنانەت لە کات و وادەکەشیدا بەجێ بێت، بەڵام هێشتا جیاوازی شوێن کارتێکەرە لەسەر ئەندازەی بە سەلامەت گەڕانی جێبەجێکردنی، دەکرێت ڕەچاونەکردنی گونجانی شوێن بەرهەمی وتە و کردار تیابیات و خراپی بکات، دەکرێت لە پاداشتی کەم بکاتەوەو، لە کارجوانی و کەمالّی بهێنێتە خوارەوە.

عومەری کوڕی خەطّاب وەختێکی کە لە مینا بوو وێستی هەستێت وتارێک بۆ خەڵک بدات، کە تێیدا ڕوونکردنەوە بدات لەبارەی بەیعەت-پەیماندانی خەلافەتەوە لەپاش خۆی، جا فەرمووی: «إن شاء اللّٰه وەختی خەوتنانی ئەمشەو گوتارێک بۆ خەڵک دەدەم، کە ئاگاداریان بکەمەوە ئا لەوانەی کە دەیانەوێت کاروباریان لە چنگ دەربێنن».

عبد الرحمنی کوڕی عەوفیش وای بینی کە وەک شوێن مینا گونجاو نییە بۆ ئەو جۆرە قسانە، چونکە خەڵکی زۆری جۆراوجۆر لەوێدا بەتێکەڵ هەن لە هەرچی هۆز و ناوچە و بە فام و عەقڵی جیاوازیشەوە، جا بە عومەری فەرموو: « ئەی پێشەوای بڕواداران، ئەمە مەکە، وەرز و بۆنەکە هەرچی خەڵکی کاڵفام و ڕەشۆکیشە دێنێت و لەوێدا کۆیاندەکاتەوە، بگرە زۆرینەی ئەوانەی لە نزیکتەوە دەبن و قسەکانت چاک دەبیستن ئەو کات هەر ئەمانە دەبن، منیش دەترسم هەستیت و گفتێک لە دەمت بێتە دەرەوە کە ئەوان وەکو باڵندە لە دەمی تۆوە هەڵیفڕێنن بە هەرچی گۆشە و گوزەردا هەیە، لێشی تێنەگەنو، لە جێگای خۆیدا داینەنێن، سا ئارامت بێت و ماوە بە خۆت بدە تا دەگەینە مەدینە، کە لانکەی هیجرەت و سوننەتە، لەوێدا خەڵکی فەقیهە و فامیدە و پیاوماقوولّ

خڕکەوەو، هەرچی کە بە ئەسپایی و دڵچەسپاوی بۆت دێت بیڵێ، جا یەکێ خاوەن زانستان لە گفتت حاڵی دەبنو، لە جێگای خۆی دایدەنێن، عومەریش فەرمووی: سا سوێند بە خوا -إن شاء الله - لە یەکەم هەڵوێستە و هەلی گوتاردا لە مەدینە دەبێت ئەم بابەتە بگەیەنمە جێ.»[1].

گونجانی شوێنەکانیش بۆ جێبەجێکردنی واتا دروست و ڕاستەکان، جیاوازی هەیە، هەشیانە کە تەنیا جیاوازییەکی گچکەی هەیە کە کاریگەرییەکەی تێبینی ناکرێت مەگەر بە ڕووانینێکی پشکنەرو، ڕامانێکی بەهێزو، ورد فامینێک، کە هەندێک لە خەڵکی ئەسڵەن درکی پێ ناکەن، بەهۆی چەند حاڵەت و تووشهاتگەلێکی نەفسییەوە کە مرۆڤەکەی لەسەر ڕسکاوە.

چوارەم: گونجانی کەسی کارپێکەر:

چونکە کارپێکەر کاریگەری لەسەر کار هەیە، خۆ هەرکەس هەر شتێکی زانی ناچێت کاری پێ بکات، هەرچی داخوازی کاریشە تەنیا لە کارجوانیدا کۆنابێتەوە، نەفسەکان مەیلیان بەلای ئەوەوەیە کە ئەوەی خۆیان پێیان خۆشە و ئارەزوویان لێیەتی بیخەنە نێو کارەکەوە، دەشێت تەنانەت ئەگەر هەڵەش بکەن نەیبینن کە هەڵەیان کردووە، یاخود بە بچووک لە هەڵەکەی بڕوانن، کەچی پێکان و کاربەجێیەکی خۆیان گەلێک گەورە دەکەنەوە، لە بەرامبەریشدا وەختی خەڵکێک ڕقیان لە کەسی کارپێکەرە، هەڵەکانی گەورە دەکەنەوەو، ڕاست و پێکانەکانیشی سووک و چرووک دەکەن.

هەروەها نەفسەکان لەوەشدا هەڵە دەکەن کە کەسێک دێننە پێش بۆ کار دانە دەستێک یاخود بۆ ئەوەی بکرێت بە پێشەوا لە شتێکدا یان فەرماندەرو ڕێگریکار بەسەر خەڵکێکەوە، کە خزمایەتی یان دۆستایەتی خۆیان لەگەڵیدایە، جا پێشخستنی ئەو کەسە دەبێتە گرفت یان لە کارەکەدا یاخود لە شوێنەوار و دواهاتەکانیدا، هەربۆیە مەکڕووهە کە کەسێک بکرێتە کاربەدەست بەسەر

---

(١) البخاري (٦٨٣٠).

خەڵکەوە کە ڕقیان لێیەتی، تەنانەت لە پێشنوێژیشدا، با کارەکەی خۆشی بەباشی ئەنجام بدات، چونکە نەفسەکان وەختێک ڕقیان لە کەسی فەرماندەر دەبێتەوە، تەمبەڵی و لاساری دەنوێنن لە گوێڕایەڵیکردن و چوون بەدەم فەرمانەکانەوە، کە ڕقیشیان لە کەسی ڕێگریکار و قەدەغەکار دەبێتەوە دیسان بەهەمانشێوە لەگەڵ قەدەغەکردنەکانیدا، تەنانەت ئەگەر باوەڕیان بە دروستێتی بڕیارەکەش هەبێت، لەوانەشە ڕقبوونیان لە فەرماندەرەکە وایان لێ بکات گومان بخەنە سەر فەرماندان و ڕێگریکردنەکانی، نەک لە خودی بڕیارەکەیدا، بەڵکوو [دەڵێن] ئەوە دیارە مەرام و بەرژەوەندییەکی خۆی هەیە لە پشت ئەو بڕیارەیەوە، سا نەگونجانی کەسی کارپێکەر، کارتێکەر دەبێت لەسەر کەوتنەسەر پێی کار و بەجێ گەشتنی.

دەشێت داناییش لەوەدا بێت کە هەندێکجار کەسێک کە لێزانە بە کارێک بخرێتە پێش و کاری بدرێتە دەست، با کەسی لەو لێزانتریش ئامادە بێت، بۆچی چونکە خەڵک یەکەمیان لا پەسەند دەبێت و ملی بۆ دەدەن و خۆشیاندەوێت، ئیدی ئەو بۆ بەدیهاتنی مەبەستی کارەکە لەپێشترە وەک لە دووەم[با دووەم لێزانتریش بێت].

زۆرێکیش لە گرفتی بەڕێوەبردنەکان لەوەدا دەبێت کە مەیلی نەفسەکان کاردەکاتە سەر عەقڵ و وای لێدەکات ئەو کەسە هەڵببژێرێت کە خۆی خۆشی دەوێت بە بەڵگەی ئەوەی کە زانایە بە کارەکە و شیاوە بۆی، لە کاتێکدا کە جگە ئەو کەسانی دیکەش هەنکە زاناتر و شیاوتر و کارجوانترن تێیدا، جا لێرەوە کارەکان لاوازییان تێ دەگەڕێت لەبەر لاوازی کاریگەری کەسی کارپێکەرەوەو، بەهۆی کارتێکەریی نەفسەکان لەسەر عەقڵەکان لە هەڵبژاردندا.

پێنجەم: چۆنێتی و شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکە:

ئەوەش چونکە هەر کارێک شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە کە شیاوترین و بەجێترینە بۆی، ئەمەش لە ڕێسا گەردوونییەکانە، وەک چۆن لە شتە

ماددییەکاندا هەیە لە مەعنەوییەکانیشدا هەر وایە، هەروەها هەر کارێک شێوەیەکی لە خودی خۆیداو، بارودۆخێک لە دەوروبەریدا هەن کە گونجاوین، ئیدی لە نەرمونیانی لە جێگایەکداو، هێز و توندی لە جێگایەکی دیکەداو، پلەبەندی و شێنەڕەوتی لەم جێداو، پەلەکاری لەو جێدا.

هەر هەلومەرجێکیش کەشێکی گونجاوی خۆی هەیە، هەر کەسێکیش شێوازی گونجاوی خۆی هەیە، هەر شێوازێک بۆ فەرمانکردن گونجاو نییە بۆ هەر فەرمانپێکراوێک، هەر شێوازێکیش لە نەهی-ڕێگریکردن گونجاو نییە بۆ هەر ڕێگری لێکراوێک.

نەفسیش وەختێک دەچێتە نێو کارێکەوە، ئارەزووی خۆشی تێ دەبات، جا ئەگەر توانای بەسەر خودی ڕاست و دروستێتی کارەکەدا نەشکا[کە بیگۆڕێت بۆ کارێکی دیکە کە هەڵە بێت و گونجاوی حەزی خۆی بێت]، دەچێت لە کاتو، شوێنو، شێوازی جێبەجێکردنیدا بەدووی بەدیهێنانی ئارەزووەکەی دەکەوێت، لە هەمووشی زیاتر شێوازی جێبەجێکردنەکە تێری دەکاتو، سروشت و حەزی دەهێنێتە جێ.

پێویستترین شتێکیش کە عەقڵ ئاگای لێ بێت و چاوی لەسەری بێت بەپێی زانستی خۆی: جێگیری نەفس و بەدووربوونیەتی لە سرووشتێک کە کاربکاتە سەری، یاخود ئارەزوویەک کە بەدوای تێرکردنی خۆیدا بگەڕێت لەناو کارەکاندا، هەتا ئەوەی کە وا خەیاڵ بکات بۆ خوا سەرقاڵە و کاری کردووە، کەچی لە خزمەت ئارەزووی خۆیدایە و گرفتاری ئەوە.

⁂ بەهێزکردنی عەقڵ و لاوازکردنی نەفس:

عەقڵ تەرازوویەکی جێگیرە بەپێی ئەوەی کە پەیدای کردووە[لە زانست و ئەزموون]، نەفسیش بەقوڵ و بەکوڵ و هەڵپەیەو، دەستپێشخەرە، لەنێوان عەقڵ و نەفسیشدا ململانێ و کێشمەکێشمێکی هەردەم و هەمیشەیی هەیە کە بۆ دەمێک و بگرە لەوانەیە یەک تاقە ساتێکیش وەستانەوە و ئاگربەستی

نەبێت، جا عەقڵ زانست و بڕوایەکی هەیە، نەفسیش سروشت و مەیل و ئارەزوویەکی هەیە، لە هەر هەڵوێستەیەکیشدا کێبڕکێ دروستدەبێت، لەوانەشە چەند جارێک لە هەمان هەڵوێستەدا، نەفسیش دەیەوێت ئەوەی وەچنگ کەوێت کە بەشی خۆیەتی، عەقڵیش دەیەوێت بەپێی زانست و بڕواکەی بچێت بەڕێوە، وەختێکیش نەفس دەستەوەستان دەبێت لە ئاست ئاڕاستەکردنی ڕێڕەوی عەقڵدا، بیر لەوە دەکاتەوە کە لە هەمان ڕێڕەودا، بەپێی توانا بایداتەوە بەلای سروشت و حەزەکانی خۆیدا، چونکە هەرچییەک کە دەست بە هەمووی نەگات، دەست لە بەشێکی یان زۆرینەشی هەڵناگیرێت مادەم بگونجێت و ڕێی تێ بچێت، سا ئەگەر توانی عەقڵ دەکاتە شوێنکەوتەی خۆی، نەشیتوانی ئەو دەکەوێتە شوێن عەقڵ بەڵام هێشتا چاوی لەدووی ئەوەیە ئەگەر لە بزووان و وەستانێکیشدا بوو مەیلێکی خۆی وەدی بێنێت.

مرۆڤیش بەردەوام لە ململانێی نێوان عەقڵ و نەفسیدا دەژی، هەروەها ئەگەر عەقڵی بەهێزتر بوو بە زانست و ئەزموون و باوەڕ، بەسەر نەفسیدا زاڵ دەبێت و دەیداتە بەر، ئەگەریش نەفس لە ئەو بەهێزتر بوو بە سروشت و حەز و مەیل و حاڵەتەکانی، بەسەر عەقڵدا زاڵ دەبێت و دەیداتە بەر.

هەرکەسیش دەیەوێت عەقڵی بەسەر نەفسیدا زاڵ ببێت، عەقڵ بەهێزکەری خۆی هەیە، وەک چۆن نەفس بەهێزکەری خۆی هەیەو، لە دەرەوەشیدا شتانێک هەن کە پاڵیدەنێن و دەیوروژێنن، مرۆڤیش دەتوانێت ڕێگاکانی بەهێزی و لاوازی بۆ هەر یەکێکیان بگرێتە بەر، سا عەقڵ بە چەند شتێک بەهێز دەبێت:

یەکەم: زانست:

زانست بنەما و بەهای عەقڵە، عەقڵ بەبێ زانست بەهایەکی نییە، تەنانەت هەندێک وتوویانە عەقڵ واتا زانست و زانین و بەوە پێناسەیان کردووە، وەک حاریثی کوڕی ئەسەد لە «مائیة العقل»[1]دا، هەتا مرۆڤ زانستی زیاتر بێت بە

---

(١) ص١٢).

ئەندازەی ئەوە عەقڵیشی تەواوترە.

کاتێکیش مرۆڤ تەنیا زانستێکی گشتی لایە، دەزانێت چاکە کامەیە و خراپە کامەیەو، هەڵە لە ڕاست جوێدەکاتەوە و بەس، بەڵام وردەکارییەکانی ڕاست و چاکەو، پلەکانیان نازانێتو، وردەکاری هەڵدێرەکانی هەڵە و خراپەش نازانێت، ئەو کات لە وەختی بوونی چەند چاکەیەکدا کە نەتوانێت سەرجەمیان کۆبکاتەوە، ئەو ڕاست و چاکەیە هەڵدەبژێرێت کە مەیل و حەزی لەسەریەتی، هەروا لە بوونی چەند هەڵە و خراپەیەکیشدا کە نەتوانێت خۆی لە سەرجەمیان لابدات، ئەوەیان دەکات کە زیاتر حەزی پێیەتی[کەچی ئەو هەڵانەی کە وازیان لێ دێنێت لەو وەختەدا ئەوانەن کە لە ڕاستیدا خۆشی زۆر حەزی پێیان نییە]، نارِوانێت لە حەقیقەتی چاکە لە نەفسیدا: کە ئایا لەوە گەورەترە کە دەستی لێ بەرداوە یان بچووکتر.

بەهەمانشێوەش نەفس نارِوانێت لە حەقیقەتی خراپە لە وەختی بوونی چەند خراپەیەکدا و دووچاربوونی[کە بێشک تووشی یەکێکیان دێت]، جا ئەوەیان دەکات[تووشی ئەوەیان دێت] کە خۆی حەزی پێیەتی بەبێ تەماشاکردنی ئەوەی کە ئایا ئەوە خراپە سووکەکە بوو یان قورس و سەختەکە، نەفس لە گۆشەکانی هەڵبژاردنەوە دەلاقەی وەها دەدۆزێتەوە بۆ بەدیهێنانی هەوەس و تێرکردنی سروشتی خۆی کە مەپرسە.

دەلاقەکانی دزەکردنی نەفس بۆ سەر زانا:

دەلاقەکانی نەفس بۆ لای زانایان جیاوازە لە دەلاقەکانی بۆ لای نەزانان، چونکە نەفس توانای بەرەنگاری عەقڵی زانای نییەو، بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، تاکوو بە شاراوەترین و وردترین ڕێگە بەشی ئارەزووی خۆی لێ بسەنێت، بە جۆرێک کە دەشێت زانایەک بەپێی بارودۆخی خۆی و لە ڕووی دەستکەوت و بەهای تایبەتیەوە، لەوسەرەوە وەک نەزانێک لێی بێتە دەرەوە، بەڵام هەر یەکێک و بەپێی پێگە و جێگەی خۆیو، کاریگەریی لەسەر

خەڵکی، جا ئارەزوویەکی ورد و باریکی نەفس کە لە زانای بسەنێت، یەکسانە بە ئارەزوویەکی زلە و زەبەلاح کە لە نەزانێکی بسەنێت، بگرە دەکرێت لەوەش سەختتر بێت لەسەری، پەند بەوە نییە کە باریک و بچووکە، بەڵکوو بەوەیە کە چەند کاریگەری گەورەی لەسەر خۆی و لەسەر خەڵکیش هەیە، چونکە زۆرینەی جار زیانی نەزان: تەنیا بۆ خۆیەتیو، زیانی زانا: بۆ خۆی و بۆ خەڵکیشە.

زاناش هەتا زانستی زیاتر بێت و پیاوباشتر دەربکەوێت، ئەو ئارەزووەی کە زەفەری پێ دەبات زیانی بۆ خۆی و بۆ خەڵکیش زیاتر دەبێت، هەر لەبەر ئەمە لەپێشتر وایە وەختی سپاردنی ئەو پلە و پۆست و کارانەی کە تایبەت بە زانایانن، تەنیا تەماشای ئەندازەی زانست و زانیاری و ئەزموونی نەکرێت، بەڵکوو لەوە بڕوانرێت کە چەندێک ئەژنۆشکاوی تێدایە لە هەمبەر ئارەزووەکانیدا،دڵی چەندێک هەوا و هەوەسی خواردۆتەوە و هەڵمژیوە،چونکە کاتێک کە ئەو خاوەن زانست و لێزانی و ئەزموونە و لای خەڵکیش پەسەند و لەبەردڵانە، زەفەرپێبردنێکی ئارەزووی بۆی -هەرچەندی بچووکیش بێت- زیانی زیاترە بۆ خەڵک وەک لەوەی کەسێکی دی لە جێی ئەو زەفەرێکی زۆر گەورەتری پێ ببرێت لەلای ئارەزوویەوە، چونکە خەڵک بەوەی یەکەم زیاتر دووچار و سەرلێشێواو دەبن، سا یەک لە دەی دە یەکی ئەو هەڵە و خراپە و لادانەی لە ئەو دەقۆمێت _ زیانی بۆ خەڵک زیاترە لە دەیەک یان چارەک یان زیاتر لەوەش ئەگەر لە کەسێکی دیکە بقۆمێت کە وەک ئەو خاوەن زانست نییە و لەلای خەڵک ئەو پێگە و شکۆیەی ئەوی نییە.

دووەم: ئەزموون:

ئەمەش چونکە ڕێساکانی گەردوون لێکچوون، ئەمەش لە داهێنانی ناوازەی پەروەردگارە لە گەردوونەکەیدا، کە وای گێڕاوە لەسەر کۆمەڵێک سیستم و هۆکار بەڕێوەبچێت کە گرفتی نەیەتەڕێ و پەکی نەکەوێ، وەگەرنا گەردوون ئاڵۆسکاو و تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو، هەروەها مرۆڤیش سوودی لە هەڵسوکەوت

و چالاکییەکانی پێشووی نەدەبینی[نەدەبوون بە ئەزموون بۆی] چونکە گەردوون بە ڕێکەوت یان بە یاساگەلێکی شێواو دەچوو بەڕێوە، خەڵکیش هەموویان بە جیاوازی توخم و ڕەچەڵەک و ڕەگ و ئایینیانەوە پێگە بە ئەزموونداران دەدەن و ڕێزیان لێ دەنێن، عەرەب عەقڵی بە ئەزموون ناوەدنا، دەیانگۆت: عەقڵ هەر ئەزموونە - العقل التجارب.(١)

جیاوازی نێوان زانست و ئەزموونیش ئەوەیەکە زانست بریتییە لە زانینی حەقیقەتی شتێک بە خودی خۆی، با واتای ئەوەش نەبێت کە تاقی بکرێتەوە تاکوو سوود و زیانی بەدەربکەوێت، جا تەنیا زانست بوون بە شتێک بەسە بۆ سوودلێبینین یاخود خۆلێپاراستنی، مەرج نییە هەر ژەهرێک تاقیبکەیتەوە بۆ ئەوەی خۆتی لێ بپارێزیت.

ئەزموونیش کاتێک لەگەڵ زانستدا پێکەوە هەبوون، بەهێزتر دەبن لەوەی بە تاک یەکێکیان هەبێت بەبێ ئەوی دیکە،ئەزموونیش یان گوازراوە و گێڕدراوەیە، یاخود بینراوە، ئەزموونە بینراوەکانیش بەهێزترن لەکارکردنە سەر نەفسەکاندا.

ئەگەریش عەقڵەکان لێزان بن لە بەکارخستنی ئەزموونەکاندا و زانا بن پێی، دەبێتە باشترین کۆت و پێوەندێک بۆ نەفس کە لەوەی بگرێتەوە دەست بۆ فڕوفێڵ و ڕازاندنەوە بەرێت، جا عەقڵەکان بە ئامڕازی ئەزموونەکان جڵەوی نەفسەکان دەگرن لەمەڕ ئارەزووەکانیان با بەهێزیش بێت، سرووشتەکانیش ڕاستدەکەنەوە چەندێک ڕەگ قووڵ و تۆکمە و داچەسپاویش بن، زۆرێکیش لە عەقڵەکان ڕێگری حەزەکان لە نەفسەکان دەکەن، بۆ ئەوەی کە تووشیان بە تووشی سەرەنجامی خراپەوە نەبێت، وەک دەبینیت کە تەنانەت زۆرێک لە ئارەزووبازانیش خۆیان لە زینا و نێربازی و ئەو بابەتانە لادەدەن، تەنیا لە ترسی تووشبوون بە نەخۆشییە گوازراوەکانەوە، جا ئەو ئەزموونانەی کە بۆیان گوێزراوەتەوە و گێڕدراوەتەوە، جڵەوی داوەتە دەست عەقڵەکانەوە بۆ

---

(١) العقل وفضله (ص ٤٣).

ڕامکردنی نەفسەکان، ئیدی خۆی لە زۆر چاڵاوی ئارەزووش دەگرێتەوە کە لە بەردەستیشیدان.

وەختێکیش سروشتی تەندروست و ئەزموونی زۆر لە مرۆڤدا کۆبوونەوە، ئیدی تەواوی عەقڵ لەو مرۆڤەدا هەیە، هەروەک موعاوییە فەرموویەتی: «عەقڵ دووانە: عەقڵی ئەزموونو، عەقڵی خۆڕسک و سرووشت، سا ئەگەر بێت و لە پیاوێکدا کۆببنەوە، کەس نییە خۆی لە پێشیدا ڕابگرێت، ئەگەریش جوێبوونەوە، عەقڵە خۆڕسکەکە بەکارتر و لەپێشترە».[1]

ڕێسای سزا گەردوونییەکانیش بۆیە هاتووە تاکوو مرۆڤ لە کارە خراپەکان بڕەتێنێت و دووربخاتەوەو، کەم خراپەی لێبووەشێتەوە، وێنەی ئەمەش: ئەو سزا شەرعییانەی کە پەروەردگار تەشریعیکردوون لە ڕەتاندن و تەمبێکردندا لەمەڕ ستەمکاری و تاوانە گەورەکان، سا وەختی یەکێک سزادرا ئەوانی دیکە پەند وەردەگرن.

قورئانیش ئایەتگەلێکی زۆری تێدان کە فەرماندەکەن بە ڕووانین لە باس و هەواڵی گەلانی پێشووو، پەند لێ وەرگرتنیانو، گەڕان بەسەر زەویدا و تەماشاکردنی شوێنەواری هێزە ماددی و مەعنەوییەکانیان و لەپاش ئەوەش سەرەنجام و لەنێوبردنیشیان، ئەمەش بەشێکە لەو ئەزموونانەی گەلان کە لە هەر مەودایەکی دووردرێژی ڕۆژگاردا دیسان دووبارە دەبێتەوە، هەر وەخت کە خەڵک ئایەتەکانیان لەبیرچوویەوە یاخود لەبیر خۆیانیان بردەوە و بێئاگایی دایپۆشین.

زانینی مێژوو تەمەنە بۆ مرۆڤ:

خوێندنەوەی پەرتووکەکانی مێژووش ئەو تەمەنەی مرۆڤە کە لە ڕێگەی ئەو ئەزموونانەوە بەسەریدەبات کە خۆی ئەزموونی نەکردوون[خوێندوونەتیەوە

---

(١) العقل وفضله (ص ٤١).

و ئەزموونی گوزراوەن]، و ئەو ڕووداوانەی کە خۆی تێیاندا نەژیاوە، زۆرترینی زانستی ئەزموونەکانیش بە شێوەیەک کە خاوەنەکەی بۆخۆی ئەزموونی نەکردبن، ئەوەیە کە لە خوێندنەوەی پەرتووکەکانی مێژوویەکی ڕاست و متمانەپێکراوەوە دەخوێندرێنەوە، ڕێساکان لەناو گەلان و تاکەکانیشدا یەک شێوە و لێکچوون، نە جیاوازن نە لێکترازاو، هەر حاڵەتێکیش کە هۆکارەکانی یەک بن بێشک ئەنجامەکانیشی یەکن، چونکە جیاوازی سەرەنجامەکان بەپێی جیاوازی هۆکارەکان دەبێت، هەندێکیش لە خەڵک بۆیە فریودەخۆن و پەند لە مێژوو و ئەزموونی گەلان وەرناگرن چونکە نەزانن بەهۆکارەکانو، سەرەنجامەکانیش بەجیاواز دەبینن، ئیدی دەزگای پەندوەرگرتنیان لاوازدەبێت، جا دەبینێت ستەمکارانێک ڕزگاریان بووەو، دادگەرانێک کوژراونو، خراپەکارانێک ناو و دەنگیان ماوەتەوەو، چاکەکارانێکیش لەبیرکراون و بێ دەنگ و ناون.

سێیەم: بیرکردنەوە:

بیرکردنەوە گەورەترین تایبەتمەندی عەقڵەوە، هەربۆیە ئاژەڵ درکپێکردنێکی هەیە، بەڵام بیرناکاتەوە، ناپێویێت و شتەکان پێکنابەستێتەوە و دوو پێدراوی بۆ ناگەیەنرێت بە یەک کە ئەنجامی سێیەمیان لێ دەربێنێت، ئیدی لەوەولاش هەر هیچ، جا ئەمە تایبەتمەندی مرۆڤە. حەکیمی تورموذی بیرکردنەوەی بە یەک لە یاریدەدەرانی عەقڵ هەژمارکردووە، وەک لەو پەڕاوەیدا «عەقڵ و ئارەزوو».[1]

بیرکردنەوەش بە زانستەوە نەبێت سوودی نییە، زانستیش سوودێکی زۆری لێ نابینرێت مەگەر بە زۆر بیرلێکردنەوە و تێڕامانو، بژار و بەراوردکاری نەبێت، کە لێکچوو و هاوشێوە و دژیەکەکانی پێ دەربهێنرێت و بناسرێتەوە.

گەورەترین ئاستەنگیش لە بەردەم بیرکردنەوەدا کە ساردی و بێوورەیی لێ ببێتەوە: بوونی گومانە لەناو نەفسدا لەوەی کە بکرێت لە ڕێگەی بیرکردنەوە و تێڕامانەوە بە شتێکی بەسوود بگات، ئیدی ملکەچی ڕای ئەوانی دیکە دەبێتو،

---

(١) ص ٧).

ژیانی بە شوێنکەوتەیی و بە هەوڵی ڕازیکردنی ئەوانی دیکەوە دەباتە سەر ئەگەر بە زیانی خۆشی شکابێتەوە.

خاوەن زانستێکیش کە بیرکردنەوە و ڕامانی درێژی نەبێت هاوڕێی زانستەکەی _ سوودی هەم بۆ خۆی و هەم بۆ ئەوانی دیکەش کەم و قڕان دەبێت، خاوەن زانستێکی کەمیش کە بیرکردنەوەی هەمیشە هاوڕێی زانستەکەی لەکاردایە سوودی زیاترە لە خاوەن زانستێکی زۆر کە بیرکردنەوەی نەبێت، هەربۆیە دەبینیت کەسێکی فامیدە و تێگەیشتن قوولّ بە چۆڕێک زانستی هەڵگیراو لە یادگەیدا، بە پێگەی وەها بەرز دەگات کە یەکێکی دیکە بە دەریایەک زانستی لەبەرکراو و تێگەشتنی تەنک و کەمەوە پێی ناگات، بیرکردنەوەش بە ئارامگری و پشوودرێژییەوە نەبێت ناکەوێتە سەر پێ، جا نەفسی پەلەکار و هەڵەشە بیرکردنەوەی گەلێک لەسەر سەختە، کە بۆچوون و بڕیارێکیش دەدات مافی خۆی لە بیرکردنەوە پێ نادات، بیرکردنەوە قۆناغێکە کە دەکەوێتە نێوان ویستنی شتێکو، کار پێ کردنیەوە، هەندێکیش لە زانایان وێنەی حەکیمی تورموذی ناویان لێناوە وقف-وەستان کە دژەکەشی بریتییە لە تعجیل-پەلەکاری، هەروا باسی لە واتاکەی و لێکدانەوەی و نیشانەکانی کەسی واقیف-وەستاو[بیرکەرەوە] و هەڵسوکەوتەکانی کردووە.[1]

بیرکردنەوەش ئەگەر پەتی و بێخەوش و تەما بوو، وەک چۆن سوودی ئەوە بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت کە بەرژەوەندیگەلێکی شاراوە و تۆزلێنیشتوو بدۆزێتەوە و بخاتەکار، بەهەمانشێوە لەوەش دەیپارێزێت کە ئەو زانستەی لەلایەتی زیانی پێ بگەیەنێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەندین بەراوردکاریو، زانینی هاوسەنگکارییەکانو، لەپێشینەییەکان، بۆ داخستنی ئەو ڕێگایە لە نەفس کە هەر چاکەیەک خۆی مەیلی لێیە ڕاستەوخۆ ئەوە هەڵبژێرێت بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەوە چاکەیە و بەس، هەروەها لە زانینی گونجاوترین بەڵگە و سەلمێنەرەکان بۆ لادانی خراپەکان لە خودی مرۆڤەکە و لە خەڵکیش، جا ئەو کەسەی کە

---

(١) العقل والهوى (ص ١٠).

جۆرەها چەکی لایە بەڵام نازانێت کامەی بەسوودترین و بەهێزترینە، بەهایەکی نییە وەختێک کە نازانێت کامەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە جۆراوجۆرەکان گونجاوترە.

هەروەها پێویستە کە بیرکردنەوە هاوتەریبی زانست بێت، ئەوەش چونکە بیرکردنەوە بە زۆر تێڕامان و وردبوونەوە لە زانیارییەکان دەبێت، هەتاکوو بیرکردنەوەش زۆرتر بێت و زانست کەمتر بێت، هەروەها بیرکردنەوە لە سنووری ئاسایی خۆی تێپەڕێت، ئەو کات ئیدی لە ئەندازەی سوودلێبینینەوە دەچێتە ناو سنووری زیانگەیاندنیشەوە، چونکە عەقڵی هەڵسووڕێنەر بێشک دەبێت زانیاریگەلێکی لەبەردەستدا بێت کە بە بیرکردنەوە بیانهێنێت و بیانبات، بۆ ئەوەی لەو ڕەچەتەیە تێکەڵەیەکی بەسوود دەربێنێت، وەختێکیش کە بیرکردنەوە هەبوو بەبێ زانست، یاخود بیرکدنەوەیەکی زۆر زۆر بە زانستێکی زۆر زۆر کەمەوە، ئەو زیادەیە لەوێدا زیانی دەبێت، ئەوەش چونکە بیرکردنەوە لە تێڕامان و گەنگەشەکردنی زانیاریەکانەوە دەگۆڕێت بۆ ڕامان و گەوزان بەناو نەفس و ختووڕەو، حەز و سروشت و مەیلەکانیدا.

بیرکردنەوە وەک هێنان و بردنی خواردن وایە لەنێو مەنجەڵدا، کە خواردنەکە زۆر بێت تێکدان و هەڵگەڕاندنەوەی زۆریشی دەوێت، ئەگەریش کەم بێت پێویستی بە تێکدانی کەم دەبێت، وەختێکیش کە عەقڵ بەتاڵ بوو لە زانست، وەک مەنجەڵی بەتاڵ وایە، کەوچک تێ گەڕاندنی زیانی ئەگەر نەبێت سوودیشی نابێت.

بیرکردنەوەی زیادیش لەچاو پێویستیی زانیاریەکە، ئەنجامی بڕسکاو و بەکەڵکنەهاتووی لێ دەردێت، هەر وەک خۆی وازی لێ بهێنرێت لەو جۆرە بیرکردنەوە باشتر دەبێت، وێنەی ئەم بیرکردنەوە زۆر زۆرەش لە زانستی زۆر کەم، فریوخواردن بەخۆسەرسامبوونێک لە نەفسدا دەهێنێتە کایەوە، چونکە کۆمەڵێک وردەکاری و بەش و لقوپۆپی تەنگەبەری وەها دەدۆزێتەوە لەناو ئەو

زانیارییە کەمانەدا _ کە دەزانێت خەڵک بەو شێوەیە درکیان پێ نەکردووە، ئیدی وەهمی ئەوە دەکات کە زاناترین و باڵاترین بۆ خۆیەتی.

* بیرکردنەوەی نەزانەکان:

کاتێکیش عەقڵی مرۆڤ بەتاڵ بوو لە زانست، ئیدی بیرکردنەوەی هەر بەناو نەفسیدا دەچێت کە پڕیەتی لە سروشت و ئارەزوو، هەربۆیە زیانبارترین بیرکردنەوە بیرکردنەوەی نەزانانە، چونکە وەهمیان وا دەبێت کە خەریکن بەناو زانیارییەکانی عەقڵیاندا بیردەکەنەوە، وەختێک کە هیچی واشی تێدا نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا خەریکن بەناو سروشت و حەزەکانی نەفسیاندا بیردەکەنەوە، ئەم جۆرەش لە خەڵک خاوەنی کارڕێکی و لێزانی و پەیپێبردنێکن بۆ گەیشتن بە خراپەو، ڕێکخستن و وێناکردنی لە کۆمەڵێک وێنە و شێوەدا کە تەنانەت عەقڵی هەندێک لە زیرەکان لە ناو زانستیشدا هێندە بەرچاوڕوون و گورجوگۆڵ نییە، دەشێت هەندێک لە زانایان نەتوانێت ئاوا بیر لە چاکە بکاتەوە وەک ئەوەی ئەوان بیردەکەنەوە لە خراپە.

بانگلێکردنی نەزانان بۆ بیرکردنەوە بەبێ زانست واتا بانگلێکردنیان بۆ داهێنان لەناو نەزانی و ڕێکخستنیداو، بۆ ڕازاندنەوەی ئارەزووو، خۆش و سازکردنی ڕێگە بۆ گەیشتن پێی، ئەمەش لەوانەوە دەقۆمێت کە زۆر بە شانوبالّی بیرکردنەوەدا هەڵدەدەن وگەورەی دەکەنەوەو، بانگەوازی خەڵکی بۆ دەگەن و لەولاشەوە زانستیان فەرامۆشکردووە[کە ماددەی بیرکردنەوەیە].

بیرکردنەوەی عەقڵیش لەو پێدراوانەی کە لەلایەتی بێ سنوور و شومارە، چونکە ئەو دەزگایەکە بۆ بیرکردنەوە لە هەر بینراو و بیستراو و زانراوێکو، هەر ختووڕە و خەیاڵو، ئارەزوو و سروشتێک کە لە نەفسدا هەبێت.

پێویستە لەسەر مرۆڤی عاقڵ کە بەر لەوەی بیربکاتەوە، بزانێت بیر لە چی دەکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە بریتییە لە:

بووژاندنەوەی شتەکانو، بزواندن و وروژاندنەوەیان، خۆ هەر شتێکیش بۆ بیرلێکردنەوە گونجاو نییە، هەیە بیرکردنەوەیەکی کەم بۆی شیاوە، هەیە بیکردنەوەیەکی مامناوەند، هەیشە کە بیرکردنەوەیەکی تووڵانی و زۆری دەوێت، هەر کامێکیشیان هەر دەبێت سنوورێکی کۆتایی و پایانێکی هەبێت، کە لەوە تێپەڕی، عەقڵ هیلاک و سەرگەردان و هێزلێبڕاو دەکات.

بیرکردنەوەش مرۆڤ پاڵدەنێت بۆ کارکردن، جا وەختێک کە بیرکردنەوەی لە پێدراوەکانی نەفسی[سرووشت و حەزەکان] زیاتر بوو لە بیرکردنەوەی لە پێدراوەکانی عەقڵی[زانستەکان]، ئیدی ڕەفتاری بەد و ناقۆڵای زۆری دەبێتە میرات، بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەی لە زانستی ناو عەقڵی بوو، کاری دروست و بەجێی دەکاتە بەش، چونکە بیرکردنەوە گیان بەبەر ئەو شتەدا دەکات کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەیوروژێنێت.

⁂ جێگاکانی بیرکردنەوە:

بیرکردنەوەش لە مرۆڤدا دوو جێگای هەیە:

جێگای یەکەم: بیرکردنەوە لە زانست و زانیارییەکانی ناو عەقڵ.

جێگای دووەم: بیرکردنەوە لە ئارەزوو و مەیل و سرووشتەکانی ناو نەفس.

جا بیرکردنەوە لە زانست و زانیارییەکانی ناو عەقڵ: ئەوەیە بیرکردنەوەی بەسوود، ئەوەشە کە عەقڵ نەشونمای پێ دەکاتو، نەفس پێی پاکدەبێتەوە، بەهای زانستیش بە ئەندازەی بیرلێکردنەوەیەتی، وەگەرنا زانست لەناو عەقڵەکاندا وەک پیتی ناو کتێب وایە.

⁂ ئەوەی کە پێویستە بزانرێت بەر لە بیرکردنەوە:

زانین لە پێش بیرکردنەوەوەیە، چونکە بیرکردنەوە وروژاندنی زانیارییەکانە، هەربۆیە پەروەردگار لە قورئاندا چەند هێندەی بیرکردنەوە باسی لە زانست کردووە، سا هەر کەسێک کە بە زانستەوە بیردەکاتەوە دەبێت بەر لە بیرکردنەوەکەی سێ شت بزانێت:

یەکەم: حەقیقەتی ئەو زانستەی کە بیری لێ دەکاتەوە:

ئەوەش لە ڕووی ڕاستێتیی و هەڵەیەتییەوەو، ئەندازەی دڵنیایی و گومان تێیدا، چونکە هەر زانیارییەکیش مەرج نییە بیرکردنەوە لێی سوودی هەبێت، دەشێت زانیارییەکە خۆی هەڵە بێت، زیاد بیرلێکردنەوەشی هەڵە لەسەر هەڵە هەڵدەچنێتو، لقی هەڵە لەسەر ڕەگ و بنچینەی هەڵە دەڕوێنێت، مەترسیدارترین جۆری بیرکردنەوەش، بیرکردنەوەی کەسی ورد و تیژبیرە لە زانستی هەڵە یاخود تێکەڵ لە هەڵە و ڕاست و ڕەوا و ناڕەوا.

سا پێویستە کە بەر لەو بیرکردنەوەیەی کە مەبەست لێی خزمەتکردنی زانستەکانە _ بیر لە ڕاستێتیی خودی زانستەکان خۆیان بکرێتەوە، چونکە چوونەناو زانیارییەکانەوە بە باوەڕی یەکلا و بێشکەوە کە دروست و ڕاستە، زەینی مرۆڤ لەوە لادەدات کە بەدوای سەلمێنەر و جەختکەرەوەکاندا بگەڕێت بۆیانو، ڕەهەند و بەشەکانی دەربێنێت و لێکبدات، چونکە نەفس ئەو وەخت خاڵی پشکنینی سەرەتای تێپەڕاندووە[سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەسڵەن پێدراوەکە ڕاستە یان نا] و لە قۆناغی دواتردایە.

خۆ گومان لەوەدا نییە کە بیرکردنەوەی تەندروست و بێلایەنانە لەناو لق و بەشە وردەکاندا، نیشانە و بەڵگە دەدات بە دەستەوە سەبارەت بە ڕاستێتی گشتی و بنچینەکان یاخود هەڵەیەتییان، بەڵام خۆ هێشتا مەترسی ئەوەش هەیە کە نەفسەکان[لەبەر مەیلی خۆیان] گریمانە لاوازەکان بکەن بە گریمانەی بەهێز و زاڵو، چاو بپۆشن لەو درز و کەلێن و نیشانانەی کە بەدەردەکەون بۆیان و مایەی گومانکردنن، ئەگەر نەفسەکان لە پێشدا بە خەیاڵی دڵنیایی و یەکلایی و بە ڕاست دانانی تەواوەتیی بۆ پێدراوەکان چووبێتنە پێش.

دووەم: شۆێنەواری زانستی بیرلێکراوە:

ئەوەش چونکە زانست و زانیارییەکان لە بەهاشدا جیاوازییان هەیە، مەرج نییە هەر زانستێک کە ڕاست بوو ئیدی ڕەهاکردنی بیرکردنەوەش تێیدا ڕاست

و گونجاو بێت، ئەمەشیان چونکە بیرکردنەوە کۆشش و هەوڵە و هەڵدانەوەیە و عەقڵ ماندووەکات، وەک چۆن چاڵهەڵکەندن و هەڵدانەوەی زەوی جەستە ماندووەکات، خۆ مرۆڤ ناچێت بیرێک هەڵبکەنێت بۆ یەک دڵۆپ ئاو، بەردێکی زلە لەتناکات تەنیا بۆ دەستکەوتنی پارچە کانزایەکی بێنرخ و بەها، بەڵام ئەگەر کێوەکانیش لەتبکات بۆ دەرهێنانی ئاڵتوون بەلایەوە ئاسایی و ئاسانە.

ڕووانینیش لە زانست و بەهاکەی و شوێنەواری لەسەر مرۆڤ، کارتێکەرە لە ئەندازەی بەخەرجدانی بیرکردنەوە بۆی، هەرکەسیش کە خۆی هیلاک بکات بە بیرکردنەوە لە زانستێک کە سوودی نییە، ئەوە بەهۆی فریوخواردنیەتی بە قەبارە و بەهای ئەو زانستە، جا بە ئەندازەی وەهم و خەیاڵی ناڕاستی نەفسی، عەقڵ ناچاردەکات بە بیرکردنەوە لێی[لەو زانستە]و، هەوڵدان بۆ خستنەکاریو، درێژ ڕامان لێی.

زۆرێکیش لە عەقڵەکان لەوەدا هەڵوەدان کە بیر و گەڕان و کۆشش لە زانستگەلێکدا بەخەرجدەدەن کە سوودی نییە، یان ئەگەر سوودیشی هەبێت لە ئاست ئەو هەوڵەدا نییە کە بۆی بەزایەدراوە.

زانینی شوێنەواری زانستەکان و بەهایان، سەرچاوە تێیدا گەڕانەوەیە بۆ ناسینی بابەتییانەی مرۆڤ بۆ زانستەکان، نەک بڕیار لەوەدا بدرێتە دەست هەوەس و هەوای نەفس و مەیلی، چونکە نەفس ئەگەر شتێکی خۆشویست دەیباتە ئاسمان، ڕقیشی لێی بوو دەیبات بە زەویدا، لەوانەشە وەهمی وابێت فلانە زانست مەزنە کەچی پووچیش بێت، یاخود فلانە زانست پووچە بەڵام لە ڕاستیدا مەزن و بایەخدار بێت.

تەواوی خەڵکیش بیردەکەنەوە، دەشێت ماندووش ببن تێیدا، بەڵام بەڕاستی پێگە و بەرزییان بەپێی ناوەند و بابەتەکانی بیرکردنەوەیانە، جا ئەگەر بیرکدنەوەیەکی زۆر لە زانستێکی بەسوود لە خەڵکێکدا کۆبوونەوە، سوودبینین و بەرزبوونەوە و پێشکەوتنیان بەسەر خەڵکانی دیکەدا زیاتر دەبێت، بە ئەندازەی

سوودی زانست و بەهێزی بیرکردنەوەیان.

بەتەنیا زۆر بیرکردنەوەش سوودی نییە، مەگەر بۆ زانستێک بەخەرجبدرێت کە زۆر بەسوود بێت، ئەو گەلانەی کە زۆر بیردەکەنەوە بەو زانستەی کە لەلایانە با کەمیش بێت، پیت و بەرزی زیاتر بە خۆیانەوە دەبینن لەچاو ئەو گەلانەدا کە کەم بیردەکەنەوە با زانستیشیان زۆر بێت، زانینی حەقیقەتی زانستەکان و شوێنەوار و کاریگەرییان پێویستە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بزانێت ئەندازەی پێویست و بەجێی بیرکردنەوە و هەوڵدان تێیاندا چەندە.

کاریگەری نەفسەکان لەسەر هەڵبژاردنی زانستەکان:

نەفسیش ئەگەر بۆخۆی تاکڕەوانە بڕیاری هەڵبژاردنی زانستەکان بدات، ئەو کات بێگومان تەنیا ئەو زانستە هەڵدەبژێرێت کە سروشت و ئارەزووی خۆیدا گونجاوەو، مەیل و حەزی پێی تێردەبێت، ئیدی پێگەیەک بێت، یان چێژێکی ماددی یان مەعنەوی، یاخود چێژێکی ڕۆحی، هەربۆیە لەناو هەندێک لە گەلاندا ئەوە زۆرە کە نەفسەکان زانستگەلێکهەڵدەبژێرن، لەپاشان زۆریش بیری تێدا بەکاردەبەن، جا سا بە ئاستی زۆر پێشکەوتوو دەگەن تێیدا کە جگە لەوان واپێی نەگەشتووە، ئەوپەڕیشی هەر بازی و گەمە و پڕوپووچییە.

لە باشترین ڕێگاکانیش بۆ زانینی شوێنەواری زانستەکان: ڕووانین لە ئەزموونی خەڵکی، لە گەلانی ڕابردوو و ئێستاداو، ئەوەی کە زانستەکانیان بە چی گەیاندوونو، ئەندازەی سوودبینین و نەبینینیان لێی چەند بووە، نەڕوانینیش لە ئەزموونی گەلان و ئەنجامەکانیان ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤیش هەمان ئاشی ئەوان بسووڕێنێتو، هەمان دەرئەنجامی ئەوانیشی بێتەوە ڕێ بە چاک و خراپیەوە.

زۆرجاریش مرۆڤ زانستێک بۆ بیرلێکردنەوە هەڵدەبژێرێت کە لەبەر خودی زانستەکە و شوێنەواری نییە، بەڵکوو چونکە خودی ئەو زانستە پێگە یان پارە و سامانێک دەکاتە بەشی مرۆڤ، نەفس ئەو زانستەی کردووە بە ئامڕازێک

بۆ بەدیهێنانی ئارەزوویەکی پەتی، نەک بەدیهێنانی سوود و بەرژەوەندییەک، ئەمەش زۆر ڕوودەدات وەختێک دەست بۆ نەفس شلبکرێت کە خۆی زانستەکان هەڵببژێرێت، جا ئەو تەماشای شوێنەوارەکانی ناکات لەسەر خەڵکی، بەڵکوو چاوی لە شوێنەوارەکانیەتی لە هاتنەدی حەز و ئارەزووی خۆیدا.

سێیەم: بژارکردنی نەفس لە مەیلکردن و بادانەوە بە لایەکدا:

زیاد مەیلکردنی نەفس بەلای ڕاستێتیی شتێکدا زیانی بۆی هەیە با شتەکەش لە خودی خۆیدا ڕاست بێت، جا وەختێک ئەوە زیانی هەبێت لە زانیاریی ڕاستەکاندا، ئیدی لە هەڵەکاندا چۆن دەبێت؟! ئەگەریش تیژبیری و ووردییەکیشی هاوڕێ بێت لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە تیۆریسازیدا، زیانی زیاتر دەبێت، چونکە نەفسی خاوەن مەیل و لاسەنگی و لاربوونەوە، ڕێبەرێتی هزر دەکات وەک چۆن پێیەکان ڕێبەری مرۆڤن، لاربوونەوەکەشی دەبێتە مایەی نەگەشتنی بە ئامانجە دروستەکەی، هەتا دوورتریش بڕوات، لە ڕاستیش دوورتر دەکەوێتەوە.

ئەوەش چونکە وردیوتیژی لە بیرکردنەوەدا زانیاری گریمانەیی و گومانی دەکاتە بێگومانی و دڵنیایی لەلای ئەو نەفسەی کە حەزی لێی بێت[حەزی بە ڕاستێتیی ئەو زانیارییە بێت]، جا بیر لە دیوەکانی بەڕاستدانانی زیاتر دەکاتەوە وەک لە دیوەکانی هەڵەبوونی، زۆرێکیش لە زانایان و فەیلەسووفان و بیریاران زانستگەلێکی جێگومانیان وەرگرتووە، بەڵام تیژی و ناوازەییەکیان لە زیرەکی بیرکردنەوەدا هەیە، لەگەڵ مەیلکردن و دەمارگیریدا بۆ ئەو زانستانەی کە پەیدایانکردووە، جا بە شێوەیەکی لێهاتووانە بیریان تێدا خستۆتە کار کە دیوەکانی ڕاستبوونیان نیشانبدات، هەروەها بەڵگەگەلێکیان بۆ دروستێتییەکەی هێناوەتەوە کە لە یەکەم ساتدا عەقڵەکان گیرۆدەی دەبن، ئەوسا کە هێزی بیرکردنەوە و مەیلی نەفسەکان تێکەڵبوون، هەم خۆیان بە ئاشووبدا دەبەن هەم خەڵکیش، بە جوان و تۆکمە نمایشکردنی بیر و بۆچوونەکانان.

بیرکردنەوەش لە خودی خۆیدا ئامرازێکە بۆ زانینی دروستێتیی زانست و زانیارییەکانو، جوێکردنەوەی ڕاستی لە هەڵەی، بەڵام ئەمە لە نەفسێکدا کە پەتی و یەکلایانە هەنگاوی پێ بنێت، نەک زانستی گریمانەیی وەربگرێت و پاشان بیری لێ بکاتەوە بە ئامانجی جەختلێکردنەوەی و دڵنیاکردنەوەی خۆی، هەربۆیە ئەو بیرکردنەوەیەی کە سوودی بۆ خاوەنەکەی هەیە لەو زانستەدا کە پێیەتی، ئەوەیە کە هاوتەریبی زانستەکە دەڕوات بەپێی پێدراوەکانی خودی زانستەکە، هەروەها بەدووری دەگرێت لە مەیل و حەزی نەفسی کە بەرەو لایەک لە لاکانی ببات، چونکە عەقڵ دەزگایەکە کە بەڵگەکان دەگرێت وەک چاو کە بینراوەکان دەگرێت، جا ئەگەر نەفس لە زەویدا بەشوێن مێرووولەیەکدا بگەڕێت چاوی بۆ دەدات هەتا ئەوەی کە جووڵانی دەنکە لمەکانیش بە مێرووله دەبینێت، کەچی هەر لەو کاتەدا مرۆڤ و ئاژەڵیش بەلایدا بڕۆن نایانبینێت و تێیبینییان نادات، چونکە نەفس سەرگەرم و بەمەیلی شتێکی دیکەیە، جا چاویشی سەرقاڵی ئەوە کردووە کە خۆی سەرقاڵە پێوەی، بەهەمانشێوەش عەقڵ سەرقاڵ دەکات، مەگەر عەقڵ خۆی لەدەست دەربێنێت و بێلایەنیی خۆی بپارێزێت، وەگەرنا دەکەوێتە شوێنی لە هەرچی ئارەزوو و ویستیدا هەیە، تاکوو ئەوەی کە لەوێدا بەڵگە بچووکەکانیش بە بەڵگەی گەورە و قایموقۆڵ دەبینێتو، وەهمەکانیش بە دڵنیاییو، تەم و گومانەکانیش بە بەرچاوڕوونی و ڕێبەر لێکدەداتەوە.

ئەو بیرکردنەوەیەشی کە سوودی هەبێت ئەوەیە کە بە زانست قەبارە و بەهای ڕەوای خۆی دەدات لە وەختی دەستبردنیدا بۆی، لە سەرجەم دیوەکانیشەوە بەپلەبەندی خۆی لە ڕاستبوونی[زانیارییەکان] دڵنیادەکاتەوە، خۆ ئەگەر وا نەبێت، بیرکردنەوە تەنیا جەختلێکردنەوە و چەسپاندن بۆ زانیارییەکە زیاددەکات.

نەفسیش ئەگەر نغرۆ بوو لەناو بیرکردنەوەدا زەرەرمەند دەبێت، تەنانەت ئەگەر بیرلێکراوەکەش زانستێکی ڕاست و تەواو بێت، ئەوەش چونکە نەفسی

نامیانڕەو ئەو شتانەی کە خۆی پشتگیریانە، گەورە و زلەیان دەکاتەوە، هەتا ئەوەی کە دەست بە کۆمەڵێک پاڵپشتی و ئاماژەوە دەگرێت و دەیانکاتە بەڵگە بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە خۆی مەبەستییەتی، جا با ئەو شتەش ڕاست و چەسپاو بێت، هێشتا ئەمە زیانی بۆ زانستی ڕاستیش هەیە، چونکە هاتووە بە گومان و ئاماژە و پاڵپشتی گریمانەیی جەختیلێدەکاتەوە، ئەوسا خەڵک بە شک دەخات لەو زانستەی کە دەیەوێت جەختیلێبکاتەوە، دەشێت وازهێنانی لە سەرگەرمی بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو زانستە، باشتر بوایە لەو پڕۆسەی بەبەڵگەکردنی گریمانە و ئاماژەکان بۆی.

کاتێکیش کە مەیلکردنی نەفس و ئارەزووی زەردەر بن لە زانستی دروست و تەواو، ئیدی زیانیان لە زانستە هەڵەکان و زانیارییە گریمانەییەکاندا گەلێک زیاترە بۆ فێرکار و فێرخوازیش.

بیرکردنەوە گەلێک شێواز و ڕێگەی هەن، لە هەڵە و لە ڕاست، ئەوەش وەک ئەو ڕێگایە وایە کە ڕێبوارێک دەگەیەنێتە ئامانجەکەی، دەکرێت هەڵەکە لە سەرەتایەوە بێت، وەک چنینی گوریس کە دەکرێت لەم سەریەوە بە هەڵە چووبێت، سا ئەو وەخت ناکرێت ڕێگاکە لەلای کۆتاییەکەیەوە ڕاستبکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت تەواوی ڕەوت و ڕۆییەکەی هەڵبووەشێنێتەوە بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا، نەفسیش وەختێکی مەیلی کرد بە لای گەورەکردنەوەی زانستێک لە زانستەکان، بە ڕێگایەکی هەڵە دەست بە پاڵپشتیکردنی دەکات، ئیدی دەڕوات و گەلێکیش دوور ڕێ دەبڕێت، خەیاڵیشی وایە کە ئەم شێواز و ڕەوتەی لە بیرکردنەوە و تیۆریسازی ڕاستە، هەتا ئەو کاتەی کە مەیلکردنەکەی دواییهات و نەماو، ڕێکبوویەوە، پێ دەزانێت کە تەواوی ڕێگەکەی هەڵەیە، زۆرێکیش لە فەیلەسووفان و موتەکەللیمان[زانایانی فەلسەفە و لۆژیک، کە بە ئامڕازی ئەو دوو زانستەش دەمیان لە عەقیدە کوتیوە] گەوزاون لە جەختلێکردنەوەی زانست و بیری هەڵە بە نەفسێکی مەیلکەر و لایەنگرەوە، ئای کتێبیان لێ نووسیوە و کاغەزیان لێ بەخەسار داوە، لەپاشان وەختێک کە مەیلی نەفسەکان

بەسەرچوو، بیرکردنەوەیان ڕاستدەبێتەوە و شێوازی دەگۆڕێت، لە زۆربەی ئەوەی کە نووسیویانە پاشگەزدەبنەوەو، هەندێکیشیان لە هەمووی، کە پەرتووکەکانیان زلە و دوورودرێژە و هەتا

ئەمڕۆش لە کتێبخانەکاندا ماوە، بە دێڕێک یان چەند دێڕێک پەشیمانبوونەوەی خۆیانیان لێی تۆمارکردووە، بەو واتایەی کە تەواوی ڕێگاکە هەڵە بووە.

* ئیدی بیرکردنەوەش لەوەی کە لەناو نەفسەکاندا هەیە لە ئارەزوو و سروشت و مەیلەکان:

ئەندازەیەکی هەیە کە خزمەت بە "بیرکردنەوە لە زانست" دەکات، هەشیەتی کە دژی ئەوەیەو، بیرکردنەوەی دروست بەتاڵدەکاتەوە، چونکە ئارەزووەکان بەشێکیان شەرعی و ڕەوان، بەشێکیی دیکەیانە کە یاساغ و ناڕەوایە، هەتا بیرکردنەوەش لە بابەتەکانی ناو نەفس زیاتر بێت، زیانی بۆ عەقڵ دەبێتو، بێبەشیدەکات لە سوودمەندبوون لەو بیرکردنەوەیە.

ئەمەش چونکە زۆر بیرکردنەوە لە ئارەزووەکانی نەفس دەیانوروووژێنێتو، تاویاندەدات، هەتا بیرکردنەوەش زیاتر بێت لە ئارەزووەکانی نەفس، بەسەر عەقڵدا زاڵیدەکات با عەقڵێکی خاوەن زانست و بەرچاوڕۆشنیش بێت، هەتا ئەوەی کە هەڵبژاردنیشی لە بن دەست دەردێنێت.

ئەو ئەندازەیەشی کە مرۆڤ بواری بیرکردنەوە لە ئارەزووەکانی نەفسی بەخۆی دەدات، دەبێت هەمان سنوور و ئەندازەی خواڕسکی خۆی بێت، کە ئەوە مافی نەفسە لەسەری، چونکە ملهوڕیکردنی عەقڵ بەسەر نەفسەوە و بێبەشکردنی لە حەزەکانی نەخۆشینێکی لێ پەیدا دەبێت کە عەقڵ و نەفسەکانیش تێکدەدات.

زۆرێکیش لە هاوەڵانی کەماڵ و سەنگینێتیی عەقڵی دەزانن سنووری هاوسەنگی ڕاگرتنیی نێوان عەقڵ و نەفس کامەیە، بگرە لەوانەیە

هەستیارییەکی بەهێزیشیان هەبێت بۆ درککردن بە جیاوازییە وردەکانیش، تەنانەت هەندێکیان بۆ خۆی جڵەوی بیرکردنەوەی خۆی بەدەستەو، هیچ زیادی و پێڕاکێشانێکیشی بەسەردا تێناپەڕێت، هەربۆیە هەندێک لە زانایان ڕێگایان نەدەدا دونیا لە کۆڕ و دانیشتنی ئەواندا باسبکرێت، بە جۆراوجۆری ئارەزووەکانی ناویشیەوە، چونکە دەزانێت کە مافی نەفسی لەو ئارەزووانە چەندە و پێشی وایە کە بەجێیگەیاندووە، جا شتێک زیاد لەوە تەنیا وروژاندنە و پاڵیدەنێت بۆ سەرقاڵکردنی بیری بە سەروو ئەوەوە کە مافی نەفسی بووە و وەریشیگرتووە، سا بیرکردنەوەی لە بابەتی ناو نەفس[واتە ئەگەر ڕێ بدات دونیا باسبکرێت ئەمیش بیری لێ بکاتەوە] بەشی بیرکردنەوەی لە زانست دەخوات و ڕووبەری ئەو داگیردەکات، هەر بیرکردنەوەیەکی زیادیش[لە دیوێک] پشکێک لە کاری جەستە دەبات لە دیوێکی دیکەدا، کاریش کاتی دەوێت، کاتیش لە تەمەن و ژیانی مرۆڤە.

بیرکردنەوەش لە شتی ناو نەفس هەتا زۆرتر بێت، بەزیانتر بۆ مرۆڤ دەشکێتەوە، بیرکردنەوەش لە شتی ناو عەقڵ تا زۆرتر بێت، بەقازانجتر بۆ مرۆڤ دەشکێتەوە، بەردەوامیش لەنێوان دوو بیرکردنەوەکەدا ململانێ و ناکۆکییەکی توند دەبێت، کە هەتا ئەمیان زیاد بەرێت ئەویان کورت دێنێت.

بیرکردنەوەی نەفسیش ئەگەر بەهێز بوو، بەسەر عەقڵدا زاڵدەبێت بە هەرچی زانست و شارەزاییشەوە کە هەیبێت، بە جۆرێک کە مرۆڤ ئیدی یەک سوودیشی لێ نەبینێت، هەتا ئەوەی کە هەندێک لە زانایان لە جێگای نەفامان و نەزانانداا دابنرێن لە هەڵسوکەوتیاندا و شوێنکەوتنی چڵێسانەیاندا بۆ غەریزەکانیان لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و سواری و سەرجێییەوە، وەختێک دەبینیت کەسێک زۆر کەوتۆتە شوێن ئارەزووەکان، ئەوە بێگومان کە بیرکردنەوەی لە بابەتی ناو نەفسی زیاترە لە بیرکردنەوەی لە بابەتی ناو عەقڵی.

یەک لەو شتانەشی کە مرۆڤ دەپارێزێت لە خەنجەروەشاندنی بیرکردنەوەیو،

تێکچوونی ناوچە و ناوەندی بیرکردنەوەی: ئەوەی کە یارمەتی لە بیرکردنەوەی خاوەن عەقڵانی دیکەش وەربگرێت، تاکوو عەقڵەکانی هەماهەنگی بن لە داخستنی کەلێنەکانی ئارەزوو کە لێیەوە دزە بکاتە سەری، زووش گۆتراوە کە: بۆ عاقڵ ناشێت کە باوەڕ بە ڕای خۆی بێنێت، هەتا بە ژیریی برا ژیرەکانیشی نەیپێوێت و بەراوردی نەکات.[1]

* درێژەدان بە بیرکردنەوە لەنێوان بێلایەنێتیی عەقڵ و ئارەزووبازی نەفسدا:

لە بنەڕەتدا وایە کە درێژەدان بە بیرکردنەوە، مرۆڤ بگەیەنێتە بیر و ڕای پوخت و ساف و ژیرانە، بەڵام هەندێکیش لە درێژ بیرکردنەوە ڕێگەی گەیشتن بە هەڵەیە و ئامرازی چەسپاندنیەتی، جا لەبری ئەوەی کە عەقڵ سەرقاڵبێت بە ڕاستکاری و پوختکردنەوەی ڕا و بیرۆکەکانەوە، سەرقاڵدەبێت بە بەڵگەهێنانەوە و بنچینەسازی بۆ بەڕاستگەڕاندنی [بیرۆکە هەڵەکان]و، گەڕان بەدووی پاڵپشتییەکاندا بۆیو، زاڵکردنی بەسەر بۆچوونەکانی دیکەدا، تاکوو بەدەم درێژ بیرکردنەوەشەوە ئەوەی لەلا جێگیردەبێت کە تەواو ئەوە تاقە بۆچوونی ڕاستە، زۆرێکیش لە خەڵکی ئەوەیان بۆ جوێ ناکرێتەوە کە لە چیدا درێژەدان بە بیرکردنەوە گونجاوە و لە چیدا نەگونجاوە، چونکە تەنیا چاویان لەسەر خودی پێگە و مەزنیی بیرکردنەوەیەو، نارِوانن لەو ئارەزوو و تەمایانەی نەفس کە لە پشت بیرکردنەوەکەن و دزەیانکردتە سەری، هێنانەدیی ئەوەش بە زانینی ئەو بیر و بڕیارە دەبێت کە پەتی و دووڕە لە حەز و مەیل و چاوتێبڕییەکانی نەفس، هەروەها بە ناسینەوەی بەش و پشکەکانی نەفس، ئەوەش دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: ئەوەی کە درێژەدان بە بیرلێکردنەوەی، گونجاو نییە:

ئەوەش لە بۆچوونە ناپەتی و ناپوختەکاندا، کە ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و دەیەوێت پێی بگات تێیدا، تەما و ئارەزوویەکی نەفسی لە پشتەوەیە،

---

(١) العقل وفضله (ص ٤٥).

جا وەختێک کە نەفس زۆر توند مەیل و ویستی لە شتێک بێت، ئیدی خۆخاوکردنەوەی عەقڵ لە تێرامانو، درێژەدانی بە بیرکردنەوە لەوێدا - دەشێت تەنیا ڕێخۆشکردن بێت بۆ خودی بیر و ڕای مەبەست و ویستراو، بەڕەو ئەو تەما و ئارەزووەی نەفس کە لە پشتییەوە هەیە و مەبەستی سەرەکی بووە، ئەوەش بە نموونە نەفسێک کە زۆر تەمای لە پارەیە، جا وەختێک لە سەر ڕێگە پارەیەک ببینێتەوە، ڕای پەسەند و دروست ئەوەیە کە عەقڵ زۆر بیری لێ نەکاتەوە، چونکە لە یەکەم هەڵوێستەدا مرۆڤی سەلار عەقڵی ئامادە دەبێت و بڕیار و بیری وایە دەستی بگاتە خاوەنەکەی، بەڵام لێوەستان و خاو و خلیچی دان بە بیرکردنەوە هاوڕێ لەگەڵ بوونی نەفسێکی چاوبرسیدا، وادەکات زاڵ ببێت بەسەر عەقڵدا، جا لەبری ئەوەی کە بەدووی ڕێگایەکدا بگەڕێت بۆ گەیشتن بە خاوەنی ئەم پارە ونبووە، عەقڵی پێچەوانەی ئەوە دەچەرخێت و کاردەکاتو، خۆی دوادەخات و بێئومێدی دەکات لە دۆزینەوەی خاوەنەکەیو، دەست شل دەگرێت لە گەڕانێکی پێداگرانە بە شوێنیدا و بانگەواز بۆ کردنی، بگرە لەگەڵ ماوەدانی زیاتردا بە بیرکردنەوە لەوانەیە بە مافی خۆشی ببینێت، سا لەپێشتر وایە بۆ عەقڵی سەنگین و زاڵ کە بوار بە نەفسی تەماکار و چاوتێبڕ نەدات بۆ درێژەدان بە بیرکردنەوە،بەڵکوو لە کورتترین و خێراترین کاتدا ڕای دروست بگرێتەبەر، بە ڕێگایەک پارەکە بگەیەنێتەوە دەست خاوەنەکەی، چۆن بڵێیت دەبێت کێبڕکێ لەگەڵ چڵێسی و چاوچنۆکی نەفسیدا بکات، نەوەکا خۆسەپێنی بەسەردا بکات، جا ئەمە داخستنی ئەو ڕێگایەیە لە نەفس کە ناوەندی بیرکردنەوەی درێژ و ئاڕاستەکەی لە پوختکردنەوەی بیرۆکەوە بگۆڕێت بەڕەو بەڵگەهێنانەوە بەو دیوە هەڵەیەدا کە نەفس ئارەزووی لێیەتی، جا سەرەتای بیرکردنەوە لێرەدا وەک کۆتاییەکەی نییە.

هەروەها نموونەی دیکەش لەوە ئارەزووکردنی پیاو لە ئافرەت، جا ئەگەر پیاو مەیلێکی لەوە هەستپێکرد، لەسەرەتی کە خێرا ئەو ڕێگایە لە نەفس ببەستێت کە عەقڵ بەکار بهێنێت بۆ گەڕان لە پێناو گەیشتن بە مرازی خۆی

لەو ئافرەتە بە شێوازی هەڵە، ئەمیش بەوە دەبێت کە پاڵنەر و حەزی نەفس بشکێنرێت و دابمرکێنرێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کە مەعصوم-پارێزاویش بوو، لەگەڵ ئەوەدا کاتێک کە لە ڕێگادا ئافرەتێکی بینی، دەستبەجێ چوویە ماڵ یەکێک لە خێزانەکانی و کاری خۆی کرد و لە پاشان هاتە دەرەوە[1]، خۆ هەرگیز بە گریمانە و خەیاڵیشدا نایەت کە پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێتە خراپەکارییەوە، بەڵام ئەوپەڕی ئەوەی لەو کارەیەوە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە ڕێگری ئەوە لە نەفس بکات کە عەقڵ سەرقاڵی بیرکردنەوە بکاتو، ئەو بوارەی پێ نەدات.

لە نموونەی تۆکمەکاریی تەکلیف-ڕاسپاردنی خودا‌ییش ئەوەیە کە نەفس لە هەوەڵێتیکردنی ئارەزوو دەپارێزێت وەختێک کە عەقڵ سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕاستییە، جا مەیلکردنی پیاو و ئافرەت بۆ یەکتری غەریزەیەکی خوارسکیو، ئارەزوویەکی مرۆییە، شەریعەتیش هاتووە کە چارەسەری سەرقاڵبوونی بەردەوامی نەفس بە حەرامەوە بکات، ئیدی پاڵنەرەکانی زینای حەرامکردووە، وەک خەڵوەت-بەتەنیاکەوتن پێکەوەو، تێکەڵاوبوونی دوو ڕەگەزەکەو، ڕووانینێک کە ئارەزوو بوروژێنێت، لەپاشان عەقڵیشی ڕاسپاردووە بە بڕینی پەیوەندی بەو پاڵنەرانەوە لە نەفسدا ئەگەر بوونی هەبوو، چونکە بێلایەنی بە عەقڵ دەدۆڕێنێت و نایەڵێت دەربازی ببێت لە داو و هەژموونی، جا چۆن فەرمانی پێ بدات کە زاڵ ببێت بەسەر نەفسدا و دووربێت لە داوێنپیسی وەختێک کە ڕێگەی پێ بدات تێکەڵ بە پاڵنەرەکانی ببێت؟ سا سیاسەتکردنی عەقڵ ئەوەیە کە نەفس

لەئارەزووەکەی دابببڕێنێت، بۆ ئەوەی بێلایەنانە و بەبێ هیچ کارتێکەرییەک ڕای ڕاست و پەسەند و پێداگرانە بگرێتەبەر، خۆ ئەگەر ئەو کات نەفس عەقڵی بەزاند، لۆمەی عەقڵ لە ئەستۆی خۆیدایە، چونکە دوورنەکەوتۆتەوە لە کارتێکەرییەکانی نەفس کە هەڵبژاردنی تێکدەدەن.

نەفسیش ئەگەر ڕێگەی تەواوی بۆ بیرکردنەوە پێ بدرێت سەبارەت

---

(١) مسلم (١٤٠٣).

بە دوو شت کە خۆی زۆر مەیلی لە یەکێکیان بێت، ئەو کات دڕێژەدان بە بیرکردنەوە تەنیا بەرەو ئەوە دەیبات کە ئەوەی خۆی ئارەزووی لێیە زاڵی بکات و هەڵیببژێرێت،وەلیدی کوڕی موغەیرە کە نەفسی زۆر مەیل و هەوای پێگە و پایە و دەمسپێتی و نەبوونە شوێنکەوتەی خەڵکی تێدابوو، وەختێک گوێی بۆ قورئان گرت زۆر بیری لێ کردەوە و دڕێژەشی پێدا، بەڵام بیرکردنەوەیەک نەبوو بە عەقڵێکی بێلایەن و سەربەخۆ و بێخەوش لە هەژموونی نەفس، جا ئەو هەمووە بیرکردنەوە و ڕامانەی جگە لە پێداگری و ملەجەڕە هیچێکی نوێی بۆ نەهێنا، لەوسەرەوە بە بڕیار و ئەنجامێکی ستەمکارانەوە هاتەدەرەوە کە زادەی عەقڵی نەبوو، بەڵکوو بەدیهێنەری ئارەزووی، هەربۆیە پەروەردگار لە وەسفی ئەو بیرکردنەوە دڕێژەیدا فەرمووی: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ۝١٨ فَقُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ۝١٩ ثُمَّ قُتِلَ كَيۡفَ قَدَّرَ ۝٢٠ ثُمَّ نَظَرَ ۝٢١ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ﴾ [المدثر: ١٨ - ٢٢] «بەڕاستی ئەو بیریکردەوە و دەیپێوا (١٨) سا بەکوشتچێ چۆنی پێوا و لێکدایەوە (١٩) ئەوجا بەکوشتچێ چۆنی پێوا و لێکدایەوە (٢٠) ئەوجا ڕووانی و سەری هێنا و برد (٢١) ئەوجا سەروچاوی گرژ و مۆن و تاڵکرد»، ئەنجامی دڕێژ بیرکردنەوەکەشی ئەوە بوو کە: ﴿ثُمَّ أَدبَرَ وَٱستَكبَرَ ۝٢٣ فَقَالَ إِن هَٰذَآ إِلَّا سِحرٞ يُؤثَرُ﴾ [المدثر: ٢٣ - ٢٤] «ئەوجا پشتی هەڵکرد و خۆی بە زل زانی (٢٣) سا گوتی ئەم[قورئانە]ە تەنیا جادوویەکی بۆماوە و دێرینە»، کە حەقیقەتی بابەتەکەش هیچ بیرکردنەوەیەکی دڕێژی نەدەویست چونکە زۆر ڕوون و ڕۆشن بوو، خۆ ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ملکەچی بنواندایە بۆ ئیعجازی وەحیو، جڵەوی بیرکردنەوەی دڕێژ و بێمانای نەدابایەتە دەست نەفسی،کە ئاوا ڕیشەسازی بۆ مەیل و هەوەسەکەی خۆی بکات و زاڵی بکات، دەگەشتە حەق و ڕاستی.

هەر بەمشێوەیەش لە هەندێک لە نەفسەکاندا مەیلکردن بۆ یەکێک لە بۆچوونە فیقهییەکان دێتە کایەوە لە وەختی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەنێوان بۆچوونە جیاوازەکاندا، جا نەفس مەیل و ئارەزوویەکی پارە یان پێگەی لە پشت یەک لە دوو بۆچوونەکەوە هەیە، ئیدی دڕێژ بیرکردنەوە زۆرجار کارتێکەر دەبێت

لە هەڵبژاردنی بەڵگەکاندا، ئەوسا لەبری کۆڵینەوەیەکی ڕاستاڵانە لەو نێوانەدا، دەستدەکات بە بنچینەسازیکردن بۆ هەڵەکە، زۆرێکیش لە شوێنکەوتووانی ڕێبازە لادەرەکان نەفسیان مەیلی بەلای ئەوەدا بووە کە هاوتەریب بن لەگەڵ ئەوەدا کە بۆیان ماوەتەوە، ئیدی عەقڵەکانیان سەرقاڵ بووە بە بیرکردنەوەی دووردرێژ لە پێناو بەڵگەهێنانەوەدا بۆی، خۆ ئەگەر ئارەزوویان لە هاوەڵێتیی ئەو بیرکردنەوە درێژە لابدایە، بیرکردنەوەیەکی کەمیشیان بەس دەبوو بۆ جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە.

حەکیمی تورموذیش لە پەڕاوی (العقل والهوی)دا ئەوەی باسکردووە کە ڕاستی پێکان بە سێ شت دەبێت، یەک لەوانە: «دووەم: خۆی لە نەنگییەکانی نەفسی دەرباز بکات، تاکوو پەل و ئەندامەکانیشی ڕاست بڕۆن، سێیەم: ئافاتی ناو دڵی دەربێنێت، تاکوو دڵی ڕاست بڕوات».[1]

جۆری دووەم: ئەوەی کە درێژەدان بە بیرکردنەوە لێی، گونجاوە:

ئەوەش لەو بۆچوون و کارانەدا کە نەفس لە یەک لە لایەنەکانیدا ئارەزوو و تەمایەکی نییە، جا ئەگەر لە بابەتێکی گرنگ و گەورەش بوو، ئەمەیان درێژ بیرلێکردنەوەی ڕاستی لە هەڵەی جوێدەکاتەوەو، سەنگێتی بە لایەک دەدات بەسەر لایەکەی دیکەدا، ئەگەریش لە بۆچوون و کارە بچووکەکان بوو کە سەرەنجامیان ئاسان و شوێنەواریان بێبایەخە، درێژ بیرلێکردنەوەی گونجاو نییە، نەک لەبەر ترسی دەستێوەردانی نەفس، بەڵکوو لە پێناو سەرقاڵنەبوونی بیر بەفراوانکردنی شتێک کە ناکرێت گەورە و فراوان بێتەوەو، لێنان و کوڵاندنی شتێک کە لێنانرێت و پێناگات، ئەمەش چونکە عەقڵەکان مەنجەڵی بیرۆکەکانن، وەک چۆن خواردن مەنجەڵی هەیە، چێشتیش کە زیاد لەسەر ئاگر و لەناو مەنجەڵدا مایەوە، پێدەگات و پاشان دەسووتێت و ئیتر بە کەڵک نامێنێت.

لە سەنگینی و کەمالّی عەقڵەکانیشە کە پێوانەی شتەکان و بەهاکانیان بزانێت

---

(١) العقل والهوی (ص٥).

هەروەها حەقیقەتی خۆیان بەبێ کەمتەرخەمی و بەبێ زێدەڕەویش، حاریثی موحاسیبی لە پەڕاوی «ماهیة العقل»دا یەک لە واتاکانی عەقڵی بەوە داناوە کە: بەرچاوڕۆشنی و لێزانییە لە گەورەیی پێگەی شتە بەسوود و بەزیانەکانی دونیا و دواڕۆژیش[1]، چونکە تەنیا ناسینەوەی سوود و زیان بەبێ زانینی ئەندازەی هەر یەکێکیان _ مانای ئەو تەواوێتییەی عەقڵ نادات کە پەروەردگار ستایشیکردووە ڕێزی لێ ناوە لە وەحیەکەی خۆیدا.

❊ ئازادی هەڵبژاردنی نەفس و شوێنەواری لەسەر کارەکانی:

نەفس وەختێک مافی خۆی لێ زەوت بکرێت تێکدەچێت، دەشێت نەخۆشیش بکەوێتو، هەندێکجاریش دەکرێت بمرێت ئەگەر مافێکی زۆر گەورەی لێ بسەنرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو مافە بوونی مابێت بەڵام توانای گەڕاندنەوەی نەبێت، بەڵام ئەگەر نەمابێت، وەک لەدەستدانی خۆشەویستێک: منداڵ یان هاوسەر یان دایکێک یان باوکێک بە مردن، نەفس ماوەیەک ئازار دەکێشێت و لە بیری دەچێتەوە، بەڵام مافێک کە لێی بسەنرێتەوە و مابێت و ئەگەری هەبێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەم توانای گەڕاندنەوەی نییە، ئەو کات دەشکێت و ئازارێکی سەخت دەکێشێت بەپێی ئەندازەی پێویستبوونی بەو مافەی کە لێی زەوتکراوەو، وابەستەبوونی دەروونی پێیەوە، جا ئەگەر زۆر پێویستیی پێی بێت، بەردەوام بە شەو و بەڕۆژ دەست لەسەر عەقڵ هەڵناگرێت و داوای گەڕاندنەوەی مافەکەی لێدەکات، هەتاکوو ئەوەی کە عەقڵ دادەهێزرێت و بەرگە ناگرێتو، لەوانەشە نەمێنێت [شێت ببێت] لە ئەنجامی گورز و زەبری نەفس و هیلاککردنیدا.

عەقڵی مرۆڤەکەش لێرەدا دەستدرێژی نەکردۆتە سەر مافی نەفسی، خۆ ئەگەر ئەو بێت کە مافەکەی بردووە دەتوانێت بۆی بگێڕێتەوە، وەک کەسێک کە خواردن و خواردنەوەیەک لە خۆی قەدەغە بکات لە پێناو بەرژەوەندییەکدا،

---

(١) ماهية العقل ومعناه واختلاف الناس فيه (ص٢١٠)

یاخود ئازادی دەرچوون و گەیشت و بینین و دانیشتن لەگەڵ خەڵکی لێ بگرێتەوە، جا لەمەیاندا دەتوانێت نەفس قایلبکات و ملکەچی بکات بۆ ئەو بەرژەوەندییەی کە خۆی دەیزانێت لە دەستبەردان لەو مافانەدا، وەک ئەوەی خواردنێک لە خۆی بگرێتەوە کە زیانی بۆ جەستەی هەیە، یاخود ئازادی ئەملاولا چوونی لێ بگرێتەوە لە پێناو فێربوون و نووسیندا، یان دوور دەگرێت لە خەڵک بۆ ئەوەی شەڕیان لە خۆی لابداتو، لە ئازاریان پارێزراو بێت، جا هەموو ئەمانە ئاسانن هەم لەسەر عەقڵی مرۆڤ و هەم لەسەر نەفسیشی، بەڵام ئەگەر مرۆڤ شتێکی بەهێزتر و حەزپێکراوتری نەفسی لێ قەدەغە بکرێت وەک خواردنێک کە زۆری حەز لێیە یاخود تەواوی ئازادی لێ زەوت بکرێت، ئەو کات کار لەسەر هەردووکیان سەخت دەبێت: هەم نەفسی مرۆڤەکە و هەم عەقڵیشی.

کاتێکیش نەفس ماف و چێژێکی لێ زەوتەکرێت بەزۆر و عەقڵیش هیچێکی لە دەست نایە بۆی، ئەرکی عەقڵ ئەوەیە کە سیاسەتی بکات و ئیدارەی بدات، بە شێوەیەک کە نەشڵەژێت و هیلاک نەبێت و نەخۆش نەکەوێت، چونکە لە گەورەترین مافە خوارسکییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە چێژی هەڵبژاردن و سەرپشکبوونی پێ بدرێت، کە هەرگیز حەزی بەوە نییە زۆری لێ بکرێت بۆ کردن یان نەکردنی شتێک، لەوانەشە خۆی زۆر حەزی بە شتێک بێت و بیکات و سااڵنێکیش بەردەوام بێت لەسەری، بەڵام کاتێک کەسێک بێت و زۆری لێ بکات بۆ کردنی [ئەو شتەشی کە خۆی پێی خۆشە]؛ئیدی قورس دەبێت لەسەری و ڕۆژی لێ دەبێتە مانگو، مانگی لێ دەبێتە ساڵ،ئەمە لە شتێکدا کە حەزیشی پێ بکات، جا چۆن بۆ شتێک کە حەزی پێ نەبێت و ڕقیشی لێ نەبێت؟ یاخود شتێک ڕقیشی لێی بێت و لێی هەڵێت؟! جا ئازادی هەڵبژاردن کارتێکەرە لەسەر کارەکان تەنانەت لە شتە نەخوازراوەکانیشدا،ئیبراهیمی خەلیل علیه السلام وەختێک پەروەردگار فەرمانی سەربڕینی کوڕەکەی پێ کرد،باسەکەی بۆ کوڕەکەی خستەڕوو، تاکوو بە ویستی خۆشی بێت: ﴿قالَ يا بُنَيَّ إِنِّي أَرى فِي المَنامِ أَنِّي أَذبَحُكَ فَانظُر ماذا تَرى﴾ [الصافات: ١٠٢] « کوڕم ئەمن لە خەودا ئەوەم

بینی کە تۆم سەردەبڕی جا بڕوانە چی دەڵێیت »،ڕاوێژ و پرسی پێدەکات لە کارێکدا کە بێشک هەر دەبێت بەجێ بگات، ئەمەش لە سیاسەتکردنی جوانی ئیبراهیمە بۆ نەفسی کوڕەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت ئەوە کار بڕوای عەقڵی خۆی ناکات کە دەبێت کارەکە بباتە سەر، بەڵام بۆ ئەوەی ئازارێک لە نەفسیدا دروست نەبێت و بۆی چارە نەکرێت.

مافی هەڵبژاردن لە نەفسدا خوارسکییە، تەنانەت ئەگەر نەفس حەزیش بە کردنی ئەو شتە نەکات، وەختێک لێی قەدەغە دەکرێت حەزی پێ دەکات و دەیکات، نەک لەبەر خودی ئەو شتە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە مافی سەرپشکبوونی گەلێک لەلا خۆشەویستە، بە نموونە ئەگەر نەفسێک بچێت بۆ گەیشت بە سواریەکی وەک سەیارە یان ئەسپ یان وشترێک بە ماوەی پێنج یان شەش کاتژمێر، هەروەها مەیلیشی لێ نەبێت لە ڕێگادا بووەستێت و لابدات، بەڵام دواتر کەسێک بێت و ڕێگەی وەستان و لادانی لێ بگرێت و بڵێت دەبێت تا کۆتایی بەبێ وچان بەردەوام بیت، ئەو کات بەبەردەوامی حەز بە وچان و لادان دەکات، لەلای هەر دار و دۆڵ و گرد و کێوێکدا، تەواوی ڕێگاکەش خۆی بە بێبەش و ستەملێکراو دەبینێت، لە حەقیقەتیشدا ئەو تەنیا حەزی بە مافی هەڵبژاردنەکەیە، نەک خودی وچان و وەستانەکان، هەروا کەسێکی دیکەش کە چەندەها ڕۆژ لە مااڵ دەرناچێت، یان لە شار و وڵات دەرناچێتو، سااڵنێک بەو حاڵەوە دادەنیشێت، کەچی وەختێک پێی بوترێت چوونەدەرەوە قەدەغەیە، ئیدی نەفسی حەز بە گەیشت و گەڕان دەکاتو، دااڵغەی بەلای هەر شتێکەوە دەبێت کە پەیوەندی پێیەوە هەبێت، لە بیرکەوتنەوەی ئەو بەرژەوەندییانەی لەو شار و وڵاتانەی دیکەدا هەن، لە پەیوەندی خزمایەتی و هاوەڵێتی و دۆستایەتی، حەزی دەجمێت بۆ سەردانی و بازرگانی و سەیر و سەفەر، چونکەنەفس وا ڕسکاوە کە مافی خۆی لە هەڵبژاردن وەربگرێت، لەوانەشە وەختێک کە ڕێگری لێ دەکرێت سەردانی شارێک بکات و لە پاشان ڕێگەی ئەوە بدرێت، ئەسڵەن نەچێت و مەیلیشی لێ نەبێت، چونکە لە حەقیقەتدا خودی ئەم شتانەی

ناوێت، بەڵکوو بەدوای مافی خۆیەوەیەتی لە هەڵبژاردن، سا وەختێک کە ئەوەی بۆ بەدی هات سەرجەم ئەو حەزانەی دەڕەوێنەوە، چونکە تەنیا ئامڕازن بۆ بەدیهاتنی ئامانج، کە ئامانج هاتەدی، پێوێستییەک بە ئامڕاز نامێنێت.

* بەڕێوەبەریی عەقڵ بۆ نەفس لەو شتانەدا کە ئازادی بۆ نییە تێیاندا:

ئەرکی عەقڵ ئەوەیە کە ئیدارەی نەفس بدات لەو مافانەی نەفسدا کە ناتوانێت بیانگەڕێنێتەوە، هەروەها قایلی بکات بە دەست لە کۆڵکردنەوەی ئەو خۆشییانەی کە زێدەڕەوی دەکات تێیانداو، سووک و ئاسانیان بکاتەوە لەلایو، نەفس لەوە دووربخاتەوە کە هەر باسیان بکات و بیانڵێتەوە، بڕوای پێ بهێنێت کە وەکوو نەبوو لێیان بڕوانێت وەختێک کە دەستی پێیان ناگات، بیرکردنەوەش لە قەدەغەکراوەکان و لە بەدیهێنانیان نەفس نەخۆشدەخات و داهێزراوی دەکات، چونکە نەفسی مرۆڤ حەزناکات ڕێگری ئەو شتانەی لێ بکرێت کە دەتوانێت بیانکات با نەشیانکات، بەڵام شتانێک کە ناتوانێت بیانکات، بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕێگری لێ کراوە، بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕێگری لێ بکرێت بفڕێت بۆ سەر مانگ و مەریخ و عەتارد و موشتەری، با ڕێگری ئەوەشی لێ بکرێت، چونکە ئەگەر بیشیهەوێت ناتوانێت، بەڵام ئەگەر بیتوانیایە بفڕێت بۆ ئەو هەسارانە، ڕێگری لێکردنی لەوە وەک ئەوە وابوو لە سەر زەویدا ڕێگری لێ بکرێت لە شارێکەوە بچێت بۆ شارەکانی دیکەی، هەربۆیە زۆرێک لە نەفسەکان نەخۆشدەکەون و دادەهێزرێن بەهۆی دەستەوەستان بوونیان لە ئاست هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە دەیانەوێت، نەخۆشکەوتنیشی بە ئەندازەی قەدەغەکراوەکان نییە، بەڵکوو بە ئەندازەی چاولەدووبوونی نەفسە بۆ ئەو شتانە و وتنەوەیان و بیرلێکردنەوەیانە، زۆرێکیش لە خاوەن عەقڵە سەنگینەکان سااڵنێک دەئاخنرێنە گۆشەیەکەوە کەچی نەفسیان جێگیرە، لەولاشەوە کەسێک تەنیا ڕێگری خواردن و خواردنەوەیەک یان گەشتی شارێک و دوو شاری لێ بکرێت زۆر لە ئەو زیاتر ئازار دەکێشێت، چونکە جێگیربوونی نەفس بەپێی سیاسەتکردن و ئیدارەدانی عەقڵەکانە بۆیان، نەک بە ئەندازەی ئەو

شتانەی کە لێی بێبەشکراون، ئەوەشی کە لەسەر عەقڵەکان پێویستە ئەوەیە کە مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەفسەکاندا لەو مافانەدا کە دەکرێت بگەڕێنرێنەوە جیاواز بێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵی لەو مافانەدا کە ناکرێت بگەڕێنرێنەوە.

هەندێکیش لە نەفسەکان تەنیا بەوەی کە خواردن یان خواردنەوەیەکی دیاریکراو، یاخود سواری و شوێنێکی نیشتەجێبوونی دیاریکراویان لێ قەدەغە بکرێت، خۆیان بۆ کەسی فەرمان بەدەست و قەدەغەکار سووک و بچووک دەکەنەوە، هەندێکی دیکەشیان بەهۆی سیاسەتی تۆکمە و جوانی عەقڵەکانەوە بۆیان ئەگەر هەرچی شتێکیشیان لێ قەدەغەبکرێت هەر بە سەربەرزی و شکۆوە دەمێننەوە، جا عەقڵەکان ملدەدەن و دەشکێن بۆ زۆر و زۆرکاری نەفسەکان سەبارەت بەو شتانەی کە زۆر حەزیان پێیەتی.

ئەمەش لە هەر شتێکدا کە نەفس حەزی پێبکات و مەیلی لێ بێت، نەفسیش وابەستەیی هەیە بە خۆشویستراوەکانی خۆیەوە، بەردەوامیش عەقڵ سەرقاڵدەکات بە دەرگا کوتینی شەو و ڕۆژی بۆ ئەوەی ڕێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر عەقڵیش بێتوانا بێت لە هێنانەدی ئەوەی کە ئەو دەیەوێت، خۆ ئەگەر عەقڵ بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت لە سیاسەتکردنی نەفس و سەرقاڵکردن و لادانی بەرەو شتانێکی دیکە، نەفس عەقڵ لادەدات لە بیرکردنەوەی بەسوود و بەرهەمدار بەرەو بیرکردنەوەی دووبارە و سواو لە شتانێک کە دەستی پێیان ناگات، تاکوو وای لێ دێت هەڵسووکەوتی وەها بنوێنێت کە زیاتر بە هەڵسووکەوتی گەوج و گێلان دەچێت، خەڵک ئاوا دەیبینن و خۆی ئاوا خۆی نابینێت، مەگەر نەفسی بگەڕێتەوە سەر سەرساغی و ئاوەزی تەواوی خۆی و ئەو خۆشویستراوانەی هەندێک لەلای بچووک ببنەوە، ئەوسا نەفسی خۆی و ئەو گەوجییانەی لێی وەشاونەتەوە دەبینێت.

چونکە بەڕاستی تەواوێتیی و کەمالّی مرۆڤ بە سیاسەتی کارجوانانەی عەقڵییەتی بۆ نەفسی، سەرفرازیش ئەوەیە کە بژار و پاکی بکاتەوەو، ڕەنجەڕۆش

ئەوەیە بەرەڵڵا و نغرۆی ناو تاوانی بکات، پەروەردگاریش زاناترە و دەستگیرۆییش هەر لای ئەوەوەیە.

***

ناوەڕۆک

پێشەکی ٥
* پێقایمبوونی عەقڵ و نەفس ٨
* عەقڵی موکەللەف-ڕاسپێردراو ٨
* عەقڵە زیرەکەکان و نەفسە بەهێزەکان ٩
حەقیقەتی نەفس و عەقڵ ١٣
⁂ کۆبوونەوەی دوو ویست لە مرۆڤدا ١٥
تایبەتمەندییەکانی نەفس و عەقڵ ١٧
یەکسانییەتیی عەقڵەکان و جیاوازییەتیی نەفسەکان ١٩
کەموکوڕیی زانیاری و کاریگەریی ئەوە لەسەر عەقڵ ٢٠
ستایشکردنی عەقڵ و سەرزەنشتکردنی نەفس ٢١
کارتێکەرەکانی سەر عەقڵ و جۆرەکانیان ٢٦
✺ جۆری یەکەم: کە سروشتەکانی (نەفس)ـن ٢٨
⁂ جیاوازییەتیی سرووشتەکانی نەفس ٢٩
⁂ سروشتی بنەڕەتی مرۆڤ هەرگیز خراپ نییە ٣١
⁂ جیاوازیی ئەژمارکردنی کات لەلای نەفسەکان ٣٣
⁂ کاریگەربوونی سروشتی نەفس بە هەلومەرجی پێگەیشتن ٣٥
بنچینەی سروشتەکانی نەفس ٤٠
⁂ سروشتی نەرمی لە ئافرەتدا ٤١
گونجانی تەکلیفەکان-ڕاسپاردنەکان لەگەڵ سروشتەکاندا ٤٤
واتای عەقڵ ناتەواوەکان (ناقصات عقل) ٨٤
⁂ کاریگەریی لووتبەرزی نەفس و توندوتیژبوونی لەسەر عەقڵ ٥٦
⁂ سا ڕەچاوکردنی فێرکار بۆ فێرخواز ٦٤
⁂ لێکجیاوازیی نەفسەکان واتا لێکجیاوازیی عەقڵەکانیش لە وەرگرتنی زانستەکاندا ٦٥

* کاریگەریی سروشت و حەزی نەفس لەسەر وەرگرتنی زانست..... ٦٨
* ڕەچاوکردنی فێرخوازیش بۆ خۆی و بۆ ئەوەی کە فێری دەبێت ٧٤
* کاریگەریی سروشتە نەفسییەکانیش لەسەر سزا و پاداشتی هەڵەکار..... ٧٦
* پاڵنەرەکانی نەفس و کاریگەرییان لەسەر پاداشت و سزا..... ٧٨
* هەڵەیەتیی سزادان لەسەر هەر خراپە و هەڵەیەک و پاداشتدان لەسەر هەر چاکە و پێکانێک..... ٨٠
* پلە و ئاستی حەرامکراوەکان و چارەسەرکردنیان لە نەفسەکاندا ٨٣
* شوێنەواری سروشتە نەفسییەکان لەسەر کردەوە..... ٨٧
* گونجانی سروشتی نەفس لەگەڵ کاری دروستدا..... ٨٩
* گونجانی تەکلیف-ڕاسپاردن و عەقڵەکان لەگەڵ سروشتەکانی نەفسدا ٩٢
* پێکهاتنی نەفسەکان مەرجە بۆ پێکهاتنی عەقڵەکان..... ٩٣
* بەڕێوەبەریی مرۆڤ بۆ نەفسی لە پەیوەندیدا بە خەڵکەوە ٩٤
✺ جۆری دووەمیش لە سروشتەکانی نەفس، کە سروشتە پەیداکراوەکانن ٩٧
* گۆڕانی سروشتەکان..... ٩٩
جۆری دووەمیش لە کارتێکەرەکانی سەر نەفس: ئارەزووەکانی نەفس ١٠٠
* مافی نەفس لە چێژپێدانیدا و سنوورەکانی ئەوەش..... ١٠٢
* سنوورکێشانەکانی عەقڵ بۆ *ئارەزووەکانی نەفس*..... ١٠٤
عەقڵ و سەرجەمی ئارەزووەکان..... ١٠٩
کۆتکردنی ئارەزوو لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا..... ١١١
* یارمەتیدانی عەقڵ لەبەرانبەر نەفسدا لە ڕێگەی دانانی سزاوە ١١٤
* نەرمڕەوی و هەنگاو بە هەنگاو چوونی نەفس لەگەڵ ژیر و خاوەن عەقڵاندا:..... ١١٧
* پەیوەندی نێوان ئارەزوو و بیروڕا: ١٢٠
* گۆڕانی ئارەزووەکانی نەفس لەلای نەوە یەک لەدوا یەکەکان بۆ گومان: ١٢٤
* ئاساییکردنەوەی نەفس بۆ ئارەزووەکانی: ١٢٥
* چاکسازی و ڕێگریکردن لە کاریگەریی نەفسەکان بەسەر عەقڵەکانەوە: ١٢٦
* ئارەزووی پێگە و پایە: ١٢٨
* ڕێگاکانی بەدیهێنانی پێگە لەلایەن نەفسەوە:..... ١٢٩

* کاریگەریی سروشت و حەزی نەفس لەسەر وەرگرتنی زانست..... ٦٨
* ڕەچاوکردنی فێرخوازیش بۆ خۆی و بۆ ئەوەی کە فێری دەبێت ٧٤
* کاریگەریی سروشتە نەفسییەکانیش لەسەر سزا و پاداشتی هەڵەکار ٧٦
* پاڵنەرەکانی نەفس و کاریگەرییان لەسەر پاداشت و سزا..... ٧٨
* هەڵەیەتیی سزادان لەسەر هەر خراپە و هەڵەیەک و پاداشتدان لەسەر هەر چاکە و پێکانێک..... ٨٠
* پلە و ئاستی حەرامکراوەکان و چارەسەرکردنیان لە نەفسەکاندا ٨٣
* شوێنەواری سروشتە نەفسییەکان لەسەر کردەوە..... ٨٧
* گونجانی سروشتی نەفس لەگەڵ کاری دروستدا..... ٨٩
* گونجانی تەکلیف-ڕاسپاردن و عەقڵەکان لەگەڵ سروشتەکانی نەفسدا ٩٢
* پێکهاتنی نەفسەکان مەرجە بۆ پێکهاتنی عەقڵەکان..... ٩٣
* بەڕێوەبەریی مرۆڤ بۆ نەفسی لە پەیوەندیدا بە خەڵکەوە ٩٤
✺ جۆری دووەمیش لە سروشتەکانی نەفس، کە سروشتە پەیداکراوەکانن ٩٧
* گۆڕانی سروشتەکان..... ٩٩
جۆری دووەمیش لە کارتێکەرەکانی سەر نەفس: ئارەزووەکانی نەفس ١٠٠
* مافی نەفس لە چێژپێدانیدا و سنوورەکانی ئەوەش..... ١٠٢
* سنووورکێشانەکانی عەقڵ بۆ ئارەزووەکانی نەفس..... ١٠٤
عەقڵ و سەرەنجامی ئارەزووەکان..... ١٠٩
کۆتکردنی ئارەزوو لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا..... ١١١
* یارمەتیدانی عەقڵ لەبەرانبەر نەفسدا لە ڕێگەی دانانی سزاوە ١١٤
* نەرمڕەوی و هەنگاو بە هەنگاو چوونی نەفس لەگەڵ ژیر و خاوەن عەقڵاندا:.... ١١٧
* پەیوەندی نێوان ئارەزوو و بیروڕا: ١٢٠
* گۆڕانی ئارەزووەکانی نەفس لەلای نەوە یەک لەدوا یەکەکان بۆ گومان: ١٢٤
* ئاساییکردنەوەی نەفس بۆ ئارەزووەکانی: ١٢٥
* چاکسازی و ڕێگریکردن لە کاریگەریی نەفسەکان بەسەر عەقڵەکانەوە: ١٢٦
* ئارەزووی پێگە و پایە: ١٢٨
* ڕێگاکانی بەدیهێنانی پێگە لەلایەن نەفسەوە:..... ١٢٩

* هەوڵدان بۆ پێگە لە ڕێگەی کارگەلێکەوە کە دژ و پێچەوانەین: ١٣١
* داپۆشینی ئارەزووی پێگە بەبێ تەمایی لە پارە و ماڵ: ١٣٣
پێگە و لووتبەرزی و ئیرەیی: ١٣٥
* ئارەزووی خواردن: ١٣٨
* بەهای ئارەزوو لە نەفسدا بە ئەندازەی سەختی ڕێگاکەیەتی: ١٣٩
* ئامڕازەکانی زاڵبوون بەسەر سرووشتەکانی نەفس و ئارەزووەیدا: ١٤١
* ناسینی سروشتی نەفس و کاریگەری ئەوە لەسەر هاوسەنگکاریی عەقڵ بۆ هەڵپەی نەفس: ١٥٣
* نەفسەکان لەگەڵ ستایش و سەرکۆنەدا: ١٥٤
✺ جۆری سێیەمیش لە کارتێکەرەکانی سەر نەفس، کە حاڵەتەکانی نەفسن: ١٥٧
* حاڵەتە پێشهاتەکان: ١٥٩
* شوێنەواری پەلەکاری نەفس لەسەر هەڵبژاردنەکانی عەقڵ: ١٦١
* بیرکردنەوەی درێژ لە کارە بچووک و ئاسانەکاندا: ١٦٢
* کاریگەریی حاڵەتەکانی نەفس لەسەر سرووشتەکان: ١٦٣
* جۆرەکانی حاڵەتەکانی نەفس: ١٦٥
* نەفس و حاڵەتە حەزپێکراوە درۆینەکان: ١٧٢
* شادبوون و شوێنەواری لەسەر نەفس و بۆچوون و ڕا: ١٧٥
* شادیی ستایشکراو و سەرزەنشتکراوی نەفس: ١٧٧
* پاراستنی عەقڵ لە حاڵەتەکانی نەفس: ١٧٨
* نەمانی حاڵەتە ناحەزەکانی نەفس: ١٧٩
* جێگیریی نەفس و شوێنەواری لەسەر دادگەری عەقڵ: ١٨١
* لادانی حاڵەتەکانی نەفس لە عەقڵ: ١٨٣
* کاریگەریی یەککەوتنی حاڵەتەکانی نەفس و سروشتی لە عەقڵدا: ١٨٥
* زێدەڕەویکردن لە ڕێگریکردندا لە حاڵەتەکانی نەفس: ١٨٦
* ناسینی سروشتی نەفس و ئارەزووی بەر لە بەکارهێنانی عەقڵ: ١٨٨
* سەرزەنشتکردنی عەقڵ و کەمتەرخەمیکردنی: ١٨٩
* پێگەشتنی نەفس و عەقڵ: ١٩١

⁂ ئەو مافانەی نەفس کە عەقڵ دەستوەردانیان تێدا ناکات: ١٩٢
⁂ مامەڵەی شەریعەتەکان لەگەڵ نەفسدا: ١٩٤
⁂ دەستدرێژکاری لەنێوان نەفس و عەقڵدا: ١٩٥
⁂ هەڵەکردن لە بەکارهێنانی عەقڵدا: ٦٩١
⁂ کێبڕکێی نەفس و عەقڵ لە هەڵبژاردندا: ١٩٦
⁂ ڕاست و دروستێتی بیرۆکە و سەلامەتێتی جێبەجێکردن: ١٩٧
⁂ چۆنچۆنی بۆچوونە ڕاستەکان بە سەلامەتی جێبەجێبکرێن: ١٩٩
⁂ کاریگەری سروشت لەسەر جێبەجێکاریی بۆچوونە ڕاستەکان: ٢٠١
⁂ دەلاقەکانی دزەکردنی نەفس بۆ سەر ژیران و زیرەکان لە وەختی جێبەجێکردنی بۆچوونە ڕاست و دروستەکانیاندا: ٢٠٥
⁂ ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی سەلامەت و دروست گەڕانی جێبەجێکردنی بۆچوون و باوەڕەکان: ٢٠٦
⁂ بەهێزکردنی عەقڵ و لاوازکردنی نەفس: ٢٢١
⁂ بیرکردنەوەی نەزانەکان: ٢٣٠
⁂ جێگاکانی بیرکردنەوە: ٢٣١
⁂ ئەوەی کە پێویستە بزانرێت بەر لە بیرکردنەوە: ٢٣١
⁂ ئیدی بیرکردنەوەش لەوەی کە لەناو نەفسەکاندا هەیە لە ئارەزوو و سروشت و مەیلەکان: ٢٣٨
⁂ درێژەدان بە بیرکردنەوە لەنێوان بێلایەنێتیی عەقڵ و ئارەزووبازی نەفسدا: ٢٤٠
⁂ ئازادی هەڵبژاردنی نەفس و شوێنەواری لەسەر کارەکانی: ٢٤٥
⁂ بەڕێوەبەریی عەقڵ بۆ نەفس لەو شتانەدا کە ئازادی بۆ نییە تێیاندا: ٢٤٨

ئاستانە

ئاستانە بزافێکی هزریی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ بنیادنانی گوتارێکی فیکریی سەردەمیانە، کە ئیسلام وەک ئەلتەرناتیڤی گشتی وێنا دەکات، بە نماکردنی نەوەیەکی بزۆکی گەشبیر لەژێر ڕۆشنایی دەقی بەهێز و شیکاری عەقڵیی دروستدا، چارەسەری تەنگژە و گومانە مەعریفیەکانی ژێر هەژمونی ئیلحاد و ئایینە جیاوازەکان و قوتابخانە فیکریەکان دەکات.

بەرهەمەکانی ئاستانە:

١- ئیلحاد وەک خۆی.
٢- قەڵغانەکان.
٣- فەرموودە لە سایەی قورئان دا.
٤- بەڵگەداریتی فەرموودە.
٥- وردبینەی ئیلحاد.
٦- پاکانەی هەبوون.
٧- کۆیلایەتی و کەنیزەک.
٨- سەرابی گومانەکان.
٩- ئیسلام و خۆرئاوا.
١٠- من کێم؟
١١- بوونەوە بە خانم.
١٢- یاران.
١٣- عالەمانییەت، تاعوونی سەردەم.
١٤- سندووقە ڕەشەکەی داروین.
١٥- مەسیح چی گوت؟
١٦- هەتوان.
١٧- هەژموونی ڕۆشەنبیری زاڵ

ئاستانە - Astana
astanaorg
www.astane.org
07501838488



داوەری نێوان نەفس و عەقڵ

کاتێک مرۆڤ حەزی نەفس و زانینی عەقڵی خۆی پێ نەزانێت و حەقیقەتیان لێک جیا نەکاتەوە، هەروەها ئەندازەی هەر یەکێکیشیان بەرانبەر بەوی دیکە، ئەوکات بۆچوونەکانی لەگەڵ ئارەزووەکاندا لێ تێکەڵ دەبێت و ئیدی وای لێ دێت لەم ژیانەدا تەنیا لەپێناو بوونی پاڵنەرێکی ناوەکی لە نەفسیدا دێت و دەچێت، ئەگەر نەشیزانیبێت ئەو پاڵنەرە چییە. نەفسیش مافێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، غەریزەیەکیشی هەیە کە پێویستی بە بەجێگەیاندنییەتی، بەڵام ئەوە عەقڵە کە ئەندازەکانی و جۆرەکانی و بەرژەوەندی و زیانەکانی پێ دەزانێت، عەقڵیش پێویستی بە زانین و ناسین و ئەزموون هەیە، تاکوو بزانێت مافەکانی نەفس لەسەری چین بۆ ئەوەی بەباشی جڵەوی بگرێت و ئاڕاستەی بکات و بەڕێوەی بەرێت، نەفس، سوار عەقڵی نەزان و کەم ئەزموون دەبێت، بەڵام عەقڵێک کە زانا و ئەزموندار بێت، ئەوە کە شۆفێری نەفس دەکات و دەیخاتە دوای خۆیەوە.

نرخ : ٦٠٠٠ دینار

9 784545 285788